مـــامـــەنـــد رۆژە

# ئەرمەنۆسايد

## سەدەیەك لە پەیوەندییەكانی كوردو ئەرمەن

مامەند رۆژە

مەڵبەندی كوردۆلۆجی

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران**
**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**

- **ناوی کتێب: ئەرمەنۆساید**
- **نووسەر: مامەند رۆژە**
- **پیتچنین: نووسەر**
- **وردبینی: مژده احمد حسن**
- **هەڵەبڕی: سروه عوسمان احمد**
- **دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی**
- **بەرگ: رەنج شوکری**
- **ژمارەی سپاردن: ١٣٦١/ ساڵی ٢٠٠٨**
- **چاپخانە: تیشك/ چاپی یەکەم، سلێمانی**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **نرخ: ٤٠٠٠ دینار**
- **زنجیرە: ٢٢**

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، کۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥
تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣ – ٣١٩٣١٧٥
kurdology2006@yahoo.com

# ناوەرۆك


| بابەت | ژ. لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٩ |
| **بەشی یەکەم / هاوبەشی مێژوویی ئەرمەن و کورد** | ١٣ |
| **باسی یەکەم: ئەرمەن رەگەز، زمان و جیۆگرافیا** | ١٥ |
| یەکەم: رەگەز، کولتوور | ١٥ |
| دووەم: زمانی ئەرمەن | ١٩ |
| سێیەم: دین و بروا | ٣٢ |
| چوارەم: جیۆگرافیای ئەرمینیا | ٣٧ |
| **باسی دووەم: کورتە مێژوویەکی ئەرمەنستان** | ٤٢ |
| **بەشی دووەم / جینۆسایدی ئەرمەن و کورد** | ٧٥ |
| قۆناغی یەکەم:عوسمانی و جینۆسایدی ئەرمەن | ٧٧ |
| قۆناغی دووەم: ئتیحادو تەرەقی و جینۆسایدی ئەرمەن | ٩٥ |
| قۆناغی سێیەم: بەشدار بوونی کورد لە کوشتاری ئەرمەن و بەشدار بوونی ئەرمەن لە کوشتاری کوردا | ١١٣ |
| **بەشی سێیەم/ پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن** | ١٣٣ |
| پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن | ١٣٥ |
| قۆناغی یەکەم: نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم | ١٣٦ |
| قۆناغی دووەم: سەردەمی کۆمار نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم | ١٥٢ |
| قۆناغی سێیەم: نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم | ١٧٥ |
| قەرباغ: پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن | ١٨٩ |
| **ئەنجام** | ٢٠٧ |
| **سەرچاوە** | ٢١٥ |

پێشکەشە بە :

رۆژنامە نووسی شەهید ( هرانت دینك )





# قسەیەك لە پێشەوە

## سەدەیەك لە پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن

رۆژی ١٩ مــانگی جـانیوەری ٢٠٠٧ لــە کردەوەیــەکی تیرۆریــستیدا هرانــت دینکــی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەرمەن لە لایەن تیرۆریستەکانی تورکیاوە کـوژرا. کوشـتنی هرانت دینك زامێکی قوولّی کولاندەوە کە مێژووی سەدەی رابردووی تورکیای بە بالاّی خۆیدا هەلّدرووە: واتە ژانی رەگەزپەرستییەك کە دوو قوربانی سەرەکی هەبووە و هەیـە و ئەمانــەش "کــورد و ئەرمــەنن". بێــشەرمی هــەتا ئــەو پلەیــە رۆیــشتووە کــە رەگەزپەرسـتی سـوننەتی تـورك تـا ئـەم سـەردەمەش لـەناو نـەوە نوێیەکانـدا بەرهـەم دەهێنرێتەوە. ئەمەش گوتارێکی لێکەوتۆتەوە کـە ئـەم هاوکێـشەیە دەهێنێتـە ئـاراوە "تورکبوون یەکسانە بە سڕینەوەی کورد و ئەرمەن". کە ئەمانە هـەلّگری ئـەم گوتـارە بن خۆ موبالغەی تێدانییە ئەگەر بلّێین گەندەلّییەکی ئەخلاقی ئـەم کۆمەلّگایـەی نقـوم کردووە!. ئەم بێشەرمییە کوشتارو کۆمەلّکوژی بەرهەم دەهـێنێ. لەبـەر ئـەم هۆیانـەی باسـکران، بکـوژ بـە بەرچـاوی خەلّکـەوە تاوانەکـەی کـرد و بـەڕاکردن هـاواری دەکـرد "موسلّمانینە ئەرمەنییەکم کوشت"!.

رۆژی دواتر ٥٠٠ کـەس لـە روونـاکبیر و هونەرمەنـد و کەسایەتیی و رێکخراوەکـانی کۆمەلّگــەی مــەدەنی لەمەیــدانی "تاکــسیم" کۆبوونــەوە و لــە دژی گەنــدەلّیی ئــەم کۆمەلّگەو حکومەتە مانیان گرت. زۆربەی هـەرە زۆری ئامـادەبووان کـورد و ئەرمـەن بـوون. بەشـداربووان لافیتەیـەکیان بـەرز کردبـۆوە: "هـەمووومان کـوردین، هـەمووومان ئەرمەنین". ئەم چالاکییە دوای ئەوەی پەیوەندییـەکانی کـورد و ئەرمـەن بـۆ ماوەیـەك تــەفرەی تێکــەوتبوو، شــەپۆلێکی تــازەی هــاودەردیی هێنایــە کایــەوە. راســتییەکەی کوشتنی هرانت دینکی نووسەر، سەرلەنوێ مێژووی سەد سالّ تاوانی رەگەزپەرستەکانی هەلّدایەوە. ئەو کۆمەلّگەیەی بکـوژی هرانـت دینـك بـاردەهێنێ، سـەد سـالّە تاوانبـار بەرهەم دەهێنێ و جینۆساید و کوشتارو رەگەزپەرستی نیشانەی ئاشکرای گەندەلّبوون و نقوم بوونی ئەم کۆمەلّگەیەن. لەلایەکی دیکەشەوە مەرگی هرانـت دینـك و مـانگرتنی هاوبەشی کوردەکان و ئەرمەنەکان لە تاکسیم جارێکی تـر زەرورەتـی دیـالۆگی کـورد-

ئەرمەنمان بیردەخاتەوە. دوو هەفتە پێش کوشتنی هرانت بڕیارم دابوو لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە جینۆسایدو پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن بکەم. کەمم نەگوتووە ئەگەر بڵێم کوشتنی هرانت دینك شێلگیری کردم کە بە پەلە دەست بە نووسینی پرۆژەکەم بکەم. بە تایبەتی خۆپیشاندانی هەردوو گەلی قوربانیی رەگەزپەرستی تورك، واتە کورد و ئەرمەنەکان لە گۆڕەپانی تاکسیم خۆبەخۆ هێماسازییەکی جوانی بۆ دروست کردم. دروشمی خۆپیشاندەران "هەموومان کوردین، هەموومان ئەرمەنین" نموونەی ئەم هێمایەن بە دوو رۆژ دوای کوشتنی هرانت دەستم بە نووسین کرد.

بایەخدانی من بە جینۆسایدی ئەرمەن و پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ٢٠٠٥ لەو ساڵەدا دیاسپۆرای ئەرمەن لە ئەوروپا کۆمەڵێك جموجۆڵی نوێی دەستپێکرد بۆ پرۆتیستۆکردنی تورکیا. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان بۆ گۆڤاری "دۆسێی تورکیا" داوایان لێکردم لێکۆڵینەوەیەکیان بۆ ئەنجام بدەم. کۆکردنەوەی سەرچاوەو نووسینی وتارەکە مانگێکی خایاند. سەرەنجام وتارەکەم بە ناوی "تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن" لەژمارە سێی نیسانی ٢٠٠٦ ی دۆسێی تورکیادا چاپکرا. دوای ئەم وتارە هەستم بە بۆشاییەك کرد سەبارەت بە کەمبوونی سەرچاوەی توێژینەوە لە بارەی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن. لەمەوە بڕیارم دا مادەم سەرچاوەکانم دەستەبەرکردوون و پێش زەمینەیەکی زەینیشم هەیە، با وتارەکە فراوانتر بکەم و لە توێی لێکۆڵینەوەیەکدا ئامادەی بکەم. دوای ماوەیەك بیرکردنەوە، سەرلەنوێ سەرچاوەکانم لە زمانانی فارسی، عەرەبی، تورکی و کوردییەوە کۆکردەوە. بەم جۆرە دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد.لێرەدا بەپێویستی دەزانم پێزانین و سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان بکەم کە هانیدام لەم بابەتە بکۆڵمەوە... بێگومان وتاری "تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن" نەبووایە، ئەوا رەنگە ئەم کتێبەش نەهاتایەتە ئاراوە...

مامەند رۆژە

٢٠٠٧/١/٢٢

## پێشەکی

### بایەخی ئەم بابەتە

ڕۆڵی کورد لە جینۆسایدی گەلی ئەرمەندا چی بووە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە کاتی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی کورد — ئەرمەندا دەمودەست ڕووبەڕووت دەبێتەوە. هەروەها پرسیاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەشە کە بەجیاواز تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن. بێگومان لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی کورد — ئەرمەن پێویستی بەوەش هەیە کە پوختەیەك لە مێژوو، زمان و جیۆگرافیای گەلی ئەرمەنی دراوسێی بخرێتەڕوو. ئەم سێ بابەتەی باسمکردن، بایەخی لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکەنەوە.

### هۆکاری دەست نیشانکردنی ئەم بابەتە

پەیوەندییەکانی کورد — ئەرمەن لە ماوەی سەد ساڵی دواییدا دوولایەنی بە خۆوە بینیووە، یەکەم: تۆمەتبارکردنی کورد بە کوشتاری ئەرمەنەکان، دووەم: وێستگەی هاوبەشی کوردو ئەرمەن لە بزاڤی ڕزگاریی نیشتمانیدا. هەرچەندە لەملاو لەولا لەم بابەتە کۆڵراوەتەوە، بەڵام مەخابن هەتا ئێستاش لە لایەن کورد خۆیەوە و بە زمانی کوردی لێکۆڵنەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە و ئەوەشی هەیە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێنێ. بۆیە دەهێنێ وەکو بابەتی توێژینەوەکە دەست نیشان بکرێت.

### ئامانجەکانی ئەم بابەتە

هەوڵ دەدەین لە توێی ئەم بابەتەدا ئەو تۆمەتە ڕوونبکەینەوە کە گەلی کورد بە کوشتاری ئەرمەنەکان تاوانبار دەکات. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێ بە هاوبەشێتیی مێژوویی — جیۆگرافی و تەنانەت کولتووری هەردوو گەل. ئەم فاکتەرەش دەمودەست لەگەڵ وێستگە هاوبەشەکانی خەباتیی ڕزگاریی نیشمانی کورد — ئەرمەندا ڕووبەڕوومان دەکاتەوە کە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە. نەخوازە پرسی

جینۆسایدی ئەرمــەن زۆر هەڵــدەگرێت لەســەری ، چـونکە لــە تەنیـشت ئــەو بەڵگانــەی هەندێك لە ئەرمەنەکان سەبارەت بە رۆڵی کوردان لە کوشتاری ئەرمەندا دەخەینــەڕوو، بەم دواییە هەندێك بەڵگەی دیکە دەستکەوتوون کە ئاماژە بە رۆڵی ئەرمەن دەکەن لــە کوشــتاری کوردانــدا! تــاوتوێکردنی ئــەم چــەند بابەتــە ئامــانجی لێکۆڵینەوەکــەمان پێکدەهێنێ.

## ئەو کێشانەی پێش بە بابەتەکە دەگرن

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەم بــوونی سەرچـاوەی پێویـست کۆسـپێکی جیـددی بـۆ نایـنـەوە. هەرچەند کەڵکمان لەسەرچاوەی تــورکی، فارسـی، عــەرەبی و کــوردی وەرگـرت، بــەڵام یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە ئەرمەنن، نەزانینی زمانی ئەرمــەن بــووە هۆی ئەوەی لە بەکارهێنانی ئەرشیفی دەوڵەمەندی ئەرمەنەکان بێبەش بین.

بێگومان ئەرمەنەکان گەلێکی جێگیری پیشەوەری خاوەن مێژوو و شارستانین. لە رووی مێژوونووســین و کۆکردنــەوەی بەڵگەنامــەو ئەرشــیفەوە گــەلێك لێهــاتوون. ئەرشــیفی ئەرمــەن هــەتا بڵێــی دەوڵەمەنــدەو ئەگــەر بمانتوانیایــە کــەڵکمان لێوەربگرتایــە، ئــەوا دەمانتوانی گەلێك رەهەندی شاراوەی پەیوەندییەکانی کورد - ئەرمــەن و تەنانــەت زۆر کونجی تاریکی مێژووی کوردیش بخەینەڕوو.

نــەزانینی زمــان و دەســت نــەدانی دەرەتــان بــۆ ســەردانی ئەرمەنــستان و توێژینــەوەی ئەرشیفەکانی زمانی ئەرمەن بە کۆسپی سەرەکی بەردەم ئەم کتێبە لە قەڵەمدەدرێت.

## ئەو سەرچاوانەی کەڵکمان لێوەرگرتوون

بــۆ ئــەم کتێبــە ٤٢ سەرچــاوەی جۆربــەجۆرمان بــەکارهێناوە. هەنــدێکیان لــە زمــانی عەرەبییەوە وەرگیراون. بەشێکی دیکەشی لە زمانی تورکییەوە بەکارهێنراون. هەروەها کەڵکمان لە سەرچاوە فارسییەکان وەرگرتووە.

هەندێك لە سەرچاوە فارسی و عەرەبییەکان خودی نووســەران و لێکۆڵــەرەوانی ئەرمــەن نووسیویانە. سەرچاوە کوردییەکانیش ئەوانەن کە خودی ئەو کوردانەی کە لــە نزیکــەوە لە رووداوەکان ئاگاداربوون، نووسیویانە یاخود لێیانکۆڵیوەتەوە.

هەروەها بۆ ئەوەی توێژینەوەکە رەهەندی دیکەش بگرێتەوە، کەڵکمان لە چەند سەرچاوەیەکی ئەلکترۆنیش وەرگرتووە. لە سەرچاوە ئەلکترۆنیەکاندا گەلێك بەڵگەنامە، وێنە و دەقی کۆنمان دەستکەوت. سەرەنجام وەکو مێژووی زیندوو ٦ چاوپێکەوتنی مەیدانیمان ئەنجامداوە کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتەکەمانەوە هەیە.

## رێبازی کار و پێکهاتەی بابەتەکە

بۆ ئەم بابەتە رێبازی مێژوویمان بە بنەما وەرگرتووە و تێیدا دەقەکانمان کۆکردۆتەوە و ئینجا شیمانکردوونەتەوە. هەروەها لە چەند روویەکەوە بەراوردکاریمان کردووە.
لە رووی پێکهاتەشەوە ئەم کتێبە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

## بەشی یەکەم: هاوبەشی مێژوویی ئەرمەن و کورد

**لە باسی یەکەمی** ئەم بەشەدا زمان، رەگەز و جیۆگرافیای ئەرمینیا لێکدەدرێتەوە. لە برگەی یەکەمدا رەگەز و کولتوور باسدەکرێت. لە برگەی دووەمدا ئاماژە بە زمانی ئەرمەن دەکرێت. برگەی سێیەم بۆ ئاین و بڕوامەندی تەرخان دەکرێت. لە برگەی چوارەمیشدا باس لە جیۆگرافیای ئەرمینیا دەکرێت.
**لە باسی دووەمدا** کورتە مێژووی گەلی ئەرمەن دەخرێتەڕوو. لەم برگەیەدا ئاماژە بە قۆناغی پێش زایین و پاش زایین دەکرێت. هەروەها قۆناغی داگیرکاریەکانی ئەرمینیا ئاماژەی پێ دەکرێت هەتا دەگاتە مێژووی هاوچەرخی گەلی ئەرمەن.

## بەشی دووەم: جینۆساید، ئەرمەنەکان و کوردەکان

لەم بەشەدا ئاماژە بە قۆناغەکانی جینۆسایدی ئەرمەن دەکرێت
قۆناغی یەکەم: عوسمانی و جینۆسایدی ئەرمەن
قۆناغی دووەم: ئیتیحادوتەرەقی و جینۆسایدی ئەرمەن
قۆناغی سێیەم: بەشداربوونی کورد لە کوشتاری ئەرمەندا و بەشداربوونی ئەرمەن لە کوشتاری کورددا.

**بەشی سێیەم: پەیوەندییەکانی کورد – ئەرمەن ئـەم بەشـە بەسـەر سـێ قۆناغـدا دابـەش دەکرێت**

قۆناغی یەکەم: نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم

قۆناغی دووەم: نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم

قۆناغی سێیەم: نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی نوێ.

لەم بەشـەدا وێـستگەکانی پەیوەنـدیی سیاسـیی کـورد – ئەرمـەن شـیدەکرێتەوە و بـە گوێرەی هێلێکی مێژوویی پۆلێن دەکرێت.

لـە کۆتایـشدا کۆبەندییـەکمان لـەو ئەنجامگیرییانـە خـستۆتەڕوو کـە لـە مـاوەی ئـەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوین.

# بەشی یەکەم

## هاوبەشی مێژوویی ئەرمەن و کورد

- ❖ باسی یەکەم : زمان، رەگەز و جیۆگرافیای ئەرمینییا
- ❖ باسی دووەم : مێژووی گەلی ئەرمەن

# باسی یەکەم

## ئەرمەن: رەگەز، زمان و جیۆگرافیا

### یەکەم: رەگەز، کولتوور

لە ئەفسانەکانی میللەتی ئەرمەنیدا هاتووە ئەرمەنەکان پاشایەکیان هەبووە بە ناوی هایك و خۆیان بە کوڕی هایك دەزانن، بە میللەتەکەشیان دەڵێن "های" و بەهەمان شێوە بە ئەرمەنستانیش دەڵێن "هایاستان"[(1)] . لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەرمەنەکان سەر بە گرووپی هیندو ئەوروپایین. لەناو گرووپ و تیرەکانی ئاریاندا ئەرمەنەکان قەومێکی تاقانەن و زیاتر لە گرووپی قەفقاز و ئێرانی نزیکن، دیارە نزیکبوونی جیۆگرافیاو هاوسێیەتیی ئەرمەنەکان، گورجی، ئابخاز، چەرکەز، چیچان و ئێرانییەکان زیاتر ئەم دیاردەیەی هێناوەتە کایەوە.

لەناو نەتەوە ئێرانییەکاندا کورد کە لە بەشی باکووری رۆژئاوای بانی ئێراندا دەژین و نزیکترین گرووپیشن کە دراوسێیەتییەکی بڕای بڕیان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا هەیە. راستییەکەی ئەم دراوسێیەتییە ئەوەندە چۆتە پێشەوە کە بۆتە هۆی ئاوێتەبوونێکی سەیری دیمۆگرافی – جوگرافی و هەردوو میللەتەکە لە بەشی باکووردا لەناو جیۆگرافیایەکی هاوبەشدا دەژین. پەیوەندیی ئەرمەنەکان و ئێرانییەکان ریشەیەکی کۆنی هەیە و ئەمەش تەنها لە رووی رەگەزەوە نییە، بەڵکو نەریت و کولتوور و مێژووش دەگرێتەوە.[(2)]

توێژینەوە رەگەزناسییەکان سەلماندوویانە کە نزیك بە ٤ هەزار ساڵ بەر لە زایین، ئەرمەنەکان لەگەڵ نەتەوە ئاریەکانی دیکەدا لە باکوورەوە بەرەو باشوور کۆچیان کردووە و لەم سەرزەمینانەدا کە ئێستاکە تێیدا جێگیربوون، نیشتەجێ بوون.

---

(1) رۆژە، مامەند، تورکیا و جینۆسایدی ئەرمەن، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٣ ، نیسانی ٢٠٠٦ لاپەرەی ١١٥.

(2) هویان اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص٩.

ئەرمەنەکان لە سەدەی شەشەمی بەر لە زاییندا لەگەڵ ئۆرارتووەکاندا تێکەڵ دەبن و لە ئەنجامی ئەم تێکەڵ بوونەدا نەتەوەی ئەرمەن دێتە ئاراوە. ناوی ئەرمەن لە لایەن دراوسێیە جۆرجییەکانیانەوە بەکاردێ کە بەواتای "هاوسێ"یە. لە ساڵی ٥٥٠ ی بەر لە زایین بۆ یەکەم جار مێژوونووسی یۆنانی هیکاتایۆس وشەی "ئەرمینۆ"ی بەکارهێناوە کە گەلێك لەم ناوەی ئێستای نزیکە.[٣]

لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان لە بانی ئەرمینیادا کۆمەڵێك دەستکەوتیان هەبووە و گەلێك کەلوپەل و ئامێری کۆنینەیان دۆزیوەتەوە کە لە سەردەمانی بەردیی کۆن و بەردیی نوێدا لە لایەن مرۆڤەکانی قۆناغەکانی پێش مێژووەوە بەکارهێنراون. ئەم شوێنەوارە دۆزراوانە پیشانی دەدەن کە ئەرمینیاش وەکو وڵاتانی تری دراوسێی، هەر لە سەردەمانی کۆنەوە مرۆی تێدا ژیاوە. لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەدا دەرکەوتووە کە لە ٣٠٠ ساڵ بەر لە زایینەوە لە ناوچەکانی رۆژئاواو ناوەڕاستی ئەرمینیادا گەلێك قەوم ژیاون کە گرنگترینیان سوبارییەکان بوون. سوبارییەکان هیندوئەوروپایی و سامیش نەبوون، بەڵکو لقێکی سەربەخۆی رەگەزی سپی بوون کە هەر لە سەردەمانی کۆنەوە لە قەفقاز، ئاسیای بچووك و باکووری دەریای سپیدا ژیاون. بە تێپەڕینی زەمەن ئەمانە لەناو خۆیاندا بەرەبەرە لاواز بوون و بەهۆی جەنگی ناوخۆییەوە تێکشکاون و نزیك بە ١٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای ئاشوورییەوە.[٤]

گوشاری کارگوزارانی ئیمپراتۆریای ئاشوور لەسەر قەومەکانی ئەم دەڤەرە بووە هۆی ئەوەی کە قەومەکانی نایری و هایا یەك بگرن و لە دەوروبەری دەریاچەی وان، لە ساڵی ٨٦٠ی بەر لە زایین بە رێبەریی ئارامە حکومەتی ئورارتۆ پێکبهێنن. شاری تووشپا پایتەختی ئۆرارتو بوو کە دواتر ناوی کرایە وان. ئارگیشتی کە یەکەم پاشای ئۆرارتو بوو، لە ساڵی ٧٨٢ پ.ز فەرمانی دا شاری ئەربوونی بنیاتبنرێت کە دواتر بە "یەریڤان" ناوبانگی دەرکرد.

---

[٣] رۆژە، مامەند، تورکیا و جینۆسایدی ئەرمەن، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٣ ، نیسانی ٢٠٠٦، لاپەرەی ١١٦.

[٤] ارمنستان، مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧، ص١٧.

ئەرمەنەکان کە سەر بە رەگەزی هیندو ئەوروپین لە سەدەی شەشەم یان هەفتەمی پ.ز هاتوونەتە ئۆرارتو. ئەرمەنەکان ئۆرارتویان داگیرکردو زمانەکەیان بەسەردا سەپاند. پاشان خەڵکی خۆجێی ئەو سەرزەمینە لەناو ئەرمەنییە هیندو ئەوروپاییەکاندا توانەوە و ئاوێتەبوونی رەگەزی ئەرمەنەکان و خەڵکی بومی، بووە هۆی ئەوەی کە دراوسێیەکانیان بە ئارمەن یاخود ئەرمەن ناوزەدیان بکەن و خۆشیان خۆیان بە های یاخود "هایا" ناوزەد بکەن. ناوی ئەرمەنستان یەکەمجار لە ٥٢١ پ.ز لە بەردە نووسراوی بێستووندا بەکارهێنراوە. لەم نووسراوەیەدا هاتووە: "سەرزەمینی پونتوس و ئەرمەنستانم ........ فەتح کرد[٥]........".

هەندێك سەرچاوەی تر دەڵێن لە سەدەی نۆیەمی پ.ز دا دەسەلاتی بەهێزی ئۆرارتو یاخود ئارارات تێکڕای سەرزەمینی ئەرمەننشینی گرتبۆوە. پایتەختی ئەم پاشایەتییە لە نزیك وان بوو قەڵەمڕەوی ئەم دەسەلاتە تا سەرووی قەفقاز برەوی هەبووە. ئۆرارتووەکان لەگەڵ ئاشووری، میسری و یۆنانییەکاندا پەیوەندیی بازرگانی و کولتووریيان هەبووە. دواتر ئۆرارتووەکان لە سەردەمی شەلمانسار دا (٨٦٠-٨٢٥پ.ز) لەسەر قەڵەمڕەو پێکیان داداوە.

ئۆرارتووەکان ولاتێکی بەهێزی سەربازییان پێکەوەنا و شارستانییەکی گەورەیان بنیات نا. خەڵکی ئەم سەرزەمینە بە زمانێکی غەیرە ئاریایی قسەیان دەکرد. ئۆرارتووەکان بڕوایان بە خودایەك هەبوو بە ناوی خەلدی (Khaldi) و ناوی خالدییەکان کە لە ئۆرارتووەکان نراوە لەمەوە هاتووە. لە سەدەی هەفتەم و هەشتەمدا میللەتێکی نوێ هێرشیان هێنایە سەر ئۆرارتو و داگیریان کرد.[٦]

هیرۆدۆت دەنووسێ ئەو خەڵکەی ئۆرارتووەیان داگیرکرد کۆلۆنینشینی فریگیانی بوون کە بە ئەرمەن ناوزەد دەکران. لەمەودوا تیرەکانی ئەرمەن — فریگیان زمانی هیند و ئەوروپایی خۆیان سەپاند بەسەر ئۆرارتووەکاندا و تێکەڵبوونی ئەم دوو نەتەوەیە، میللەتی ئەرمەنی لێپێکهاتووە.

---

[٥] ارمنستان، مباحث کشورها و سازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧، ص ١٧.

[٦] پادماگریان، الکساندر، اقاسی گیو، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنه، انتشارات سازمان فرهنگی پاد، تهران، ١٣٥٢، ص٢١.

له سەدەی شەشەمی پ.زدا میدەکان ئەرمینیایان داگیرکرد. لەم سەردەمەوە مێژووی هاوبەشی کوردەکان و ئەرمەنەکان دەست پێدەکات. دواتر ئەخمینییەکان جێی میدەکانیان گرتەوە و حوکمی ئەرمینیاشیان دەکرد. بەم جۆرە دەکرێ بگوترێ ئەرمەنەکان و کوردەکان لە نەتەوە هیند و ئەوروپاییەکانن کە لە باکوورەوە دابەزیون بەرەو خوار. لە سەدەی شەشەمی پ.ز ەوە لە ئەنجامی هاوپەیمانی میدەکان و ئەرمەنەکان و چەند قەومی هەرێمەکە، ئیمپراتۆریای ئاشووری رووخێنرا. دوای ئەم هاوپەیمانییە سەرەتایەك بۆ مێژووی هاوبەشی هەردوو میللەتەکە دێتەئاراوە.

## دووەم: زمـــانــی ئـــەرمـــەن

زمانی ئەرمەن یەکێك لە زمانە سەربەخۆیە ئارییەکانە کە پەیوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ زمانی کوردی و فارسیدا هەیە.

سەد ساڵێکە لێکۆڵەرەوان لە رابردووی زمانی ئەرمەن دەکۆڵنەوە. نزیکبوونی زمانی ئەرمەن لە زمانەکانی ئاڤێستایی و پەهلەوی وای لە هەندێك لە لێکۆڵەرەوان کرد کە پێیان وابێ زمانی ئەرمەنیش لقێکە لە گرووپی زمانە ئێرانییەکان.

هۆبسمان زمانناسی ئەڵمانی بە بەراوردکردنی وشە هاوتاکانی ئەرمەن و فارسی و کوردی ئەو ئەنجامەی هەڵێنجا کە زمانی ئەرمەن زمانێکی سەربەخۆی گرووپی زمانەکانی هیندو ئەوروپاییە.

زمانی ئەرمەن لە رەوتی کامڵبوونی خۆیدا و لە هەلومەرجی سیاسی، کولتووری و ئابووریی تایبەتدا لەگەڵ واژەکانی زمانی فارسی و کوردیدا ئاوێتە بووە. لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دەریانخستووە کە لەناو ١٠ هەزار وشەی سەرەکی زمانی ئەرمەندا ١٤١١ وشەیان لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی ترەوە تێکەڵ بەو زمانە بوون.[٧]

لە سەردەمی ئەخمینییەکاندا زمانی فارسی و کوردیی کۆن لە ئەرمینیا برەوی هەبووەو چینە بالاکانی کۆمەڵگە قسەیان پێ دەکرد. هەروەها سەبارەت بە وشەکانی زمانی پەهلەوی زانیارییەکی کەم لەبەردەستدایە، لە کاتێکدا کۆمەڵێك وشەی پەهلەوی ئەشکانی لە زمانی ئەرمەنیدا ماونەتەوە کە دەکرێ وەکو پێوانە کەڵکیان لێ وەربگیرێت. ئەم وشانە دەیسەلمێنن کە لەسەردەمانی زۆر کونتردا پەیوەندیی کولتووری نێوان ئەرمەن و کورد گەلێك قووڵ و ریشەدار بووە.

بۆ نموونە سەیری ئەم وشانە بکەن کە پاشماوەی زمانی پەهلەوین لە ئەرمەنیدا:

---

[٧] هویان اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران، ١٣٨١، ص٢١.

| پەهلەوی | ئەرمەنی | کوردی |
|---|---|---|
| ئاپاستاك | ئاپاستاك | ئەسپ سوار |
| بازواك | باژاگ | پیالّە |
| ئازد | ئازد | زانیاری |
| مارت،مەرت | مارت | مەرد |
| ئارژان | ئارزیدن | هێژا، ئەژیین |
| گەپك | گابیك | مەیمون |
| ئاپاستان | ئاپاستان | پەنا |
| ئارماو | ئارماو | خورما |
| دەسپان | دەسپان | بالّویز |
| ئوژ | ئوژ | هێز - وزە |
| وەرس | وارس | موسەر |
| ئازگ | ئازگ | میللەت |

پاشگری "ە ك AK" لە زمانی کوردیدا ماوە و لە هەندێك دەڤەردا بۆتە "و" یان "ی"، بەلاّم لە فارسیدا (ـــە)یە لە کاتێکدا لە زمانی ئەرمەنیدا وەکو پەهلەوی کۆن ماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە[٨].

| پەهلەوی | ئەرمەنی | فارسی | کوردی |
|---|---|---|---|
| پامبك | بامباك | پنبە | پەمبو، پەمیی، پەمگ |
| دایك | دایاك | دایە | دایك |
| دیباك | دیباك | دیبا | دیبا |
| کارك، کەرك | کاراك | کرە | کەرە |
| ژەمانك | ژامانك | زمانە | زەمانە |
| نامەك | ناماك | نامە | نامە (نامەگ) |
| نەیزەك | نەیزاك | نەیزە | نێزە |

[٨] هویان اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران، ١٣٨١، ل ٢٣.

زمانی ئەرمەنی وشەی یۆنانی و فرەنسیشی تێدایە، ئەمە لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمانەی ئەلیکساندەری مەکدۆنی ئەرمینیای داگیرکردو دواتر یۆنانییەکان شارستانی هێلینیان لەو ولاتەدا گەشەپێدا. شارستانیی هێلینی زۆرتر لە شوێنەکانی تر کاریگەریی لەسەر ئەرمینیا هەبوو، چونکە ئەم سەرزەمینە لە رووی جوگرافییەوە دراوسێی ناوچە یۆنانی نشینەکان بووە و نزیکترین سەرزەمین بووە لێیانەوە کە هیچ قەوم و سەرزەمینێکی دیکە نەکەوتۆتە نێوانیانەوە.

لەبەرئەمە گەلێك وشەی یۆنانی لە زمانی ئەرمەنیدا هەن. لە لایەکی دیکەوە لە سەردەمی جەنگە خاچییەکاندا پەیوەندیی نێوان ئەرمەنەکان و فرەنسییەکان قوولّ بووە. ئەم پەیوەندییە بۆتە هۆی ئەوەی گەلێك وشەی فرەنسی لە زمانی ئەرمەنیدا بەکاربهێنرێن(٩).

زماننامسی بەناوبانگ دولوریە سەلماندوویەتی کە زمانی ئەرمەن لە رووی وشەناسی و فەرهەنگنووسی و شێوەکانی رێزمانییەوە زمانێکی کراوەیە و توانای ئافراندنی وشەی لێکدراوی تازەی هەیە (پاسدرماجیان ل٢٨).زمانی ئەدەبی ئەرمەن تا سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، زمانی کلاسیکی ئەرمەن "گرابار" بوو کە ئەدیبان، شاعیران، زانایان، پیاوانی ئاینی، مێژوونوسان، فەیلەسوفان و نووسەرانی ئەرمەن بەرهەمەکانیان بەم زمانە دەنووسی. دواتر خاچاتور ئابوڤیان کە نووسەرێکی بەناوبانگی ئەرمەنە ئەم رەوتەی گۆڕی. ناوبراو تا سالّی ١٨٣٠ زمانی گرابای بەکاردەهێنا، بەلاّم لەبەرئەوەی خەلّکی ئاسایی لەم زمانە تێ نەدەگەیشتن، رووی کردە زمانی خەلّك و بەم زمانە دەستی بە نووسین کرد. ئەم نووسەرە وەرگێڕانی لە زمان و ئەدەبی ئەرمەندا هێنایە ئاراوە. کاریگەریی ئەم تازەگەرییە ئەوەندە بوو کە لەپاش ئەو، نووسەرانی ئەرمەن رێچکەکەیان گرت و زمانی خەلّکیان بەکارهێنا بۆ نووسینی بەرهەمەکانیان. زمانی خەلّکی ئاسایی زمانێکی سادەو رەوان بوو هەمووان لێی تێ دەگەیشتن. لەوە بەدوا ئەم زمانە بوو بە زمانی ئەدەبی ئەرمەنییان(١٠).

(٩) هویان اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران، ١٣٨١، ل ٢٣.

(١٠) هەمان سەرچاوە ل٢٤.

ڕووداوە ترسناکەکانی سەدەی پێنجەمی د.ز هەڕەشەی لە ناسنامەی میللەتی ئەرمەن و بەها کولتوورییەکانی دەکرد، لەم ڕووەوە یەکێك لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە ناوی "مەسروب ماشتوتس" داهێنانێکی هێنایە ئاراوە کە دواتر وەکو چەکێکی لێهات کە گەلی ئەرمەن توانی بەم چەکە بەرگری لە خۆی بکات. ئەم چەکەش بریتیبوو لە داهێنانی خەت و ئەلفبای ئەرمەن. ئەم داهێنانە مێژوو و کولتووری گەلی ئەرمەن گۆڕی و لە مەترسییەکانی ڕۆژگار پاراستی. داهێنانەکە هێندە گرنگ بوو کە مێژووناسان سەدەی پێنجەمیان بە "سەدەی زێڕین" ناوناوە . دیارە بەر لەم مێژووەش میللەتی ئەرمەن بێبەری نەبووە لە خوێندنو نووسین. بەر لەم ڕووداوە نزیکەی ٨٠٠ ساڵ میللەتی ئەرمەن ئەلفباو پیتی ئارامی و یۆنانیی بەکارهێناوە. دوای ئەوەی لە سەدەی سێیەم و چوارەمدا ئەرمینیا بوو بە دوو پارچە و لە نێوان ئیمپراتوریای ڕۆمی بیزەنتی و ئیمپراتۆریای ساسانیدا دابەشکرا، زمانی ئاشووری و پەهلەویش لە لایەن نوخبەکانی ئەرمەنەوە بەکارهێنراوە. بە تایبەتی کاروباری دیوانی و دەرباریی بەم زمانانە بەڕێوەبراون.

لەو بەشەی کە ساسانییەکان حوکمیان دەکرد زمانی پەهلەوی برەوی هەبوو. دەرباری پاشایانی ئەرمەنیش ئەم زمانەی بەکاردەهێنا و نامەنیگاری دیوانی نێوان دەرباری پاشاکانی ئەرمەن و ساسانی بە زمان و خەتی پەهلەوی بەڕێوەدەچوو. بەلاّم بەکارهێنانی ئەم زمانە لە ئەرمینیا زۆری نەخایاند، چونکە سەرجەم دابەشکردنی ئەرمینیا بە دوو بەش و دواتر داهێنانی ئەلفبای ئەرمەن تەنها ٢٥ ساڵی خایاند، بۆیە زمانی ئەرمەن توانی لە سەرانسەری ولاّتەکەدا پەرەبستێنێ. بەکارهێنانی زمانی ئاشووریش لەمە زیاتری نەخایاندووە، چونکە تاقە کەناڵی پەیوەندیی نێوان ئاشوور و میللەتی ئەرمەن ئاین بووە، کە ئەمەش زۆرتر لە لایەن دەرباری ساسانییەوە برەوی پێدراوە. لەبەرئەوەی شاهەکان ڕێگەیان بەوە نەدەدا کاروباری ئاینی بە زمانی یۆنانی بەڕێوەبچێ و تەنها دەیانهێشت زمانی ئاشووری بەکاربرێت.

بەکارهێنانی زمانی یۆنانی لە ئەرمینیا لە مێژووی سەرەوە کۆنترەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاینیش. چەند پاشایەکی ئەرمەن بەردەنووسی یۆنانییان بەجێ هێشتووە، بەکارهێنانی زمانی یۆنانی نوێ کە بە "کوینە" بەناوبانگە لە سەردەمی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی و پەرەسەندنی شارستانیی هێلینییەوە برەوی سەندووە. لەو

سەردەمەدا زمانی یۆنانی شارستانی بالآدەست بووە و تەنها ئەرمەن نا، بەڵکو زۆربەی میللەتانی دەوروبەریش بەکاریان هێناوە.

ئەگەر بەکارهێنرانی زمانی یۆنانی لە ئەرمینیا بگێڕینەوە بۆ سەروبەندی پاشایی تیگرانی دووەم، ئەوا تا داهێنرانی ئەلفباو زمانی نووسینی ئەرمەن قۆناغێکی ٥٠٠ ساڵەی هەیە کە لەم ماوەیەدا زمانی یۆنانی زمانی رەسمی و دیوانی بووە.

بەڵگە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بەر لە ئەلفبای ئەرمەنی کە مەسروب ماشتوتس دایهێناوە، چ لە ئەرمینیای سەردەمی بتپەرستی و چ لە ئەرمینیای سەردەمی مەسیحیدا دوو جۆر پیت و ئەلفبا لە ئارادابوون: ئەلفبای ئەرمەن و ئەلفبای یۆنانی. ئەلفبای ئەرمەن لە لایەن پەرستگەکانی ئەرمەنییانی بت پەرستەوە بەکارهێنراوە. بەلاّم دوای ئەوەی مەسیحییەت پەرە دەسەنیّ، ئەم ئەلفبایە بەرەبەرە دەکشێتەوە. ئەلفبای ئەرمەن لاوازبوو تەنها ٢٢پیتی هەبوو و توانای نیشاندانی زۆربەی دەنگەکانی زمانی ئەرمەنی نەبوو. زمانناسەکان پێیان وایە ئەم ئەلفبایە لە لایەن قەشەیەکی ئاشوورییەوە بە ناوی "دانی یەل"ەوە داهێنراوە. هەندێك لەزمانناسان پێیان وایە کە ئەم ئەلفبایە لە سەدەی دووەمەوە هەتاوەکو سەدەی چوارەم برەوی هەبووە، بەلاّم دوای ئەوەی ئاینی مەسیح پەرە دەسێنیّ، قەشەکان بەکارهێنانی ئەم ئەلفبایە قەدەغە دەکەن و ئەلفبای یۆنانی و ئاشووری جێی دەگرنەوە(١١).

لە رووی مێژووییەوە پێویستی بوونی ئەلفباو زمانی نووسینی سەربەخۆو تایبەت بۆ میللەتی ئەرمەن لە هەلومەرجی کۆمەلاّیەتیی، ئابووری و فکریی سەدەی پێنجەمەوە هەڵقوڵی بوو. لەم سەردەمەدا فیودالیزم گەیشتبووە ترۆپکی پتەوبوونی خۆی و پێویستی بەوە هەبوو ئەم جیهانبینییە لەنێو توێژەکانی تری کۆمەڵدا پەرەپێبدات. جیهانبینیی نویّ مەسیحییەت بوو کە لە ئەرمەنستان وەکو ئاینی رەسمی پەسەندکرابوو سڕینەوەی ئاسەوارەکانی فەرهەنگی بتپەرستی پێشووی کردبووە ئەرکی خۆی و بەرپەرچی بەهاکانی دەدایەوە.لەبەرئەمە پیاوانی ئاینی نویّ بە هیچ جۆریّ نەیاندەویست زمانی بتپەرستی بەکاربهێنن و دەبووایە زمانێکی جیاوازیان

---

(١١) نوری زاده احمد، تاریخ وفرهنگ ارمنستان، نشرچشمه، تهران، ١٣٧٦، ص ٤٣٦.

هەڵبژاردایە. بەڵام ناکرێ تەنها پەرەپێدانی مەسیحییەت بە هۆکاری دەرکەوتنی زمان و ئەلفبای نوێ بزانین.
لەو سەردەمەدا جەنگێکی سەختیی درێژخایەن لە نێوان ساسانی و بیزەنتینیدا هەڵگیرسابوو. میللەت و وڵاتی ئەرمەن لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەکەدا دابەشکرابوو. میللەتی ئەرمەن تەنها بە زمانی یەکپارچەی نووسینی خۆی دەیتوانی بوونی خۆی بپارێزێ و بەرگری لە خۆی بکات، لەم ڕووەوە لە ڕێگەی ئەدەبیاتی دینییەوە دەکرا "خۆراکی مەعنەوی" دەرخواردی خەڵکی بدرێت. باشترین شت بۆ ئەمە، گەیاندنی پەیامەکانی ئینجیل و بەرهەمە دینییەکان بوو لە ڕێگەی زمانی ئەرمەنەوە. لەبەرئەمە پیاوانی بیرمەندو ئاینیی ئەرمەن ئەم ئەرکەیان راپەڕاند. سەرەنجام "مەسروب ماشتوتس" ئەم پەیامەی گرتە ئەستۆ و لە سایەی هەوڵوتەقەلای بێوێنەیدا توانی ئەلفبای ئەرمەن دابهێنێ[١٢].
ئەدەبیات و زمانی نوێ بەهۆی ئەلفبای مەسروب ماشتوتسەوە لەلایەك کۆمەکی بەوە کرد زمانی نووسین پێك بێ و لەلایەکیتریشەوە کولتوور و زمانی ئەرمەنی دەوڵەمەند کرد و بەستێنێکی فراوانیشی پێبەخشی. زمان و ئەدەبی یەکپارچەی ئەرمەن بووە هۆی ئەوەی میللەتی ئەرمەن بتوانێ لە سەدە زریاناوییەکانی مێژووی خۆیدا، شوناسی سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت.

## مەسروب ماشتوتس و داهێنانی ئەلفبای ئەرمەن

یەکەم کەس کە ئەلفبای تایبەت بە زمانی ئەرمەنی داهێنا، مەسروب ماشتوتس بوو کە ئەم کارەی بووە هۆی ئەوەی ئەدەبیاتی نووسراوی ئەرمەن بێتە ئاراوە، قوتابخانەی ئەرمەن دروست ببێ، یەکەم نووسەرو وەرگێڕ لە گۆڕەپانی مێژووی ئەم میللەتەدا دەربکەوێ.
گوریۆن کە شاگردی مەسروب ماشتوتسە و لەبەر دەستی خۆیدا پێ گەیەنراوە لە سالانی ٤٥-٤٤٣ دا کتێبێکی نووسیوە، بە ناوی "ڕەفتاری ماشتوتس" و تێیدا

[١٢] نوری زاده احمد، تاریخ وفرهنگ ارمنستان، نشرچشمه، تهران، ١٣٧٦، ص ٢٣٨.

ئاماژەی بە کردارەکانی ماشتوتس کردووە و ژیاننامەکەی نووسیوەتەوە. گوریۆن ژیانی ماموستاکەی دابەشدەکات بەسەر دوو قۆناغدا:

ژیانی دنیایی و ژیانی رۆحانی. مێژوونووسی ئەرمەن گەلێك زانیاریی لە بارەی ژیانی رۆحانی ماشتوتسەوە نووسیوە.

مەسروب ماشتوتس لە ساڵی ٣٦١ لە گوندی "هاتسە کاتس" ی سەر بە ویلایەتی "تارون" هاتە دنیاوە. لە منداڵیدا لە گوندەکەی خۆیان فێری خوێندن و نووسینی یۆنانی بوو. مەسروب کوڕی وارتان هێشتا تەمەنی لە سی ساڵ تێناپەڕێ کە ئەرمەنستانی ولاتی لە ساڵی ٣٨٧دا لە نێوان ساسانی و بیزەنتیدا دەبێتە دوو بەشەوە. بەشی رۆژئاوا لە لایەن رۆمییەکان یاخود وەکو خۆیان دەڵێن لە لایەن یۆنانییەکانەوە داگیر دەکرێت. بەشی رۆژهەلاتیش ئێرانییەکان داگیری دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. لە بەشیرۆژئاوادا رۆمییەکان کۆتایی بەحوکمی خۆجێیی ئەرمەنییان دەهێنن و فەرماندەکانی خۆیان رادەسپێرن کە راستەوخۆ ولاتەکەیان بەڕێوەبەرن. بەلام لە بەشی رۆژهەلاتدا پاشای ئەرمەن لەژێر قەڵەمڕەوی پاشایانی ساسانیدا درێژە بە حوکمی خۆی دەدات.

لەم سەردەمەدا مەسروب گوندەکەی جێدەهێڵێ و دەرواتە پایتەختی پاشاکانی ئارشاکونی ئەرمەنستانی گەورە لە "واقارشاپات"ی پایتەختدا جێگیر دەبێت. دواتر لەبەر زانستەکەی لە کۆشکی پاشایانی ئارشاکونی کاروباری دیوانی دەربار بەڕێوەدەبات. لەم شارەدا فێری زمانی فارسی و یۆنانی دەبێت کە زمانە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان بوون. لە پەنای ئەم کارەیدا ماشتوتس فێری کاروباری سەربازیش دەبێت و خۆی لە کاروباری کۆمەڵایەتیی و سیاسیشەوە هەڵدەقورتێنێ. لەم سەردەمەدا وەرام شابووە یاخود بەهرام شاپوور (٣٨٩-٤١٥) یەکێك لە پاشایانی ئارشاکونی حوکمی ئەرمەنستان بەڕێوە دەبات و سەر بە شاهەنشای ساسانی بووە.

لە ساڵی ٣٩٤ دا مەسروب واز لە ئەرکی دیوان دەهێنێ و دەست بەکاری روحانیگەری دەکات. ماشتوتس لە سەرەتای ژیانی ئاینی خۆیدا تەرکی دنیا دەکاتو وەکو رەبەنە مەسیحییەکان دەژی. دوای ئەمە لە کوێستانی ویلایەتی "گوقتان" دەست بە ئەشکەوتنشینی دەکات. لەم سەروبەندەدا شاگردانێکی زۆر باردەهێنێ. بەلام مێژوو پەیامێکی گەورەی بە مەسروب سپاردبوو، دەبووایە ئاینی مەسیحی لەناو کۆمەلانی

خەڵکدا پەرەپێبدایە، بۆیە روودەکاتە خەڵك و فێری ئاینی مەسیحییان دەکات. لە درێژەی گەشتەکانیدا تێدەگات کە خەڵکی هێشتا پابەندی دابونەریتی بتپەرستین و هێشتا شتێکی ئەوتۆ لە ئایینەکەی یەسوع نازانن، لە ئاکامدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە نەهێشتنی ئەم رەوشە بەدانانی قوتابخانەی ئاینی دەکرێت.

دیارە پێش ئەم مێژووە بە زمانی ئاشووری و یۆنانی ئامۆژگارییەکانی ئاینی یەسوع بلاّودەکرایەوە، بەلاّم خەڵك لەم زمانانە نەدەگەیشتن. مەسروب بڕیاری دا یەکەم قوتابخانەی ئاینی بە زمانی ئەرمەن بکاتەوە. بەم جۆرە زمانی ئەرمەن بووە زمانی رەسمی کلێسە و نوێژو تاعەتی دینیش بەم زمانە بەڕێوەدەچوو. هەروەها مەسروب لەگەڵ سەرۆکی ئاینی ئەرمینیا ساهاك پاریتۆ قسەدەکات و داوای لێ دەکات ئەلفبای ئەرمەن دابنێن. ساهاك شای ئەرمەنستان وەرام شابووە دەبینی. لە رێگەی ئەمەوە تێدەگەن کە قەشەیەکی ئاشووری پیتەکانی زمانی ئەرمەنی دۆزیوەتەوە، بۆیە پیتەکانی لێ وەردەگرن و لە رێگەی ئەمەوە ئەلفبای تایبەتی ئەرمەن دادەنێن.

دوای ئەمە مەسروب تێدەگات کە ئەم ئەلفبایە بەشی دەنگەکانی زمانی ئەرمەن ناکات. ئەوجا لەگەڵ شاگردەکانی هەوڵدەدات ئەلفبای نوێی بۆ دابهێنێ. مەسروب و هاوڕێکانی بۆ کاملکردنی ئەم ئەلفوبێیە دەڕۆنە شاری ئامەد و لەبەردەستی خۆشنووسێکی یۆنانی ئەم ئەلفوبێیە رێکدەخەن. ئەوجا کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەرمەنستان دەیکەنە ئەلفوبێی رەسمی ئەرمەن و هەزاران شاگردی پێ پەروەردە دەکەن و دەیان قوتابخانەی ئایینیشی بۆ دەکەنەوە. ئەم رووداوە لە ساڵەکانی ٤٠٤-٤٠٦ دا روویداوە و لە مێژووی ئەرمەنستاندا وەکو وەرچەرخان سەیری دەکرێت. لە کاتی گەڕانەوەی مەسروب و شاگردەکانیدا، وەرام شابووە (بەهرام شاپوور) و ساهاك پاریتۆو پیاوانی دەرباری و لەشکری دێنە دەرەوە لە شار و دەچن بە پیرییەوە و لە لای چەمی "لارا" لە نزیکی شاری "واقارشاپات" دا پێشوازی لێدەکەن. بێگومان شادمانی ئەو کەسانە بێ هۆ نەبوو، چونکە ئەمە یەکەم جار بوو کە زمانی ئەرمەن دەبووە زمانی نووسین و بەر لەم رووداوە زمانی ئاشووری و یۆنانی بەکاردەهات و خەڵکیش لەم زمانانە نەدەگەیشت. دوای ئەم داهێنانە مێژووییە مامۆستاکانی زمانی ئەرمەن لە هەر سێ بواری وەرگێڕان، نووسین و بارهێناندا دەستیان دایە کار و بەرەبەرە نەوەیەکی نوێیان پێگەیاند کە دەقەکانی ئاینی مەسیحی بە زمانی ئەرمەن وەردەگرت.

مەسروب ماشتوتس و ساهاك پاریتۆ کۆمەڵێك بەرهەمی رەنگین بەرهەم دێنن. ئەم دووانە وێڕای کارەکانی دیکەیان یەکەمین دیوانە شیعرییە دینییەکانیان دادەنێن کە بە زمانی ئەرمەن "کەتسوەرد" و "شاراکان"ی پێ دەگوترێت. ئەم دوو ئەرمەنییە بەناوبانگە دوای ساڵانێکی دورودرێژی خزمەتی بێ وچان لە ساڵەکانی ٤٣٩ و ٤٤٠ دا کۆچی دوایی دەکەن. دوای مردنی ساهاك پاریتۆ بەساڵێك مەسروب ماشتوتسیش دەمرێت. داهێنانی مەسروب ماشتوتس تەنها پاڵنەری ئاینی نەبووە کە ئاینی مەسیحی پێ پەرەبدرێت، بەڵکو پاڵنەری سیاسی و نەتەوەییشی هەبووە. چونکە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمدا ئەم داهێنانە بووە هۆی ئەوەی شەپۆلێك لە سەربەخۆیی خوازی لەناو ئەرمەنەکاندا بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی لە چنگی پاشایانی ساسانی رزگاریان بێت. جەنگەکانی سەربەخۆیی ئەرمەنستان دوای ئەم داهێنانە سەریان هەڵدا، بۆیە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە خودی ئەم داهێنانە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بووە[١٣].

لە ساڵی ٣٨٧ دا ئەرمەنستان لە نێوان ئیمپراتۆری ساسانی و رۆمی بیزەنتیدا دابەشکرا. دوای ئەم رووداوە شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەکەدا رووی دا و ئەرمەنستان گۆڕەپانی ئەم جەنگانە بووە. بێگومان لە تەنیشت ئەرمەنستاندا کوردستانیش لە هەمان مێژوودا رووبەڕووی داگیرکاری باسکراو دەبێتەوە، بەلاّم لێرەدا جیاوازیەك لە نێوان هەردوو داگیرکارییەکەدا لە ئارادابووە، ئەرمەنەکان ئاینی مەسیحیان پەسەند کردبوو لەگەڵ رۆمییەکان هاودین بوون، بۆیە پتر مەیلیان بە لای بیزەنتییەکاندا هەبوو. لە حاڵێکدا کوردەکان خۆیان بەشێکی سەرەکی بوون لە دەربار و لەشکری ساسانی و بڕوامەندی ئاینی زەردەشتیش بوون، بۆیە ئەم جیاوازییە هەردوو گەلی کوردو ئەرمەنی لە جەنگەکاندا دەهێنایە بەرامبەر یەك. دوای دابەشکردنی ولاّتەکە، رۆمییەکان لە بەشی رۆژئاوای ئەرمینیادا کۆتاییان بە حوکمی ئەرمەن هێنا، بەلاّم لە بەشی رۆژهەلاّتدا بنەماڵەی ئارشاکونی کە سەر بە دەرباری ساسانی بوون هێشتا درێژەیان بە حوکمی خۆیان دەدا.

لەم سەروبەندەدا هێزی خودی ئەرمەن توانای بەرپەرچ دانەوەی هەردوو هێزی داگیرکەری نەبوو. باشترین رێگە ئەوە بوو کە لە رێگەی کولتوورییەوە زەمینەی

---

[١٣] نوری زاده احمد، تاریخ وفرهنگ ارمنستان، نشرچشمه، تهران، ١٣٧٦، ص ٤٥٠.

ململانێی فەرهەنگی بڕەخسێت. بۆ ئەمەش بنیاتنانی کڵێسەی سەربەخۆی ئەرمەن دەیتوانی ببێتە بەردی بناغەی خەباتی ئایدیۆلۆژی. لەم ڕێگەیەوە ئەرمەنەکان ئیرادەی سەربەخۆی خۆیان پاراست و کڵێسەی ئەرمەن و جیاکردنەوەی لە کڵێسەی ئاشووری و یۆنانی بووە هەوێنی رۆحی سەربەخۆخوازی ئەرمەنەکان. بەم رووداوەو بەرپەرچی داگیرکاری ساسانی و رۆمییەکان درایەوە. داهێنرانی ئەلفوبێی ئەرمەن لە پەنای ئەو حاڵەتەی سەرەوەدا، بووە هۆی یەکێتیی رۆشنبیری لە نێوان هەردوو بەشە داگیرکراوەکەی رۆژئاواو رۆژهەڵاتدا.

دیارە لەم داهێنانەدا سێ کەس رۆڵی سەرەکییان گێڕا، یەکەمیان مەسروب ماشتوتس بوو، کە خۆی رۆحانییەکی سادەبوو. دووەمیان ساهاك پاریتۆ بوو کە سەرۆکی کڵێسەی ئەرمەنستان بوو، سێیەمیان وەرام شابووە (بەهرام شاپوور)ی پاشای ئەرمەنستان بوو. وەرام شابووە دەیەویست لە رێگەی ئەم داهێنانەوە لە بەرامبەر پاشایانی ساسانیدا خۆی رابگرێت، چونکە باش ئەو رووداوەی لە بیر بوو کە خەسرەوشای برای بە دەستی شای ساسانی لە کار لابرا. بۆیە دەیویست رووبکاتە هۆکارە ناوخۆییەکان و یەکێك لەمانەش زمانی ئەرمەن بوو. لەلایەکیتریشەوە ساهاك پاریتۆ سەرۆکی کڵێسەی ئەرمەن بوو نەیدەویست بچێتە ژێر باری کڵێسەی یۆنانی کاپادوکیە کە زمانی یۆنانی بەکاردەهێنا و رۆمییەکان پشتگیرییان لێدەکرد. لەملاشەوە پاشایانی ساسانی بۆ ئەوەی ئاینی مەسیح بە زمانی رۆمی گەشە نەکات، بە رەسمی پشتیوانییان لە کڵێسەی ئاشووری دەکردو ئەم کڵێسەیەیان کردبووە کڵێسەی رەسمی. بۆیە ساسانییەکان دەیانەویست لە ئەرمەنستان زمانی ئاشووری گەشەپێبدەن.

ساهاك ئەمەی نەدەویست و نیازی وابوو لە بەرامبەر زمانی ئاشووریدا زمانی ئەرمەن و کڵیسەی ئەرمەن بەکاربهێنێ. هەروەها لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمدا پاشایانی ساسانی پەرەیان بە ئاینی زەردەشت دەدا و زمانەکەی خۆیان پێشدەخست. ئەمانە دەیانخواست لە ئەرمەنستانیش ئاینی زەردەشتی گەشەپێبدەن. لە سەردەمی شاپووری دووەم (٣٤٠) و بەهرامی چوارەمدا دژایەتیکردنی ئاینی مەسیحی سەریهەڵدا و ناوبراوان هەوڵیاندەدا ئامۆژگارییەکانی زەردەشت پەرەپێبدەن. مۆبەدو موغەکان لەم بوارەدا رۆڵێکی تەواویان هەبوو، بۆیە ساهاك پاریتۆ دەیویست لە بەرامبەر ئەم

سیاسەتانەدا خۆی رابگرێت. باشترین بژارەش بۆ ئەمە دروستکردنی کلێسەی تایبەتی ئەرمەن بوو کە بە زمانی ئەرمەن ئامۆژگارییەکانی یەسوعی بلاوْدەکردەوە.

لە سەدەی پێنجەمدا کلێسەی ئەرمەنی و قوتابخانە دینییەکانی ئەرمەنستان نەوەیەکیان پێگەیاند کە ئاستێکی باشی خود -ئاگایی نەتەوەیی و سیاسی بەدەسهێنابوو. نەوەی پێشووتر نەیدەتوانی لە رێگەی لەشکرییەوە سەربەخۆیی سیاسی ئەرمینیا دابین بکات، بۆیە لە رێگەی جەنگی ئایدیۆلۆژی و فەرهەنگییەوە درێژەی بەمانەوەی خۆی دا. داهێنرانی زمانی ئەرمەن و کلێسەی ئەرمەن لە لایەك یەکێتیی رۆژئاوا و رۆژهەلاتی ئەرمەنستانی داگیرکراوی دابینکرد، لە لایەکی تریشەوە بووە هێمای خۆپاراستنی میللەتی ئەرمەن لە بەرامبەر پەلامارەکانی ئیمپراتۆریای ساسانی و رۆمی. لە سەدەی پێنجەمدا هەولەکانی مەسروبو ساهاك و وەرام شابووە بەریگرت و نەوەیەکی پێگەیاند کە هەولی دا بەهێزی خۆی لە بەرامبەر داگیرکەری ئێرانییەکاندا بووەستێتەوە. لە راستیدا قوتابخانەی ئاینی ئەرمەن شەپۆلێکی نوێی وشیاریی هێنایە کایەوە کە بووە هێمای جەنگەکانی لە دژی دەرباری ساسانی کە لە سالانی ٤٥١-٤٤٩ دا بەرپاکران.

وارتان مامیگونیان کە لە مێژووی ئەرمەنستاندا بە "وارتانانتس" ناسراوە سەرداریێتی ئەم جەنگانەی کرد. دواتریش شەڕەکانی سالانی ٤٨١-٤٨٤ کە واهان مامیگونیان بەڕێوەی دەبرد دەرەنجامی ئەم وشیارییە بوون، چونکە ساسانییەکان دوای وەرام شابووە لە سەردەمی ئارتاشیسی کوڕیدا کۆتاییان بە دەسەلاتی خۆیی ئەرمەن هێناو تەخت و تاجی ئەرمەنییان هەلدێراند. بۆیە جەنگەکانی سەدەی پێنجەم کە بۆ گێڕانەوەی سەروەری و ئیرادەی ئەرمەن بەرپاکران، دەرەنجامی ئەو هۆشیارییە بوون کە قوتابخانەی ئاینی ئەرمەنستان هێنایە کایەوە.

بەر لەوەی مەسروب ماشتوتس زمانی ئەرمەن بەکاربهێنێ، زمانی ئەرمەن گەلێك شێوەزاری جۆربەجۆری هەبوو کە یەکبوونیان زەحمەت دەینواند. شێوە زاری ناوچەی ئایارات کە شێوەی پایتەختی ئەو سەردەمە واتە شاری "واقارشاپات" بوو، بە شێوازی وستانیك ناسراوە، پەرەیسەند و بوو بە شێوەزاری رەسمی کلێسەی ئەرمەن. قوتابخانە ئاینییەکان ئەم شێوەیەیان گەشەپێ دا. بەم جۆرە ئەم شێوەیە بە رۆژئاواو رۆژهەلاتی ئەرمەنستاندا بلاوەی کرد. سەرەتا ئەدەبیاتی زارەکی ئەم شێوەیەی

دەوڵەمەند کرد، دواتر دەقی ئەدەبی نووسراوی پیٚ نووسراو شیعری ئەرمەن بەم شیٚوەیە هاتە ئاراوە.

بەرەبەرە ئەدەبی نووسراوی ئەرمەن بەم شیٚوەیە پەیدابوو. لە پرۆسەی زەمەندا ئەم شیٚوەیە گۆڕانی زۆری بەسەردا هات و رەوانتر بوو، بەلاّم بەگشتی پیٚکهاتە سەرەکییەکەی خۆی لە دەست نەدا کە لە سەردەمی مەسروب ماشتوتس و ساهاك پاریتۆدا بنیاتنرابوو. ئەم زمانە کە میٚژوویەکی دیٚرینی هەبوو و تیٚکڕای دەقە کۆنە ئاینی و ئەدەبی و میٚژووییەکانی ئەرمەنی پیٚ نووسراوەتەوە، بە زمانی "گرابار" ناسراو و پیرۆزییەکی تایبەتی خۆی هەبوو. زمانی گرابار هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەرمەنستان زمانی رەسمی بوو. لەم سەردەمەوە بەدوا گۆڕانیٚکی ریشەیی بەسەرهات و رەوشیٚکی نویٚ هاتە کایەوە.

تا دەیەی سیٚیەمی سەدەی نۆزدەیەم زمانی کۆنی گرابار بەردەوامبووە. بیرمەند و ئەدیبانی ئەرمەن بەرهەمەکانیان بەم زمانە دەنووسی. خاچاتور ئابوڤیان یەکیٚك لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەرمەن بوو ئەویش هەتا ئەم ماوەیە بەو زمانە دەینووسی. پاشان ناوبراو تیٚگەیشت کە زمانی گرابار توانایی پەرەسەندنی نییە و بۆ کۆمەلاّنی خەلّك زۆر سەختە، بۆیە روویکردە زمانی خەلّکی ئاسایی و بە زمانی "ئاشخاربار" دەستی بە نووسین کرد[١٤]. قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکیی ئەرمەن لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە سەریهەلّدا. لە راستیدا ئەمە سەرەتای دەستپیٚکردنی ئەدەبی مۆدیٚرنی ئەرمەن بووە. ئەم قوتابخانەیە تا شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم دریٚژەی هەبووە. دوای ئەمە قوتابخانەکانی رۆمانتیزم و ریالیزم جیٚیانگرتەوە. ئەدەبی نویٚی ئەرمەن لەگەلّ گەشەکردنی پەیوەندییە بۆرژواییەکانی کۆمەلّگەدا پەرەیسەند[١٥].

شۆرشی فرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩، خەباتی دژە کۆلۆنیالیستی میللەتی هیندستان، شۆرشەکانی یۆنان، شۆرشی رزگاریخوازیی ساڵەکانی ١٨٣٠-١٨٤٨ لە ئەورووپا و جەنگی رزگاریی نیشتمانیی ئیتالّیا، بوونە هەویٚنی بیروئەندیٚشەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی و بیری بۆرژوا-دیموکراتیان هیٚنایە ئاراوە. ئەمە هاتە نیٚو ژیانی خەلّکییەوە و

---

[١٤] هویان اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١ ص٢٤.

[١٥] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، تهران ١٣٧٦، ص٦٠٨.

گۆڕانی ریشەیی تێدا دەستەبەرکرد. بەم جۆرە ئەم گۆڕانە ئەدەبیشی گرتەوە. لەم رووەوە خولقاندنی شێوازی نوێ و ئاسان هاتەکایەوە. چونکە قوتابخانەی کلاسیزم توانایی وەلاّمدانەوەی پێویستییە مەعنەوییەکانی خەڵکی نەبوو. زمانی کۆنی گرابار توێژە بەرینەکانی خەڵك تێی نەدەگەیشتن.

بەم جۆرە لە سالآنی ١٨٢٠-١٨٣٠ گۆڕانێك لە زەمینەی ئەدەبیاتی ئەرمەنیدا هاتە ئاراوە. لەم سەروبەندەدا قوتابخانەی رۆمانتیزم جێی بە قوتابخانەی کلاسیزم لێژکرد. ئەم قوتابخانەیە گرفتە کۆمەلآیەتییەکانی خەڵکی لەخۆ دەگرت و جێی بۆ پرسە کۆمەلآیەتیی — مێژوویییەکانیش دەکردەوە. هەروەها بیروئەندێشەی رزگاریی نیشتمانیش هاتە نێو گۆڕەپانی ئەدەبەوە. لەم سەروبەندەدا ململانێی نێوان زمانی کۆن و زمانی نوێ دەستی پێکرد کە ئەم ململانێیە بەململانێی زمانەکان و رێنووسەکان ناوبانگی دەرکردووە. دوای ململانێ و خۆڕاگرییەکی سەخت، بەرە- بەرە زمانی گرابار جێی خۆی دایە زمانی نوێی "ئاشخارهابار". لە چلەکان تا شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئەدەبی نوێی ئەرمەن بەتەواوی رەگی داکوتا.

بێگومان هاروتیون عەلەمداریان و مەسروب تاقیادیان لە رەنگرێژ کردنی ئەدەب و زمانی نوێدا رۆڵیان هەبوو، بەلاّم رۆڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری بەناوبانگ خاچاتور ئابوڤیان. ئەم کەسە راستییەکەی لە بواری زمان و ئەدەبی ئەرمەنیدا وەرچەرخانێکی هێنایە کایەوە. شیعری نوێی ئەرمەن لە سییەکان و چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سەریهەڵدا. ئەم شیعرە لە رێگەی گەشەسەندنی شیعری زارەکی "پاسکویل"ەوە هاتە ئاراوە. دوای ئەمە شیعری جۆری "بامفیلت" سەریهەڵدا کە شیعرێکی وەزن و قافیەدارە. لە پەنجاکان و شەستەکان بەدواوە ئەدەبی نوێی ئەرمەن بووژایەوە و گەلێك رووخساری درەوشاوەی پێشکەشکرد. هەروەها بەرەبەرە ئەدەبی ئەرمەن بە هەموو شێوازەکانییەوە رووی لە گەشەسەندن کرد[١٦].

---

[١٦] ارمنستان، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران ١٣٧٧، ص٤٦.

## سێیەم: دیـن و بـــڕوا

ئەرمـــەنییان بــەر لــەوەی رووبکەنــە ئــاینی مەســیح، بتپەرســت بــوون. خواوەنــدە بەناوبانگەکانی ئەرمینیا بریتیبوون لە ئارامازد، ئاناهید، ئاستقیك و ڤاهاگن. گـەلێك شوێنەوار لە ئەرمەنستان ماونەوە کە نیشانەی سەردەمی بتپەرستیی ئـەم وڵاتـەن. بـۆ نموونە پەرستگەی گارنی کـە لـە جیۆگرافیـای کۆمـاری ئەرمەنـستاندایە، یـەکێك لـەو شوێنەوارانەیە کە هەندێك تایبەتمەندیی شارستانیی هێلینیشی هەڵگرتووە.

لە سەدەی یەکەمی زایینەوە پەیامئاوەرە مەسیحیە سەرەتاییەکان بۆ برەوپێدانی ئاینی مەسیح روویانکردە ئەرمەنستان. پارتۆقیمۆس و تادیۆس لە بانگەشەکەرانی سەرەتایی ئاینی مەسیح بوون کە بۆ خۆیان بە شاگردی مەسیح لە قەڵەم دراون. ئـەم کەسـانە لـە لایەن بتپەرستانی ئەرمینیاوە کوژراون و دواتر لە کوشـتارگاکانیاندا چـەند کڵێـسەیەك بنیاتنراوە. بەڵام رەوتی گەشەسەندنی ئاینی مەسیح لە ئەرمینیا تا سـەدەی سـێیەمی خایاند. تا ئەم سەردەمە بتپەرستی لە ئەرمینیا باڵادەسـتبووە. لـەوە بـەدوا گریگـۆری پیرۆز کە لەناو ئەرمەنییاندا بە "لۆسارۆڤیچ" واتە رۆشنگەر بەناوبانگ بووە پـەرە بـەم دینە دەدات. گریگۆر بۆ خۆی سەر بەبنەماڵەی ئەشکانی بووە. دەڵـێن گریگـۆر کـوڕی ئەو پیاوە بووە کە بە دنەدانی پاشایانی ساسانی خەسرەوی یەکەمی پاشای ئـەرمینیای کوشتووە. وەك دەڵـێن بنەماڵەکـەی تێکـڕا لـە ئەرمەنـستان هەڵـدین و لـە کاپادوکیـە دەگرسێنەوە. لەوێ گریگۆر لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی مەسیح ئاشنا دەبێت[١٧].

ئەرمینیا لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمدا دوو رووداوی گرنگی بە خۆیەوە بینی. ئـەم دوو رووداوە کاریگەرییەکی قووڵیان کردە سەر ئاسـتی بـڕوای ئەرمـەنییان. یەکـەمیان پەسەندکردنی ئاینی مەسیح بوو لە لایـەن خـەڵکی ئـەرمینیاوە وەکـو بـڕوای تاقانـەی گەلی ئەرمەن. دووەمیشیان داهێنانی ئەبجەدیەی ئەرمەن بوو[١٨]. بێگومـان گێڕانـەوەی

---

[١٧] ارمنستان، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران ١٣٧٧، ص ٤٧.

[١٨] یوسف ابراهیم الجهماني، دارحوران للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، ٢٠٠١ ، ص١١

جۆربەجۆر هەن سەبارەت بە ساڵی پەسەندکردنی ئاینی مەسیح لە لایەن ئەرمەنەکانەوە، بەڵام بە گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم رووداوە لە نێوان ٣٠١-٣١٤ دا هاتۆتە ئاراوە. ئەم کارەش لە لایەن گریگۆر لۆسارۆڤیج ئەنجامدرا. بەم جۆرە دوای ئەوەی ئیمپراتۆر کۆنستانتینی گەورە لە رۆما ئاینی مەسیحی کردە ئاینی رەسمی (٣١٣) ئەرمەنستانیش بووە دووەم وڵاتی وەرگری ئاینی مەسیح[١٩]. سەرەڕای ئەوە دێری ئەرمەن لەژێر کاریگەریی دێرەکانی رۆمادا بووە، بەڵام هەندێك تایبەتمەندیی خۆشی پاراستووە کە دواتر ئەم تایبەتمەندییە بە یەکجاری لە کڵێسەکانی تری مەسیحی جیاکردۆتەوە.

لە ساڵی ٣٠١ دا تیردادی سێیەم کە پاشای ئەرمەنستان بووە، ئاینی مەسیحی پەسەند کردووەو بە شێوەیەکی رەسمی پەرەی پێداوە. گریگۆر لۆسارۆڤیچ لەگەڵ پەرەپێدان و بانگەشەکردنی ئاینی مەسیحدا بوو بە گەورە کاسۆلیکۆسی ئەرمینیا[٢٠]. بەر لەم مێژووە ئەرمەنییانی مەسیحی بەدزیەوە لە ئەشکەوتەکان دابونەریتی ئاینی خۆیان بەجێدەهێنا. دوای ئەوەی گریگۆر رۆڵی قەڵەمبازی خۆی گێرا، رەوشی مەسیحییانی ئەرمەن گۆڕانی بەسەردا هات. ئەم گۆڕانەش ئاسان نەبوو، چونکە گریگۆر کە خۆی منداڵی خانەدانێکی راکردووی ئەشکانی بوو، لە قەیسەریە ئاینی مەسیحی پەسەند کردبوو. دوای ئەوەی تیردادی سێیەم لە ٢٨٧ دا لە رۆم دەگەڕێتەوە بۆ ئەرمینیا، گریگۆر دەکاتە کاتبی خۆی و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە. کاتێك پێیدەزانێ کە مەسیحییە، داوای لێدەکات واز لەم دینە بهێنێ. گریگۆر بەرگری لە خۆی دەکات. ئەوجار تیرداد فەرمانی زیندانیکردنی دەدات. گریگۆر ١٤ساڵ زیندان دەکرێت. دوای ئەوەی نەخۆشیی تیرداد چاك دەکاتەوە، تیرداد ئاینی ئەو پەسەند دەکات و لە ٣٠١ دا فەرمانی رەسمیکردنی ئەم دینە دەردەکات[٢١].

لە سەدەی چوارەم و پێنجەمدا ئەرمەنییان بەشداری گردبوونەوەی قەشەکانیان دەکرد و فەرمانی ئەم گردبوونەوانەیان پەیڕەو دەکرد. لە ساڵەکانی ٣٢٥، ٣٨١، ٤٣١ دا

---

[١٩] یوسف ابراهیم الجهماني، دارحوران للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، ٢٠٠١ ، ص ١١.

[٢٠] رۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسیەی تورکیا، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦ ، ل ١١٧.

[٢١] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص٣٢.

گردبوونـەوەی گـرنگ ئەنجامـدران. دوایـەمین گردبوونـەوە هـی سـاڵی ٤٣١ بـوو. ئـەم گردبوونەوەیە لە شاری ئیفیس لە ئاسیای بچووك بەڕێوە چوو. دوای ئـەم گردبوونەوەیـە لـێکترازان لـە نێـو مەسـیحییەکاندا هاتەکایـەوە. لەوسـاوە ئەرمەنـەکان لـە دێـری ئوچمیادزین لە نزیك شاری یەریڤان کە گریگۆری رۆشنگەر بنیاتینـابوو، گردبوونـەوەی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دا و لە ناوەندە دینییەکانی تر دابڕان[٢٢].

لەبەرئـەوەی گریگـۆر لۆسـارۆڤیچ ئـاینی مەسـیحی لـە ئەرمەنـستان پەرەپێـداوە، بـە مەسیحییانی ئەرمەنسان دەڵێن: "مەسیحییە گریگۆرییەکان". هـەروەها بـە کڵێـسەی ئەرمـەنیش دەگوترێـت "کڵێـسەی گریگـۆری" یـاخود "کڵێـسەی لۆسارۆڤیـچی". لـە ساڵانی سەرەتادا نەوەو نەتیجـەکانی گریگـۆری پیـاوی ئـاینی مەسـیحی بـوون. دواتـر میرات نـەماو کلیلـداری کڵێـسەی ئەرمـەن کەوتـە دەسـت کەسـانی تـر[٢٣]. بێگومـان پەسەندکردنی ئاینی مەسیح لە ئەرمەنستان لە دوولایەنەوە گرنگە:

١-لـە لایـەنی مێژوویـیـەوە: ئـەم رووداوە بـووە خـاڵی وەرچـەرخان لـە مێـژووی ئەرمەنستاندا، چـونکە دوابـەدوای ئـەم وەرگۆڕانـە، زۆربـەی هـەرە زۆری رووداوەکـانی ئەرمینیا لەژێر کاریگەریی ئەم وەرچەرخانەدا بوون.

٢-لە ئاستی جیهانی مەسیحیدا: ئەرمەنستان یەکەم وڵات بووە کـە ئـاینی مەسـیحی کردۆتە ئاینی رەسمی خۆی[٢٤]. یەکەم کڵێسەی ئەرمەن بـە دەسـتی گریگـۆر لـە شـاری واقارشاپات و لە ساڵی ٣٠٣ دا بنیاتنرا کـە دێـری ئوچـمیادزینی ئێـستایە و ناوەنـدی سەرەکی ئاینی هەموو ئەرمـەنییانی جیهانـە[٢٥]. گریگـۆر لـەتیردادی سـێیەم لەقـەبی سەرئوسقۆف یان جاسلیقی (کاسولیکۆس) هەموو ئەرمەنستانی درایە. ئەو کڵێـسەیەی ناوبراو بنیاتینا لە ساڵی ٤٩١ بـە یـەکجارەکی لـە کڵێـسەی رۆمـی دابـڕا و رەوتێکـی سەربەخۆی تەیکرد. کڵێسەی ئەرمەن پابەندە بە پرەنسیپە سەرەتاییەکان. ئەم کڵێسەیە رەوتێکی موحافیزەکاری هەیەو خـۆی بـە کڵێـسەیەکی رەسـەن دەزانـێ کـە راسـتەوخۆ حەوارییەکانی مەسیح بنیاتیاننـاوە. بێگومان دابڕانی کڵێسەی ئەرمەن لە کڵێسەی رۆم

---

[٢٢] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص ل٣٣.

[٢٣] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، پاییز ١٣٧٦، تهران، ص٤٣٢.

[٢٤] ارمنستان، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧، ص٤٨.

[٢٥] هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٩.

و بیزانس کاریگەریی هۆکاری سیاسیشی لەسەر بووە. سەربەخۆیی کڵێسەی ئەرمەن کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر بە هەڵسوکەوتەکانی کڵێسەی رۆمی کە دەیەویست کڵێسەی رۆژهەڵات بکاتە داردەستی خۆی[٢٦].

بارەگای کاسولیکۆسی ئەرمەنەکان لە ئوچمیادزین بووە. دواتر لە کاتی مەرزەبانەکاندا گوێزرایەوە بۆ شاری دەڤین. پاشان لە سەدەی دەیەمدا گوێسترایەوە بۆ شاری ئانی. دوابەدوای ئەوەی حوکمداری باگراتۆنییەکان بە دەستی تورکانی سەلجووقی روخێنرا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنەکان بەرەو کیلیکیەی ئاسیای بچووك کۆچیان کرد و لەوێ وڵاتی ئەرمینیای تازەیان دروستکرد و بارەگای کاسولیکۆسی ئەرمەنیش لە سەدەی یازدەیەمدا گوێزرایەوە بۆ ئەوێ. دوای ئەوەی حوکمداریی ئەرمەنی کیلیکیە روخا، ئوسقۆفەکان داوایان لە کاسولیکۆسی ئەرمەن کرد بگەڕێتەوە بۆ ئوچمیادزین. کڵێسەی ئەودەم ئەم داوایەی رەتکردەوە، بەڵام رێگەی بەوە دا تا لە ئوچمیادزین کاسولیکۆسێکی دیکە بکرێتەوە. لە ساڵی ١٤٤١ دا ئەم جاسلیقە بنیاتنرایەوە. بەم جۆرە ئەرمەنەکان لەو بەروارەوە بوونە خاوەن دوو جاسلیقی جیاواز. دوای ئەوەی ئەرمینیا دابەشکرا بەسەر دوو بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا، ئەم رەوتە درێژەی کێشا. ئێستاش ئەرمەنەکان دوو جاسلیقیان هەیە، یەکیان لە ئوچمیادزینە، ئەویتریشیان لە کیلیکیە لە شاری سیس بوو. بەڵام دوای کوشتاری ئەرمەنەکان بە دەستی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٣ەوە ئەم بۆ جاری گوێزرایەوە بۆ لوبنان و لە شوێنێك بە ناوی ئەنتیلیاس کە لە دەوروپشتی بەیروتە، جاسلیقی دووەم بنیاتنرایەوە[٢٧].

بەم ساڵانەی دوایی هەوڵدانێکی زۆر دەستی پێکردووە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو جاسلیقەکە. لە نەوەدەکانەوە گارگینی یەکەم کە رابەریی کڵێسەی ئەنتیلیاس بوو، کرایە رابەریی کڵێسەی ئوچمیادزین. بەم جۆرە دوای سەدان ساڵ دووری و جودایی، سەرەنجام هەنگاو بۆ یەکخستنەوەی هەردوو پارچە لێکدابڕاوەکەی کڵێسەی ئەرمەنی ئوچمیادزین و ئەنتیلیاس نراوە.

---

[٢٦] ارمنستان، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧، ص ٥١.

[٢٧] هەمان سەرچاوە ل ٥٢.

بە گشتی دوای ئەوەی تورکانی سەلجووقی حکومەتی باگراتۆنیان رووخاندو سەروەریی سیاسی ئەرمەن لابرا، بارێکی قورس کەوتە سەر کڵێسەی ئەرمەن، بۆ ئەوەی لە غیابی دەسەڵاتی سەربەخۆی ئەرمەندا، نوێنەرایەتی ئیرادەی ئەرمەن بکات. بە تایبەت لە ئەرمەنستانی رۆژئاوا ئەم کڵێسەیە پێشی بە مەرگی مەعنەوی ئەرمەن گرت و مانەوەی ئەم میللەتەی گەرەنتی کرد. کڵێسەی ئەرمەن دوو تایبەتمەندیی گەورەی هەیە:

یەکەمیان کڵێسەی ئەرمەن کڵێسەیەکی خەڵکییە. بەو واتایە کە خەڵك خەلیفەگەرییەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن. واتە خەڵك راستەوخۆ کاسولیکۆسی خۆیان هەڵدەبژێرن.

دووەمیشیان کڵێسەی ئەرمەن کڵێسەیەکی نەتەوەییە. تا ساڵی ٦٠٨ کڵێسەی گورجستانیش پەیڕەوی کڵێسەی ئەرمەن بوو. دوای ئەمە لەژێر گوشاری رۆم و یۆنان کڵێسەی گورجستان لە کڵێسەی ئەرمەن جیابۆوە[٢٨]. کڵێسەی ئەرمەن بە تەواوەتی بوو بە کڵێسەیەکی نەتەوەیی و تایبەت بە هیچ نەتەوەیەکی دیکە نیە و لەناو هیچ میللەتێکی دیکەشدا چالاکی بانگەشە و میسیۆنێری ناکات.

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە بەر لە مەسیحێتی، ئەرمەنییان وەکو کوردەکان پەیڕەوی ئاینی میهرپەرستی (میترائیزم)یان کردووە. میهرپەرستی ئاینی هاوبەشی ئاریەکان بووە. کەوابوو لە رووی دینییەوە قۆناغی پێش مەسیحێتی، هاوبەشێتی ئایین لە نێوان کوردو ئەرمەندا هەبووە، بەلاّم سەرهەڵدانی مەسیحیەت دابڕانی لە نێوان دوو میللەتەکەدا دروستکردووە. مێهرپەرستی لەهەزارەی دووەمی بەر لە زایین لەئاسیای بچووك برەوی هەبووە. لە ساڵی ١٩٠٧ لە بوغازکۆی ئەنقەرەدا هەندێك شوێنەواری هیتیتەکان دۆزرایەوە. لەم شوێنەدا بەردە نووسراوێك دۆزرایەوە کە ئاماژە بە پەیمانی نێوان هیتیت و میتانییەکان دەکات کە لە رۆژهەلاّتی ئاسیای بچووك ژیاون. لەم بەردەنووسەدا ئاماژە بە چوار یەزدان دەکرێت کە بریتیین لە ئیندرا، وارونا، ناساتیا و میهر. ناوی ئەم یەزدانگەلە لە کتێبی پیرۆزی هیندۆسەکان "ریگ ڤیدا"شدا هاتووە.

---

[٢٨] ارمنستان، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧، ص ٥٣.

واتە یەزدانی ئارییایی- هیندین[٢٩]. لە سەردەمی ئەخمینییەکاندا ئەرمینیا ساتراپێکی ئەخمینی بوو. لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا خانەدانێکی سەر بە پاشایانی ئەشکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی زایینـدا، حوکمی ئـەم وڵاتـەیان بـە دەسـتەوە گـرت. بێگومـان ئـەخمینی و ئەشـکانییەکان لـە رووی کولتوورییـەوە کاریگەرییـەکی زۆریـان لەسەر ئەرمینیا هەبووە. لـە ئـەرمینیای کۆنـدا رۆژەکـان و مانگـەکان ئـەو ناوانـەیان لێنراوە کـە کوردەکـان و ئێرانییـەکان بـەکاریان هێنـاون. بەهەشـتەمین رۆژی مانگیـان وتـووە میهـر. بـە هەفتـەمین مـانگی سـاڵیان گوتـوە "میهرەگـان" واتـە میهرگـان (مێهرەجان). کوردەکانیش لە هەفتەمین مانگی ساڵدا لە رۆژی میهری مانگی میهردا جەژنی میهرەگانیان بەرێوەبردووە. ئەم ناوە ئەمڕۆ لەژێر کاریگەریی زمـانی عـەرەبیـدا بووە بە مێهرەجان. بە گوێرەی نووسراوەکانی موسیس خـورنی مێژوونووسـی ئەرمـەن، ئارشام شا دوایەمین شای زنجیرەی ئارتاشیسیان (کوڕی ئارتاشـیس و بـرای تیگـران) لـە سەدەی یەکەمی زاییندا پەیڕەوی ئاینی میهر بووە. کاتێـك لـە سـاڵی ٥٢ دا تـیردادی ئەشکانی تەختی بەدەستەوە گرت میهری بوو. لەبەرئەوەی پاشایانی ئارتاشیس ئـاینی میهریان پەسەند کردبوو، خەڵکی ئەرمەنستانیش دوای ئەم ئایینە کەوتن[٣٠].

کاپادوکیەی ئاسـیای بـچووك گۆرەپـانی جـەنگی ئەشـکانییەکان و رۆمییـەکان بـووە. سوپاییەکانی رۆم لەم جەنگانەدا ئاینی میهریان لە ئەشـکانییەکان وەرگـرت و بردیانـە ئەورووپا و لە سەرانـسەری ئـەو کیـشوەرەدا برەویـان پێـدا. لـە سـەردەمی کۆمۆدۆسـی ئیمپراتـۆری رۆم (١٨٠-١٩٣) ئـاینی میترایـی "میهرپەرسـتی" یـەکێك لـە ئایینـە گرنگەکانی خەڵکی ئیمپراتۆریای رۆم و ئەورووپا بووە.

گەلێك لە کڵێسەکانی ئەرمینیا لەسەر کـەلاوەی میهرابـەکان بنیـاتنراون. میهرابـەکان پەرسـتگەی میترایـیـەکان بـوون. بـۆ نموونـە کڵێـسەی ئوچـمیادزین لەسـەر کـەلاوەی مێهرابەیەکی کۆن بنیاتنراوە. سەرەڕای ئەوەی ئەرمەنـەکان بـوون بـە مەسـیحی بـەڵام هێشتا شوێنەواری ئاینی میهرپەرستی لە ئەرمینیا دەبینرێت. میحرابـی کڵێـسەکانی ئەرمەنستان روو بەرۆژهەڵاتە. واتـە روو بـەو ئاراسـتەیەیە کـە مێهرابـەکانی میترایـی

[٢٩] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص٢٩.

[٣٠] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص ٣٠.

وابوون، بۆ ئەوەی یەکەم پرشنگی خۆر بە رێکەوێت کە لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێت. لەناو ئەرمەنەکاندا سوێندێك هەیە بە ناوی "کوئارو" واتە سوێند بە خوری تۆ. ئەمە پاشماوەی ئاینی میهرییە. ئەرمەنەکان بەیانییان لە باتی بەیانی باش دەڵێن "باری لویس" واتە تیشك خۆش. هەندێك لەو ناوانەی ئەرمەنەکان لە منداڵەکانیان دەنێن لە ئاینی میهرەوە سەرچاوەیان گرتووە وەکو میهرداد (دادەی میهر) میهرانۆش (کچی میهر)، میهران-میترائوم (پەرستگەی میهر)و... کوردەکان و ئەرمەنەکان لە ئاینی میترابیدا گەلێك هاوبەشیان هەبووە[31].

[31] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ۱۳۸۱، ص ۳۱.

## چوارەم: جیۆگرافیای ئـەرمـینـیـا

ئەرمینیا سەرزەمینێکی کوێستانی و بەرزە کە لە باکوورەوە دەگاتە دەریـای رەش، لـە رۆژئـاواوە دەگاتـە بـانی ئـەنادۆڵ، لـە باشـوورەوە دەگاتـەوە میزۆپۆتامیـا و لـە رۆژهەڵاتیشەوە هاوسنوورە لەگەڵ دەشتی قەفقاز و جولگـەی ئازەربایجانـدا. بـەم جـۆرە ئەم جیۆگرافیایە هەرێمێك دەگرێتەوە کە لە نێـوان درێـژایی جیۆگرافیـایی ۳۷و ٤٧,٥ پلـەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا و ۳۷و ٤١,٥ پلـەی باکووردایـە و یەکەیـەکی جـوگرافی- سروشتی پێکدەهێنێ کـە بـە پێـی بانگەشـەی ناسیۆنالیـستە ئەرمەنـەکان روبەرەکـەی ٦١٩٨٤٠ کیلۆمـەتری چوارگۆشـەیە. ئـەم سـەرزەمینە پـردی نێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئاوایـە و جـادەی ئاوریـشم لـە رۆژهـەڵاتی دوورەوە بـۆ رۆژئـاوا بـەناو ئـەم وڵاتـەدا دەربازبووە[٣٢].

بەرزترین کێوی ئەرمەنستان، ئاراراتە. (دیارە ئەم هەرێمـە هـەمان هەرێمـە کـە گـەلی کوردیش داوای دەکات و تێیدا زۆرینەشـە) ئەرمـەنییان بـە ئـارارات دەڵـێن ماسیـسی گەورە کە ٥١٥٦ مەتر بەرزە. بە کێوەکەی تەنیشتیشی دەڵـێن ماسیـسی بـچووك کـە ٣٩١٤ مەتر بەرزە. کێوەکانی تری ئەرمەنستانیش بریتین لە: ئاراگاتس لە قـەفقاز کـە ٤٠٩٥ مەتر بڵندە. هـەروەها بیـوراکن هەیـە کـە لـە باشـووری رۆژئـاوای ئـەم بانـەدا هەڵکـەوتووە. هەنـدێك لـە چـەمە گـەورەکانی ئاسـیای رۆژئـاوا لـە کوێـستانەکانی ئەرمینیاوە سەرچاوە دەگرن، وەکوە دیجلە، فرات، ئاراس و چەمی کۆرا[٣٣].

لە ئـەرمینیادا هەنـدێك دەریاچـە هـەن کـە گرنگترینیـان بـریتین لـە دەریاچـەی ئـاوی شـیرینی سـوان لـە نزیـك یـەریڤان و دەریاچـەی ئـاوی سـوێری وان لـە رۆژئـاوای بـانی ئەرمەنستاندا. لە کوێستانەکانی ئەرمینیادا گەلێك دەشتی بە پیـت هـەن کـە دەشـتی ئارارات بەرفراوانترینیانە. پایتەختەکانی ئەرمەنـستان هـەر لـە مێـژەوە لـەم دەشـتەدا

---

[٣٢] رۆژە مامەند، دۆسیێی تورکیا، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ل١١٧.

[٣٣] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص١١.

بنیاتنراون. ئەرمەنستان بە هۆی پێگەی جوگرافی خۆی، هەمیشە ڕاڕەوی دەربازبوونی کاڵا بازرگانییەکانی ڕێگای بەهارات بووە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا[٣٤].

سەبارەت بە بایەخی ستراتیژیی ئەرمەنستان مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بەوە بکات کە ئەم وڵاتە شوێنی پێکدادانی شارستانییەکان و ئیمپراتۆرییە گەورەکانی مێژوو بووە. لە ڕووی ستراتیژییەوە کوێستانی بوونی ئەرمینیا وای لە ئیمپراتۆرە گەورەکان کردووە کە وەکو قەڵایەکی سروشتی سەیری بکەن و پێیان وابووە ئەگەر سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەکەیان بگەیەننە ئەوێ ئەوا ئەمنی نەتەوەیی ئیمپراتۆریاکەیان دابین دەکەن. ئاوڕدانەوە لە مێژوو ئەم ڕاستییە بە باشی پیشاندەدات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش، ئەوا دەردەکەوێ لە ئەرمینیا شوێنی پێکادانی دوو ئیمپراتۆری هەخامەنشی و یۆنانی بووە. لە قۆناغەکانی دواتریشدا ئەم حالەتە دووبارە دەبێتەوە و لە کاتی ئەشکانی و ڕۆمییەکاندا ئەرمینیا شوێنی یەکلاییکردنەوەی گرفتەکانی هەردوولا بووە. پاشان ململانێی نێوان ساسانییان و بیزانس (ڕۆمی ڕۆژهەڵات) لەم سەرزەمینەدا هاتۆتەکایەوە[٣٥]. دیارە لەم سەردەمە بەدوا فاکتەرێکی نوێ دێتەکایەوە و دەکەوێتە نێو بابەتە ستراتیژییەکانەوە، ئەویش بەمەسیحی بوونی ئەرمەنەکانە کە لەگەڵ هەوڵی بە زەردەشتی کردنی ساسانییەکاندا پێکدادەدات و ئەرمەنەکان بەسەختیی ڕووبەڕووی ئەم هەوڵە دەبنەوە[٣٦].

بە هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ ئەم ناوچەیە ڕەوشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و گەلێك بابەتی ستراتیژی نوێ پەیدا دەبێت. لەم قۆناغەوە بەدوا ئەرمینیا چیتر تەنها شوێنی بەیەکدادانی ئیمپراتۆرییەکان نییە، بەڵکو دەبێتە شوێنی پێکدادانی دینە گەورەکانیش. واتە ئاینی ئیسلام و کریستیان. بە هاتنی تورکەکان بۆ ئاسیای بچووك و ڕووخاندنی ئیمپراتۆریای ڕۆمی ڕۆژهەڵات ڕەوشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەرمەنەکان گەورەترین هاوبەش و پاڵپشتی ئاینی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەم جارە بە دەرکەوتنی سەفەوییەکان، ئەرمەنستان دەبێتە شوێنی پێکدا هەڵگژانی سەفەوییەکان و

---

[٣٤] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص ١٠.

[٣٥] ارمنستان، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧، ص٣٠.

[٣٦] هەمان سەرچاوە ل٣٠

عوسمانییەکان. ئەم حاڵەتە هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی درێژەی دەبێت، بە جیاوازییەکەوە کە یاریکەری نویٚ لە هەرێمەکە پەیدا دەبن و رووسەکان، ئینگلیز و فرەنسییەکان دینە ناوچەکەوە. بەلاٚم لێرە بە دوا گۆڕانێکی ستراتیژی نیگەتیڤ بەسەر خەڵکی ئەم هەرێمەدا دێت، ئەویش جینۆسایدی ئەرمەنەکانەو سڕانەوەیانە لە سەرانسەری ئەرمینیای رۆژئاوا. بەم جۆرە دەردەکەویٚ کە هەڵکەوت و پێگەی ژیۆستراتیژی ئەرمەنستان هەمیشە وای لەم سەرزەمینە کردووە کە ناوەندی جەنگ بێت[37]. لە رووی جوگرافییەوە لە نێوان کوردو ئەرمەنیدا خالێکی زۆر گرنگ هەیە کە ناچارم لێرەدا ئاماژەی پێبکەم. دیارە ئەم خاڵە بە هەمان شێوە لە مێژووی هەردوو میللەتیشدا دووبارە دەبێتەوە. ئەرمەنستان و کوردستان جگە لەوەی دراوسێی یەکن، لە گەلێك شوێندا ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئەمەش وایکردووە ئەو شوێنانەی کوردەکان بە ولاٚتی خۆیانی دەزانن ئەرمەنیش بەهی خۆی لە قەڵەم بدات. واتە لە رووی پێگەی جوگرافییەوە ئەوەندە خاڵی هاوبەش هەن کە کوردەکانیشی بەهەمان دەردی ئەرمەنەکان گرفتار کردووە. ئەم پێگەیە هاوکات لەگەڵ ئەرمینیا، کوردستانیشی کردۆتە مەیدانی ململانێی هێزە گەورەکانی مێژوو. دیسان بە هاوشێوەی ئەرمینیا، ئەم پێکدادان و ململانێیە گەورانە بوونەتە هۆی ئەوەی کوردستانیش لەو مێژووە لە نێوان هیزە زەبەلاحەکاندا دەستاودەستی پێبکرێت. شەڕەکانی ئەخمینی و یۆنانییەکانی تێدا هاتەکایەوە. ململانێی نێوان ئەشکانی و رۆمییەکان لێرە هاتە ئاراوە. ساسانی و رۆمییەکانیش لێرە جەنگان. بەم جۆرە کوردەکانیش هەمیشە بەشێکی لەژێر دەسەلاٚتی هێزەکانی رۆژهەلاٚتیدا بووە و بەشەکەی تریش لەژێر دەستی هێزەکانی رۆژئاواییدا بووە. ئەم حاڵە تا هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان درێژەی هەبووە. بە هاتنی تورکەکان و سەرهەڵدانی سەفەوی، جارێکی تر کوردستان دوو پارچە بوونی بە خۆیەوە بینی. لە ساڵی ١٦٣٩ دا کوردستان لە نێوان سەفەوی‌و عوسمانیدا دابەشکرا. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کوردستان چوار پارچەکرا. لێرەدا بە پێچەوانەی ئەرمەنەکان کوردەکان مانەوە و جینۆساید نەکران، بەلاٚم نەشیانتوانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکەوەنێن.

---

[37] ارمنستان، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧، ص ٣١.

## باسی دووەم
## کورتە مێژوویەکی ئەرمەنستان

لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاییندا لە کوێستانە سەختەکانی ئەرمینیادا، ژیانی ئابووری- کۆمەڵایەتیی قەومە بومییەکان پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی. فیدراسیۆنی بەهێزی خێڵەکی تێدا هاتەکایەوە و لە ناویشیاندا چین و توێژاڵبەندی کۆمەڵایەتیی هاتبووە ئاراوە و بەمەش رەوتی دروستبوونی میللەتی ئەرمەن دەستی پێکردبوو. لە سەدەی سێزدەیەم و دوانزەیەمی پێش زاییندا گرووپێك لە قەومەکانی هیندوئەورووپایی هاتنە ئاسیای بچووك و بەرەو ئەو بانە هاتن کە ئەمڕۆژە پێی دەگوترێت بانی ئەرمەنستان و لە نێوان چەمی فرات و کوێستانەکانی ساسۆندا جێگیربوون[٣٨].

میللەتی ئەرمەن لە ئاوێتەبوونی چەند گرووپی ئەتنی جۆربەجۆر دروستبووە. بەدرێژایی چەندین هەزار ساڵ ئەم گرووپانە لە دەوری ناوکی زمانی هیندوئەورووپایی یەکێکیاندا گردبوونەوە و سەرەنجام لەناویاندا یەکیان بالادەستبووە. لێکۆڵینەوە ئارکیۆلۆژییەکان سەلماندوویانە کە لەوحە گڵێنە دۆزراوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا، لە بەشی باشووری کوێستانەکانی ئەرمینیا، قەومە خزمەکانی خوری (هۆر-هۆری)و ئۆرارتو لە نزیك یەك دەژیان. خورییەکان لە بەشی فرات بوون و ئۆرارتوەکانیش لە کوێستانەکانی رۆژهەڵات بوون. هەردووکیان لە باکووری ئاشوورستان و میزۆپۆتامیا نیشتەجێ بووبوون. لە سەدەی شانزدەیەمی پێش زاییندا خورییەکان دەوڵەتی میتانی بنیات دەنێن کە شاری "واشۆگانە" پایتەختی بووە و پاشایانی خاوەن ناوی ئاریانی حوکمیان کردووە[٣٩]. لە سەدەی چواردەیەمی پێش

---

[٣٨] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، تهران ١٣٧٦، ص١١.

[٣٩] هەمان سەرچاوە ل١٢.

زاییندا ئەم دەوڵەتە بە دەستی خیتەکان (هیتیت) لەناودەبرێت. بەم جۆرە قەڵەمڕەوەکە دەکەوێتە دەستی ئاشوورییەکان.

لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا قەومە سامی-ئارامییەکانی میزۆپۆتامیا پەلاماری باکوور دەدەن و شەپۆلی مرۆیی ئەمانە کوێستانە باکوورییەکان دادەگرێت. بەڵگەنامە ئاشوورییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە سەدەی سێزدەیەمی پ.زاییندا یەکێتیی خێڵەکی ئۆرارتو لە دەوروپشتی دەریاچەی واندا حوکمدار بوون. پاشای ئاشوور شەلمانساری یەکەم (١٢٦١-١٢٨٠) پەلاماریان دەدات و تەفروتوونایان دەکات. لەوە بەدوا یەکێتیی خێڵەکانی نائیری جێیان دەگرنەوە، ئەم یەکێتیە لە سەدەی یازدەیەمی پ.ز دا تێکدەچێت و جارێکی تر ئۆرارتوەکان سەرهەڵدەدەنەوە و ناوی نائیری لەخۆدەنێن[٤٠].

لەم سەردەمانەدا گرووپێکی دیکە سەرهەڵدەدات بە ناوی "لویایی" و لە کەنارەکانی چەمی فراتدا جێگیر دەبن و لە تەنیشت خورییەکان دەژین. ئەمانە خەتی هیرۆگلیفی خیتی دادەهێنن کە هەندێك یادگاری لێ بەجێ ماوە[٤١]. لە بەشی باکوور واتە لە هایکی سەروودا یەکێتیی خێڵەکی بەهێزی هایاسا یاخود خایاسا جێگیربووبوون و لە پەنای ئازییەکاندا دەژیان. هایاسا و ئازییەکان بە باخداری و کشتوکاڵەوە خەریك بوون. هێشتا نازانرێ هایاسا بەچ زمانێك دواون، بەلاّم هەندێك بەڵگە نیشاندەدەن کە بە زمانێکی هیندوئەوروپایی نزیك لە زمانی خیتی قسەیان کردووە. لە نێوان خیتییەکان و هایاسا –ئازیدا گەلێك جار پێکدادان دێتە ئاراوە. لە سەدەی سێزدەیەمی پ.ز ەوە چیتر ئاماژە بە ناوی هایاسا ناکرێت[٤٢].

بەڵگەنامە ئاشوورییەکان لە سەدەی دوانزەیەمی پ.ز دا ئاماژە بە هەندێك گرووپی قەومی هیندوئەوروپایی دەکەن لە دراوسێیەتی خورییەکاندا ژیاون. ئەم گرووپانە دواتر لە بەڵگەنامە یۆنانییەکان بە ئارمەن ناودەبرێن. لە ساڵی ١١١٥ پ.زدا تیگلەت پیلسەری یەکەمی ئاشوور لەگەڵ ئەم قەومانە دەکەوێتە شەڕو پەلاماری ئوورومەکان و

[٤٠] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، تهران ١٣٧٦، ص ١٤.

[٤١] هەمان سەرچاوە ل١٤

[٤٢] هەمان سەرچاوە ل١٤.

موشكۆییەكان دەدات.(ناوی هەندێك خێڵە كە لە باكووری ئاشوورستان ژیـاون). لەمـە بـە دوا ئـەم گرووپـە قەومییـە جۆربەجۆرانـە ئاوێتـەی یـەك دەبـن و بـەرە بـەرە بـەرەو یەكپارچە بوونی قەومی دەڕۆن. واتە دوابەدوای ئـەوە بـە تێكڕایـی، میللـەتی ئارمـەن دەهێننە كایەوە.

## • دەوڵەتی ئۆرارتو:

لە ٨٦٠ پ.ز دا گرووپە جۆربەجۆرەكانی نائیری لە دەوروپشتی گۆلی واندا یەكدەگرن و زنجیرەی پاشایی ئۆرارتو بنیاتدەنێن. یەكەم فەرمانڕەوای ئۆرارتوەكان ناوی ئـارام بـووە. جێگرەكانی ئارام بەرە بەرە سەرزەمینەكانی دەوروپـشت داگـیر دەكـەن. لـە سـەردەمی ئارگیـشتی یەكەمـدا (٧٨٦-٧٦٠پ.ز) سـەرزەمینی ئۆرارتـو لـە بەشـی ڕۆژهـەڵاتی دەریای قەزوینەوە درێژ بۆوە هەتاوەكو باكووری سوریا[٤٣].

ئۆرارتوەكـان نزیكـەی دووسـەد سـاڵ حوكمیـان كـردو زۆربـەی هـەرە زۆری ناوچـە كوێستانییەكانی ئـەرمینیایان داگیركـرد و یـەكێك لـە دەوڵەتـە بـەهێزەكانی مێـژووی دێرینیـان بنیاتنـا. بەڵگەنامـە ئاشـوورییەكانی ٨٥٩پ.ز پەیدەرپـەی ئامـاژە بـە ئۆرارتوەكان دەكەن. ئەم بەڵگەنامانە یەكەم پاشای ئۆرارتو بە "ئارامە" ناودەبـەن[٤٤]. سارتوری یەكەم كە یەكێك لە پاشایانی ئۆرارتو بـووە بـە لاسـایی ئاشـوورییەكان و بـە زمانی ئاشووری هەندێك نووسراوی بەردین جێدەهێڵێت. لـەم نووسـراوانەدا سـارتور بـە لاساییكردنەوەی پاشایانی ئاشووری خۆی بە "شای شایان" ناو دەبات. ئەمە نیـشانەی ئاستی دەستڕۆیشتن و سەربەخۆیی ئۆرارتوەكان بـووە. لـە سـەردەمی پاشـایی مینۆئـای كوڕی ئیشپۆینیدا لوتكـەی مەزنایـەتیی دەوڵـەتی ئۆرارتـو دەسـت پێـدەكات. مینۆئـا (٨١٠-٧٨٦پ.ز) گەلێك قەڵاو شاری نـوێ بنیاتـدەنێ و ئاوەدانییـەكی زۆر دەهێنێتـە كایەوە[٤٥].

---

[٤٣] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی ١٣٨١، تهران، ص١٢.

[٤٤] نوری زاده، احمد، تاریخ وفرهنگ ارمنستان، تهران ١٣٧٦، ص١٧.

[٤٥] هەمان سەرچاوە ل١٨.

ئارگیشتی یەکەم (٧٦٠-٧٨٦پ.ز) کوڕی مینۆئا دەشتەکانی ئارارات داگیردەکات و لە پێنجەمین ساڵی پاشایی خۆیدا شاری ئەربوونی بنیاتدەنێ کە ئەمڕۆ پێیدەگوترێ یەریڤان و پایتەختی کۆماری ئەرمەنستانە. هەروەها لە ساڵی ٧٧٥ پ.ز شاری ئارگیشتی خینیلی ئاوەدان دەکاتەوە کە دواتر دەکرێتە کۆنترین پایتەختی ئەرمەنستان واتە شاری ئارماویر. لە سەردەمی ئارگیشتی یەکەمدا دەوڵەتی ئۆرارتو شێوەی دەوڵەتێکی کۆیلەداری بەخۆوە گرتبوو خاوەنی سیستەمی تایبەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی بوو. شوێنەوارە دۆزراوەکانی ئۆرارتو نیشانی دەدەن، کە ئۆرارتوەکان زیو، ئاسن، زێر، بەرد، گڵ، ئێسقان، شاخی گیانلەبەران، خوری، پێست و کەتان و هتد...یان بەکارهێناوە بۆ ئامانجی سەربازی و جەنگی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان. هەروەها وەکو کەلوپەلی رازاندنەوە کەڵکیان لێوەرگرتوون[٤٦].لە سەردەمی ئۆرارتوەکاندا قەڵاسازی و شارنشینی پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە دیتبوو. فەرهەنگی مەعنەوی ئۆرارتوش گەلێك پێشکەوتبوو. ئەم کولتوورە لەگەڵ کولتووری ئاشووری و فریگیەی ئاسیای بچووك و یۆنیەدا هاوپەیوەند بووەو ئاڵوگۆڕ هەبووە لە نێوانیاندا. زمانی ئۆرارتو لە رووی رێزمانەوە دەستەخوشکی زمانی خوری بووە و بەم دواییە زمانناسان زانیویانە کە لە رووی پاشەکەوتی وشەوە ئەم دوو زمانە لەگەڵ زمانەکانی قەفقازدا لێك نزیکن و سەر بە گرووپی قەفقازین. وشەی پاشماوەی زمانی ئۆرارتو نزیکەی ٥٠٠ وشەیەك دەبن و خەتی بزماری ئۆرارتوش لە خەتی بزماری ئەکەدی (ئاشووری-بابلی) وەرگیراوە[٤٧]. ئەرمەن لە ئاوێتەبوونی قەومە جۆربەجۆرەکانی ناوچەکەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش پرۆسەیەکی زەمەنی درێژخایەنی پێ چووە. ئەرمینیا بەر لەوەی بەم ناوەی بناسرێ، لە دەوروبەری ٥٢١پ.ز دا پێی دەگوترا ئۆرارتو[٤٨]، یاخود ئورادو یان ئارارات و خالیدی.. و هتد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەو نەتەوانەی لەوێ دەژیان. مێژوونوسانی ئەرمەن دەنووسن ئۆرارتو و ئەرمەن لە سەرچاوەیەکی هاوبەشەوە هاتوون[٤٩].

---

[٤٦] نوری زادە، احمد، تاریخ وفرهنگ ارمنستان، تهران ١٣٧٦، ص ١٩

[٤٧] هەمان سەرچاوە ل١٩

[٤٨] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا والأرمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٨.

[٤٩] هەمان سەرچاوە ل٨.

جیاوازییان لەوەدایە کە ئۆرارتوەکان بەر لە ئەرمەن لەو سەرزەمینەدا جێگیر دەبن کـە دوای سالاّنێکی دیکە ئەرمەنـەکانیش دەڕۆنـە ئـەوێ و لەگـەڵیان تێکـەڵ دەبـن. نـاوی ئەرمـەنیش یەکـەم جـار لـە لایـەن دراوسـێیە گورجیەکانیانـەوە بـەکارهاتووە بـەواتای هاوسێی نوێ[٥٠].لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز دا مێژوونووسی گریکی "هیکاتایۆس" باسی ئەم گەلە دەکات و بۆ یەکەمجار وشەی ئەرمینۆ بەکاردەهێنێت. بێگومـان ئـەم نـاوە یەکـەم ناوە کە دەشوبهێتە ناوی ئەمڕۆی نەتـەوەی ئەرمـەن. دواتـر لـە نەخـشی بێـستوون کـە دارای شـای ئێرانـی لـە سـاڵی ٥٢١ دا نووسـیویەتی باسـی ئـەرمینیا دەکـات و مەبەستیـشی ولاّتـی ئەرمەنەکانـە[٥١]. ئۆرارتوەکـان بـەردەوام لەگـەڵ ئاشـوورەکان لـە پێکداندا بوون. بەلاّم کاتێك کیمیرییەکان لە باکووری قەفقازەوە دەردەکەون و پەلاماری هەردوولا دەدەن لە سەدەی هەفتەمی پ.زدا، هەردوولا ناچاربوون جەنگەکانیان لەسـەر سەرزەمینەکانی دەوروبەریان بەلاوەنێن و لـە دژی کیمیرییـەکان یـەکبگرن. حوکمـداری بەهێزی ئۆرارتو لە ٥٨٠-٥٩٠پ.ز بـۆ هەمیـشە لـە رووپـەری مێـژوو دەسـڕدرێتەوە. هۆیـەکانی ئـەم لەناوچـوونە جگـە لـە جـەنگی دراوسـێیە نوێیـەکان، دەگەرێتـەوە بـۆ گەشەکردنی ناوخۆیی ئەرمەنەکان کە ئەمانە بەرەبەرە حوکمـداری ئەرمـەنییان تێکـدا. بەم جۆرە بە لەناوچـوونی ئۆرارتـو بەشـی بـەرینی کوێـستانەکانی ئەرمەنـستان کەوتـە دەسـت نەتـەوە ئەرمـەن زمانـەکان[٥٢].بێگومـان پێگـەی ژیۆسـتراتیژیی ئـەرمینیا لـە سەدەی شەشەمی پ.ز ەوە رۆڵێکی زۆری هەبوو بۆ راکێشانی ئیمپراتۆرییە گـەورەکانی دەوروبـەری. ئەمـە وایکـرد هێـزە پـەلاماردەرەکان ئـەرمینیا بکەنـە گۆڕەپـانی شـەڕە فراوانخوازیـەکانیان[٥٣]. لـە سـەدەکانی پ.ز ەوە ئاشـوورییەکان ئـەم سـەرزەمینەیان بەردەوام دەستاودەست پێ کردووە[٥٤].

هۆی ئەم مرخ لێ خۆشکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جوگرافی و سروشتی ئەرمینیا و سەختیی کوێستانەکانی. ئیمپراتۆرەکـان وایـانزانیوە دیـواری سروشـتی کوێـستانەکانی

---

[٥٠] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا والأرمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٨.

[٥١] هەمان سەرچاوە ل٨.

[٥٢] نوری زادە، احمد، تاریخ وفرهنگ ارمنستان، نشرچشمە، تهران ١٣٧٦، ص٢٠.

[٥٣] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا والأرمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٩.

[٥٤] هەمان سەرچاوە ص٩.

ئەرمینیا دەتوانێ ببێتە سنووری ئیمپراتۆرییەکەیانو لە دەستدرێژی دوژمنەکانیان بیانپارێزێت[٥٥].

- **پەیدابوونی دەوڵەتی دێرینی ئەرمینیا:**

لە ساڵی ٦١٢ پ.ز ئیمپراتۆری میدو بابل بەهاوپەیمانی پەلاماری ئاشووریان دەدەن و نەینەوای پایتەختی ئەم ئیمپراتۆرییە داگیردەکەن[٥٦]. لەم جەنگەدا ئەرمەنەکان بە رابەریی باروير هاوکاریی مادو بابلییەکان دەکەن و بەشداردەبن لە رووخاندنی ئاشووردا. دوای ئەوەی ئاشوور دەڕوخێت، تاجی پاشایی ئەرمەنستان بە باروير دەدرێ و دەکرێتە شای ئەم سەرزەمینە. بەم جۆرە بناغەی یەکەم حوکمداری بومی ئەرمەن دادەنرێت. مادەکان باروير دەکەنە پاشای ئەرمە یاخود ئورمە.

دواتر پارسەکان (ئەخمینییەکان) حوکمداری ماد دەگۆڕن و خۆیان جێی دەگرنەوە (٥٥٠ پ.ز). لە سەردەمی دارای یەکەمدا ئەرمەنەکان (٤٨٦-٥٢٠ پ.ز) لەگەڵ ولاتە داگیرکراوەکانی دیکەی ئەخمینیدا ڕادەپەڕن. لە ساڵانی ٥٢٠-٥٢٢پ.ز دارا ئەم راپەڕینانە سەرکوتدەکات و جارێکیتر ساتراپی ئەرمینیا دەهێنێتەوە ژێر حوکمی خۆی. ساتراپەکان دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆبوون کە لە قەڵمڕەوی ئیمپراتۆری ئەخمینیدا درێژەیان بەحوکمی نیمچە سەربەخۆی خۆیان دەدا. دارا لە نەخشی بێستووندا ئاماژە بەم جەنگانە دەکات و دەڵێ کە جارێکی تر ئەرمینیای هێناوەتەوە ژێر قەڵەمڕەوی خۆی[٥٧]. لەزۆربەی ساتراپەکانی ئەرمینیادا یەرواندییەکانی سەر بە بنەماڵەی یەرواندییان حوکمیان دەکرد. ئەو شاهەی شای پاشایانی ئەخمینی لە ئەرمینیا هەڵیدەبژارد لەناو شاهە محەلییەکانی ئەرمینیا دەستنیشان دەکرا[٥٨].

دوای سەرکوتکردنی راپەڕینی ئەرمەنەکان لە لایەن دارای یەکەمەوە، ئەم ولاتە جگە لەوەی جارێکیتر کرایەوە ساتراپ نشین، بۆ دوو سەدەی دیکەش پێش بە سەربەخۆیی

---

[٥٥] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا والأرمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٩.

[٥٦] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص٢٢.

[٥٧] هەمان سەرچاوە ل٢٣.

[٥٨] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص١٣.

ئەم میللەتە گیرا. دوای ئەوەی مەکدۆنییەکان زنجیرەی ئەخمینییان کۆتایی پێهێنا، یەروانددییەکان سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. بنەماڵەی یەرواندی سیاسەتی دژە سلۆکینییان گرتە بەرو تارادەیەك سەربەخۆیی خۆیان پاراست[٥٩]. دواتر پلەی ساتراپی لە بنەماڵەی یەرواندی سەنرایەوە تا ساڵی ٣٣٦ ی پ.ز گوتومان ناوێکی ئەخمینی حوکمی ئەرمینیای دەکرد و دواتر بە ناوی دارای سێیەم بووە پاشای هەخامەنشییەکان. دوای روخانی دارای سێیەم جارێکی تر یەرواندەکان سەریان هەڵدایەوە و بانگەشەی سەربەخۆییان کرد.

## ● ئەرمەنستان لە سەردەمی هێلینیدا:

دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەکەدۆنی لە ٣٣١ی پ.ز لە جەنگی گاوگاملا (گۆگامل) دارای سێیەمی تێکشکاند، بەشی هەرە زۆری رۆژهەڵات کەوتە دەست مەکدۆنییەکان و ئەم قۆناغە سێ سەد ساڵی خایاند. ئەم سەردەمە لە مێژوودا بە سەردەمی هێلینی دەناسرێت. ئەم ناونانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شارستانی یۆنان و رۆژهەڵات ئاوێتەبوون و گەلێك پێشکەوتنی خستەوە. لەم کاتەدا بەشێك لە ئەرمینیا کە بە هایکی بچووك ناونراوە کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی ئەسکەندەرەوە، بەڵام ئەرمەنستانی ناوەڕاست یاخود هایکی گەورە نەکەوتە قەڵەمڕەویەوە و وەکو پاشایەتییەکی سەربەخۆ درێژەی بەحوکمی خۆیدا و یەرواندەکان حوکمیان دەکرد.

یەرواندەکان پاشماوەی پاشایانی سەدەی شەشەمی پ.ز، ئەرمەن بوون و نەریتە دێرینەکانی حوکمی ئەرمەنییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. جگە لەوەش خزمایەتیان لەگەڵ پاشایانی ئەخمینیدا هەبوو و تەنانەت یەکێکیان زاوایان بوو. هەموو ئەم هۆکارانە پێگەی حوکمداری ئەرمەنییان لەناو حوکمەکانی هێلینیدا بەهێزدەکرد. دوای مەرگی ئەسکەندەر جێگرەوەکانی حوکمیان بەدەستەوە گرت. لە ئاسیای نزیکدا سلۆکۆس فەرمانی بەدەستەوە گرت و بۆیە بەمانەیان دەگوت سلۆکینەکان. ئەم فەرمانڕەواییە

[٥٩] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص١٣.

هەرِەشە بوو بۆ فەرمانرِەواییە محەلییەکانی ئاسیای وەکو هایکی گەورە، ئاتراپاتکان (ئازەربایجان)، ئیبریا (گورجستان) کاپادۆکیە، پۆنتۆس، پەرگام و هایکی بچووك[٦٠].

لە سەردەمی سلۆکییەکاندا ئەرمینیا وەکو سەردەمی ئەسکەندەر بووەوە بە دوو بەش: بەشی هایکی گەورە نیمچە سەربەخۆ بوو، ئارتاشیس حوکمی دەکرد و بەشی هایکی بچووکیش لەژێر فەرمانی سلۆکییەکاندا بوو[٦١] و زارا بەرِێوەی دەبرد. لە نێوەی دووەمی سەدەی سێیەمی پ.ز ئاتراپاتکان و ئیبریا لەوپەرِی دەسەلاّتی خۆیاندا بوون. دەولّەتی هایکی گەورە لە نێوان ئەم دوو دەولّەتەو ئیمپراتۆریای سلۆکیدا مابۆوە و ساڵ بەساڵ لاواز دەبوو لە باکوورەوە هەتاوەکو چەمی ئاراس (ئاراکس) حوکمەکەی بەرەو کزی دەچوو. دەست رِۆیشتنی ئاتراپاتکان هایکی گەورەی نیگەران دەکرد و لەولاش سلۆکینی توورِە دەکرد. چونکە ساتراپەکانی سلۆکین پەنایان دەبرد بۆ ئاتراپاتکان[٦٢].

ئەنتیۆکۆسی سێیەم کە بە ئەنتیۆکۆسی گەورە (١٨٧-٢٢٣ پ.ز) ناسراوە دوای سەرکوتکردنی ساتراپەکان پەلاماری ئاتراپاتکانی دا و شای ئەوێ واتە "ئارتا بازان"ی تێکشکاند. پاشان پەلاماری رِۆژهەلاّتی داو تا ئاسیای ناوەرِاست و هیندستان رِۆیشت. دوای سەرکەوتنەکانی رِۆژهەلاّتی، بایدایەوە بۆ رِۆژئاوا و هەولّی دا حوکمدارییەکانی ئاسیای بچووك برِووخێنێ و لەوێوە پێ بنێتە ئەورووپا. بۆ دابینکردنی پشت بەرە ئەرمینیای داگیرکرد. هایکی گەورەی داگیرکرد و دوایەمین شای ئەوێ واتە یەرواندی دوایەمی کوشت و سەرانسەر ئەرمینیای (هایکی گەورە و هایکی بچووك) ی داگیر کرد. ئەوجا هەندێك ساتراپی دامەزراند. لەوێوە پەلاماری رِۆمی دا، بەلاّم حسابی لەسەر رِۆم هەلّە بوو، چونکە رِۆم لە سالّی ١٩٠ پ.ز دا دژە هێرشی دەستپێکرد و لەمەدا ئەنیتۆکۆسی سێیەم شکستی هێنا. تێکشکانی سلۆکییەکان لە لایەن رِۆمەوە بووە هۆی ئەوەی سەرزەمینە داگیرکراوەکان جارێکی تر سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێننەوە. هەردوو ئەرمینیای گەورە و بچووك سەربەخۆ بوونەوە.[٦٣] یەرواندییان

(٦٠) نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص٢٧.

(٦١) یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٩.

(٦٢) نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص٢٦.

(٦٣) هەمان سەرچاوە ل٢٧.

سیاسەتی دژە سلۆكییان گرتبووە بەرو هەر بەهۆی ئەمەشەوە توانییان سەربەخۆیی ولاتەكەیان جارێكیتر دەستەبەر بكەنەوە[٦٤].

- **ئارتاشیسی یەكەم و حوكمداری یەكگرتوی ئەرمەن:**

لە ساڵی ١٨٩ پ.ز دا ئارتاشیسی یەكەم بووە پاشای ئەرمەنستان. ئارتاشیس خۆی بە نەوەی یەرواندییان دەزانی[٦٥]. بەر لەم رووداوە هایكی بچووك لەژێر قەڵەمڕەوی رۆمەكاندا بوو، كەسێك بە ناوی زارا حوكمی دەكرد. دواتر لە سەردەمی ئارتاشیسدا ئەرمینیای گەورە یەكیگرت و هەردوو هایكەكە بوونەیەك[٦٦]. لە ساڵی ١٨٩پ.ز هەردوو دەسەڵاتەكە سەربەخۆییان بەدەستهێنا. بنەماڵەی ئارتاشیسیان دەسەڵاتێكی درێژخایەنیان هەبوو، ئارتاشیسی یەكەم كە بووبووە یەكەم پاشای ئەرمینیای گەورە، زنجیرە پاشایەتییەكی نوێی لەم وڵاتەدا بنیاتنا[٦٧]. یازدە پاشای سەر بەم بنەماڵەیە حوكمیان كرد كە بەناوبانگترینیان ئارتاشیسی یەكەم (١٨٩-١٤٥ پ.ز) تیگرانی دووەم (٥٦پ.ز) و ئارتەوازد سێیەمن (٣٤-٥٦پ.ز). بە مەرگی تیگرانی دووەم ئەرمینیا رووی لە زەواڵ كرد و دوای دوو سەدە دەسەڵات، ئەم پاشایەتییە بەرەو داروخان رۆیشت[٦٨].

لە سەردەمی ئارتاشیسی یەكەمدا قەڵەمڕەوی ئەرمینیا تا نزیكی دەریای قەزوین رۆیشت. ئەو دوای ئەوەی دژی كوڕی ئەنتیۆكۆس واتە سلۆكۆس دەستی بەشەڕكرد، توانی دەسەڵاتی خۆی پەرە پێبدات. هاوكات دەستی بە ریفۆرمی ناوخۆیی كردو چەندین شاری بنیاتنا كە شاری ئارتاشات یەكێكە لەو شارانەی كە كردی بە پایتەختی قەڵەمڕەوەكەی. ئەم شارە لە مێژووی دێریندا رۆڵێكی گرنگی هەبووە لە پێشخستنی كولتووری، ئابووری و سیاسی هەرێمەكەدا [٦٩]. هەروەها بۆ یەكەم جار چاكسازی

---

[٦٤] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص١٣.

[٦٥] هەمان سەرچاوە ل١٣.

[٦٦] یوسف ابراهیم الجهماني، تركیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٩.

[٦٧] رۆژە، مامەند، توركیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی توركیا، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦، ل١١٧.

[٦٨] هەمان سەرچاوە ل١١٧.

[٦٩] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٢٩.

زەویی ئەنجامدا. لە نەخشە ئارامییەکاندا باسی "بەردی سنوور" دەکرێ، ئەمەش نیشانە سەرەتاییەکانی گواستنەوەی ئەو جڤاکەن لە کۆیلەدارییەوە بەرەو فیوداڵیزم[٧٠].

دوای ئارتاشیسی یەکەم دوو کوڕی یەك لە دوای یەك بوونە پاشای ئەرمینیا. ئارتاوازدی یەکەم (١١٥-١٦٠پ.ز) و تیگرانی یەکەم (٩٥-١١٥پ.ز). لەم سەردەمەدا ئاسیای پێشەوە گۆڕانی بەسەردا هات. حوکمداری تازە دامەزراوی پارتی (ئەشکانی) لە دژی سلۆکینەکان راپەڕی و تێکیشکاند.

مەهردادی دووەم (٨٧-١٢٣پ.ز) سنوورەکانی حوکمی گەیاندە قەراخەکانی چەمی فرات. ئەوکات پەلاماری ئارتاوازدی یەکەمی دا و شکاندی. لەم جەنگەدا برازای ئارتاوازد کە ناوی تیگران بوو بە بارمتە گیرا. لە ساڵی ٩٥ پ.ز ئەم تیگرانەیان وەکو شای ئەرمینیا رەوانەی وڵاتەکەی کردەوە و تاجی شاهییان پێبەخشی. تیگرانی دووەم بەرەبەرە قەڵەمڕەوی خۆی پەرەپێداو بووە یەکێك لە بەهێزترین فەرمانڕەواییەکان[٧١].

تیگرانی دووەم کچی خۆی دابووە مەهردادی دووەم، بە مەرگی مەهردادی پاشای ئەرمەن پەلاماری مادو ئاترۆپاتکانی دا و هەتا ئەکباتانی لە ئەشکانییەکان وەرگرتەوە. لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆر لەو سەرزەمینانەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ کوردستان کەوتە دەست ئەرمەنییان[٧٢]. ئیدی لەمەو بەدوا تیگران نازناوی "شای شایان"ی بەخۆی بەخشی. لە ساڵی ٨٣ پ.ز دا پەلاماری دوایەمین پاشماوەکانی سلۆکینی داو لە شاری ئەنیتۆك (ئەنطاکیە) ئەو فەرمانڕەواییەشی داگیرکرد[٧٣].

بەم جۆرە ئەرمینیا بووە دراوسێی دیوار بەدیواری رۆم. تیگران ئیمپراتۆرییەکی گەورەی بنیاتنا کە بە ١٥ زمان قسەی تێدا دەکراو لە خەزەرەوە تا دەریای سپی دەگرتەوە و لە میزۆپۆتامیا تا کۆر و ئاراس دەرۆیشت. ئەم ئیمپراتۆرییە دوو پایتەختی هەبوو، یەکیان لە رۆژهەڵات واتە ئارتاشات بوو، ئەوی دیکەشیان لە رۆژئاوای شاری ئەنطاکیە بوو. لە ساڵی ٦٩پ.ز لۆکۆلۆسی رۆمی پەلاماری قەڵەمڕەوی تیگرانی گەورەی دا و لاوازی کرد. لە کاتی هاتنی پۆمەیۆسدا تیگرانی

---

[٧٠] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٢٩.

[٧١] هەمان سەرچاوە ل٣١.

[٧٢] هەمان سەرچاوە ل٣١.

[٧٣] هەمان سەرچاوە ل٣١.

٧٥ ساڵە توانای جەنگی نەماو تاجەکەی فرێدایە بەردەمی. بەم شێوەیە ئەرمینیای گەورە کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی رۆمییەکان.
دوای مەرگی تیگرانی گەورە (٥٥پ.ز) وڵات لە نێوان پارتەکان و رۆمییەکاندا دەستاودەستی پێ دەکرا. بە مەرگی ئارتاشیسی دووەم (٢٠-٣٠پ.ز) چیتر دەسەڵاتی حوکمداری ئەرمەن لە ئارادا نەماو بە یەکجاری بەرەو پاشکۆبوون رۆیشت. تیگرانی چوارەم لە ساڵی هەشتەمی پ.ز دا حوکمی گرتە دەست. دوای ململانێیەکی زۆر رۆمییەکان بێ تاجیان کرد. بەم جۆرە لە یەکەم ساڵی زاییندا حوکمداری ئەرمەن کۆتایی پێهات[٧٤].

- **ئەرمینیا لە نێوان ئەشکانی و رۆمدا :**

لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زاییندا ئەرمینیا لە قەڵەمڕەوی رۆمدا بوو. لە ساڵی ٥١پ.ز بەلاشی یەکەم دەبێتە پاشای ئەشکانی. ئەم شایە ئەرمینیا دەکاتە دووەم شانشینی بەهێزی خۆی و تیردادی برای دەکاتە شای ئەرمەنستان[٧٥]. تیرداد بناغەی حوکمداری ئەشکانییانی ئەرمینیای دانا[٧٦]. زنجیرەی پاشایانی ئەشکانی نزیکەی سێ سەد ساڵ لە ئەرمەنستان حوکمیان کرد[٧٧]. بنەماڵەی ئارشاکیان (ئارشاکۆنیان) لە ئاوێتە بوونی زنجیرەکانی ئەرمەن و ئەشکانی دروستبوون. ئەم بنەماڵەیە حوکمێکی دورودرێژیان هەبوو[٧٨].
لە کۆتایی ساڵانی ٦٤-٦٥ ز دا تیرداد دوای جەنگێکی سەخت ناچار بوو لە لای نیرۆن ئیمپراتۆری رۆم شەرعیەت بە تاجەکەی ببەخشێ. لەم سەردانەدا بە شکۆیەکی بێ وێنەوە پێشوازیی لێکراو لەوە بەدوا بڕیار درا شای ئەرمینیا لە رۆم تاجی پاشایەتی خۆی وەربگرێت. ئەشکانییەکان لە ئەرمینیا بەرەبەرە لە بۆتەی کولتووری ئەرمەندا توانەوەو بوون بە بەشێك لە پێکهاتەی کولتووری و مێژوویی ئەرمەنستان. لە ساڵی

---

[٧٤] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٣٥.
[٧٥] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص١٣.
[٧٦] هەمان سەرچاوە ل١٣.
[٧٧] هەمان سەرچاوە ل١٣.
[٧٨] رۆژە، مامەند، تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦، ل١١٧.

۱۸۰ز ەوە زنجیرەی ئەشکانی ئەرمینیا ریشەی داکوتاو پشتاوپشت ئەم دەسەلاتەیان گەیاندە نەبیرەکانیان.

- **ئیمپراتۆری ساسانی – رۆمی و ئەرمەنستان :**

لە ساڵی ۲۲٦دا رووداوێکی گەورە هاتە ئاراوە کە کاریگەرییەکی قووڵی لێکەوتەوە. ئەردەشێری بابەکان لە دژی ئەشکانییان راپەری و دوای زنجیرەیەك جەنگ و پێکدادان لە ۲۲۸ دا پارتەکانی تێکشکاند و بناغەی ئیمپراتۆریای ساسانی دانا[(۷۹)]. لەم ماوەیەدا شازادەکانی پارت پەنایان بردە ئەرمەنستان و پاشاکانی ئارشاکیان بەرگرییان لێکردن. کوڕەکانی ئەردەوانی پێنجەم لە لای تیردادی دووەمی ئارشاکی پارێزران و خۆیان لەوێ کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە ئەردەشێری ساسانی بکەنەوە[(۸۰)]. پاشایەتی ئارشاکونی جگە لە ئەرمەن و پارتەکان کەڵکی لە پشتیوانیی گورجی و ئاقوانەکانی قەفقازیش وەرگرت. ئەم بارودۆخە وایکرد کە ئارشاکییەکان زیاتر وابەستەی رۆم بن. لە ساڵی ۲۳۰ دا ئارشاکییەکان بوونە بەشێك لە سوپای ئیمپراتۆر ئەسکەندەر سۆرۆسی رۆم و شان بەشانیان لە دژە هێرشەکەدا بەشداربوون[(۸۱)].

لە ساڵی ۲۵۲ دا شاپووری یەکەمی ساسانی پەلاماری ئەرمینیای داو بەشێکی زۆری لە خاکەکەی داگیرکرد. لەم کاتەدا تیرداد هەڵات بۆ رۆم و هورمزد ئەردەشێر کوڕی شاپوور بە لەقەبی "شای گەورەی ئەرمینیا" کرا بە شای ئەرمەنستان. لە سەردەمی ئائورلیانۆسی رۆمیدا خەسرەوی کوری تیرداد بە هاوکاریی ئەم ئیمپراتۆرە تەختی ئەرمینیای دەستکەوتەوە (۲۷۳-۲۷۱) و لە بەشی رۆژئاوای ولاتەکەیدا بۆ ماوەیەك حوکمی کرد. بەم جۆرە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئەرمەنستان دەستی پێکرد و ئەمەش قۆناغی بندەستی دوولایەنە بوو لە نێوان رۆم و ساسانییەکاندا.

(۷۹) رۆژە، مامەند، تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژمارە ۳، نیسانی ۲۰۰٦، ل۱۱۸.

(۸۰) هەمان سەرچاوە ل۱۱۸.

(۸۱) نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ۱۳۷٦، ص۳۷.

له ساڵی ٣٥٧ دا به گوێرەی ئەو پەیمانەی له نێوان ساسانی و ئیمپراتۆری بیزەنتینیدا هاته ئاراوه، ئەرمینیا کرایه دوو لەت و به شێوەی دوو دەوڵەتی وابەسته بەڕێوەبرا[٨٢].

- **ئەرمینیا و ئاینی مەسیحی:**

له ساڵی ٣٠١ دا ئاینی مەسیح بووە ئاینی رەسمی ئەرمینیا. تیردادی سێیەم بۆ خۆی ئەم دینەی پەسەند کرد و له قەڵەمڕەوەکەی خۆیدا بانگەشەی بۆ کرد. گریگۆر لۆسارۆڤیچ ئەم ئایینەی پەرەپێداو دوای ماوەیەك بۆ خۆشی بووە گەورە کاسۆلیکۆسی ئەرمینیا. ئەم رووداوە رەوتی مێژووی میللەتی ئەرمەنی گۆڕی و وەرچەرخانێکی مەزنی تێدا هێنایه ئاراوه[٨٣]. بەڵگە مێژووییەکان سەلماندوویانه که ئەرمەنستان یەکەم وڵاته که ئاینی مەسیحی تێدا کراوەته ئاینی رەسمی وڵات. لەبەرئەوەی گریگۆر لۆسارۆڤیچ پەرەی بەم دینه داوه، به مەسیحییەکانی ئەرمینیا دەڵێن "گریگۆری"[٨٤].
له سەردەمی وەرامشابووه (٣٩٢-٤١٤) پیاوانی ئاینی هەوڵیاندا، کاریگەریی زمانی ئاشووری و یۆنانی بسڕنەوه، بۆیه مەسروب ماشتوس له ساڵی ٤٠٤ دا هەوڵیدا فەرموودەکانی یەسوع به زمانی خەڵکی ئەرمینیا بانگەشه بکات. ئەو ئەلفبێیەکی تایبەتی ئەرمەن داهێنا و رەسمیەتی پێ بەخشی[٨٥]. ئەمانه ئینجیلیان وەرگێڕایه سەر زمانی ئەرمەن و له ئەنجامدا ئەم ئەلفبێیه یەکێتیی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەرمینیای دەستەبەر کرد. ئەم داهێنانه گیانی بەرخۆدانی ئەرمەنییانی بەهێزکرد و له مەسیحەکانی رۆم و ئاشووری جیاکردنەوه. هەروەها له بەرامبەر بانگەشەی ئاینی زەردەشتی ساسانیشدا بەربەستێکی دروستکرد که له ساڵەکانی دواتردا خۆڕاگریی بەناوبانگی مێژووی ئەرمەنی لێکەوتەوه[٨٦].

---

[٨٢] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٩.
[٨٣] رۆژه، مامەند، تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژمارە ٣ نیسانی ٢٠٠٦، ل١١٧.
[٨٤] هەمان سەرچاوە ل١١٨.
[٨٥] هەمان سەرچاوە ل١١٧.
[٨٦] رۆژه، مامەند، تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژمارە ٣ نیسانی ٢٠٠٦، ل١١٧

- **تێکشکانی دەوڵەتی ئارشاکونی:**

ساڵی ٤٢٧ ساسانییان ئەرمەنستانیان داگیرکرد[٨٧]. هەر لەم ساڵەدا زنجیرەی ئەشکانی ئەرمینیاش کۆتایی پێهات[٨٨]. نەجیبزادەکان و میرەکان کەوتنە ژێر فەرمانی دەوڵەتی ساسانییەوە. یەزدگرد لە ساڵی ٤٤٧ دا دەستی بەسەرژمێریی دانیشتوانی ئەرمینیا کرد و پاشان باجێکی قورسی خستە سەر خەڵك. دوای ئەوەی خەڵکی بانگهێشت کرد هەتاوەکو ئاینی زەردەشت پەسەند بکەن، ئەوجا سوپاسالارانی ئەرمەن پەیمانیان دا کە مل بە خواستەکانی یەزدگرد نەدەن. ئەمە بووە هۆی لەشکرکێشی ساسانییان بۆ سەر ئەرمەنستان. نیوەڕۆی ٢٤ی مایسی ساڵی ٤٥١ لە دەشتی ئارداز (دەشتی ماکۆ) لە نێوان سوپای ئەرمەن و ساسانیدا جەنگێکی قورس دەستی پێکرد. "وارتان ماميگۆنيان" سوپاسالاری ئەرمەن بوو. لەم جەنگەدا وارتان مامیگۆنیان و ژمارەیەکی زۆر لە سوپای ئەرمەن کوژران، بەلاّم ئەم مقاوەمەیە حیماسەتێکی خستەوە کە تا ئێستاش لە مێژووی گەلی ئەرمەندا دەدرەوشێتەوە[٨٩].

دوای ئەوەی لە شەڕی ئارماویردا ئەرمەنییان شکستیان هێنا، کۆتایی بەحوکمداری ئارشاکۆنی هات و ولاّت لە لایەن ساسانییانەوە بە یەکجاری داگیرکرا. لە ساڵی ٤٦٠ دا پیرۆزی ساسانی ویستی باجەکان بسەپێنێتەوە و جارێکی دیکەش بانگهێشت بکات بۆ ئاینی زەردەشت. ئەم جارەیان ئەرمەنییان بەرپەرچی خواستی شایان دایەوە. واهایان مامیگۆنیان و هەندێك لە ناخارارەکان و قەشەکان رابەریی ئەم راپەڕینەیان کرد. لە ساڵی ٤٨٣ دا جارێکی دیکەش شا بڕیاری شەری دا. ئەم جارەشیان ئەرمەنییان بەرخۆدانی بێ وێنەیان نواند و توانییان ئیرادەی خۆیان بپارێزن[٩٠]. سەرەنجام لە سەردەمی بەلاشی ساسانیدا کۆتایی بەسیاسەتی باج سەندن و ئاین گۆڕینی ئەرمەنییان هات و لە ساڵی ٤٨٤ دا بەلاش لە دەوروبەری شاری خۆیدا لەگەڵ ئەرمەنییان پەیمانی ئاشتی بەست و مافە میراتییەکانی ناخارارو قەشەو سوپاسالارەکانی بۆ گێڕانەوە.

---

[٨٧] رۆژە، مامەند، تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژمارە ٣ نیسانی ٢٠٠٦، ل ١١٧.

[٨٨] هويان، اندرانيك، ايرانيان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص١٣.

[٨٩] سەرچاوەی پێشوو ل١٣.

[٩٠] هويان، اندرانيك، ايرانيان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص ١٣.

ئەرمەنستان لە سەردەمی ساسانییاندا جاری یەکەم لە ساڵی ٣٨٧ دا بووە دوو کەرت و لە نێوان ساسانی و رۆمی بیزەنتیدا دابەشکرا. جاری دووەمیش لە ساڵی ٥٩١ سەرلەنوێ ئەرمینیا لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەکەدا دابەشکرایەوە[٩١]. لە کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمدا سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی ساسانی و بیزانس تێکچۆوە. ئەمە بووە هۆی راپەڕینی ناوخۆیی لە هەردوولا. ئەرمەنییان ئەم هەلەیان قۆستەوە و راپەڕین، بەلاّم لە ٥٠٩ دا پەیمانی نێوان رۆم و ساسانی بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە ئەرمەنستانی رۆژهەلاّت بکەوێتەوە دەست ساسانی. زوڵم و زۆری ساسانییان بووە هۆی راپەڕینەوەی ئەرمەنییان لە ٥٧١ دا. وارتان ماميگۆنیانی دووەم کە بە وارتانی بچووك یان وارتانی سوور ناسرابوو رابەرێتی ئەم بزاڤەی گرتە ئەستۆ. لە ئەنجامی ئەم راپەڕینەدا رۆم پشتیوانی ئەرمەنی کردو رۆژهەلاّتی ئەرمینیا رزگارکرا، بەلاّم چووە ژێر فەرمانی رۆمەوە. رووداني جەنگی ٢٠ ساڵەی نێوان رۆم و ساسانیو کۆتایی هاتنی لە ٥٩١ دا بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە ئەرمینیا دابەش بکرێتەوە[٩٢].

## • خەلیفەکانی عەرەب ئەرمینیا داگیردەکەن:

لە سەرەتاکانی سەدەی هەفتەمدا حوکمداری بەهێزی خەلیفەکانی عەرەب هاتە کایەوە. لە ساڵانی ٦٣٠-٦٤٠دا ئەمانە زەبری بەکاریان لە ئیپمراتۆری ساسانی وەشاند و سەرەنجام تێکوپێکیان دا[٩٣]. لە ساڵی ٦٤٥ دا عەرەبەکان لە دۆڵی ئاراسەوە چوونە ناو ئەرمینیا و دوای تێکوپێك شکاندنی خۆڕاگرییە هەرێمییەکان ئەرمەنستانیان داگیرکرد[٩٤]. لەم جەنگانەدا ئەمیرانی عەرەب و ئەرمەنەکان رێککەوتن دەسەلاّتی لۆکاڵی ئەرمەنییان بمێنێ و ئەرمەنیش بچنە ژێر چەتری ئیمپراتۆرییە ئیسلامییەکەوە. لەم سەردەمەدا دۆخی دوو پارچەیی ئەرمینیا درێژەی

---

[٩١] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٩.

[٩٢] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص٤٩.

[٩٣] هەمان سەرچاوە ل٥١.

[٩٤] رۆژە، مامەند، تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦، ل١١٨.

کێشا، بەشێکی لەژێر حوکمی دەوڵەتی عەرەبیدا مابۆوە و بەشە ڕۆژئاواییەکەشی ژێردەستەی ڕۆمییەکان بوو[٩٥].

عەرەبەکان لە سێ هەڵمەتدا پەلاماری ئەرمینیایان دا. یەکەم جار لە ساڵی ٦٤٠ لە باشوورەوە پەلاماری ئەرمینیایان دا. دوای ماوەیەك پایتەختی ئەرمینیایان داگیرکرد و بە تالانی و یەخسیرێکی زۆرەوە گەڕانەوە. دووەم جار لە ساڵی ٦٤٢ دا پەلاماری ئەرمینیایان دایەوە و ئەم جارەش بە کۆمەڵێك تالانی و یەخسیرەوە گەڕانەوە. ساڵی ٦٥٠ بۆ سێیەم جار ئەرمینیایان داگیرکردەوە و ئەم جارەیان ژێرخانەکانی ئەرمەنییان تێکدا. لە سەردەمی مەعاویە دوای پەیمانێك بڕیاردرا ئەرمەنستان سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆی بپارێزێت و بکەوێتە ژێر فەرمانی خەلیفەی ئیسلامییەوە[٩٦].

لە ساڵانی ٦٦١-٦٥٢دا ئەرمینیا چەندین جار بووەوە گۆڕەپانی تەراتێنی ئیمپراتۆری بیزەنتی و ئیسلامی. لە ساڵی ٦٩٨ دا محەمەدی مەروان ئەرمەنستانی کاولکرد و کوشتارێکی یەك جار زۆری نایەوە، ئەوجا ئەمیرێکی عەرەبی بە ناوی عەبدولسەلامی کردە سالاری ئەرمینیاو بەم جۆرە کۆتایی بە دەسەلاتی ناوخۆیی ناخاراره (حوکمدارە محەلییەکان) ئەرمەنەکان هێنا. لە ساڵی ٧٠٣ دا ئەرمەنەکان بە سەرکردایەتی سەمباتی باگراتۆنی لە دژی ئەمیرانی عەرەب ڕاپەڕین، بەلاّم سوپاسالاری عەرەب محەمەدی ئوکبان بەوپەڕی زەبروزەنگەوە ئەم سەرهەڵدانەی داپڵۆسی[٩٧]. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا ئەرمەنستان بە تەواوەتی لە لایەن عەرەبەکانەوە داگیرکراو ئەم داگیرکارییەش سەدەو نیوێکی خایاند. خەلیفە فەرمانی دا گورجستان و ئاقوانیش بخرێنە سەر ئەرمەنستان و دوای ئەمە میرنشینی "ئەرمەنیە"یان پێدەگوت. سوپاسالارانی عەرەب یاخود نەجیبزادە ئێرانییەکان حوکمداری ئەم میرنشینەیان دەکردو ئەرمینیایان بە ناوی خەلیفەوە بەڕێوە دەبرد[٩٨].

لە سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی نۆیەمدا ڕەوشی وەرزێران و پیشەوەرانی ئەرمەن زۆر خراپ بوو. لە سەردەمی خەلافەتی هارون ئەلرەشید بە زۆرەملێ باج لە خەڵك

---

[٩٥] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٩.

[٩٦] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص ٥٢.

[٩٧] هەمان سەرچاوە ل٥٣.

[٩٨] هەمان سەرچاوە ل ٥٣.

وەردەگیرا و تەنانەت باجیان لە مردووەکانیش وەردەگرت. لەم سەروبەندەدا لە کاتێکدا ڕەوشــی ئەرمەنــستانی ڕۆژهــەڵات ئــاوابوو، عــەرەب دەیــچەوساندەوە، لــەولاش ئەرمەنستانی ڕۆژئـاوا لـە لایـەن بیزنتیەکانـەوە بـەڕێوە دەبـراو بـارودۆخێکی خـراپتری هــەبوو. وەرزێرانــی ئەرمــەن لــەژێر بـاری قورسـی باجـەکانی ئیمپراتـۆری و سـتەمی فیۆداڵەکانـدا گرمۆڵـە بووبـوون. دێرەکـانی دینـیش بووبونـە بەشـێك لـەم سیـستەمە فیۆداڵیە و وەکو موڵکدارە گەورەکان ڕەفتاریان لەگەڵ ڕەشایی دەکرد[99].

لـە سـەردەمی حـوکمی عەرەبەکانـدا میللـەتی ئەرمــەن چـەندین جـار بەرهەڵـستی خەلیفەکانی کرد. لە ساڵانی ٧٥٠-٧٤٧ دا بـەهۆی جـەنگی نـاوخۆیی خەلیفەکانـەوە، هەلێك بۆ میللەتە ژێـر دەسـتەکان هەڵکـەوت و ڕاپـەڕین. ئەرمەنـەکانیش وەکـو ئـەو میللەتانــە ڕاپــەڕین. لــە ســاڵی ٧٤٨دا ڕاپــەڕیوەکان گریگــۆر مامیگۆنیــان کــردە سوپاسالاری خۆیان و شاری کارینیان کردە ناوەندی حوکمدارییەکەیان.

ئەم سەرهەڵدانە لە ماهییەتی دژی عەرەبی و دژی بێگانـەوە گـۆڕا بـۆ دژی موڵکـدارە ئەرمەنــەکان. لێــرەوە ناخارارەکــان و فیۆداڵــە ئەرمەنــەکان پــشتیان تێهــەڵکردو سەرهەڵدانەکە شکستی هێنا.[100] لە ساڵی ٧٤٧ دا خـەڵکی لـە دەشـتەکانی شـیراکدا باجگرەکـانی خەلیفـەیان کوشـت و ئەمــە بـووە هـۆی سـەرهەڵدانێکی دیکـە. خـەڵك سەربازانی سوارەو پیادەی عەرەبیان ڕاوناو گەلێکیان لێ کوشتن. بەڵام ئەم جـارەش لـە نێوان سوپاسالارەکاندا ناکۆکی هاتەئاراوە و چەند بـەرەکیی تێکـەوت، بۆیـە لـە سـاڵی ٧٧٥ دا سوپای سـی هـەزاری عـەرەب بـە سـەرکردەیی ئـەمر ناوێـك سـەرهەڵدانەکەی سەرکوتکردو ڕابەرەکانیشی لە سێدارەدا[101].

لە سەرەتای سەدەی نۆیەمـدا بزاڤـی بابـەکیان لـە پایتاکـاران، ئاقوانـك و ئاترۆپاتکـان (ئادربێجان) دەستی پێکرد و نزیکەی ٤٠ ساڵێکی خایاند. ئەم بزاڤە کـە نـاوەرۆکێکی وەرزێری هەبوو، تەکانی دا بـە پایـەکانی حـوکمی خەلیفـە، بـەڵام دواتـر سـەرکوتکرا. ئەرمەنستان زیاتر لە هەموو شوێنێك کەوتە ژێر کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینە. لە سەرەتای

---

[99] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٥٣.

[100] هەمان سەرچاوە ل٥٤.

[101] هەمان سەرچاوە ل ٥٤.

٨٤٩ دا خـەڵكی ئـەرمینیا لـە دژی سـوپاییەكانی عـەرەب سـەریانهەڵدا و ئـەم سەرهەڵدانە تا ساڵی ٨٥٥ درێژەی هەبوو. یەكێك لە گرنگترین راپەڕینەكانی ئەم سەردەمە راپەڕینی ساڵی (٨٥٢-٨٥٠) ی خەڵكی ساسۆن و حۆت بوو كە دواتر تەشەنەی كرد و سەرانسەری ئەرمینیای گرتەوە. سەرهەڵدانەكانی (٨٤٩-٨٥٥) كاریگەرییەكی زۆری هەبوو، سەرەنجام بووە هۆی ئەوەی كە دەسەڵاتی ناوخۆی ئەرمینیا بكەوێتە دەست ئەرمەنییان و تیرە ناخاررییەكان[١٠٢].

- **سەربەخۆیی سیاسیی ئەرمینیا:**

لەبەر لاوازبوونی دەزگای خەلافەت و دەستپێبوونی بزاڤە یاخیبوونەكانی دژی عەرەب، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمدا ئەرمەنستان سەربەخۆیی لە دەست چووی خۆی بەدەستهێنایەوە[١٠٣]. لە ساڵی ٨٧٥ دا ناخارەكانی ئەرمەن بڕیاریاندا تاوەكو داوا لە خەلیفەی موسڵمانان بكەن دان بە سەربەخۆیی ئەرمینیادا بنێ و ئاشوت باگراتۆنی وەكو پاشای ئەرمەنستان پەسەندبكات[١٠٤]. بەم جۆرە ئەرمەنەكان بە بانگهێشتی جاسلیقی ئەرمەن زاكاریا زاگستی، ئاشوت باگراتۆنیان كردە پاشای خۆیان[١٠٥].

سەرەنجام دوای ١٠ ساڵ دواكەوتن خەلیفە موعتەمید لە ساڵی ٨٨٥ دا تاجی پاشایی بۆ ئاشوت باگراتۆنی نارد.[١٠٦] ڤاسیلی یەكەم ئیمپراتۆری رۆمیش بەناردنی تاج و خەلاتێكی زۆر ئەم پاشایەتییەی پەسەند كرد. سەردەمی پاشایی ئاشوت باگرتۆنی (٨٨٦-٨٩٠) ساڵانێكی پڕ لە خێروبێر بوون بۆ سەروەریی نەتەوەیی و پەیوەندییە ئابوورییەكانی وڵات.[١٠٧]

هەردوو ئیمپراتۆری عەرەب و رۆم دەیانەویست كە حوكمداری ئەرمەن بە لای خۆیاندا رابكێشن. ئاشوت باگرتۆنی كەڵكی لەم هەلە وەرگرت. هەرچەند وڵات لە رووی

---

[١٠٢] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٥٥.

[١٠٣] هەمان سەرچاوە ل٥٥.

[١٠٤] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص ١٤.

[١٠٥] رۆژە، مامەند، توركیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی توركیا، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦، ل١١٨.

[١٠٦] هەمان سەرچاوە ل ١١٨.

[١٠٧] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٥٦.

ئاوەدانی و بنیاتنانی سوپاو دەسەڵاتەوە پێشکەوتنی بە خۆیەوە دەبینی، بەڵام هێشتا لاوازیی پێوە دیاربوو لەملاولەولا ناخارار و نەجیبزادەکانی ئەرمەن دەسەڵاتی محەلییان هەبوو. ئەمەش وایکردبوو کە دەسەڵاتێکی یەکگرتوو، یەکپارچەی بەهێزی ئەرمەن دروست نەبێت. لە سەردەمی حوکمی گاگیکی یەکەم کە لە بنەماڵەی باگراتۆنی بوو، وڵات زیاتر کەوتە بەر هەڕەشەی پارچەپارچە بوونی فیۆداڵی. گاگیکی یەکەم (٩٨٩-١٠٢٠) نەیدەتوانی یەکپارچەیی وڵات بپارێزێت. بۆیە ئیمپراتۆری رۆم بەرەبەرە ئەرمینیای داگیرکردەوە.

لەساڵی ١٠٤١ دا دوای مەرگی دوایەمین شای باگراتۆنی، بیزانس سوپایەکی ناردە سەر ئەرمینیا، بەڵام تێك شکا. گاگیکی دووەم کە تاجی بێ سەرماوی باگراتۆنی نابووە سەری، لە دژی رۆمیان جەنگێکی بەرگری دەسپێکرد. قەیسەری بیزانس بە مەبەستی گفتوگۆ کردن گاگیکی بانگکرد بۆ کۆنستانتینۆپۆلی پایتەختی رۆم و لەوێ گرتی و زیندانی کرد. ئینجا ئەرمەنستانی داگیرکردەوە و دوای دوو سەدە، سەربەخۆیی سیاسی ئەرمەنستان کۆتایی پێهات[١٠٨].

- **ئەرمینیا لە سەردەمی هێرشی تورکاندا:**

لە سەرەتای سەدەی یازدەیەمدا خێڵە تورکە کۆچەرەکانی ئاسیای ناوەڕاست (سەلجووقی) پەلاماری رۆژهەلاتیان دا. سەلجووقییان لە ساڵی ١٠٤٨ دا هێرشیان کردە سەر ئەرمینیا. جاری دووەم لە ساڵی ١٠٤٩ دا پەلاماری ئەرمەنستانیان دایەوە و ئاوایی و شارەکانی ئەرمینیایان کاولکرد و هەزاران کەسیان کوشت. سەلجووقییەکان لە ناحیەی باسن رۆمەکانیشیان تێکشکاند. رۆمەکان لە ترسی سەلجووقییەکان گوشارەکانیان لەسەر ئەرمەنستان کەم کردەوە. لە ساڵی ١٠٥٤ دا هەڵمەتی سێیەمی تورکان بە سەرکردەیی سوڵتان توغروڵ بەگ لە ئاتراپاتکانەوە بەرەو ئەرمینیا دەستی پێکرد. لەم هەڵمەتەدا ئەرمەنستانیان وێران کردو لەگەڵ تالانکردندا کوشتارگەیەکیشیان بۆ دانیشتوانی ساز کرد[١٠٩].

---

[١٠٨] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٥٦.

[١٠٩] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٦٥.

جێنشینی توغرول، سولتان ئالب ئەرسەلان لە ساڵی ١٠٦٤ دا بۆ چوارەم جار ئەرمەنستانی داگیرکردەوە. ئالب ئەرسەلان شانشینەکانی لوری و سیونیکی لەناوبرد و شاری ئانی کاولکرد (١٠٦٥). ئالب ئەرسەلان لە ١٠٧١ دا هەڵمەتێکی تازەی دەسپێکرد. شەڕی ١٠٧١ سەلجووقییان لە مەلازگرد سەرکەوتنی بەدواوە بوو. شکستێکی قورسی دایە سوپای رۆم. لەم شەڕەدا بەشی هەرە زۆری ئەرمەنستان لە لایەن تورکانەوە داگیرکرا[110]. پەیمانی نێوان سەلجووقی و رۆم بەشێکی سەرەکی لە ئەرمینیای خستە دەست تورکان. ئابووری تورکان ئاژەڵداری بوو، ئەمەش زیانێکی زۆری بە ئەرمەنستان گەیاندو باخداری و کشتوکاڵ تەفروتونابوو. کوێستان و زەوییە بە پیتەکانی وڵات کرانە لەوەڕگەی کۆچەرەکان و شارەکان رووەو لەناوچوون بران و ژیانی بازرگانی و پیشەوەریی شار زیانێکی قەرەبوونەکراوی بەرکەوت.

لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلجووقییەکاندا حوکمداری گورجستان گەلێك بەهێز بووبوو. تامار شاژنی گورجی (١١٨٤-١٢١٣) پشتیوانی ئەرمەنەکانی کرد و سوپایەکی لێ دروستکردن. دوو سالاری ئەرمەن بەناو زاکارە و ئیوانەزاکاریان کە لە گورجستان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو، توانییان کەڵك لە پێگەی گورجستان وەربگرن بۆ رزگاریی ئەرمینیا. لە کۆتایی سەدەی دوازدەیەم و سەرەتای سەدەی سێزدەیەمدا بەشێکی زۆری ئەرمینیای رۆژهەڵاتیان لە سەلجووقییەکان رزگارکرد وەکو گەنجە، ئانی، دوین، ئامبێرت، بەجنی، دەشتی ئارارات، شیراك، قارس، سیونیك، باگرواند، مەلازگرت، ئەرجێش و خەلات. بەم جۆرە ئەرمینیای رۆژهەڵات نزیکەی نیو سەدە سەربەخۆیی وەرگرتەوە، بەلام لەژێر فەرمان و پشتگیری گورجستاندا بوو[111].

- **مەغۆلەکان ئەرمینیا داگیر دەکەن:**

مەغۆلەکان و تاتارەکان لە ساڵی ١٢٣٦ دا هێرشیان هێنایە سەر ئەرمینیا[112]. ئەمانە لە ساڵی ١٢٣٦ دا دوای چەندین وردە هێرش سەرەنجام بە سوپایەکی ٣٠ هەزار

---

(١١٠) یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٩-١٠.

(١١١) نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٦٧.

(١١٢) رۆژە، مامەند، تورکیا و دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦، ل١١٨.

نەفەری چارماقان، قەفقاز و ئـەرمینیایان گـرت. دوو قـۆڵی سـەرەکی سـوپای مـەغۆل بەسەرکردەیی چارماقان و جوغتای خان پەلاماری شاری ئانیـان دا. دانیـشتووانی شـار خۆڕاگرییان نواند، بەلاّم قەلاّکە شکاو تاتارەکان خەڵکەکەیان کوشتوبڕ کرد. لە ١٢٣٦ دا ئەرمینیای ڕۆژهەلاّت بە تەواوەتی لە دەست مەغۆلەکاندا بوو. لە ١٢٤٢ و ١٢٤٥ دا ئەیالەتەکانی باشوورو ڕۆژئاواش کەوتنە دەست تاتارەکان. لە سەردەمی مەغۆلەکان واتە سەدەی سێزدەو چواردەدا هەندێك لە حوکمدارییە محەلییەکانی ئەرمەن درێژەیان بە حوکمی خۆیان داو تا کۆتایی سەدەی پانزەیەم ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی کۆمەلاّیەتیی ولاّتدا گێڕا. حوکمدارییەکانی ساسۆن، سیۆنیك و وان لەمانە بوون. پـەلاماری مـەغۆل وێرانی و داروخانی ئابووری و ڕۆشنبیریی بەدواوە بوو.

- **حوکمداریی ئەرمەنی کیلیکە:**

لە کۆتایی سەدەی پانزەیەمدا، ئەودەمەی ئەرمەنستان سەربەخۆیی لە دەستدابوو، لـە کەنارەکانی ڕۆژهەلاّتی دەریای سپی لە کیلیکیە حوکمداری نوێی ئەرمەن دامـەزرا کـە نزیکەی سێ سەد ساڵی خایاند، واتە لە ١٠٨٠ وە هـەتاوەکو ١٣٧٥ درێـژەی هـەبوو. ئـــەم حوکمدارییـــە لـــە سەرچـــاوە مێژووییـــەکانی ئەرمەنـــدا بـــەحوکمی ســـیس- وان ناسراوە[١١٣].

لە سەردەمی تیگرانـی دووەمـدا (٥٥-٩٥پ.ز) ژمارەیـەکی زۆر لـە ئەرمـەنییان لـەم هەرێمە نیشتەجێ بوون. یۆنانی و ئاشووری و جوولەکەش کۆچیان بـۆ کـرد. پاشـتر لـە سەدەی هەشتەم و دوازدەیەمدا عەرەب و دواتر تورکانی سەلجووقی تێیـدا جێگیربـوون. لە سـەرەتای سـەدەی دوانزدەهەمـدا ئەرمەنـەکانی ئاسـیای بـچووك و میزۆپۆتامیـاش پەنایان هێنایە کیلیکیە. دواتر ئەرمەنییانی هایکی گـەورەش لەبـەر سـتەمی مـەغۆل کۆچیانکردە کیلیکیە.

لە سەدەی یازدەیەمدا یەکێك لـە نـەوەکانی بنەماڵـەی بـاگراتۆنی بـە نـاوی ڕۆبـەن لـە کوێستانەکانی کیلیکیە حوکمێکی بنیاتنـا. ئـەم حوکمدارییـە لـە ١٠٨٠ دا بنیـاتنراو بووە هەوێنی سەرەکیی پێکهێنانی حوکمداری کیلیکیە. بنەماڵەی ڕۆبەنییان کـەڵکیان

[١١٣] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٦٩.

له جەنگەکانی خاچپەرستان وەرگرت و حوکمی خۆیان پەرەپێدا. ئەم حوکمدارییە لە لایەن بیزانس، سولتان نشینی سەلجووقی ئیگۆنیا و حکومەتی لاتینی ئانتیۆك (ئەنتاکیە)وە گەمارۆ درابوو. لە سەردەمی لیۆنی دووەمدا (١٢١٩-١١٩٨) ئەم حکومەتە لە لایەن خاچپەرستانەوە بە رەسمی دانی پێدانراو بە فەرمانڕەوایی کیلیکیە ناسرا. کیلیکیە بووە ناوەندی سیاسی و کۆمەلآیەتیی و فەرهەنگیی ئەرمەنییان[١١٤].

لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەیەمدا مەمالیکە تورکەکانی میسر بەهێزبووبوون و هەڕەشەیان لە حوکمداری ئەرمەن دەکرد. مەمالیك سوریایان داگیرکردبوو، بووبوونە هاوسنووری کیلیکیە. لە لای باکووری رۆژهەلآتیشەوە سولتان نشینی ئیگۆنیای سەلجووقی مرخی لێ خۆشکردبوو. لە سالّی ١٢٦٦ مەمالیکەکان پەلاماریان داو پاشان گەڕانەوە. جەنگی ناوخۆیی حوکمداری کیلیکیەی لاواز کردبوو. پاپای کاسۆلیکیش هەولّی دەدا کلّێسەی ئوسقۆفی ئەرمەن وابەستەی خۆی بکات. ئەمە ناکۆکی نێوان میسرو کیلیکیەی زیاد کرد. لە سالّی ١٣٢١دا سۆپاییەکانی میسرو ئیگۆنیا لە دوولاوە کیلیکیەیان داگیر کرد و خەلّکی شارودێیان کوشتار کرد. لیۆنی پێنجەم (١٣٤١-١٣٢٠) ناچار بوو مل بداتە پەیمان و لە بەشێك لەولاتەکەی خۆشبێ و باج بدات.

لە ١٣٤١ وە مەملوکەکان هێرشیان کردە سەر کیلیکیە. لە ١٣٥١ دا دەشتەکانی کیلیکیەیان داگیرکرد. سەرەنجام لە سالّی ١٣٧٥ دا مەمالیك سیسی پایتەختیان داگیرکرد و بەم جۆرە کۆتایی بە حوکمداری ئەرمەنی کیلیکیە هات. هەرچەند لە کوێستانەکاندا بەرخۆدانی پەڕاگەندە درێژەی هەبوو، بەلآم نەیتوانی سەربەخۆیی دەستەبەر بکات[١١٥].

- **تەیمووری لەنگ و خێلّە تورکمانەکان لە ئەرمینیا :**

لە کۆتایی سەدەی چواردەیەمدا ئەرمەنستان دیسان پەلامار درایەوە. سوپاییەکانی تەیموور لە سالّی ١٣٨٦ دا ئەرمینیایان گەمارۆدا. دوای چەند سالّێك سەرەنجام لە

[١١٤] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٧١.

[١١٥] هەمان سەرچاوە ل ٧٣.

ساڵی ١٣٩٠ دا سەرانسەری ئەرمینیایان داگیرکرد. شارەکانیان کاول و کێڵگەکانیان وێران کرد و خەڵکی شار و دێیان کۆمەڵکوژ کرد. دوای مەرگی تەیموور (١٤٠٥) تورکمانەکانی ئاق قۆینلو و قەرەقۆینلو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست سەریان هەڵدایەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەمدا خێڵەکانی قەرەقوینلۆ ئەرمەنستانیان بەڕێوەبرد و لە نیوەی دووەمیشدا ئاق قۆینلوەکان حوکمی ئەم ولاتەیان دەکرد[١١٦].

- **ئەرمینیا لە نێوان عوسمانی و سەفەویەکاندا:**

لە سەرەتای سەدەی شانزدەیەمدا تورکانی عوسمانی و سەفەوی لە دولاوە کەوتنە ئەرمینیا. ئیمپراتۆری فیودالی جەنگی عوسمانی کە لە رۆژئاوای ئاسیای بچووك و لە کۆتایی سەدەی سێزدەیەم (١٢٩٩) لە لایەن عوسمان بەگی ئەرتوغرولەوە (١٢٥٨-١٣٢٦) بنیاتنرا، لە سەدەی چواردەیەمدا گەلێك ولاتی ئاسیای بچووکی داگیرکرد. لە ساڵی ١٤٥٣ سولتان محەمەد فاتح پایتەختی ئیمپراتۆری بیزانس واتە کۆنستانتینۆپۆلیس (ئەستەمبۆل)ی داگیرکردو دوای چەند ساڵێك بۆ هەتایە ئەم ئیمپراتۆرییەی هەڵپێچایەوە[١١٧].

ساڵی ١٥٠٢ دەوڵەتی قزڵباش لە لایەن سمایلی سەفەویەوە دامەزرا. لە ١٥١٤ دا لە دەشتی چاڵدران جەنگی یەکەم لە نێوان عوسمانی و سەفەویدا روویدا. بە واتایەك دەتوانین بڵێین یەکێك لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەوی ئەرمینیا بوو. سەرەنجام لە ساڵی ١٥٥٥ دا یەکەم پەیمانی رەسمی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هاتەکایەوە و بە پێی ئەم پەیمانە ئەرمەنستانی رۆژهەڵات درا بە ئێران و ئەرمەنستانی رۆژئاواش لە لایەن عوسمانییەوە حوکمکرا. لە ساڵی ١٥٧٨ دا سوپای عوسمانی رۆژئاوای ئێران و قەفقازی داگیرکرد[١١٨]. شاعەباس لە ١٦٠٣ رۆژئاوای ئێران و قەفقازی گرتەوە. ساڵی پاشتر سوپای عوسمانی بۆ جاری دووەم هێرشی کردەوە سەر قەفقاز و رۆژئاوای ئێران. شاعەباس فەرمانی دا ئەو شارو گوندە ئەرمەنییانەی لەسەر

---

[١١٦] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٧٣.

[١١٧] رۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژ٣٠، نیسان ٢٠٠٦، ل١١٩.

[١١٨] هویان، اندرانیك، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١، ص١٤.

ڕێگەن چۆڵ بکرێن و بگوێزرێنەوە بۆ دەشتەکانی ناوەڕاستی ئێران. کاولکاری و کوشتار ئەرمینیای گرتەوە.

لە ئەنجامی ئەم جەنگانەدا هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەوی بۆ دووەم جار ڕێککەوتن و لە پەیمانی **١٦٣٩** دا دیسان و بۆ دووەم جار ئەرمەنستان لە نێوان هەردوولادا دابەشکرایەوە. لەو ماوەیەدا ئەرمینیای دابەشکراو لە نێوان دوو زلهێزی هەرێمەکەوە چەندین جار دەستاودەستی پێکرا[١١٩]. ئەم حاڵەتە هەتاوەکو سەدەی نۆزدەیەم درێژەی هەبوو. ئەرمەنستانی ڕۆژئاوا کە ژێردەستەی عوسمانی بوو، دابەشکرابووە چەند ئەیالەتێك: ئەرزرۆم، قارس، سباستیا، وان و دیاربەکرو راستەوخۆ لە لایەن پاشاکانەوە بەڕێوە دەبرا[١٢٠]. لە ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵاتیش کۆمەڵێك خاننشین دامەزرابوون کە خانەکان بەڕێوەیان دەبرد. گرنگترین خاننشین یەریڤان بوو کە ناوەندی ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات بوو. ئەرمینیای ڕۆژهەڵات بریتیبوو لە **١٥** ناحیە کە یەریڤان، ئوچمیادزین، سەردار ئابادو ئاشتاراك گرنگترینیان بوون. پاشاکان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دادەنران و خانەکانیش لە لایەن شای ئێرانەوە دیاریدەکران.

## • ئەرمەنستان و پەیدابوونی گەمەکەرێکی نوێ:

هەتا سەدەی هەژدەیەم تەنها دوو گەمەکەر لە ناوچەکەدا هەبوون. هەرچەند گەمەکەرە ئەوروپاییەکان دەستیان لە ناوچەکە وەردەدا، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی نەبووبوونە فاکتەری ستراتیژی لە هەرێمەکەدا. لە سەدەی هەژدەیەمەوە جگە لە عوسمانی و ئێران گەمەکەرێکی نوێ لە ناوچەکەدا پەیدابوو: ڕووسیای قەیسەری لە سەردەمی پیتەری گەورە (**١٧٢٢**) دوای ئەوەی لە جەنگەکانی باکووری ئەوروپا سەرکەوت، ڕووی لە قەفقاز کرد. لەو دەمەدا دەوڵەتی سەفەوی تووشی گرفتی ناوخۆیی بووبۆوە. ئەفغانەکان بە سەرکردەیی مەحمود ئەفغان ئێرانیان داگیرکرد (**١٧٢٢**) و کۆتاییان بە دەوڵەتی سەفەوی هێنا. لە ساڵی **١٧٢٢** سوپای ڕووسیای قەیسەری قەفقازی داگیرکرد

[١١٩] يوسف ابراهيم الجهماني، تركيا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص١٠.

[١٢٠] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٧٦.

و له ئاستاراخان جێگیربوون و لەوێوە پەلاماری دەربەند و باکۆو ڕەشتیان داو داگیریان کردن[١٢١].

له ساڵی ١٨٠٤ دا جەنگی گەورەی ڕووسیاو دەوڵەتی قاجار هاتە کایەوە. ئەم جەنگانە بە شێوەی پچڕ-پچڕ تا ساڵی ١٨١٣ یان خایاند. لە جەنگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨١٢ لە دەشتی ئەسلاَن دوزدا سوپای ڕووسیا بە شێوەیەکی بێوێنە سوپای قاجاری تێکشکاند. دوو مانگ دواتر سوپاییەکانی ڕووسیا لەنکەرانی تالْشیان گرت. سوپای ڕووسیا لەم کاتەدا سوپای ناپلیۆنیشی تێکشکاند. بۆیە قاجار داوای ئاگربەست و ڕێککەوتنی کرد[١٢٢]. لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٨١٣ لە گوندی گولْستانی سەر بەقەرەباغ، پەیمانی ئاشتی ئیمزا کرا کە بە گوێرەی ئەم پەیمانە گورجستانی ڕۆژهەڵات، گەنجە، قەرەباغ، شەکی، شیروان، باکۆ، قەبا، تالْش و بەشێك لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستان شیراك، لوری، قازاخ، شامشادین و زەنگەزۆر کەوتنە دەست ڕووسیا[١٢٣].

دوای ١٣ ساڵ جارێکی تر قاجارەکان شەڕێکی نوێیان دەسپێکرد (١٨٢٦). عەباس میرزای قاجار توانی ناوچە داگیرکراوەکان بخاتەوە دەست، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم سوپای ڕووسیا دژەهێرشی دەسپێکرد. ساڵی ١٨٢٧ سوپای ڕووسیا درێژەی بەجەنگەکان دا. جگە لە ناوچەکانی پێشوو، سوپای ڕووسیا لە سێزدەی ئۆکتۆبەری ١٨٢٨ دا شاری تەورێزی گرت. لە دەیەمی فیبریوەری ١٨٢٨ لە گوندی تورکمان چای لە نێوان تاران-تەورێزدا پەیمانێکی دیکە مۆرکراو بە گوێرەی ئەم پەیمانە ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات درا بە ڕووسیای قەیسەری[١٢٤].

دوای مۆرکردنی پەیمانی تورکمان چای، لە ساڵی ١٨٢٨ دا جەنگی ڕووسیاو عوسمانی دەستی پێکرد و سەربازانی ڕووس بەشی سەرەکی ئەرمەنستانی ڕۆژئاوایان لە چنگ عوسمانی دەرهێناو لە ساڵی ١٨٢٩ ئەرزرۆم و دەوروبەرەکەشیان داگیرکرد.

لە بەهارو هاوینی هەمان ساڵدا سوپای ڕووس لە بەرەی باڵکانیشدا سوپای عوسمانی تێکشکاند و لە شاری ئادریاناپۆلیس پەیمانێکی ئاشتیان بەسەردا سەپاند کە بە پێی

[١٢١] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص ٧٩.
[١٢٢] هەمان سەرچاوە ل٧٩.
[١٢٣] هەمان سەرچاوە ل٧٩.
[١٢٤] هەمان سەرچاوە ل٨١.

ئەم پەیمانە باڵکان و هەندێك ناوچەی قەفقاز لە لایەن رووسیاوە دەستیان بەسەراگیرا. بۆیە رووسەکان ئەرزرۆمیان چۆڵکرد و کشانەوە بۆ ئەرمەنستانی رۆژهەڵات. ئەرمەنستانی رۆژئاوا جارێکی دیکەش کەوتەوە دەست تورکانی عوسمانی[١٢٥].

بەم جۆرە لە سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەرمەنستان بە دوو پارچەیی مایەوە و ئەم جارە رۆژهەلاتی ئەرمینیا کەوتە دەست رووسیاو رۆژئاوای ئەرمینیاش لە دەست عوسمانیدا مایەوە. هاتنی رووسەکان دلخۆشی دایە ئەرمەنەکان و بەم جۆرە خەونی ئیزرائیل ئوری و نەرسیس ئاشتاراکتسی و پێشەوایانی تری ئەرمەن هاتەدی کە پێیان وابوو رووس گەلی ئەرمەن رزگار دەکات. ئەرمەنییان دەیانویست ئەیالەتێکی رووس-ئەرمەنی ئۆتۆنۆم پێکبهێنن کە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەرمەن بپارێزێت. بەلام خەون بوو، چونکە نیکۆلاس قەیسەری رووس لە ٢١ی مارسی ١٨٢٨ دا رایگەیاند ئەرمینیا پەیوەست بەرووسیا دەکات و لەقەبی شای ئەرمینیاشی خستەسەر لەقەبەکانی تری خۆی. لە مارسی ١٨٣٦ دا هەندێك دەسەلاتیان دایە ئەرمەنییان کە کاروباری کولتووری و ئاینی خۆیان بەڕێوەبەرن[١٢٦].

## • عوسمانی ئەرمینیای رۆژئاوا و پرسی ئەرمەن :

دوای ئەوەی رووسیا لە ساڵی ١٨٢٨-١٨٢٩ دا لە جەنگی لەگەڵ عوسمانیدا سەرکەوت، لە پەیمانی ئادریاناپۆلدا کۆتایی بە شەڕ هێنا. بە پێی ئەم پەیمانە ئەرمینیا لە نێوان رووسیا، عوسمانی و ئێراندا دابەشکرا[١٢٧]. ئەرمەنییانی رۆژئاوا (عوسمانی) لە شەش ویلایەتی وان، بتلیس، ئەرزرۆم، دیاربەکر، سیواس و خارپوتدا دەژیان. بە گوێرەی هەندێك ئامار دەگوترێت کە لە ساڵی ١٨٧٨ دا لە عوسمانی زیاتر لە ٣ ملیۆن ئەرمەن ژیاون[١٢٨].

---

(١٢٥) رۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژ ٣٠، نیسان ٢٠٠٦، ل١١٩.

(١٢٦) د. الکساندر پادماگریان، گیوأقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنە، انشتارات سازمان فرهنگی پاد، تهران ١٣٥٢، ص٦٣.

(١٢٧) د. الکساندر پادماگریان، گیوأقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنە، انشتارات سازمان فرهنگی پاد، تهران ١٣٥٢، ص ٦٤.

(١٢٨) رۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژ ٣٠، نیسان ٢٠٠٦، ل١١٩.

دوای پەیمانی سان ستیفانۆ لە نێوان رووس و عوسمانیدا، پرسی ئەرمەنییان لە سیاسەتە نێونەتەوەییەکاندا دەنگیدایەوە. ئەرمەنییانی عوسمانی لەبەرئەوەی کەمینەی ئاینی بوون لە لایەن موسلمانانەوە زوڵم و ستەمیان لێ دەکرا[129]. شایەتیدانیان پەسەند نەدەکرا، وەکو رەعیەت سەیردەکران و هیچ پۆستێکی حکومی و ئیدارییان نەدەدرایە. باج و سەرانەیان لێ دەسەنرا.. سەرەڕای ئەمەش نزیکەی چوار سەدە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانیدا ئیدارەیان کرد[130].

لە سەدەی نۆزدەیەمدا عوسمانی رووبەڕووی گۆڕان بووەوە. لە ساڵی ١٨٣٩ سوڵتان عەبدولمەجید هەندێك ریفۆرمی هێنایە گۆڕێ. بەلاّم ئەم چاکسازییە تەنها سوپای گرتەوە و ئەرمەن و ئاشوورییان (مەسیحییەکان) لە مافی یەکسان لەگەڵ موسڵمانان بێ بەشبوون. لە ٨ فۆریەی ١٨٥٦ سوڵتان عەبدولمەجید فەرمانی چاکسازییەکی نوێی دەرکرد. دواتر لە پەیمانی پاریسدا (٣ مارس ١٨٥٦) بەڵێندرابوو کە لە عوسمانی رەوشی ئەرمەنییان گۆڕانی بەسەردا بێت و چاکسازی ئەنجام بدرێت. بەلاّم ئەم پەیمانە و بەڵێنەکانی پشتگوێ خران و جێبەجێنەکران[131].

ئەنجومەنی میللی ئەرمەنییان کە لە ساڵی ١٨٦٠ دا دامەزرابوو گەلێك شکاتی لە ویلایەتەکان کۆکردەوە. لەم شکاتانەدا باسی ستەمی کوردەکان، عوسمانییەکان و چەرکەزەکان دەکرا. ئەرمەن هیوادار بوون کە حکومەتی مەشروتەی عوسمانی کە چەند مانگێك دوای بە تەخت گەیشتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هاتبووە ئاراوە، کۆتایی بە مەینەتی ئەرمەنییان بێنێ. بەپێچەوانەوە ستەمی عەبدولحەمید جێی بەڵێنەکانی گرتەوە. سەرکوت گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. رەفتاری عوسمانییان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا نامرۆیی بوو و لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و دینیان بێبەش دەکران. بێ بەهانە لە خانوو وماڵیان دەردەکران، زیندان دەکران یاخود دەکوژران. بابی عالی کە بڕیاری دابوو لە ئەرمەنستانی رۆژئاوا ئەرمەن پاکسازی بکات، سیاسەتی دژە ئەرمەن

---

(١٢٩) د. الكساندر پادماگريان، گيو اقاسى، تاريخ سياسى واجتماعى ارامنه ، انشارات پاد، تهران ١٣٥٢ ص٦٤.

(١٣٠) هەمان سەرچاوە ل٦٥.

(١٣١) هەمان سەرچاوە ل ٦٦.

(دژە مەسیحی) پەیڕەو دەکرد. رۆژ نەبوو لە گوندەکان ژمارەیەك دەرنەکرێن یاخود نەکوژرێن.

سیاسەتی تەنگی عوسمانی پەرچەکرداری ئەرمەنییانی لێکەوتەوە. لە هاوینی ساڵی ١٨٦٢ دا خەڵکی ناوچەی زەیتون لە کوێستانەکانی کیلیکیە (لە دەوروبەری مەرعەش) لە دژی بابی عالی راپەڕین و گەورەو بچووك و ژنو پیاو لەم راپەڕینەدا چەکیان هەڵگرت[١٣٢]. زەیتون لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بووبووە ناوەندی خۆڕاگریی ئەرمەنییان لە دژی عوسمانی.

لە هاوینی ساڵی ١٨٧٥ لە دژی بابی عالی راپەڕین لە بۆسنیاو هەرزە گوڤینا بەرپابوو. لە ١٨٧٦ دا خەڵکی بولغارستان لە دژی بابی عالی چەکیان هەڵگرت. بەرەبەرە نەتەوەکانی تری ئەوروپای رۆژهەڵات لە دژی عوسمانی سەریانهەڵدا. سوڵتان عەبدوحەمید کە کەسێکی سەرەڕۆ و سەرکوتکار بوو، راپەڕینی خەڵکی بولغاری بەوپەڕی بێ رەحمی داپڵۆسی. سەرکوتی میللەتانی سلاڤ لە لایەن تورکانەوە هاودەردی رووسەکانی ورووژاند و وای کرد رووسیا پشتیوانی لەم گەلانە بکات بۆ ئەوەی قەڵەمڕەوی خۆی فراوان بکات[١٣٣]. لە ساڵی ١٨٧٧ دا رووسیا لە دژی عوسمانی جەنگی راگەیاند. باڵکان بووە مەیدانی سەرەکی جەنگی رووسیاو عوسمانی. رووسیا لە قەفقاز گەلێك بەشی ئەرمینیای رۆژئاوای داگیرکرد و لە عوسمانیەکانی سەندەوە. لە ساڵی ١٨٧٨ ویلایەتی ئەرزرۆمیشیان گرت کە بایەخێکی ستراتیژی هەبوو. ئەم رەوشە هەلێکی بۆ میللەتی ئەرمەن رەخساند بۆ ئەوەی لە دژی بابی عالی راپەڕن[١٣٤].

لە ساڵی ١٨٧٨ هێزەکانی رووس لە جەنگدا سەرکەوتن و شاری ئادریاناپۆل کە لە سی کیلۆمەتری ئەستەمبۆڵدایە داگیرکرا. سەرکەوتنی رووس ورەی دایە بەر میللەتانی بندەست و بزاڤی رزگاری نەتەوەیی گەلانی سلاڤ لە دژی بابی عالی بووە بابەتی گرنگی رۆژ. ناوەندە سیاسییەکانی ئەرمینیای رۆژئاوا داوایان لە رووسیاکرد پشتیوانییان

---

[١٣٢] د. الکساندر پادماگریان، گیوأقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنە، انشتارات سازمان فرهنگی پاد، تهران ١٣٥٢، ص ٦٦.

[١٣٣] هەمان سەرچاوە ل ٦٦.

[١٣٤] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٨٢.

بکات بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی لەبابی عالی وەربگرن. رووسیا ئەمەی بە قازانجی خۆی دەزانی و پشتیوانی لێ کردن.

دەوڵەتی عوسمانی کە شکستی خواردبوو داوای ئاشتی کرد. لە ٣ی مارسی ١٨٧٨ لە سان ستیفانۆ پەیمانی ئاشتی ئیمزاکرا. لەم پەیمانەدا بابی عالی سەربەخۆیی گەلانی باڵکانی بە رەسمی دەناسی و هەندێك لە قەڵەمڕەوەکەی خۆی بە رەسمی دایە رووسیا[١٣٥]. لە مادەی شانزدەیەمی ئەم پەیمانەدا باسی ئەرمەن دەکرێت[١٣٦]:

"عوسمانی دەبێ دەستبەجێ لە ویلایەتە ئەرمەنەکاندا چاکسازی ئەنجام بدات و لە بەرامبەر کوردو چەرکەزەکاندا بیانپارێزێت". لەم سەروبەندەدا ئەرمەنییان لە جەنگدا یارمەتی سوپای رووسیان داو هەندێك لە سوپاسالارانی ئەرمەن لە سوپای رووسیا خاوەن پۆستی گرنگ بوون و رۆڵی باشیان گێڕا. لەبەر ئەمە بابی عالی دوای شەڕ فەرمانی بەتورك، کورد و چەرکەزەکان دا کە گوندە ئەرمەننشینەکان تالاَن بکەن[١٣٧].

پاش چەند مانگێك، ئینگلتەرە، نەمسا، هەنگاریا و ئەڵمانیا پەیمانی سان ستیفانۆیان هەڵوەشاندەوەو "پەیمانی بەرلین"یان ئیمزاکرد (١٣ی جولای ١٨٧٨). مادەی ٦١ی پەیمانی بەرلین بە کزی باسی ئەرمەنی کرد و هەموو لایەنەکان ئەرمەنییان پشتگوێ خست. ئەرمەنییانی ئەستەمبوڵ دەستیان بە چالاکی کرد. لە ساڵی ١٨٩٠ دا سوڵتان عەبدولحەمید لە کاردانەوەیەکدا بەرامبەر بە جموجۆڵی ئەرمەنییان فەرمانی دا "ئالاَییەکانی حەمیدییە" واتە سوارەی حەمیدییە دابمەزرێت. سوارەی حەمیدییە لە سوارەی عەشایەری کوردو چەرکەز.. پێکدەهات. لە ساڵانی ١٨٩٣-١٨٩٤ دا سوارەی حەمیدییە راپەڕینی ئەرمەنییان سەرکوتکرد و کوشتار و تالاَنیان ئەنجام دا. هەمان ساڵ ئەرمەنییانی ئەستەنبوڵ، ئەرزرۆم، وان و مەرعەش دژ بەم کردەوانە سەریانهەڵدا. لە ساڵی ١٨٩٦ دا ژمارەیەك گەنجی ئەرمەن لە ئەستەنبوڵ "بانکی ئاتامان" یان داگیرکرد. لە ئەنجامی ئەم کردەوەیەدا بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵانی ١٨٩٢-١٨٩٦ دا نزیکەی ٣٠ هەزار ئەرمەن کوژران[١٣٨].

---

[١٣٥] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٨٣.

[١٣٦] رۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژ ٣ ، نیسان ٢٠٠٦، ل١١٩.

[١٣٧] هەمان سەرچاوە ل ١١٩.

[١٣٨] د. الکساندر پادماگریان، گیو اقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنە، انشارات پاد، تهران ١٣٥٢ ص٦٣.

پرسی ئەرمەن لە وشیاری گەلی ئەرمەنەوە سەبارەت بە جیاوازی و تایبەتمەندیەکانیەوە سەرچاوەی گرت. هەروەها لەو ستەمە چەند قاتەوە هاتۆتە کایەوە کە ئەم میللەتەی بێ بەشکردووە لە مافە سروشتی و نەتەوەییەکانی کە بریتیین لە ژیانێکی ئازادو بە سەروەری لەسەر جیۆگرافیای خۆی[١٣٩]. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی لێکەوتۆتەوە کە "شەرعیەتی هێز" لەسیاسەتەدا خولقاندوویەتی.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەرمەن لە سەدەی نۆزدەیەمدا پاساودانەوەی ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز بوو بەرامبەر بەو چەوساندنەوەیەی کە دەرهەقی ئەنجام دەدرا. ئەم ناسیۆنالیزمە ئارەزوویەکی فراوانی هەیە بۆ سەربەخۆیی سیاسی. بۆیە لە چارەکی کۆتایی ئەو سەدەیەدا قۆناغێکی نوێ لە خەباتی رزگاری ئەرمەنستان هاتە کایەوە. ئەم قۆناغە قۆناغی مۆدێرن بوونی بزاڤی شۆڕشگێڕیی ئەرمەن بوو، واتە قۆناغی گواستنەوە بوو لە سەرداری سەرکردە و تاکەکان بۆ قۆناغی رابەرایەتی حزب. لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پارتە ئەرمەنەکان پەیدابوون. لە ساڵی ١٨٨٥ دا گرووپێك خوێندکاری ئاینی و رووناکبیر پارتی (ئارمناکان) یان دامەزراند. ئەم پارتە پارتێکی راستڕەوی ناسیۆنالیستی بوو. ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ دروستبوونی گرووپی دیکە. لە ساڵی ١٨٨٧ لە ژنێڤ چەند گەنجێکیتر "پارتی شۆڕشگێڕی هنچاکیان" یان دامەزراند. ئەم پارتە یەکەم پارتی چەپ و سۆسیالیستی ئەرمەنان بوو[١٤٠].لە ساڵی ١٨٩٠ لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند گرووپێك فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕانی ئەرمەن (تاشناکسوتیۆن) دامەزرا. لەم سەردەمەدا گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و ئابووری گۆڕانی سیاسیی هێنایە ئاراوە. ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی ناسیۆنالیزمی رزگاریخوازی ئەرمەن سەرهەڵبدات بریتی بوون لە: رۆڵی دێر لە خەباتی نیشتمانی، چالاکییە میسیۆنەرییەکان، ئەرمەنە کوچبەرەکان و چالاکییە رۆشنگەرانەکانیان، کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسا و ناپلیۆن لەسەر ئەرمەنان، رۆڵی بزاڤی رۆشنبیریو خاچاتۆر ئابۆڤیان لە بێداریی نەتەوەیی ئەرمەندا، رۆڵی کۆمەڵە کاسۆلیکی و پرۆتستانەکان لە ئەرمینیای رۆژئاوا، چاکسازییەکانی عوسمانی و پرسی ئەرمەن،

---

[١٣٩] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص١٥.

[١٤٠] رۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژ ٣ ، نیسان ٢٠٠٦، ل١٢٠.

پیشەوەران و خەلیفەگەری، دیمونستراسیۆنی ١٨٤٨، خوێندکارانی ئەرمەن و پەیڕەوی نەتەوەیی، خوێندن و پەروەردە، چاپ و ڕۆژنامەگەری، بانگەشەی شۆڕشگێڕانەو دامەزرانی پارتە سیاسییەکان و ڕۆڵی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئەرمەنان...[١٤١]

## ● ئیتیحادو تەرەقی و ئەرمەنییانی ڕۆژئاوا :

لە ساڵی ١٩٠٨ دا تورکە لاوەکان واتە "ئیتیحادوتەرەقی" کۆدەتایان کرد و سوڵتان عەبدولحەمیدیان لابرد. ئەمانە سەرەتا بە ڕواڵەت داوای مافی نەتەوەکانی دیکەشیان دەکرد، بەلاّم دواتر هەڵوێستیان گۆڕاو بە ئاراستەی ڕەگەزپەرستیدا ڕۆیشتن. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەمانە لە ساڵی ١٩٠٩ لە کیلیکیە ٣٠ هەزار ئەرمەنییان کوشتووە[١٤٢]. لە ساڵی ١٩١٢ دا گەلانی بالکان لە دژی عوسمانی ڕاپەڕین و ولاّتانی ئەورووپیش دەستیان تێوەردا. ئەم حاڵەتە پرسی ئەرمەنی زەقکردەوە[١٤٣]. لە لایەکی دیکەشەوە، رووسیا دەیویست پێگەی خۆی لە ڕۆژهەلاّت بەهێز بکات، بۆیە پشتیوانی لە ئەرمەنان دەکرد. لە ئەنجامدا لە ساڵی (١٩١٣) دا داوای لە ئیتیحادوتەرەقی کرد شەش ویلایەتی ئەرزرۆم، بتلیس، دیاربەکر، خارپۆت و سیواس بکرێنە یەك و ژەنەراڵێکی مەسیحی بەڕێوەیان بەرێت. تورکەکان بە نابەدڵی لە جانیوەری (١٩١٤) دا بەڵێنی گۆڕینی ڕەوشی ئەرمەنییان دا، بەلاّم کاتێك شەڕی جیهانی یەکەم (١٩١٤) دەستی پێکرد، پاشگەزبوونەوە.ئەم جارەیان کەڵکیان لە ئاڵۆزییەکانی شەڕ وەرگرت و بە بیانووی ئاژاوەنانەوەی ئەرمەنەوە فەرمانی کوشتارەکانی ١٩١٥ یان دەرکرد. دوای کوشتارەکان، پاشماوەی ئەرمەنەکانیان ڕاگواستەوە. لە کۆچەکاندا هەزاران ئەرمەن گیانیان لە دەستدا. جگە لەمەش ئەرمەنییان ئەرمەنستانی ڕۆژئاوایان لە دەستداو لە جیۆگرافیای مێژوویی خۆیان دوورخرانەوە بۆ میزۆپۆتامیا، سوریا، لوبنان و پاشان ئەوروپا و ئەمەریکا. لە ١٩١٤ دا ٣٥٠ هەزار ئەرمەن بەرەو قەفقاز و ئەرمینیای

[١٤١] ڕۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژ ٣ ، نیسان ٢٠٠٦، ل ١٢٠.
[١٤٢] هەمان سەرچاوە ل١٢١.
[١٤٣] د. الکساندر پادماگریان، گیو اقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنه، انشارات پاد، تهران ١٣٥٢ ص٦٣.

ڕۆژهەڵات هەڵهاتن. بەم جۆرە ئەرمینیای ڕۆژئاوا لەسەر لاپەڕەی مێژوو سڕایەوە و ئەوەی بۆ ئەرمەن مایەوە ئەرمینیای ڕۆژهەڵات بوو[١٤٤].

### • ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیاو کۆماری سەربەخۆی ئەرمینیا:

دوای ئەوەی شۆڕشی فوریەی ١٩١٧ سەرکەوت، سیستەمی قەیسەری هەڵوەشایەوە. لە ئەرمینیاش وەکو شوێنەکانی تر نوێنەرانی دەوڵەتی کرنسکی جێی نوێنەرانی قەیسەریان گرتەوە. بەلاّم ئەمە هیچی لێنەکەوتەوە. دوای ماوەیەك دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرمەنستان حوکمی بەدەستەوە گرت کە بە پێی ڕێککەوتنی نێوان حزبە نەتەوەییەکانی قەفقاز بە نێوی "سیم" ولاّتی بەڕێوە دەبرد. ئەم پەیمانە لە فوریەی ١٩١٨ دا ئیمزاکرابوو[١٤٥]. لە مانگی مەی ١٩١٨ دەوڵەتی تورکیا کەڵکی لە پشێوییەکانی پاش جەنگی جیهانی وەرگرت و بۆ ئەوەی قەفقاز داگیر بکات پەلاماری ئەرمینیای ڕۆژهەلاّتی دا. جارێکی تر ترسی پاکسازیی ڕەگەزی خەڵکی ئەرمینیای داچڵەکاند. بۆیە خەڵکی ئەرمینیا بە گەورە و بچووکەوە بەرەنگاری تورکەکان بوونەوە و بەرگرییان لە خۆیان کرد. لە ٢١ی مەی سوپای تورك سەردارئابادی داگیرکرد و بە نیازی لێدانی یەریڤان بوون، بەلاّم سەربازانی ئەرمەن و خەڵکی ئاسایی بەرهەڵستی سوپای تورکیان کرد و تێکیان شکاند[١٤٦].لە ٢٦ی مەی ١٩١٨ دا پەیماننامەی سیم لەبەر ناکۆکی ناوخۆیی پارتەکانی قەفقاز هەڵوەشایەوە و لە ڕۆژی ٢٨ی مەی ١٩١٨ لە لایەن "ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەرمەن"ەوە ئەرمینیا بە ناوی کۆماری سەربەخۆ ڕاگەیەنرا و حزبی داشناکسوتیۆن یاخود فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕی ئەرمەن ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەرمەنی بەدەستەوە گرت[١٤٧]. لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ دا حکومەتی شورایی ئەرمینیا پەیوەست بە یەکێتیی سۆڤیێتی بوو. کۆماری ئەرمەنستان ماوەی هەفتا ساڵ سیستەمی سۆسیالیستی بەڕێوەی دەبرد و یەکێك لە کۆمارەکانی یەکێتیی

---

[١٤٤] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص٨٩.

[١٤٥] هەمان سەرچاوە ل٩٢.

[١٤٦] هەمان سەرچاوە ل٩٣.

[١٤٧] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص ٩٣.

سۆڤیەت بوو. لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا چەند هەنگاوێك بە ئاراستەی نوێسازی ئیداری نران و کۆماری سۆسیالیستی ئیمتیازو مافی زیاتری وەرگرت. لە ئەنجامدا لە کۆمارەکاندا کۆمەڵێك گرووپ سەریانهەڵدا کە داوای سەربەخۆییان دەکرد[١٤٨].لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٨٩ دا لە کۆماری ئەرمینیاش هەندێك هەنگاو بە ئاراستەی سەربەخۆییدا نران. دەوڵەتی ناوەندی یەکێتیی سۆڤیەت تێگەشتبوو کە پەیمانی ساڵی ١٩٢٢ وەلامگۆی قۆناغی تازە نییە و دەیەویست پەیمانێکی نوێ بهێنێتە کایەوە، بەلاّم دوای ئەوەی کۆدەتای رۆژانی ١٨-٢١ ی ئۆگۆستی ١٩٩١ شکستی خوارد، رەوتی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دەستی پێکرد و ئەرمەنستانیش وەکو کۆمارەکانی دیکە سەربەخۆیی خۆی لە رۆژی ٢١ ی سێپتەمبەری ١٩٩١ دا راگەیاند و ناوی لێنا "کۆماری سەربەخۆی ئەرمەنستان"[١٤٩].

---

[١٤٨] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص ٩٤.

[١٤٩] هەمان سەرچاوە ل٩٤.

# بەشی دووەم

# جینۆسایدی
# ئەرمەن و کورد

# قۆناغەکانی جینۆسایدی ئەرمەن

## قۆناغی یەکەم
## عوسمانی و جینۆسایدی ئەرمەن

ئەرمینیای مێژوویی کە هەندێك لە گرووپە ناسیۆنالیستەکانی ئەرمەن داوای دەکەن رووبەرەکەی ٦١٩٨٤٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو لە قەیسەریەی کاپادۆکیەوە تاوەکو کەنارەکانی دەریای قەزوین لە رۆژهەلاّت دەڕوات. لە باشووری تفلیسی گورجستانەوە دەست پێدەکات و هەتاوەکو دەوروبەری گۆلی ورمێ دەڕوات. بەلاّم هاتنی تورکەکان بۆ ئاسیای بچووك و بانی ئەرمەنستان لە پرۆسەیەکی زەمەنی درێژخایەندا هاوسەنگی دیموگرافی کۆنی ئەم دەڤەرەی بەزیانی ئەرمەنەکان تێك دا[١٥٠].

لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا کە تورکان توانییان دوای شەڕی مەلازگرد (١٠٧١) دەرگاکانی ئەرمینیا و تەنانەت بیزانسیش بە رووی خۆیاندا بکەنەوە، هاوکێشە سیاسی و دیموگرافییەکانی ناوچەکە درزیان تێکەوت. چونکە دوای ئەم شەڕە تورکان بەرەو ئاسیای بچووك پالّیان پێوەناو گۆرەپانەکانی جەنگیان گواستەوە بۆ ئەوێ. دیارە لەم گواستنەوەیەدا بەسەر ئەرمەنستاندا دەربازبوون و جگە لەوەی سەدان خێلّی کۆچەری تورکمانیان لە کوێستانەکانی ئەرمینیا جێگیر کرد، بۆ خۆشیان ئەرمەنستانیان کردە بەرەی پشتەو وەکو بەشێك لە قەلّەمڕەوی داگیرکراوی خۆیان سەیریان دەکرد. بەم جۆرە ئەرمەنستان لە سالّی ١٠٧١ وە کەوتە گەمارۆی تورکانەوە و بەرە-بەرە لە تۆڕی دنیای مەسیحی دابرا.

سەلجووقییەکان سیاسەتێکی نەرمیان هەبوو بەرامبەر بە پێکهاتە ئەتنی و دینییەکان. لەم ڕووەوە ئیمارەتە ئەرمەنەکان لە سەردەمی ئەواندا مانەوە و سەربەخۆییەکی رێژەییان هەبوو. لە ئەرمینیای گەورەدا پاشا محەلییەکان نفوز و قەلّەمڕەوی خۆیان

---

[١٥٠] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص١٥.

پاراستبوو. له ئەرمینیای بچووکیشدا مەملەکەتی کیلیکیەی ئەرمەن بنیات نراو لە سەردەمی جەنگەکانی خاچدا بووبووە دەرگای مەسیحییەکان[١٥١].

لە سەردەمی حوکمی مەمالیکی میسردا بارودۆخی ئەرمەنەکان گۆڕانی بەسەردا هات و ئەم سەرزەمینە کرایە گۆڕەپانی تەراتێنی مەملوکی و مەغۆلەکان. هەروەها خێڵەکانی ئاق قۆینلو و قەرەقۆینلوش بەشێك لە ململانێیەکانیان لەسەر ئەرمەنستان بوو. ئەم لەشکرکێشییە پەیدەرپەیانەی تورکان زەبرێکی کاریی لە پێکهاتەی مرۆیی ئەرمەنستان وەشاند. هەر لە سەرەتای هاتنی تورکانەوە کۆچی ئەرمەنەکان لە ئەرمینیای گەورە و ئەرمینیای بچووکەوە بۆ قەڵەمڕەوی رۆمی رۆژهەڵات دەستی پێکرد[١٥٢]. هۆی سەرەکی ئەم گۆڕانە دیموگرافییەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەرمەنەکان لە ناوچەکەدا ناهۆمۆجین بوون لەگەڵ دراوسێیە موسڵمانەکانیاندا. بە واتایەکی تر ئەرمەنەکان لە دەوروپشتەوە بە حوکمداری تورکانی موسڵمان گەمارۆ درابوون.

سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانی پەڕەیەکی نوێی لە چارەنووسی ئەرمەنەکاندا کردەوە. لە سەدەکانی سەرەتای پەیدابوونی عوسمانیدا رەوشی ئەرمەنان باشتر بوو. عوسمانییەکان سیاسەتی سەلجووقییەکانیان پەیڕەو دەکرد و بوونی پێکهاتە جیاوازەکانیان پەسەند دەکرد و هەوڵی پاکتاوکردنو یەکپارچەسازییان نەدەدا. لە قۆناغەکانی دواهەم و دەیەکانی کۆتایی تەمەنی ئیمپراتۆرییەکەدا سیاسەتیان گۆڕا و تالأوی شکستی جەنگەکانی دەرەوەیان لە بەرامبەر میللەتە مەسیحییەکاندا بە ئەرمەنەکاندا ڕشت.

لە سەردەمی سەڵتەنەتی سوڵتان محەمەدی فاتحدا، کاتێك ئەستەنبوڵی داگیرکرد، ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادە ئەرمەنەکانی لە ترابزۆن گواستەوە بۆ کۆنستانتین پۆلی پایتەخت. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا یەکێتیی و یەکپارچەیی ئەرمەن کەلەبەری تێکەوت و پەراگەندە کران. سەرەڕای ئەمە، ئەم گەلە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خۆی پاراست. لەگەڵ ئەوەی عوسمانی فتوحاتی خۆی لە ئەرمەنستان پەرەپێدا لە سەدەی پانزدەیەم و شانزدەیەمدا، ژمارەی ئەرمەنەکانی ئیمپراتۆرییەکە زیادی کرد.

---

[١٥١] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ١٥.

[١٥٢] هەمان سەرچاوە ل١٥.

جەنگەکانی سەفەوی - عوسمانی بەشێکیان لەسەر خاکی ئەرمینیا ئەنجامدران و کارەسات وماڵوێرانییان بۆ ئەرمەنان هێشتەوە. لەم شەڕانەدا بەشێك لە ئەرمەنان لە چوارچێوەی رێکخستنەی "دۆشمان"دا رێکخران و خرانە بەرەکانی شەڕەوە[153]. لەم شەڕانەدا گەلێك شارو گوندی ئەرمەنان چۆڵکران و ئەرمەن رووبەڕووی کۆچی زۆرەملێ و چۆڵکردنی جەبری بۆوە و خێڵە تورکمانەکان لە شار و گوندەکانیان نیشتەجێبوون[154].

لە سەدەی هەڤدەیەمدا ئەرمەن لە بارودۆخێکی خراپدا دەژیان و پەرتەوازە و پەراگەندە بوون. لە کۆتایی سەدەی شانزدەیەمدا ٦ ویلایەتی ئەرمەن نشین لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون و ٧ ویلایەتیش لە قەرەباخ لەژێر فەرمانی ئێرانییەکاندا بوون. ئەمە و ئیمارەتەکانی ئانادۆڵ و کیلیکیە کە لەژێر حوکمی بابی عالیدا بوون... .

تێکڕای ئەم ناوچانە سیاسەتی هەڵاواردنی ئاینی بەڕێوەی دەبردن. ئەم پەراگەندەیی و بندەستییە وای لە نوخبەکانی ئەرمەن دەکرد بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن چۆنی کۆتایی بەم حاڵەتە بهێنن و میللەتەکەیان رزگار بکەن. هەروەها بیر لەوە دەکرایەوە کە بە پاڵپشتی ئەوروپاییەکان (میللەتە هاودینەکانی ئەرمەن) ئەرمینیا رزگار بکرێت. ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ هاتنی میسیۆنەر و شاندە دینیەکان بۆ ئەرمینیا. هەر ئەمەش بووە بەهانەی دەسوەردانی رووس لە کاروباری سیاسی ئەرمەندا. ئەم ئاڵوگۆڕە لە ژیانی سیاسی گەلی ئەرمەندا گۆڕانێکی قووڵی هێنایە ئاراوە و توێژێکی تازەی هێنایە کایەوە. واتە سەرکردە نوێیەکان جێی پیاوانی کڵێسەیان گرتەوە [155].

ئەرمەن لەناو ئیمپراتۆری عوسمانیدا کە لەشکرەکەی گەیشتبووە بەر دەروازەکانی ڤیەننا لە چوارلاوە لە لایەن کۆمەڵێك نەتەوەی جۆربەجۆرەوە دەورەدرابوون و تاقە گرووپ بوون کە بە شێوەیەکی رەسمی جیاوازییان لەسەر پەیرەو دەکرا و وەکو هاوولاتی پلە دووەم رەفتاریان لەگەڵ دەکرا. لە ساڵی ١٨٣٥دا دەوڵەتی عوسمانی یەکەم فەرمانی رەسمی دەرکرد کە تێیدا دانی بە ئەرمەنە ئورسۆدوکسەکاندا نا. لە ساڵی ١٨٤٨، لەژێر

---

[153] يوسف ابراهيم الجهماني، تركيا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ١٦.

[154] هەمان سەرچاوە ل١٦.

[155] هەمان سەرچاوە ل١٦.

کاریگـەریی شۆڕشـەکانی ئـەورووپادا ئەرمەنییـە گریگۆرییـەکان چاپخانەیان بنیاتنـا و ناویاننا "چاپخانەی ئەرمـەن" و بـە ئـەلفبێی ئەرمـەن گـەلێك کتێبیـان چاپکرد کـە پەیوەندییان بە بابەتە دینیەکانەوە هەبوو. لەم سـەروبەندەدا واتـە لـە سـاڵی ١٨٥٦ دا تایفەی ئەرمەن لە قودس پارچە زەوییەکی بۆ کاروبارە دینیەکانی خۆی کڕی. لە سـاڵی ١٨٧٢ دا لـەم شـوێنەدا دێـرو کڵێـسەیەکیان کـردەوە. ئـەم دێـرە بارەگـای پاتریـارکی کاسولیکی ئەرمەنییە لە قودس[١٥٦].

لە سەردەمی عوسمانیـدا تـەنها دوو کڵێـسای خەلقـدونی و نەسـتوری رەسمییـەتیان پـێ بەخشرابوو بـۆ ئـەوەی لـە بەرامبـەر کاسـۆلیکەکاندا بـەکاریان بهێـنن و نەکەونـە ژێـر کاریگـەریی رۆمـاوە. سـەرەڕای ئەمـە کڵێـسەی ئەرمـەن تـوانی سـەربەخۆیی خـۆی بپارێزێـت. دوابـەدوای جـەنگی کرێمـە لـە سـاڵی ١٨٥٣، حکومـەتی عوسمـانی لـە سەرپەرشـتیکردنی کڵێـسەکان بایـەخی زیـاتری بـە لاتـین و ئورسۆدۆکسداو سیاسـەتی هەلاواردنی پەیڕەوکرد. ئەم جیاوازییە بووە هۆی ئەوەی ئەرمەنـەکان لـە دژی دەوڵـەتی عوسمانی دەسـت بدەنـە خۆپیـشاندان. ئەرمەنـەکان درێـژەیان بـە نارەزایەتییەکانیانـدا. میخائیل مکسیو ئەسکەندەری قبتی ئاماژە بە ئاگر تێبەردانی کڵێسای قیامە دەکەن لە ساڵی ١٨٠٣: "لەبەر گوێنەدانی ئەرمەن بە فەرمانی سوڵتان سەلیمی سێیەم کە لە سـاڵی ١٨٠٣ دا دەری کردبـوو، زیـاتر بایـەخی بـە رۆم دابـوو لەبەرئـەو عەتفـەی کـە بەرامبەریان هەیبوو. ئەمە وای لە ئەرمەنان کرد کە هەست بەوە بکەن پشتگوێخراون. بـۆ ئەمـەش هـەوڵی تۆڵەکردنـەوەیان دا. بۆیـە ئاگریـان بەردایـە کڵێـسای رۆمـە ئورسۆدۆکسەکان".

بەڵام ئەم کردارەی ئەرمەنان ئەنجامی نەبوو، چونکە سوڵتان زیاتر لە پێشان بایەخی بـە رۆمـی ئورسـۆدۆکس دا.[١٥٧] لـە لایـەکی تـرەوە لـە رووی بـاج و سەرانەکانیـشەوە ئەرمەنەکان هەستیان بە نایەکسانییەکی ئاشکرا دەکرد و باجی زیاتریان لـێ دەسـەنرا. شایەتیدانی ئەرمەنـەکان لـە دادگـا شـەرعییەکاندا پەسـەند نـەدەکرا و کاربەدەسـتانی عوسمانی نەیاندەهێشت کە خەڵکانی ئەرمەن چەك هەڵگرن. بەم جۆرە هـیچ چـەکێکیان

---

[١٥٦] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ١٧.

[١٥٧] هەمان سەرچاوە ل١٨.

پێ نەدەبوو کە گیان و ماڵی خۆیانی پێ بپارێزن. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا بابی عالی لەو فەرمانەی دەریکردبوو (١٨٥٣) تایفەی گریگۆری ئەرمەنە بەپلەی سێیەم دانا بوو دوای لاتین و رۆمی ئورسۆدۆکس. لەم رووەوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی عەسکەری لەشکری عوسمانی ببەخشرێن دەبووایە باجێکی یەکجار زۆریان بژاردایە. هەروەها لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەرمەن گوندنشین بوون و بەکاری وەرزێرییەوە سەرقاڵ بوون، گەلێك زوڵم و زۆریان لێ دەکرا. هەر منداڵێکی ئەرمەن کە لە دایك دەبوو یەکسەر دەبووایە باجی سەرانەی بۆ بدرایە. جگە لەمانە لە ویلایەتەکانی ئەنادۆڵی رۆژئاوادا قەدەغە کرابوو لێیان کە بە زمانی خۆیان قسەبکەن تەنیا مەگەر ئەو کاتانەی کە نوێژیان دەکرد.[١٥٨]

سەرەڕای ئەم نایەکسانییانەی لەسەر ئەرمەن پەیڕەو دەکران، دیسان هەتا ئەوکاتەی عوسمانی بەهێز و بەرفراوان بوو، لە ئاشتی و سەقامگیرییەکی رێژەییدا دەژیان. بەڵام کاتێك ژێرخانی ئیداری، ماڵی و سەربازی ئیمپراتۆرییەکە لەبەر گەندەڵی ناوخۆیی و دەسدرێژیی دەرەکی لەبەریەك هەڵوەشا (سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم) نەفرەت و بێزاربوون لە ئەرمەن پەرەی سەندو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەست بە چەوساندنەوەی ئەرمەنییان بکرێت. ئیمپراتۆری عوسمانی بەرەبەرە رووەو هەڵوەشانەوە دەچوو، چونکە ململانێی سیستەمی سەرمایەداری رۆژئاوای پێ نەدەکرا و توانای خۆ نوێکردنەوەی نەبوو. لە ئەنجامدا چی سوپاکانی عوسمانی لە جەنگەکانی رۆژئاوا شکستی دەخوارد، دوو ئەوەندە باج و سەرانە دەخرانە سەر گوندنشینان. ئەم شێوازە رەفتارە، لە ساڵی ١٨٧٠ دا بابی عالی بە تەواوەتی داهێزراندو رێگەکان لە بەردەم زاڵبوونی راستەوخۆی سەرمایەی ئەورووپایی و هەڵلوشینی عوسمانی ئاوەلابوو (١٨٨١).

رووسیا لە قەفقاز درێژەی بە جەنگەکانی دەدا و دوای ئەوەی لە جەنگی ساڵەکانی ١٨٢٨-١٨٢٩ ی عوسمانی سەرکەوت، لە پەیمانی ئادریانۆپۆلدا ئەرمینیا بە رەسمی لە نێوان رووسیا، عوسمانی و ئێراندا دابەشکرا. زۆربەی ئەرمەنان لە تورکیا بوون و لە شەش ویلایەتی وان، بتلیس، ئەرزرۆم، دیاربەکر، سیواس و خارپوتدا دەژیان. دوای

---

[١٥٨] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ١٩.

ئەوەی جەنگی رووس و عوسمانی لە پـەیمانی سـان سـتیفانۆ (١٨٢٨) کۆتـایی پێهـات، پرسی ئەرمەنان لە سیاسەتە نێونەتەوەییەکانـدا کەوتـەڕوو لـە گـەلێك شـوێن باسـكرا. ئەرمەنستانی عوسمانی لە ساڵی ١٥١٤ و لـە جـەنگی چاڵدرانەوە لـە لایـەن تورکـانی عوسمانییەوە داگیرکرابوو[١٥٩].

عوسمانییـەکان بـە خەڵکـە غـەیرە موسـڵمانەکانی خۆیـان دەگـوت "روعایـا" واتـە "مێگەل" و زیـاتریش مەبەسـتیان ئەرمەنـەکان بـوو. کۆمەڵگـەی ئەرمـەن لـە لایـەن پاتریـارکی قوسـتەنتەنیەوە بـەڕێوە دەبـرا. ئـەم پۆسـتە دینییـە جگـە لـەوەی خـەڵکی بەڕێوەدەبردو سەرپەرشتی دابونەریتی دینیـانی دەکـرد، لـە لایـەن بـابی عالیـشەوە بـە رەسمی دەناسرا. تا سـەدەی نۆزدەیـەم پاتریـارك خـەڵکی ئەرمـەنی بـەڕێوەدەبرد. بـەڵام دواتر کاسۆلیك و پرۆتستانەکانی ئەرمەن دوبەرەکی کەوتە نێوانیان و لێك جیابوونەوە.

ئەو ئەرمەنانەی ژێر دەستەی عوسمانی بوون، لەبەر مەسیحی بوونیان ستەمێکی زۆریان لێ دەکرا. جگە لە بـاجو سـەرانەی زۆر، لـە کاروبـاری دەوڵـەتی و سـوپاییدا ئـەرکیان پێنـەدەدرا و لـە لایـەن خێڵـە کۆچـەرە کـورد و تورکمانەکانـەوە پەیتاپـەیتا پـەلامار دەدران[١٦٠]. سـەرەڕای ئـەم هـەموو سـتەمە نزیکـەی چوارسـەدەی تـەواو دەسـەڵاتی عوسمانییان تەحەمول کرد و تـانیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیـەم لـە دژی بـابی عـالی رانەپەڕین[١٦١].

لەو فەرمانەی کە سوڵتان مەجید بە دەستوخەتی خـۆی لـە ٦/٨ ی فۆریـەی ١٨٥٦ دا دەریکرد، وادەی چاکسازی دابوو. ئەم چاکسازییە دەرئـەنجامی ئـەو بەڵێنانـە بـوو کـە عوسمانی لە پەیمانی پاریسدا (١٨٥٦) دابووی بە ئەوروپاییەکان. بەڵام کەس گوێی بـەم فەرمانە نەداو تەنانـەت ئـەو بەندانەشـی کـە بـە دەسـتوخەتی هومـایونی نووسـرابوون سەبارەت بە ئازادی ئاین و مەزهەبەکان، زیاتر لە جاران پێشێل کران[١٦٢].

لە ساڵی ١٨٥٦ سوڵتان عەبدولمەجید بۆ جاری دووەم فەرمانێکی بە دەستوخەتی خـۆی دەرکرد گوایە دەست بە چاکسازی نوێ دەکات و مافی مەسیحییەکانی قەڵەمڕەوەکـەی

---

[١٥٩] د. الکساندر پادماگریان، گیو اقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنه، انشارات پاد، تهران ١٣٥٢ ص٦٤.

[١٦٠] هەمان سەرچاوە و ارنولد توین بی، کشتاریك ملت، ترجمه محمد فاضـل ملـك نیـا، انتـشارات پرسـش، اصفهان ١٣٧٤.

[١٦٢] هەمان سەرچاوە ل٦٦.

دابینده‌كات. ئه‌م فه‌رمانه‌ش بۆ ئه‌وه بوو هه‌تاوه‌كو به‌ڵێنه‌كانی خۆی به‌رامبه‌ر به په‌یمانی پاریس (٣ مارسی ١٨٥٦) بهێنێته‌دی. له په‌یمانی پاریسدا گوشار خرایه سه‌ر بابی عالی هه‌تاوه‌كو له پرسی ئه‌رمه‌نه‌كاندا چاكسازی بكات. به‌ڵام ده‌ستوخه‌تی هومایونی هیچ گه‌ره‌نتییه‌كی جێبه‌جێكردنی به‌دواوه نه‌بوو و به ئاشكرا پێشێلكارییه‌كان ده‌ستیان پێكرایه‌وه. پرسی ئه‌رمه‌ن به شكاتنامه‌كانی پاتریك خیریمیان هاتۆته ئاراوه. ناوبراو له دژی بێبه‌ڵێنییه‌كانی سوڵتان ئه‌و شكاتنامانه رێكده‌خات. له‌م مێژووه‌وه به‌دوا پرسی ئه‌رمه‌ن له عوسمانی ستاتۆیه‌كی حقوقی وه‌رده‌گرێت[١٦٣].

له‌م رووه‌وه ئه‌نجومه‌نی نه‌ته‌وه‌یی ئه‌رمه‌ن له ئه‌سته‌نبوڵ له ساڵی ١٨٦٠ گه‌لێك سكاڵای ئه‌رمه‌نییانی ویلایه‌ته‌كانی كۆكرده‌وه. له‌م شكات و سكاڵایانه‌دا ئاماژه به زوڵم و سته‌می كورده‌كان، توركه‌كان و چه‌ركه‌زه‌كان كرابوو. ئومێدێك دروستبووبوو كه حكومه‌تی ده‌ستووری (مه‌شروته) عوسمانی كه چه‌ند مانگێك دوای به ده‌سته‌وه‌گرتنی حوكم له لایه‌ن سوڵتان عه‌بدولحه‌میدی دووه‌مه‌وه هاتبووه كایه‌وه، ره‌وشی ئه‌رمه‌نه‌كان بگۆرێت. به‌ڵام به داخه‌وه سه‌ره‌رۆیی عه‌بدولحه‌مید كۆتایی به مه‌شروتییه‌ت هێنا. به‌م جۆره بارودۆخی ئه‌رمه‌نه‌كانی عوسمانی زیاتر تێك چوو[١٦٤].

له ساڵی ١٨٦٢ به پێی هه‌مان فه‌رمانی هومایۆنی، ئه‌رمه‌نه‌كان به پێی راوێژكردن له‌گه‌ڵ كاربه‌ده‌ستانی عوسمانی ده‌ستووری تایبه‌ت به خۆیان نووسییه‌وه. له چوارچێوه‌ی ئه‌م ده‌ستووره‌دا ئه‌رمه‌نه‌كان ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی تایبه‌ت به خۆیان دامه‌زراند كه نوێنه‌ری ئه‌رمه‌نه‌كانی هه‌موو ویلایه‌ته‌كانی عوسمانی له خۆده‌گرت و ٢٤٠ ئه‌ندامی هه‌بوو. هه‌روه‌ها ئه‌نجومه‌نێكی جێبه‌جێكردنیش به پێی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌ران ده‌هاته كایه‌وه. له ٢٧ی ئۆكتۆبه‌ری ١٨٦٢ دا ئه‌م ده‌ستووره په‌سندكرا. به پێی ئه‌م ده‌ستووره ده‌سه‌ڵاته‌كان له نێوان ده‌سه‌ڵاتی یاسادانان و جێبه‌جێكردندا دابه‌شكرانو پاتریاركی ئه‌رمه‌نی ئه‌سته‌نبولیش هه‌ردوو ئه‌نجومه‌نه‌كه‌ی به‌رێوه‌ده‌برد[١٦٥].

---

(١٦٣) د. الكساندر پادماگریان، گیو اقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنه، انشارات پـاد، تهـران ١٣٥٢ ص٦٦. Tarik zafer Tunaya, Turkiyede siyasal partiler, cilt 1.Iletisim yayinlari, Istanbul1998.

(١٦٤) هه‌مان سه‌رچاوه ل٦٦.

(١٦٥) يوسف ابراهيم الجهماني، تركيا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٢٠.

ئەم ئەنجومەنانە سەرپەرشتی کاروباری ناوخۆیی ئەرمەنییان دەکرد. پاتریارکی ئەرمەن بۆ ئەنجامدانی کارەکانی کۆمەڵێك دیوانی دامەزراند کە هاوشێوەی وەزارەتی ئەمڕۆیی بوون وەکو دیوانی رۆحی، دیوانی سیاسی، دیوانی ئیداری و دیوانی خاریجی.. هەر دیوانەو بەڕێوەبەری تایبەتی خۆی هەبوو و کۆمەڵێك کارمەندیش کاروبارەکانیان رادەپەڕاند.

لەم سەروبەندەدا شۆرشی پیشەسازی و سیاسی گەلانی ئەوروپا کاریگەریی سەختیی لەسەر عوسمانی هەبوو. لە جەنگە دەرياییەکاندا چیتر سوپای عوسمانی دەرەقەتی سوپا رۆژئاواییەکان نەدەهات و پەیتاپەیتا دەشکا. لەم نێوانەدا نەتەوەپەروەرە تورکەکان گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی هیچ ناکرێ مەگەر چاکسازی و گۆڕانی ئیداری ئەنجام بدەن. هەر ئەمانە بوون کە هاندەری ئەو فەرمانە چاکسازییانە بوون کە لە ۱۸۳۹-۱۸۷٦ دا دەرکران. بەڵام ئەم فەرمانانە بێ ئەنجام بوون، چونکە چینە محافزەکارەکان بە توندی کۆسپیان دەنایەوە[١٦٦].

لە هاوینی ۱۸۷٥ دا لە بۆسنیاو هەرسەگوڤینا لە دژی بابی عالی راپەڕین بەرپابوو. لە ساڵی ۱۸۷٦ میللەتی بولغار چەکیان هەڵگرت و بەرەبەرە وڵاتانی بالکان و ئەوروپای رۆژهەڵات لە دژی عوسمانی هەستان. سوڵتان عەبدلحەمید کە پیاوێکی سامناکی خۆسەر و ملهوڕ بوو لە ساڵی ۱۸۷٦ دا هاتبووە سەرتەخت، توندوتیژییەکی سامناکی بەکارهێناو بێ بەزەییانە شۆرشی بولغارەکانی سەرکوتکرد و کوشتاری لێکردن. پێکدادانی بابی عالی و میللەتانی سلاڤ، هەستی هاودەردی رووسەکانی وروژاند. ئیمپراتۆری قەیسەری بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە پەڵاوێژییەکانی، خۆی بە بەرگریکەری نەتەوە سلاڤییەکان لە قەڵەمدا. ئەسکەندەری دووەم کۆمەڵێك خواستی خستە بەردەم سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم. عەبدولحەمید لێبراوانە رەتی کردنەوە. لە ئێپریلی ۱۸۷۷ دا رووسیا لە دژی عوسمانی جەنگی راگەیاند. سەرزەمینەکانی بالکان بوونە گۆڕەپانی سەرەکی جەنگەکان. هێزەکانی رووس لە قەفقاز، بەشێکی زۆر لە

[١٦٦] نوری زاده، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ۱۳۷٦، ص۸۲.

ئەرمینیای رۆژئاوایـان داگیرکـرد. لـە سـاڵی ١٨٧٨ ئـەرزرۆمیان گـرت کـە گـرنگترین ناوەندی ستراتیژی هەرێمەکە بوو[١٦٧].

ئەرمەنەکان تا ئەم کاتـە نەیاندەویـست لـە عوسمـانی جیاببنـەوە و داوای چاکسازییان دەکرد. بەلاّم کاتێـك سـتەم سـنووری بەزانـد و لـە لایـەکی دیکەشـەوە هـەلی جـەنگی رووسیا — عوسمانی هاتەپێشەوە یەکسەر دەسـتیان دایـە چـەك و لـە دژی بـابی عـالی راپەڕین. لـە بـەرەی رۆژئـاوا هێزەکـانی رووس بالکانیـان رزگـارکرد (١٨٧٨). سـوپای عوسمانی شکستێکی قورسی خوارد. ئەم شکستە زەمینەی سەرهەڵدانی بزاڤی رزگاریی گەلانی باڵکانی خۆشکرد. هەروەها ئەم هەلومەرجە جارێکی دیکە پرسی ئەرمەنی لـە نێوەندە سیاسییە جیهانییەکاندا خستەڕوو کردیە بابەتی رۆژ.

گرووپەکانی پێشەوای بزاڤی رزگاریی ئەرمینیای رۆژئاوا داوایـان لـە رووسـیا کـرد کـە پشتی ئەرمەنان بگرێت بـۆ ئـەوەی ئۆتۆنـۆمی بـە دەسـت بهێـنن. رووسـەکان کـە ئـەم خواستەیان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان دەدیت پـشتگیریی ئـەم داوایـەیان کـرد. لـە ساڵی ١٨٧٨ دا لە سان ستیفانۆسی نزیکـی ئادریانـاپۆلیس پـەیمانی ئاشـتی لـە نێـوان رووس و عوسمانیدا مۆرکرا. بە پێی ئەم پەیمانە بابی عالی سەربەخۆیی گەلانی باڵکانی پەسەند کرد و دانی بەوەدا نا خودموختاری بداتە بولغارەکان و هەندێك ناوچەش بخاتـە سەر قەڵەمڕەوی رووسیا. لە مـادەی شـانزدەیەمی ئـەم پەیمانـەدا باسـی ئەرمەنـستانی رۆژئاوا کرابوو تێیدا داوا لە عوسمانی کرابوو لە ویلایەتە ئەرمەن نشینەکاندا چاکسازی ئەنجام بدرێ و لە بەرامبەر دەسدرێژیی کورد و چەرکەزەکاندا بیانپارێزێت:

"عوسمانی دەبێ دەستبەجێ لـە ویلایەتـە ئەرمەنەکانـدا چاکسازی ئـەنجام بـدات و لـە بەرامبەر کوردو چەرکەزەکاندا ئەرمەن بپارێزێت.."[١٦٨] (٣ی مارسی ١٨٧٨).

لەم جەنگەدا هەندێك لە سوپاسالارانی ئەرمەن لەناو سوپای رووسیادا پۆسـتیان هـەبوو لـە جەنگەکـەدا بەشـداربوون. عوسمانییـەکان پێیـان وابـوو کـە ئەرمەنـەکانی رۆژئـاوا پشتیوانی رووسەکان دەکەن. هێزەکانی ئەرمەن سەر بە سوپای رووسـیا لـە شـەڕەکاندا

[١٦٧] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٨٢.

[١٦٨] رۆژە، مامەند، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن، دۆسێی تورکیا، ژ. ٣، نیسان ٢٠٠٦، ل١٢٠.

بێبەزەییانە دەستیان دایە کوشتار و تالانکردنی گوندە کوردنشینەکانی سەرحەد. سوپا سالارەکانی رووس رێگەیان لە بەردەم ئەم کردەوانەی سەربازە ئەرمەنەکاندا کردبۆوە. سەربازو سوپاسالارە ئەرمەنەکانی سوپای رووس لە گەلێك شوێن گوندییە کوردەکانیان لە زێدی خۆیان دەرکرد و بەشێکیان کوشتار کرد. (پ ی. ئەڤیریانۆڤ ، کورد، لاپەرەکانی ٥٨-٦٨-٧٣-٨٣). ئەم گومانە بووە هۆی دروستبوونی گرێی دوژمنکاری لە لای عوسمانییەکان. سوڵتان عەبدولحەمید پەرچەکردار دەنوێنێ و لە قسەیەکی مێژوویی خۆیدا دەڵێ: "تاقە چارە بۆ ئەرمەن لە کۆلکردنەوەیانە" (ارنولد توین بی، کشتاریك ملت) کاتێك سوپای رووس ئەرمینیای رۆژئاوای جێهێشت بابی عالی فەرمانی بە کورد و چەرکەزەکاندا هەتاوەکو گوندە ئەرمەن نشینەکان تالان بکەن. بەم جۆرە کوردە دەمارگرژە دینییەکانی لایەنگری بابی عالی لە هەندێك شوێنی ئەرمەناندا جێگیربوون و ماڵ و سامانی ئەرمەنانیان تالانکرد (توین بی ص١٨). لەم سەروبەندەدا رەوشی ئەرمەنەکانی رۆژهەلات کە لە لایەن رووسەوە داگیرکرابوو تا رادەیەك باش بوو، بەلام دوای جەنگ رەوشی ئەرمەنەکانی عوسمانی رۆژبەرۆژ خراپتر دەبوو. لە ساڵی ١٨٧٨ دا پاتریارکی ئەرمەن لە ئەستەنبوڵ تۆماری شکاتی ٤ هەزار کەسی ویلایەتەکانی ئەرمەنستانی رۆژئاوای نارد بۆ دیاسپۆرای ئەرمەن لە ولاتانی رۆژئاوا. لە یەکێك لەم تۆمارانە کە ئیمزای ٤ هەزار لە دانیشتوانی ئەرمەنی پێوەیە ئاوا هاتووە[١٦٩]:

"ئێمە سەدان ساڵە ژێر چەپۆکەی تورکانین و بە ترس و خۆف
دەژین. لە لایەن حوکمدارانی عوسمانی و خێڵە کوردەکانەوە دەچەوسێنرێینەوە
و پشتمان لەژێر باری باجەکاندا چەماوەتەوە.... دەستدرێژی دەکەنە
سەر ماڵ و ناموسمان و شەرەفی مێینەکانمان دەڕووشێنن... خوێنی
منداڵ و پیرمان دەرژێنن... سووکایەتی بە دابونەریت و دێر و کلێساکانمان دەکەن.
گەلێك جار سکالامان لەم حاڵەتە کردووە و بەرزمان کردۆتەوە بۆ

---

[١٦٩] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٢٢. و پ. ئەڤیریانۆڤ ، کورد، وەرگێڕانی د. ئەفراسیاو هەورامی، مەکەتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕەی ٢٧،٣٧،٤١، ٥٦،٥٨، ٢٤٠.

وەزیرەکان، بەلاّم بە هیچ کلۆج وەلاّمیان نەبووە و
بە دەمانەوە نەهاتوون".

لە هەمان ساڵدا (١٨٧٨) رۆژنامەی ئەرمەنی "مشاك" نامەیەکی خەڵکی وانی چاپکرد:

بێگومان رۆژی ١٣ی دیسەمبەری ١٨٧٦ لاپەرەیەکی رەشە لە مێژووی شاری واندا. لە یەك شەودا شار ئاگری تێ بەردرا و تالاّنکرا. لە نیوەشەودا ترس ئەرمەنەکانی گرتەوە، چونکە دیتیان کە چەکدارانی عوسمانی و پۆلیس و سوارەی کورد کۆبوونەتەوە و مەشخەڵ بە دەست شار دەپشکنن... دوکان و بازاڕو ماڵی ئەرمەنان تالاّن دەکەن... و دەیانڕووخێنن... ئەرمەنە کاربەدەستەکانیش هیچیان پێ نەدەکرا و تەنها تەماشایان دەکرد... هەندێك لە ئەرمەنەکان چیتر نەیانتوانی بێدەنگ بن و بەرەنگاری تالاّنکەران بوونەوە. بەلاّم رووبەڕووی مەرگ بوونەوە، چونکە سەربازان بە قونداغە تفەنگ دایاندەپلۆسین.. گەلێکیان برینداربوون و بوورانەوە... هەندێکشیان لێوەبوون و سەری خۆیان هەڵگرت[١٧٠].

لە رۆژی ٢٢ی ئۆگۆستی ١٨٧٧ رۆژنامەی تایمزی بەریتانی دەنووسێت:

"رەوشی ناوچە ئەرمەن نشینەکانی کە سەربازانی سوپای ئیسلام پاشا حوکمی دەکەن هەتا دوا رادە کارەساتبار و دڵتەزێنە. ١٢٢ گوندی دۆڵی ئەلەشکێرت کە هەمووی ئەرمەنن بە یەکجاری کاولکراون. تەنها ٩ گوند بە سەلامەت دەرچوون. دانیشتوانی مەسیحی ئەم گوندانە بە کۆمەڵ کوژراون. هەندێك لە گوندەکان بە یەکجاری ئاگریان تێ بەردراوە. ئەم حاڵەتە هەندێك گوندی ئەرمەن نشینی قەزای موشیشی گرتۆتەوە و کەللەی دانیشتوانییان بە شمشێر پەڕاندووە. ئەم کوشتارە گوندەکانی شاری بایەزیدیشی گرتۆتەوە و خەڵکەکەی کوشتارکراوە. بەو پەڕی بێ رەحمی ژنان و منداڵاّن و پیاوانی گوندەگانیان کوشتووە.. ".

بەم جۆرە سوڵتان عەبدوحەمید نەك گوێی بە بەڵێنەکانی پەیمانەکانی نەداو رەوشی ئەرمەنی نەگۆڕی، بەڵکو دەستی بە پرۆسەیەك کرد کە دواتر و لە قۆناغەکانی دیکەدا قڕان و بڕانەوەی ئەرمەنی لێ کەوتەوە. لە ئەرمەنستانی رۆژئاوا سوڵتان عەبدولحەمید

[١٧٠] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ل٢٢.

لـه شـەڕەكانی باڵكـان ئـەزمونی وەرگرتبـوو سـەبارەت بـە ویلایەتـەكانی رۆژهـەڵاتی ئیمپراتۆرییەكەی دەمارگرژی ئـاینی بـەكارهێناو كـورد و ئەرمـەنی كـرد بـە گژیەكـدا (توین بی ص٢٠). ئەوەی جەسارەتی بە سوڵتان دا هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپایی بـوو. چەند مانگێك دوای مۆركردنی پەیمانی سـان سـیتفانۆ، بریتانیـا، نەمـسا، هـەنگاریا و ئەڵمانیا ئەم پەیمانەیان دایە كۆنگرەی هێزە ئەوروپاییەكان بۆ ئـەوەی پێیدابـچنەوە. لـە كۆنگرەی بەرلیندا بەڵێنەكانی سەبارەت بە چاكسازی لە ئەرمەنستاندا كـە لـە مـادەی ١٦دا ئاماژەی پێكرابوو، لە مادەی ٦١ ی پەیمانی بەرلیندا گۆڕانی بەسەردا هات و لە ١٣ی جولای ١٨٧٨ بە شێوەیەك دارێژرایەوە كە زیانی بۆ ئەرمەن هەبوو[١٧١].

بەر لەوەی كۆنگرەی بـەرلین كۆتـایی پـێ بێـت، بریتانیـا و عوسمـانی بـە نهێنـی چـەند دانیشتنێكیان لە قوبرس بەڕێوەبرد (جونی ١٨٧٨). لە ناكاو بڕیارەكانی ئەم كۆنگرەیە راگەیەنران. لەم كۆنگرەیەدا دەوڵەتی ئالی عوسمانی بەڵێنی بـە بریتانیـا دابـوو كـە لـە ئـەرمینیا چاكـسازی پێویـست ئـەنجام دەدات. لەسـەروبەندی بەڕێوەچـوونی ئـەم كۆنگرەیەدا، كوردەكان كەڵكیان لەو هەلە وەرگرت كە سوپای رووس ئەرمەنستانی چۆڵ دەكرد و گوندە ئەرمەنەكانیان تالانكرد و لە گەلێك شوێن نیشتەجێ بوون. كوردەكان و سیركاسییانەكان ئەمن و ئاسایشیان تێكدابوو كەشێكی بێ یاساییان خولقانـدبوو. ئـەم حاڵەتە ترسناكە هەزاران ئەرمەن ناچاركرد كە بەرەو رووسیا كۆچ بكەن[١٧٢]. بەم جـۆرە ئەرمـەنـەكان تێگەیـشتن بـەڵێنی چاكـسازی درۆ بـووە و ئەورپاییـەكان ئەرمەنـەكانیان پشتگوێ خستووە.

لە پەیمانی بەرلیندا ئاوا ئاماژە بە پرسی ئەرمەن كرابوو:

"بابی عالی دەبێ بێ دواكەوتن لە ویلایەتە ئەرمەنەكاندا بە گـوێرەی پێویـستییەكانی ناوچەكە هەندێك چاكسازی ئەنجام بدات و ئەمنی ئەرمەنەكان دابین بكـات و سـەبارەت بـە هەوڵـەكانی راپـۆرت بداتـەوە بـە دەوڵەتـە بەشـداربووەكانی كـۆنگرەی بـەرلین كـە چاودێریی پەیمانەكە دەكەن".

---

[١٧١] د. الكساندر پادماگریان، گیو اقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنه، انشارات یاد، تهران ١٣٥٢ ص٦٨.

[١٧٢] هەمان سەرچاوە ل٦٨.

پەیمانی سان ستیفانۆ پرسی ئەرمەنی خستبووە دەست دەوڵەتی رووس و عوسمانی. بەلاّم پەیمانی بەرلین ئەم پرسەی خستبووە دەست ٦ دەوڵەتی ئەوروپایی. لەوە بە دوا پرسی ئەرمەن لە گەلێك نێوەندی ناونەتەوەییدا باسکراو بووە گەمەیەکی دیپلۆماتی ولاّتە گەورەکان. بریتانیا، ئەڵمانیا و نەمسا بە راشکاوانە دژی چارەسەرکردنی دادگەرانەی ئەم پرسەبوون و سەرەنجام ئەم گەمە گەورەیە کارەساتی تراژیکی بەدوادا هات.

سوڵتان عەبدولحەمید کە بە سوڵتانی سوور ناوبانگی دەرکردبوو، دوای ئەم رووداوانە سیاسەتێکی توندوتیژی لە دژی ئەرمەن پەیڕەوکرد. بێگومان بریتانیا لە پەڵاویشتنی رووسیاو گەورەبوونی دەترسا، بۆیە بە نهێنی پشتی عوسمانیی دەگرت نەبادا رووسیا دەست بەسەر تەنگاوە گرنگەکاندا بگرێت. باجی ئەمەش بە پلەی یەکەم پرسی ئەرمینیای رۆژئاوابوو. لە بەرامبەردا دوورگەی قوبرسی لە تورکەکان وەرگرت. بریتانیا توانی قەیسەری رووس ئیقناع بکات و بەندەکانی پەیمانەکە کەم بکاتەوە. سوڵتان کەڵکی لە پەیمانی بەرلین وەرگرت و لە بەرامبەر داواکاری ئەرمەنەکاندا زنجیرە کوشتوبڕی ساڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٦ی بەڕێوەبرد(١٧٣).

لە ساڵی ١٨٨٠ وە دوژمنایەتیی سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ ئەرمەن گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. قوتابخانەکانی ئەرمەن داخران. رۆژنامەکانی ئەرمەن قەدەغەکران(١٧٤). رووناکبیر، نووسەر و بیرمەندانی ئەرمەن لە پەستا ئاخنرانە زیندانەکانەوە. گوشار لەسەر گوندنشینەکانی ئەرمەن زیادیکرد. وردە - وردە لە نێوەندە سیاسییەکانی عوسمانیدا چپەوسرتەیەك دەستی پێکردبوو کە دەبێ پرسی ئەرمەن بە سڕینەوەی فیزیکی چارەسەر بکرێت(١٧٥).

لە لایەنی بزاڤی رزگاری ئەرمەنستانیشەوە چالاکیی شۆڕشگێڕانە دەستی پێ کرد و پارت و گرووپی سیاسیی شۆڕشگێڕ سەریانهەڵدا. لە ساڵی ١٨٨٥ هەندێك لە شۆڕشگێڕانی ئەرمەن لە شاری وان پارتی "ئارمناگان"یان دامەزراند و مگردچ

---

(١٧٣) نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٨٤.

(١٧٤) یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٢٥.

(١٧٥) نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٨٤.

پۆرتەکالیان پێشەوایی دەکرد. ئارمناگان وەك پارتێکی راست دەناسرا. لە ساڵی ١٨٨٧ لە جنێڤ لە لایەن ئەو خوێندکارە ئەرمەنانەی لە فرەنسا خوێندنیان تەواوکردبوو، پارتی هنچاکیان دامەزرا.

ئەم پارتە لە لایەن ئەرمەنەکانی رووسیاوە دامەزرا و سەر بە سۆسیال دیموکراتە. لە ساڵی ١٨٩٤ ئەرمەنەکانی رووسیا لە شاری تفلیس فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕانی ئەرمەن (تاشناکسوتیون) بنیاتدەنێن کە بە تاشناك دەناسرێت. ( Turkyede siyasal partiler. S13.14.15) هەر لەم سەروبەندەدا سوڵتان عەبدولحەمید بۆ ئەوەی بەرنامەکانی پیادە بکات و پرسی ئەرمەن کۆتایی پێ بهێنێ سوپایەکی نوێی پێکەوەنا بە ناوی "حەمیدییە ئالایی لاری" واتە سوارەی حەمیدییە و کوشتارو سەرکوتکردنی ئەرمەنانی بەم سوپایە سپارد. سوارەی حەمیدییە لە خێڵە کوردەکان و چەکدارانی چەرکەزو ئالبان پێك دەهات. دەسەڵاتێکی زۆر درابوو بە سالار و سەرکردەکانی ئەم سوپایە.

لە یەکەم هەنگاودا بابی عالی بڕیاریدا پرسی خەڵکی ساسۆن یەکلایی بکاتەوە کە یەکێك لە ناوەندە سەرەکییەکانی بزاڤی ئەرمەن بوو. لە ساڵی ١٨٩٣ سوارەی حەمیدییە و چەکدارە خێڵەکییەکان هێرشیان کردە سەر خەڵکی ساسۆن. بەڵام کاتێك رووبەڕووی خۆڕاگریی خەڵکی ئەرمەن بوونەوە، کشانەوە. لە هاوینی ١٨٩٤ لەشکری چوارەمی عوسمانی بە فەرماندەیی زەکی پاشا لەگەڵ سوارەی حەمیدییە کە ژمارەیان دەگەیشتە ٤٠ هەزار کەس، پەلاماری ساسۆنیان دا. لەم پەلامارەدا توانییان بەرخۆدانی ئەرمەنەکان تێك بشکێنن و نزیکەی ١٠ هەزار کەس لە ئەرمەنەکانیان کوشت و ماڵ و سامانەکانیشیان بە تالان برد[١٧٦]. بەشێك لە کوردەکان کە لە سوارەی حەمیدییەدا نەبوون، پشتیوانییان لە ئەرمەنە لێقەوماوەکان کرد. گەلێك لەم کوردانە دووچاری هەمان چارەنووسی ئەرمەنەکان بوونەوە. (علاقة الاکراد بمذابح الأرمن ص١٦). سوڵتان عەبدولحەمید وەکو بولگاریای دووەم سەیری ئەرمینیای دەکرد و دەیویست بە یەکجاری قەلاچۆیان بکات.

---

[١٧٦] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص ٨٥. لەگەڵ (محمد خلیل امیر، علامة الأکراد بمذابح الأرمن، ص١٦)

لەگەڵ ئەم کوشتوبڕەدا سیاسەتێکی دیکەشی دەست پێکرد و خێڵە کوردەکانی لە ئەرمینیا نیشتەجێ دەکرد[١٧٧]. ئەرمەنەکان لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەدا وەستانەوە. ئەمەش وای لە دەوڵەتانی رۆژئاوا بە تایبەت بریتانیا کرد کە داوا لە عوسمانی بکەن کۆمیسیۆن پێك بهێنرێ بۆ ئەوەی لەم رووداوانە بکۆڵێتەوە. ئەمەو کوشتاری خەڵکی ساسۆن دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لە نێوەندەکانی جیهاندا. بۆیە بە هەماهەنگی بریتانیا، فرەنسا و رووسیا "کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە" پێکهات و لە جانیوەری ١٨٩٥ وە کارەکەی خۆی دەست پێکرد. ئەم کۆمیسیۆنە دوای ٦ مانگ لێکۆڵینەوە رایگەیاند کە کوشتارێکی بەربلاو لە ساسۆن روویداوە و گەورە و بچووك کوژراون. بەم جۆرە جارێکی تر پرسی ئەرمەن لە نێوەندە جیهانییەکاندا کەوتەوە روو داواکرا لەم هەرێمەدا چاکسازی بکرێت[١٧٨].

لە مانگی مای ١٨٩٥ بالوێزانی بریتانیا، فرەنساو رووسیا لە ئەستەنبوڵ پرۆگرامی چاکسازیی ئەرمینیای رۆژئاوایان ئامادەکرد و پێشکەشی سوڵتان عەبدولحەمیدیان کرد. ئەم پرۆژەیە بە "ریفۆرمەکانی مانگی مای" ناوبانگی دەرکردووە. سەرەڕای ئەمە، ئەم ریفۆرمانەش بێ ئەنجام بوون، چونکە سوڵتان عەبدولحەمید فرتوفێڵی دیپلۆماسی ئەوروپاییەکانی دەناسی. بە رواڵەت ئەم ریفۆرمانەی پەسەند کرد، بەڵام بە پەنهانی خۆی ئامادە دەکرد بەرنامەکانی جێبەجێ بکات.

ریفۆرمەکانی مانگی مای کە کۆمیسیۆنی وڵاتە ئەوروپاییەکان ئامادەیان کردبوو بریتیبوون لە:

١-دەبێ دەستبەجێ ئەو حوکمە سیاسییانەی کە دژی ئەرمەن دەرکراون بووەستێنرێن و لێخۆشبوونیان بۆ دەربکرێت.

٢-ئاوارەو دەرکراو و دوورخراوەکان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

٣-زیندانی و گیراوەکان بەربدرێن.

---

[١٧٧] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٢٥.

[١٧٨] هەمان سەرچاوە ل٢٥.

٤-لیژنەیەکی هەمیشەیی بۆ چاودێرییکردنی چاکسازییەکان پێك بهێنرێت کە بارەگاکەی لە ئەستەنبوڵ بێت[١٧٩].

کاتێك ئەرمەنەکان بێداربوونەوە، تێگەیشتن کە لە خشتە براون. لەم کاتەدا پاتریارکی ئەرمەن و پیاوانی کڵێسا دەستەودامێنی بابی عالی بووبوون و دەپاڕانەوە کە لە ئەرمەن خۆشبن. لە بەرامبەردا وەچەیەکی نوێ پەیدابووبوو ئەقڵیەتێکی نوێی دەگرتەبەرو بانگەوازی بەرخۆدانیان دەکرد. گوندییەکانی ساسۆن بە پیر ئەم بانگەوازەوە چووبوون و خۆیان لە باجی فیۆداڵە تورك و کوردەکان دەبوارد. ئەم خۆبواردنەیان بووە هۆی ئەوەی دەرەبەگە کوردەکان دنەی پاشاکانی عوسمانی بدەن و ئاگری شەڕ هەڵایسێنن. سەرەنجام لە کوشتاری ساسۆندا کە سوپای چوارەمی عوسمانی و یەکینەی سوارەی کوردی لە سوارەی حەمیدییە ئەنجامیان دا، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی لێخۆشبوونیاندا بەرامبەر بە خۆبەدەستەوەدانی بەرگریکەرانی ئەرمەن، کەچی کاتێك کۆسپەکانیان بەلاوەنا، بەزەییان بە تەمەن و ڕەگەزدا نەهاتەوە و گەورەو بچووکیان کوشتن. هەروەها سەدان کەسیان لەدارداو ماڵ ومولکی خەڵکەکەشیان تالانکرد[١٨٠]. لە هەڵمەتەکانی یەکەمدا ٤٠ گوندی ئەرمەنی ساسۆن وێرانکران و ١٠ هەزار کەسیش کوژران.

لە مانگی ئایار-مایۆی ١٨٩٥ دا بریتانیا، فرەنساو رووسیا داوایان لە بابی عالی کرد کە ویلایەتە ئەرمەنەکانی عوسمانی لە چوارچێوەی یەکەیەکی ئیداری تایبەتدا بەڕێوە بچێ و قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکرێتەوە و ئاوارەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و گیراوەکان بەربدرێن و تیپەکانی حەمیدییەش بێ چەك بکرێن. گوشارەکان سوڵتان عەبدولحەمیدیان ناچارکرد بەڵێنی چاکسازی بداتەوە. ئەمە دڵخۆشییەکی زۆری لای ئەرمەنەکانی ئەستەنبوڵ دروستکرد. کاتێك لە ئۆکتۆبەری ١٨٩٥ دا سوڵتان خەریك بوو بەرنامەی چاکسازی تازەی رابگەیەنێ، کوشتاری ئەرمەنەکانی تەرابزون و ئەرمینیای رۆژئاوا هەموولایەکی سەرسام کرد!

---

[١٧٩] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٢٥.

[١٨٠] هەمان سەرچاوە ل٢٧.

له سەپتەمبەری ١٨٩٥ لـە ئەسـتەنبولّی پایتەختـدا ٥ هـەزار ئەرمـەن کوشـتوبڕکران. پاشان کوشتارەکە گوێزرایەوە بۆ شـارەکانی رۆژئـاوای ئەرمەنـستان وەکـو مەرعـەش و دیاربەکر و هتد. تالان و کوشتن و ئەتك کردنی ژنان گەیـشتە ئەوپـەڕی. ئـەو زیانانـەی کە لەم قەتلوعامانەدا کەوتنەوە بە دوومليۆن ليرەی عوسمانی مەزەندە کراون. بـە پێـی ئامارەکانی رووسیا ژمارەی ئـەو مندالآنـەی کـە لـەم جەنگـەدا مـردن یـان لەبارچـوون گەیشتۆتە ٥٠ هـەزار کـەس[١٨١]. سـولّتان بـە داخ لـە دلّییـەکی زۆرەوە ئەرمەنـەکانی پایتەختی کوشتار کرد، چونکە خۆپیشاندانی ئەرمەنەکانی پایتەخت سـولّتانی قوشـقی کردبوو کە داوایان لـێ دەکـرد ریفۆرمـەکانی مـانگی مـای جێبـەجێ بکـات. لـە١٤ی ئۆگۆسـتی ١٨٩٦ دا ژمارەیـەك گـەنجی چـەکداری ئەرمـەن کـە ئەنـدامی گرووپـی تاشناکسوتیون بـوون، بـە مەبەسـتی راکێـشانی رای گـشتی ئەوروپاییـەکان بـۆ پرسـی ئەرمەن، بانکی ئاتامانی عوسمانیان له ئەستەنبولّ داگیرکرد. تاشناکەکان هیواداربـوون ئەوروپاییـەکان بـە دەنگیانـەوە بـچن و گوشـار بخەنـە سـەر بـابی عـالی هـەتاوەکو چاکسازییەکان ئەنجام بدات.

ژمارەی ئەم گەنجانە ٢٦ کەس بوون و دەرگاکانی بانکیان لە نـاوەوە داخـست. داوایـان کـرد کۆتـایی بـە کوشـتاری ئەرمـەنان بێـت و ریفۆرمـەکان جێبـەجێ بکـرێن. پاشـان هەڕەشەیان کرد ئەگەر بێتوو ئەم خواستانەیان نەهێنرێنە دی ئەوا بانکەکە بە یەکجاری دەتەقێننەوە. بالّوێزانی ئەوروپایی دەستیان بە ناوبژیوانی کرد و بەلّێنیاندا خواستی ئەم لاوانە بێننەدی و داوایان لێ کردن بانکەکە چۆلّ بکەن و لە تورکیـا بـچنە دەرەوە. ئـەم رووداوە بیانووی دایە دەست سولّتان تا بە شێوەی بەربلاّوتر ئەرمـەنان کوشـتار بکـات. فـەرمانی کوشـتنی ٥ هـەزار ئەرمەنەکـەی ئەسـتەنبولّ لـەم رووداوەوە سەرچـاوەی گرت[١٨٢].

لە ئەنجامی کۆمەلّکوژییەکانی سالاّنی ١٨٩٤-١٨٩٦ دا نزیکەی ٣٠٠ هەزار ئەرمەن کوژرانو سەدان شارو گوندو ئاوەدانی ئەرمەن نشین کاولکران. بەکارهێنانی توندوتیـژی لە لایەن سولّتان عەبدولحەمیدەوە بە مەبەستی پاراستنی رەوشی یاسایی و هاوسـەنگی

[١٨١] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٢٧.

[١٨٢] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمه،تهران ١٣٧٦، ص٨٦.

لاوازی بوو لە بەرامبەر پەلاماری دەرەکی و سەرهەڵدانە ناوەکییەکاندا. لەم ماوەیەدا کێشەکان لە نێوان سوڵتان و ژۆن – تورکەکاندا سەریهەڵدا. سوڵتان بەم کوشتارانە دەیویست ژێرخانی دەوڵەتەکەی بپارێزێت و بۆ ئەمەش دەیویست لە کوشتاری ئەرمەنەوە دەست پێ بکات[١٨٣]. کوشتاری ٥٠ تاوەکو ٣٠٠ هەزار ئەرمەن زیانێکی گەورەی گەیاندە پێکهاتەی دیموگرافی ئەرمەنان. هەروەها ئەم کوشتارە بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە گوندو شارەکانی ئەرمەن نشین چۆڵ بکرێ و کوردەکان و تورکمانەکان و چەرکەزەکان جێیان بگرنەوە. خاڵێکی گرنگ لەم کۆمەڵکوژییەدا هەیە کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئەویش ئەمەیە:

کوردەکان لە چوارچێوەی سوارەی حەمیدییەدا بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو لە کۆمەڵکوژی و تالان و داگیرکردنی گوندو شارە ئەرمەن نشینەکاندا.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە:

ئایا بەشداری کوردەکان دەچێتە خانەی ئەوەی کوردەکان بە ئیرادەی سیاسی خۆیان ئەم کوشتارەیان ئەنجامدابێت یاخود بەشداری کوردەکان بەشدارییەکی کرێگرتە بووە و لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی کوردەوە بووە! وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێت، لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێین.

(١٨٣) یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٢٨.

## قۆناغی دووەم

## ئیتیحادو تەرەقی و جینۆسایدی ئەرمەن

سولّتان عەبدولحەمید نەیتوانی هاوسەنگییە کۆنەکان بپارێزێت. لە لایەکی دیکەشەوە چیتر نەتەوە بندەستەکانی عوسمانی بڕوایان بە بەڵێنی چاکسازییەکانی سولّتان نەمابوو، چونکە چەندی دەچوو، ئەم بەرنامانە وەك حیبری سەر کاغەز دەمانەوە و گەرەنتی جێبەجێکردنیان نەبوو. سەرەنجام لەژێر گوشاری هێزە نیشتمانییەکان و بە تایبەت تورکە لاوەکاندا، سولّتان عەبدولحەمید ناچار بوو لە ساڵی ١٩٠٨ دا دەستووری عوسمانی رابگەیەنیت. ئەم هەواڵە دڵخۆشییەکی لای هەمووان دروستکرد و شۆڕشگێڕانی دوورخراوەی عەرەب، ئەرمەن و کوردی راکێشایەوە بەرەو ئەستەنبوڵ. پۆل - پۆل لە جنێڤ و پاریس و لەندەن هاتنەوە بۆ ئەستەنبوڵ. ئەم دەستوورە وادەی یەکسانی مافەکانی هەموو گەلانی دابوو بێ جیاوازی دین، نەژاد و رەگەز[١٨٤].

سولّتان هەوڵیدا لە ویلایەتەکاندا وای بلاّوبکاتەوە گوایە تورکە لاوەکان دەیانەوێ دەزگای خەلافەت هەڵدێرێنن. مەبەستی ئەوەبوو حوکمی دیکتاتۆریی پێشووی بگێڕێتەوە. لە چوارچێوەی ئەم هەوڵە نوێیەیدا کارەساتێکی نوێی لە دژی ئەرمەنەکانی کیلیکیە قەوماند کە کوژرانی ٣٠ هەزار ئەرمەنی لێکەوتەوە. ئەم کارەساتە درێژەی هەبوو، هەتا ئەو کاتەی تورکە لاوەکان کۆدەتایان کرد و حوکمیان لە سولّتان وەرگرتەوە و نەفیان کرد.

ئیتیحادو تەرەقی لە سەرەتادا بۆ ئەوەی پشتیوانی خەڵك بەدەست بهێنێ، مانۆڕی شۆڕشگێڕانەی دەدا و بانگەشەی دەکرد کە خوازیاری سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی هەموو نەتەوە غەیرە تورکەکانە. لەبەرئەمە گەلێك لە پارت و رێکخراوە ئەرمەنییەکان پشتیوانییان لەم گرووپە کرد. بەلاّم زۆری نەخایاند کە تورکە لاوەکان دەمامکیان لە دەموچاویان لابرد و رووخساری راستەقینەی خۆیان دەرخست. ئینجا دەرکەوت دوژمنایەتیی ئەم گرووپە رەگەزپەرستە لەگەڵ نەتەوە غەیرە تورکەکان لە دوژمنایەتیی سولّتان توندترە[١٨٥].

---

[١٨٤] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٢٨.

[١٨٥] هەمان سەرچاوە ل٢٥ و ارنولد توین بی، کشتاریك ملت، ترجمەی محمد فاضل ملك نیا، انتشارات پرسش، اصفهان ١٣٧٤.

بێگومان لە مانگی ئێپریل و مایۆی ١٩٠٩ دا تورکە لاوەکان رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە کوشتارەکانی کیلیکیە کە کوژرانی ٣٠ هەزار ئەرمەنی لێکەوتەوە. تورکە لاوەکان دەیانەویست لە چوارچێوەی پان-تۆرانیزمدا یەکپارچەیی تورکەکانی ئاسیای بچووك، قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست بەدی بهێنن. ئەمانە هەوڵیان دەدا سلاڤ، کورد، ئەرمەن، جو، یۆنانی و عەرەبەکان لە بوتەی نەتەوەی یەکپارچەی تورکدا بتوێننەوە و یەکسانسازییەکی ئەتنی و رەگەزی بهێننە ئاراوە. بێگومان لە دەستدانی رۆمانیاو یۆنان بۆ ئیتیحادوتەرەقی زۆر گرنگ نەبوو، چونکە تورکەکان لەوێ کەمینە بوون و ئەو سەرزەمینانەش لە کەناری عوسمانی بوون نەك لە ناوەند. بەلاّم پرسی ئەرمەن و کوردیان لاگرنگ بوو، چونکە سەرزەمینەکانی ئەم دووپێکهاتەیە دەکەوتنە چەقی ئیمپراتۆرییەکە و لە دەستدانیان کارەساتی لێ دەکەوتەوە.

لە ساڵی ١٩٠٢ دا یەکەم کۆنگرەی عوسمانییە ئازادیخوازەکان بەستراو بیرمەندانی تورك، ئەرمەن، عەرەب، یۆنانی و ئەلبان بەشدارییان تێداکرد. لەم کۆنگرەیەدا بڕیاردرابوو کە چاکسازییەکان جێبەجێ بکرێن و یەکسانی بهێننە ئاراوە و حکومەتێکی پارلەمانی دابمەزرێنن. رووداوەکانی دوایی ئاراستەی گۆڕانکارییەکانی گۆڕی و رەگەزپەرستی تورکە لاوەکان، رووی سوڵتان عەبدولحەمیدی سپی کرد. بێگومان ئەرمەنەکان بە تەواوەتی پشتیوانیی تورکە لاوەکانیان کرد. دواتر کاتێك زانرا تورکە لاوەکان دەیانەوێ ئیمپراتۆرییەکی تۆرانی دابمەزرێنن، ئەوجا لەگەڵ عەرەبەکان و هەندێك لە کوردەکان پەنایان بردەوە بۆ ئەوروپاییەکان و داوای چاکسازییان لێکردن.

پێشتر ئەڵمانیا ئیمتیازی هێڵی شەمەندەفەری بەرلین — بەغدای لە عوسمانی وەرگرتبوو، تورکە لاوەکان درێژەیان پێداو دەیانەویست قۆنیەو بەغدا و پاشان کەنداو - تورکیا و بەگشتی لە بەرلین تا بەغداد پێکەوە ببەستنەوە. لە ساڵی ١٩١١ دا رووسیا رایگەیاند کە لاری نییە لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە. دواتر بریتانیا و فەرەنساش هەڵوێستی هاوشێوەیان دەربڕی. دیارە ئەم ولاّتانە دەیانویست لە بەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە (عوسمانی) هەرکامەو بەشی خۆی بەرکەوێت. لەم میانەدا هەڵوێستی بریتانیا، فەرەنساو رووسیا پتر لێك نزیك دەبۆوە. دواتر هەرسێ لایەنی ناوبراو لەسەر دابەشکردنی ئاسیای بچووك پەیمانێکی نهێنییان مۆرکرد. ئەم رووداوە کاریگەریی کردە سەر پرسی گەلی ئەرمەن(١٨٦).

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ئەرمینیا لە نێوان رووسیاو عوسمانیدا دابەشکرابوو. بێگومان ئەم دیاردەیە دەبووە هۆی ئەوەی هەردوو ولاّت دوو سیاسەتی جیاوازیان هەبێت سەبارەت بە

(١٨٦) یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٣٤.

گەلی ئەرمەن. ئەرمەنەکان و پارتە سیاسییەکانیان ژێربەژێر لەگەڵ رووسەکان رێك دەکەون. ئەرمەنەکانی رووس بەشێکی زۆریان لەگەڵ سوپای رووس هاوکاریی دەکەنو لە بەرەی قەفقازدا واتە بەرەی باکووری رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی رۆڵی سەرەکی دەگێڕن. (د. ئەفراسیاو هەورامی، کورد لە ئەرشیفی رووسیاو سۆڤێتیدا، ل٢٠-٢١) . ئەرمەنەکان باش لەم راستییە گەیشتبوون و لە تەموزی ١٩١٤ کۆنگرەی ئەرزرۆمیان بەڕێوەبردو هەوڵیان دا ئەمە چارەسەر بکەن. بڕیاریاندا لە کاتی جەنگدا، ئەرمەنەکانی هەر وڵات پابەند بە وڵاتی خۆی بێت بۆ ئەوەی لە کوشتار بپارێزرێن. ئەمەش چەند هەفتەیەك بەر لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم هاتە ئاراوە. تورکەکان شاندێکیان ناردە لای کۆنگرەی ئەرمەن و داوایان لێکردن لە جەنگی دژە رووسدا بەشداربن و وەکو فیدایی بچنە بەرەکانی قەفقازەوە. لە بەرامبەردا دوای شەڕ تورکەکان وادەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دایە ئەرمەن. ئەمە لە بەڵێن زیاتر لە بیانوو دەچوو!

لە ساڵی ١٩١٢ دا جەنگی نێوان وڵاتانی باڵکان و عوسمانی هەڵایساو عوسمانی شکستی خوارد. وڵاتە ئەوروپاییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان لەم شەڕەدا بەشداربوون و لە دژی تورکیا هەڵوێستیان وەرگرت. شکستهێنانی تورکیا بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە "پرسی ئەرمەن" لە نێوەندە سیاسییەکانی جیهاندا بکەوێتەوە ڕوو.

رووسیا لەم ساڵانەدا دەیویست پێگەی خۆی لە رۆژهەڵات بەهێزبکات، بۆیە خۆی کردە پشتیوانی ئەرمەنان و لەجونی ١٩١٣ دا بەرنامەیەکی پێشکەش کرد کە شەش ویلایەتی ئەرمەن نشینی ئەرزرۆم، وان، بتلیس، دیاربەکر، خارپوت و سیواس بخرێنە سەر یەك و بەڕێوەبردنیشی بدرێتە دەست ژەنەراڵ یاخود پارێزگارێکی مەسیحی کە لە لایەن تورکیاو بە پشتیوانی وڵاتانی ئەوروپایی هەڵبژێردرێت. تورکیاو پشتیوانەکەی واتە ئەڵمانیا بە توندی ئەم پێشنیارەیان رەتکردەوە. ئەڵمانیا دەیویست تورکیای هاوپەیمانی بپارێزێ، بۆیە دژایەتیی مافی ئەرمەنەکانی دەکرد.

سەرەنجام لە رۆژی ٢٦ی جانیوەری ١٩١٤ دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە نێوان رووسیا و تورکیا رێککەوتننامەیەك ئیمزاکرا بۆ ئەوەی رەوشی ئەرمەنەکان چاك بکرێت و هەندێك گۆڕانی ئیداری — کۆمەڵایەتیی بێنە ئاراوە بۆ ئەوەی مافەکانی ئەرمەن دابین بکرێن. بەڵام لە هاوینی ١٩١٤ دا جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرساو تورکیا ئەم پەیمانەی هەڵوەشاندەوە

و هەر لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی ئەم جەنگەوە تورکە لاوەکان بەرنامەی کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنییان ئامادەکرد[١٨٧].

## ◆ جینۆسایدی خەڵکی ئەرمینیای ڕۆژئاوا (١٩١٤-١٩١٦):

ساڵی یەکەمی جەنگی یەکەمی جیهانی گەلی ئەرمەن گەورەترین تراژیدیای مرۆیی بە خۆیەوە بینی و گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی ئەم گەلەدا هاتەکایەوە. لەم ساڵانەدا گەلی ئەرمەن ڕووبەڕووی پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی بۆوە و کۆمەڵکوژییەکی لەسەر پەیڕەوکرا کە مرۆڤایەتی کەمتر وێنەی بە خۆیەوە دیوە. چەند هەفتەیەك بەر لە شەڕ گرووپی تاشناکسوتیونی ئەرمەن (فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕی گەلی ئەرمەن) لە ئەرزرۆم کۆنگرەی خۆی بەست. لەو کۆنگرەیەدا تاوتوێی حاڵەتی بەر لە شەڕیان کرد و بە پێی بارودۆخی شەڕ پێگەو هەڵوێستی گەلی ئەرمەنییان هەڵسەنگاند. ڕووسەکان ئومێدیان دابوو بە هەندێك لە ئەرمەنەکان کە دوای شەڕ یارمەتی ئەرمەنەکان دەدەن بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمینیا.(ئەفراسیاو هەورامی، کورد لە ئەرشیفی ڕووسیاو سۆڤێتیدا ل١٨-٤٠). هەندێکی دیکەشیان هێشتا چاوەڕوانی دەرەنجامەکانیان دەکرد و نیگەران بوون لەوەی ڕووبەڕووی کوشتاری بە کۆمەڵ ببنەوە[١٨٨]. لەم سەروبەندەدا ژۆن-تورکەکان داوایان لە تاشناك کرد کە یارمەتی ئۆردووی تورك بدەن و بانگەواز بکەن بۆ ئەرمەنەکان کە لە بەرەی قەفقازدا ڕاپەڕنو پشتیوانی لە ئۆردووی تورك بکەن. بەڵام گرووپی تاشناکسوتیون ئەم داوایەی ژۆن = تورکەکانی ڕەتکردەوە. دیارە سەرانی ئیتیحادو تەرەقی خۆیان لە بیانوو دەگەڕان و ئەم هەڵوێستەی تاشناك و سەرانی ئەرمەن پەڵپ و بەهانەی پێ خۆشکردن.

هاوکات لە بەرەی قەفقاز هەندێك لە ئەرمەنەکان لە ئۆردووی ڕووسدا پۆستی باڵایان وەرگرتبوو سوپاسالاری ئۆردووی ڕووس بوون. ئەرمەنەکانی بەری قەفقازیش ئومێدێکی زۆریان بە ئۆردووی ڕووس هەبوو هێزە ئەرمەنەکانی سەر بە سوپای ڕووس ڕۆڵی چالاکانەیان لە شەڕەکانی بەرەی قەفقازدا دەگێڕا. ئەمانە ناوچەکانیان دەناسی.

---

[١٨٧] نوری زادە، احمد، تاریخ و فرهنگ ارمنستان، نشر چشمە،تهران ١٣٧٦، ص٨٨.

[١٨٨] د. الکساندر پادماگریان، گیو اقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنە، انتشارات فرهنگی پاد، تهران ١٣٥٢.

هەروەها لەم شەڕانەدا دەستێکی باڵایان هەبوو لە کوشتاری کوردەکان و چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکاندا. ئەمە وای لە سەرانی ئیتیحادو تەرەقی گەیاندبوو، گۆیا ئەرمەن پشتگیری سوپای رووس دەکەن. لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی رووسەکان بەیاننامەیەکیان بلاّوکردەوە و تێیدا داوایان لەگەلی ئەرمەن کردبوو کە لە دژی ئۆردووی تورك راپەڕن و پشتیوانی لە سوپای رووس بکەن[١٨٩]. لەم بەیانەدا رووسەکان بەڵێنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بە ئەرمەن دابوو. ئەمەو ژۆن-تورکەکانیش ئەو دەمەی داوایان لە تاشناك کرد لە بەرەی قەفقاز لە دژی رووس بجەنگن، بەڵێنیان دابوو دوای جەنگ، مافە نەتەوەییەکانی گەلی ئەرمەن دەستەبەر بکەن. هەردوولا دەیانەویست گەلی ئەرمەن لە جەنگدا بە لای خۆیاندا راکێشن. دیارە لێرەدا خودی رابەرانی سیاسی ئەرمەنیش خواست و بەرژەوەندی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەلاّم هاتنی رووسەکان زیاتر ئومێدەواری کردن.

دوای جەنگەکانی باڵکان ولاّتە ئەوروپاییەکان (رووسیا، ئینگلتەرە و فرەنسا) پرۆژەیەکیان دابوو بە تورکیا بۆ ئەوەی لەمەڕ پرسی ئەرمەن چاکسازی بکات لە ترابزۆن و ٦ ویلایەتەکەی وان، دیاربەکر، بتلیس، ئەرزرۆم، سیواس و خارپوت، دوو هەرێمی ئیداری ئەرمەن نشین دروست بکات کە ئوتۆنۆم بن و لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە پشتیوانی بکرێت. ئامادەکارییەکان کران و تورکیاش بەڵێنی ئەم چاکسازییەیدا بەلاّم وا پێدەچوو دانوستانەکان پتر بۆ وەدەستهێنانی کات بێ تاکو چاکسازی.

لە هاوینی ١٩١٤ دا ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی هەلاّیساو رەوتی چاکسازی گۆڕی و نائومێدییەکی زۆری لای سەرکردەکانی ئەرمەن دروستکرد. ئەرمەنەکان لەم جەنگە دەترسان و بۆیان گرنگ بوو تورکیا لایەنی کام بەرە دەگرێت. پاشان سیناریۆی پاش جەنگیش بۆ ئەوان گرنگ بوو. نەیاندەزانی کێ سەردەکەوێ و پێویستە ئەرمەن لایەنی کام لا بگرێت هەتاوەکو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەستەبەر ببێت. لە ئۆگۆستی

---

[١٨٩] هەمان سەرچاوەو ارنولد توین بی، کشتاریك ملت، ترجمەی محمد فاضل ملك نیا، انتشارات پرسش، اصفهان ١٣٧٤. لەگەڵ (د. ئەفراسیاو هەورامی، کورد لە ئەرشیفی روسیاو سۆڤێتیدا، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧، ل٢٠-٤٠

١٩١٤ دا عوسمانی ژێربەژێر لەگەڵ ئەڵمانیا ڕێککەوت و پەیمانی مۆرکرد. تورکە لاوەکان ئومێدی ئەوەیان هەبوو بە هاریکاریی ئەڵمانیای زلهێز بتوانن خەونی تۆرانیزم بەدی بهێنن کە لە تورکیاوە دەستی پێدەکرد و قەفقازی دەگرتەوە و دەگەیشتە ئاسیای ناوەڕاست. لەم کاتەدا ئەنوەرپاشا وەزیری جەنگ، تەلعەت پاشا وەزیری ناوخۆ و جەمال پاشا سوپاسالاری قوستەنتەنییە، پێکەوە سێکوچکەی دەسەلاتی ئیتیحادو تەرەقییان پێکهێنابوو. لە شەوی ٢٤/٢٣ ی ئێپریلی ١٩١٤ حکومەتی عوسمانی پیاوانی ئاینی و روناکبیر و بیرمەندانی ئەرمەنی رەشبگیر کرد و رایگواستنەوە بۆ ئەنادۆڵی ناوەڕاست و لە ناوەڕاستی بیابان لە سوڵتانیە کۆیکردنەوە. پاشان لە مانگی مایۆی هەمان ساڵ تێکڕای کوشتن. تەلعەت پاشای وەزیری ناوخۆ رایگەیاند کە متمانە بە ئەرمەن ناکرێ و لەوانەیە یارمەتی ئۆردووی دوژمن بدەن و لە پشتەوە خەنجەرمان لێدەن. ئەمانە لە ولاتێکدا دەژین کە لە بەردەم تەقینەوەی قەومی و ئاژاوەی تایفیدایە. بۆیە فەرمانیدا بە راگواستنەوەی ئەرمەن لە زێدو نیشتمانیان بەرەو بیابانەکانی سوریا و دەشتەکانی میزۆپۆتامیا و بەرەو حەلەب و دێرەزۆر راپێچی کردن[١٩٠]. ئەنوەرپاشا لە وەلامی د. جۆهانس لیسیۆسی ئەڵمانیدا کە هەوڵی ناوبژیوانی دەداو دەیویست سەرکردەکانی تورکیا لە کوشتارو راگواستنەوەی ئەرمەن پەشیمان بکاتەوە گوتی: "لەوەتی من و هاوەڵەکانم حوکممان بە دەستەوە گرتووە، چیمان لە دەست هاتووە کردوومانە بۆ ئەوەی ئەرمەن مافەکانیان وەربگرن. ئێمە دەمانەوێ دادگەری رەها پیادەبکەین. بە داخەوە هاوڕێیانی ئەرمەنت لێمان یاخی بوون و دوژمنایەتییان کردین. سەرەتا بەلێنیاندا کە راستگۆبن لەگەڵمان، کەچی بەشەو و رۆژ پەیمانەکەی خۆیان شکاند. چەندی هەوڵماندا نەکرا. گوتمان گەلی تورک بالادەستە و کەس ناتوانێ هیچی پێبکات، وانییە؟ کە جەنگ دەستی پێکرد، دەستیان بە خیانەت کرد، لە ئوردو رایانکرد پاشان بە رەسمی یاخی بوونی خۆیان راگەیاند. ئێمەش ناچاربووین پێش بەم تاوانانە بگرین و ئیجرائاتی پێویست بکەین"[١٩١].

---

[١٩٠] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص٣٦ و ارنولد توین بی، کشتاریك ملت، ترجمەی محمد فاضل ملك نیا، انتشارات پرسش، اصفهان ١٣٧٤، ص ٢٠-٥٩-٦٠.

[١٩١] هەمان سەرچاوە ل ٣٨.

د. لیسیۆس لێیدەپرسێ:
ئایا دڵنیایت خیانەتیان کردووە؟ سەرکوتی خیانەت دیاردەیەکی یاساییە؟.. پاشان پێی دەڵێ ئیمپراتۆریای عوسمانی بێ ئەرمەن لە رووی ئابوورییەوە تێکدەچێ، چونکە هەموو ئابووری و پیشەوەری و هەناردەکاری ٩٠٪ی بە دەست ئەرمەنە. ئەرمەن لە ئەوروپا چەندین کۆمپانیاو کارخانەیان هەیەو خێروبێریان بۆتان دەبێت و کشتوکاڵی تورکیا مۆدێرن دەکەن..

ئەنوەرپاشا بە گوێیدا ناچێ و پلانەکەی خۆی دەباتە سەرو هەوڵ دەدا تۆوی گەلی ئەرمەن لە تورکیا ببڕێتەوە. ئەم پلانە لە لایەن ئەنوەر پاشا، تەلعەت پاشا، جەمال پاشا، د. نازم پاشاو د. بەهائەدین پاشاو عەزیز بەگ و عاتف رەزا بەگەوە کە هەموویان سەرکردەی ئیتیحادو تەرەقی بوون، رێکخراو ئاوا پۆلێن کرابوو[١٩٢]:

١-گواستنەوەی لاوانی ئەرمەن لە شارو گوندەکانیان و بردنیان بۆ ئۆردووگاکانی کار و دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەرو جادەسازی.. بۆ ئەوەی لە زێدیان دووربخرێنەوە.

٢-پەلاماردانی ناوچە ئەرمەن نشینەکان و بێ چەك کردنی پیاوانیان.

٣-راگواستنەوەی کەسانی گومانباریان و ئەوانەی خراپەکارن لە ناوچەکە بۆ شوێنی دیکە.

٤-رەشبگێری نوخبەی رووناکبیر و بیرمەندی ئەرمەن و سەرنگۆن کردنیان بە نهێنی لە لایەن "رێکخستنی تایبەتەوە" کە لەو زیندانییە تاوانبارانە پێکدەهات کە حکومەت بەریدابوون. بۆ نموونە دوو نایبی ئەرمەن گریگۆر زوهراب و وارتاکیس بە دەستی تاوانبارێکی ناسراو (ئەحمەد سەری) کوژران کە پێشتر زەکی پاشای کوشتبوو بێ تۆڵەو قەرەبوو بەریاندابوو.

٥-کوشتنی ئەولاوە ئەرمەنییانەی توانای چەك هەڵگرتنیان هەبوو برابوونە ریزەکانی ئۆردووەوە.

٦-کۆچی زۆرەملێی پیران و پەککەوتووان و ژنان و مندالاّن و دواتر کوشتنیان لە چەم و دەریاچەو دەشتەکاندا.. دواتر ناوی ئەم کوشتارەیان نابوو "رێگەی بەرەو جەهەننەم".!

---

[١٩٢] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٣٨.

٧-تالانکردنی ئەو ماڵ و دارایيانەی ئەرمەنان کە دوای راگواستنيان لێيان بەجێ دەمان وپاشان کاولکردن و سووتاندنی خانووەکانيان.

٨-داگيرکردنی موڵکی ئەرمەنەکان بە پێی ياسايەکی تايبەتی حکومی کە ناويان لێنابوو "ئەملاکی مەتروکە".

٩-فەوتاندن و سڕينەوەی شوێنەوارە مێژووييەکانی شارستانی ئەرمەن و گۆڕينی ناوی شوێن و شارو گوندەکان.. بۆ ئەوەی بە هيچ جۆرێك مۆرکی گەلی ئەرمەنيیان پێوە نەمێنێ و بەم جۆرەش شوێنەوارە مێژوويی و شارستانييەکانی ئەرمەن لە رەگ و ريشەوە هەڵبکەنرێن[١٩٣]..

وەزارەتی ناوخۆ ئەم پلانەی جێبەجێکرد. سەرەتا لە هەموو گوندو شارە ئەرمەنييەکاندا خەڵکيان بانگکرد بۆ دارولحکومە. پاشان راماڵيان دان و کۆمەڵ - کۆمەڵ دەسگيريان کردن. ئەم خەڵکە ئاگايان لە هيچ نەبوو لە زيندانەکان کۆکرانەوە. پاشان لەوێوە دەستە - دەستە لێکيان بڕکردن و ئەوجا بە کۆمەڵ رايانداان بەرەو بيابانەکانی سوريا و عێراق. بەرەو بەغدادو موسڵ دايانماڵين. پياوەکانيان بە گوريس پێکەوە بەستەوە و بێ نان و ئاو بە بيابانەکاندا رايانده‌کێشان. دوای ئەوە دەستە دەستە لە بيابانەکاندا دەيانکوشتن. ئيتيحادو تەرەقی دەمارگرژی موسڵمانەکانی بەکارهێنا، لە کاتێکدا موسڵمانەکان ئەم کردارەيان پەسند نەکرد و مەرامی ئيتيحادييەکان تەنها دەمارگرژی رەگەزی بوو. ئيتيحادييەکان بۆ کۆکردنەوەی ئەرمەنەکان کەڵکيان لە تاوانبارو رێگرە بەردراوەکان وەرگرت. پياوان و لاوەکانيان بە ناوی بانگهێشتی سەربازی کۆکردەوە. ئەوجا ژنان و بەساڵاچوانيان لێ جياکردنەوە. دواتر لەم لاو لەولا پێيان گوترا تاقە رێگای دەربازبوونتان دەستبەرداربوونی دينەکەتانە. گەلێك لە پياوان بۆ رزگارکردنی خێزانەکانيان ئاينی خۆيان گۆڕی.

هەندێك لە منداڵانی ئەرمەنيیان سپاردە خێزانە تورکەکان و دابەشيان کردن. سەرچاوەکان دەگێڕنەوە ئەندامێکی ئيتيحادو تەرەقی ١٠ کچی تازەپێگەيشتوی ئەرمەنی نارد بۆ خانەيەکی فەساد لە ئەستەنبۆڵ (توين بی ص٣٣). بە پێی

---

[١٩٣] يوسف ابراهيم الجهمانی، ترکيا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٣٩. لەگەڵ (ارنولد توين بی، کشتاريك ملت، ترجمەی محمد ملك فاضل نيا، انتشارات پرسش، اصفهان ١٣٧٤، ص٣١).

تەلەگرامێك كە بۆ بۆخارستیان ناردوە دەڵێن چوار شەمەندەفەریان پڕکردووە لە منداڵی هەتیو و دواتر دابەشیانکردوون (توین بی ص٣٣). لە گوندی گەبەن، لە کاتێکدا ژنان لە تەشتەکانیاندا جلیان دەشوشت، یەکسەر پەلاماری گوندەکە دەدەن و ناهێڵن کەس هیچ هەڵبگرێت و هەموویان دەدەنە بەر (توین بی ص٤٠).

لە کاروانەکاندا ژنان منداڵە ساواکانیان فڕێدەدا (توین بی ص٤٠). لە ڕێگاکاندا هەندێك لە کوردان کاروانەکانیان رووت دەکردەوە (توین بی ٥٥). ٤٥٠٠ ئەرمەنییان ناردە سەری کانی (راس العین). لە مەرزەوە ٢٠٠٠یان ناردە دیاربەکر، بتلیس و ماردین و موسڵ. ١٥ هەزاریان بەرەو دێرەزۆر بەرێکرد. (توین بی ص٦٠). لە زۆنگاوەکانی حەلەبدا ئۆردووگایەکیان بۆ کردنەوە. دواتر لە دەوروبەری دێرەزۆردا کۆچەرە عەرەبەکان کاروانەکانیان تالانکرد. (توین بی ص٦٢). تورکان دێری دیوتیکایان داگیرکرد. دوو هەفتە مۆڵەتیان دایە ئەرمەنەکانی ماڵگاراو تورکی سربیایان تێدا جێگیر کرد. (توین بی ص٦٢).

لە کۆکردنەوەی ژنان و منداڵاندا پێیان دەگوتن ئەگەر دوابکەون و نەیەنە ناو کاروانەکانەوە ئەوا دووچاری چارەنووسی پیاوەکانیان دەبنەوە. خۆ ئەگەر نەشکوژرێن ئەوا لە برسان دەمرن. سەرچاوەکان دەڵێن کاروانەکان نزیکەی ٢٠٠-٣٠٠ کاروان دەبوونو کاتێك بە گوندە تورك نشینەکاندا دەربازیان دەکردن، گوندنشینەکان پەلاماریان دەدان و بێڕێزییان پێ دەکردن. ئەوانەی لە کاروانەکان جێدەمان، لە پردەکان فڕێیان دەدانە خوارەوە یاخود لە کێڵگەکاندا دەیانکوشتن. سەرچاوەکان دەڵێن گەلێکیان سووتاندن و پاشان خستیاننە ناو چەمی فوراتەوە.

شاری حەلەب خاڵی پێکگەیشتنی هەموو کاراوانەکان بووە. پاشان لەوێوە دابەشکران بۆ ناوچەکانی دەوروبەری وەکو دێرەزۆر و رەقە. بەم جۆرە ئەرمینیای رۆژئاوا لە ئەرمەن بەتاڵکرا(١٩٤). کیلیکیە یەکەم شوێن بوو کە بەم دەردە برا. تورکە لاوەکان لەماوەی ٦ هەفتەدا ئەرمەنەکانی ئەنادۆڵیان راگواست. ناوچەکانی بتلیس، موش، ساسۆن رانەگوێزرانەوە بەڵکو بە کۆمەڵ لە ناوبران. لە ناوچەکانی باکووری رۆژئاواش لە رێگەکاندا ژنان و منداڵە دوورخراوەکانیان تێکڕا قڕکرد. سەرەڕای ئەم تاوانە گەورە

---

(١٩٤) یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٣٩.

و مرۆییەی رووبەڕووی ئەرمەن کرایەوە، دیسان لە گەلێك شوێندا توانییـان بـەرەنگاری تورکەکان ببنەوە:

**یەکـەم:** لـە ناوچـەی قەرەحەسـار گەنجـەکان یـەك مـانگی رێـك خۆڕاگرییـان نوانـد و گەلێکیان بە چالاکی خۆکوژی وەلاّمی تورکەکانیان دایەوە. (تەموز-یۆلیـۆی ١٩١٥). کەس لەم شەڕگەیە رزگاری نەبوو، چەند ژن و منداڵێکی لێ دەرچێت. گەلێك لە کچان خۆیان ژەهراوی کرد، لە پرد خۆیان هەڵداشت و خۆیان کوشت بۆ ئەوەی نەکەونە دەست تورکە موسڵمانەکان.

**دووەم:** خـۆڕاگریی ئورفـا چـوار مـانگی خایانـد (تـا سـێپتەمبەری ١٩١٥). لێـرە لەبەرئەوەی لە سنووری سوریا نزیك بوو هـەزاران ئەرمـەن خۆیـان رزگـارکرد و پـەنایان بردە دێرەزۆر و رەقە.

**سێیەم:** لە جەبەل موسای سویدا لە نزیـك ئەنتاکیـە، بـەرخۆدان چـل رۆژی خایانـد. ٥ هــەزار کــەس خۆیــان رزگــار کــرد. ئــەم بەرخۆدانــە ویــژدانی نووســەری بــەناوبانگ فرانزڤێرفەلی تەکاندا کە دواتر کتێبێـی "چـل رۆژ لـە جەبـەل موسـا"ی نووسـی و ئـەم بەرخۆدانە دەگێڕێتەوە.

**چوارەم:** لە شاری وان بەرخۆدان لە هەلومـەرجێکی باشـتر بەرێوەچـوو. هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم شارە لە سنوورەکانی ئەرمینیای رۆژهەلاّت نزیکبوو. سوپای رووس و هێزە خۆبەخشەکانی ئەرمەن بەپەلە بەرەنگاری هێزەکانی خەلیل پاشا بوونەوە کە دەیەویست خۆی بگەیەنێتە هێزەکانی جەودەت بـەگ کـە لـەناو شـاری وان گـەمارۆ درابوون. لـەم شـارەدا جـەنگێکی توندوتیـژ و خوێنـاوی قـەوما. هێـزە خۆبەخـشەکانی ئەرمەن بە سەرکردەیی فیدایی ئەنترانیك، توانییان گەمارۆی تورکەکان تێکبـشکێنن و پاشان لەم رێگەیەوە نزیکـەی ١٦٠ هـەزار ئەرمـەن خۆیـان رزگـار کـردو کـشانەوە بـۆ کەرتی رۆژهەلاّتی ئەرمینیا.

**پێنجـەم:** هێـزە خۆبەخـشە ئەرمەنـەکانی قـەفقاز خۆیـان گرتـەوە و دواتـر هـەزاران کۆچبەریشیان لەگەڵ کـەوت. ئەمانـە دەسـتیان بـە چـالاکی تۆڵەسـێنانە کـردو زەبـری کاریگەریان لە هێزەکانی تورك وەشاندو لە ناوچەکانی ئەرمینیای رۆژهەلاّت بالاّدەسـت بوون و گیانی هەزاران ئەرمەنییان رزگارکرد.

**شەشـــەم:** لــە فەلەســتین "کەتیبــەی ئەرمــەن" پێکهــات و لەگــەڵ گرووپــە چــەکدارە عەرەبیەکانی ژەنەراڵ ئەلنبی بەشـداریيان کـرد لـە جـەنگی بـەناوبانگی ئەلعەرعـەرەی باکووری فەلەستین لە دژی تـورك و ئەڵمانـەکان کـە جـەمال پاشـاو کۆلـۆنێلی ئـەڵمانی "کەرس کرسنشتین" سەرکردایەتییان دەکرد. کەتیبـەی ئەرمـەن قارەمانـەتی بێوێنـەی نواند. مێژوونووسی کۆچکردو یوسف ئیبراهیم یەزبەك ئەم رووداوە دەگێڕێتەوە[195].

لەسـەروبەندی شۆرشـی ئۆکتۆبـەری ۱۹۱۷ دا سـوپاکانی قەیـسەر بـۆ دامرکاندنـەوەی شۆرشی بەلشەڤیەکان کشانەوە بۆ ناوخۆی رووسیا. ئەمە بووە هـۆی ئـەوەی ئـەرمینیا بـێ پـشتیوان بمێنـێ. پاشـان کاتێـك بەلـشەڤیەکان حوکمیـان بەدەسـتەوە گـرت، کۆمیـسیاریای گـەلی سـۆڤیەت بـەیانێکی دەرکـرد و تێیـدا دانـی بـە مـافی چـارەی خۆنووسینی گەلان ناو لەناویشیاندا مافەکانی گەلی ئەرمەنیـشی بـە رەسمـی ناسـی بـە دامەزراندنی دەوڵەتیشەوە.

لـە ۱۱ی یـەنایری ۱۹۱۸ دا حکومـەتی سـۆڤیەتی بڕیـارێکی دەرکـرد سـەبارەت بـە ئەرمینیای تورکیا. لەم بەیانەدا پشتیوانی خۆی بۆ ئەرمەنەکان دەربـڕی و داوای مافـە نەتەوەییەکانی ئەرمەنی کرد. ئەنجومەنی کۆمیـساریای سـۆڤیەتی بـۆ گـەرەنتییکردنی سەربەخۆیی ئەرمەنەکان ئەم بەندانەی پەسەند کرد:

۱-سوپای رووسیا دەبـێ لـە سـنوورەکانی ئـەرمینیا بکـشێتەوە و سـوپای میلیـشیای ئەرمەن پێکەوە بنرێت.

۲-دەبێ تێکڕای ئاوارەو پەنابەرانی ئەرمەنی تورکیا بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان.

۳-دەبـێ ئـەو ئەرمەنانـەی لـە کـاتی جەنگـدا لـە لایـەن تورکەکانـەوە دەرکـراون، بـێ گیروگرفت بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

٤-پێویستە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە حکومەتێکی کاتی گەلی ئەرمەن دابمەزرێت.

رووسە شۆڕشگێڕەکان لەم بەڵگەنامەیەدا دانیان بە دەوڵەتی سـەربەخۆی ئەرمەنـدا نـا. بەڵام دواتر کاتێك سوپاکانیان کێشایەوە، بە کردەوە ئەرمینیای رۆژئاوایان تەسـلیم بـە سوپای تورك کرد.

---

[195] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ۲۰۰۱، ص ٤٢.

له‌٣ی مارسی ١٩١٨ سۆڤیه‌ت په‌یمانی بریست لیستۆڤسكی له‌گه‌ڵ ئه‌ڵمانیا مۆركرد. له‌م په‌یمانه‌دا رووسه‌كان له‌ توێی ئه‌م ماده‌یه‌دا به‌ڵگه‌نامه‌كه‌ی پێشوویان هه‌ڵوه‌شانده‌وه‌: "رووسیا ده‌ستبه‌جێ هێزه‌كانی له‌ ویلایه‌ته‌كانی رۆژهه‌ڵاتی توركیا و ئه‌نادۆل ده‌كێشێته‌وه‌ و پارێزگاكان ده‌سپێرێته‌وه‌ به‌ توركیا به‌ تایبه‌ت پارێزگاكانی ئارده‌هان، قارس و باتوم". به‌م جۆره‌ توركیا توانی ئه‌و ویلایه‌تانه‌ بگێڕێته‌وه‌ ژێر قه‌ڵه‌مڕه‌وی خۆی كه‌ له‌ په‌یمانی ستان ستیفانۆ (١٨٧٨) له‌ ده‌ستیدابوون[١٩٦].

له‌م كاته‌ ناسكه‌دا هێزه‌ ئه‌رمه‌نه‌ خۆبه‌خشه‌كان و ئه‌وانه‌شی به‌شێك بوون له‌ سوپای رووسیا، ناچاربوون به‌ ته‌نیاو بێ پشتیوان به‌ره‌نگاری داگیركه‌رانی تورك ببنه‌وه‌ و زیاتر له‌٨ مانگ خۆڕاگریی بكه‌ن. ئه‌م هێزانه‌ به‌پیر بانگه‌وازی فه‌رمانده‌ی ناسراوی ئه‌رمه‌ن "نازار"ه‌وه‌ چوون كه‌ بانگی هه‌ڵدا:

"ئه‌گه‌ر نه‌یسه‌لمێنن كه‌ ئێمه‌ میلله‌تێكین ده‌توانین به‌رگری له‌ ولاته‌كه‌مان بكه‌ین و شه‌ره‌ف و ئازادیمان بپارێزین، ئه‌وا ده‌بێ ده‌موده‌ست بۆ جیهانی ده‌ربخه‌ین كه‌ ئێمه‌ خه‌لكێكین شایسته‌ی ژیان نین".

به‌ كرده‌وه‌ هێزه‌كانی ئه‌رمه‌ن توانییان له‌ مایۆی ١٩١٨ دا له‌شكری تورك بشكێنن و پاشان سه‌ربه‌خۆیی ئه‌رمینیا رابگه‌یه‌نن و ناوی بنێن "كۆماری ئه‌رمینیا". دوابه‌دوای ئه‌وه‌ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی ئه‌رمه‌ن شاندێكی نارد بۆ به‌شداربوون له‌ گفتوگۆی ئاشتی له‌گه‌ڵ توركه‌كان كه‌ له‌ شاری باتۆم به‌ڕێوه‌ ده‌چوو. په‌یمانی باتۆم له‌٤ی یۆنیۆی ١٩١٨ دا له‌ نێوان كۆماری ئه‌رمینیا و عوسمانیدا مۆركرا و تێیدا عوسمانی دانی به‌ سه‌ربه‌خۆیی ئه‌رمینیادا ناو له‌ ماده‌ی ٢ی ئه‌م په‌یمانه‌شدا سنووره‌كانی ئه‌رمینیای ئاوا ده‌ستنیشانكرد:

"ئارده‌هان، ئوچمیادزین، ئه‌لكساندر پۆل، نه‌خجه‌وان".

هێشتا چه‌ند مانگێك به‌سه‌ر مۆركردنی په‌یمانی باتۆمدا تێنه‌په‌ڕیبوو كه‌ سوپای تورك له‌به‌ر ئه‌و شكستانه‌ی له‌ هاوپه‌یمانان خواردبووی، له‌ ١٥ی یۆنیۆی ١٩١٨دا په‌یمانه‌كه‌ی پێشێلكرد و باكۆی داگیركرد. به‌لام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌ په‌یمانی مۆدرۆس (ئۆكتۆبه‌ری ١٩١٨) ئه‌ڵمانیا و توركیا رێككه‌وتنی هودنه‌یان له‌گه‌ڵ هاوپه‌یمانان ئیمزاكردبوو،

[١٩٦] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٤٣.

هێزەکانی کۆماری ئەرمینیا دژە هێرشیان دەستپێکرد و ئالکساندەرپۆل، قارس و ئاردەهانیان لە تورکەکان وەرگرتەوە و خستیانەوە سەر قەڵەمڕەوی کۆمارەکەیان. لە ٢٠ی یەنایری ١٩٢٠ دا کۆماری ئەرمینیا وەك "ئەمری واقع" ئیعترافی پێکرا. لە مانگی ئۆگۆستیشدا ئەم ئیعترافە رووخساری رەسمی پێبەخشرا[١٩٧].

لە ١٠ی ئۆگستی ١٩٢٠ دا و لە پەیمانی سیڤەر تورکیا لە مادەی ٨٨دا دانی بە سەربەخۆیی ئەرمینیادا نا. لەم سەروبەندەدا سەرۆك ویلسۆن هەوڵیدا کە لایەنەکانی کێشەکە (ئەرمینیا، تورکیاو ئەوانی تر) رێك بخات و پەیمانی ئاشتەواییان پێ ئیمزابکات و سنوورەکانی ئەرمینیاش دیاری بکات. بێگومان پەیمانی سیڤەر بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەرمەن تا ئەمڕۆ بین بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. بەلاّم بە سەرهەڵدانی کەمالییەکان لە تورکیا رەوشەکە گۆڕانی بەسەرداهات. سوپای تورکیای کەمالی پەلاماری ئاردەهان، قارس و ئالکساندەرپۆلی داو داگیری کردنەوە. ئەو لایەنانەشی پەیمانی سیڤەریان ئیمزاکردبوو، بەرامبەر بەم پێشێلکارییە متەقیان لە دەم دەرنەهات. ئەم رەوشەش وای لە کۆماری ئەرمینیا کرد کە لە ٢ی دیسەمبەری ١٩٢٠ دا پەیمانی ئالکساندەرپۆل ئیمزا بکات و چاو لە ناوچە داگیرکراوەکانی بپۆشێت. بێگومان مۆرکردنی پەیمانی ئەلکساندەرپۆل دەرئەنجامی شکستی ئەرمەنەکان بوو لە بەرامبەر تورکەکاندا.. ئەرمەنەکان چاویان لە رووسەکان بوو کە فریایان بکەون، بەلاّم نەیاندەزانی کە رووسەکان ژێربەژێر لەگەڵ کەمالییەکاندا رێککەوتوون! کۆمارە سەربەخۆکەشیان تەمەنێکی وای نەبوو، چونکە بە ماوەیەکی کەم دوای ئەم پەیمانە خرایە سەر یەکێتیی سۆڤیەت.

مەینەتەکانی گەلی ئەرمەن لە ژمار نایەن، ئایا ئەم هەمووە کارەساتە دەرئەنجامی لەعنەتی مێژووە یاخود بەرئەنجامی هەڵکەوتی جیۆگرافیایە کە هەمیشە بۆتە هۆی تەماحی هێزە گەورەکان و بەردەوام گەردەلولی داگیرکەری چەشتووە؟ ئەمە هەمان ئەو دەردەیە کە گەلی کوردیش لەبەر هەڵکەوتە جوگرافییەکەی تووشی بووە. جیۆگرافیای ئەم دوو میللەتە بۆتە راڕەوی هێزە مەزنەکان و لە هەمان کاتیشدا هەمیشە گۆرەپانی

[١٩٧] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٤٤.

ململانێی ئەم هێزانەش بووە. بۆیە مێژووی هەردوو میللەت پڕیەتی لە تراژیدیا و کارەساتی پەیدەرپەی.
جینۆسایدی گەلی ئەرمەن لە ١٩١٦ دا کۆتایی پێهات. لە ئەنجامی ئەم کارەساتە گەورەیەدا تاقە ئەرمەنێکیش لە ئەرمینیای رۆژئاوا نەمایەوە و شوێنەوارەکانی مێژوو و شارستانی ئەرمەنییان لێ سڕیەوە. بەلاّم شۆڕشگێڕانی ئەرمەن درێژەیان بەپەیامەکەی خۆیاندا. شۆڕشگێڕانی ئەرمەن حوکمی کوشتنیان بۆ د. بەهائەدین شاکر پاشا دەرکرد کە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا.
لە ١٦ی یۆنیۆی ١٩٢١ دا سۆگۆمۆن تەهلیریان، تەلعەت پاشای لە بەرلین کوشت. لە ئێبریلی ١٩٢٢ دا د.شاکریش بە هەمان چارەنووس برا. لە تفلیس پایتەختی جۆرجیا لە ٢١ی یۆلیۆی ١٩٢٢ دا جەمال پاشا لە لایەن شۆڕشگێڕانی ئەرمەنەوە کوژرا.
سەرەنجام لە ١٨ی ئۆگۆستی ١٩٢٢ دا ئەنوەر پاشا لە تورکستان لە لایەن مەلکومیانی ئەرمەنەوە کوژرا. ناوبراو برووسکەی بۆ سەرکۆماری گەنجی ئەرمینیا ئەلکساندەر میانسیکیان نارد و لەو برووسکە مێژووییەیدا نووسیبوی: "ئێوارەی دوێنی هەواڵی تیرۆرکردنی ئەنوەر پاشامان پێگەیشت. بەم جۆرە ئەندامێکی دیکەی ئیتیحادو تەرەقی لەناوبرا. ئیتر کۆتایی بەو رۆحە ترسناکە هات کە رەگەزپەرستیی لە تورکیا چاند. تورکیای ئاژاوە، تورکیای ئیمپریالی و تورکیای شەرەنگێز و پۆلیس. ئا بەم جۆرە یەك لە دوای یەك تۆویان بڕایەوە: تەلعەت پاشا، د. بەهائەدین، شاکرو جەمال پاشاو پاشان ئەنوەرپاشا... ئەو ناوە خۆپەرست و خوێنڕێژانەی رابردووی نزیکی ئێمەیان دیاریکرد... ئێستاش بەوپەڕی زەبوونییەوە گۆڕبەگۆڕ دەکرێن"[١٩٨].

### ◆ ئامارو سەرژمێری قوربانییەکان:

ئەو دەمەی لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٤ دا، ئیمپراتۆری عوسمانی گیرۆدەی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، حکومەتی عوسمانی هەندێك ئاماری لەسەر ژمارەی ئەرمەنەکانی عوسمانی بلاّوکردەوە. بۆ نموونە ئامارەکانی ئەودەمە دەریدەخەن کە ژمارەی ئەرمەن لە عوسمانی دەگاتە ١,٢٩٥,٠٠٠ کەس، ئەمە لە کاتێکدا کە

---

[١٩٨] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٤٨.

سەرژمێری پاتریارکی ئەرمەنی ئورسۆدۆکس لە ئەستەنبوڵ ژمارەکە بە ٢,١٠٠,٠٠٠ دەخەمڵێنێ. بیانییەکان و میسیۆنەرەکانیش سەرەڕای لایەنگرییان لە ئەرمەن ژمارەیەك لە نێوان ئەم دووانەدا مەزەندە دەکەن. ئامارەکانی پاتریارکی ئەرمەن ویلایەتەکانیش دەگرێتەوە. بە گوێرەی ئەم ئامارانە نزیکەی ١,٦٠٠،٠٠٠ ئەرمەن لە خاکی مێژوویی ئەرمینیادا دەژین.
لەمانە ١,٢٠٠،٠٠٠ یان لە ویلایەتەکاندا دەژین و ٤٠٠,٠٠٠ یان لە کیلیکیە ژیان دەبەنەسەر. ئەرمەنە کۆچبەرەکانی دیکەش لە ئەنادۆل و بەشی ئەوروپایی تورکیا دەژین. بە تایبەتی لە ئەستەنبوڵ ژمارەی ئەرمەنەکان دەگاتە ١٥٠,٠٠٠ کەس. بە گشتی زۆربەی هەرە زۆری ئەرمەنەکان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا دەژین. لە ٨٥-٩٥٪ ی ئەم خەڵکە لە وەرزێر و بازرگانە وردەکان پێکدێن. بێگومان ئەرمەن بناغەی ئابووری کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەو سەنعەتی وردبوون.
لە کۆتایی ساڵی ١٩١٦ دا شاری حەلەب تەنها ٤٥٠٠٠ ئەرمەنی تێدا ژیاون کە پاشماوەی ئەرمەنە ئاوارەکانی ئەرمینیا بوون. کونسوڵی ئەمەریکی موسڵیش رایگەیاندبوو کە ژمارەی ئەو ئەرمەنانەی لە کوشتار رزگاریان بووە و گەیشتبوونە موسڵ تەنها ٨٠٠٠٠ کەس بووە. کۆنسوڵی ئەڵمانی دیمەشقیش نووسیویەتی کە ئەرمەنە ئاوارەکانی دیمەشق ٣٠,٠٠٠ کەس بوون. ئەو رێکخراوە خێرۆمەندانەی کە لەژێر چاودێری کۆنسوڵی ئەمەریکی، ئەڵمانی و نەمساییدا هاتبوونە هانای ئەرمەنە ئاوارەکانەوە، ژمارەی ئەرمەنە راکردووەکانی مەرعەش بە ٢٠,٠٠٠ کەس لە قەڵەمدەدەن. هەزاران ئەرمەن بە شارەکانی سوریادا بڵاوبوونەوە، جگە لەو ١٥٠ هەزار ئەرمەنەشی کە لە ئەستەنبۆڵ مابوونەوە، لە شوێنەکانی تر ئەرمەنێکی ئەوتۆ نەماوە. ئەو ئەرمەنانەش کە رایانکرد بۆ بەری قەفقاز و رزگاریان بوو، ژمارەیان ٦٠٠,٠٠٠ کەس بووە.
بێگومان لەم راگواستن و کوشتارە ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەن و منداڵانی ئەرمەن لە لایەن خانەوادە کورد و تورکییەکانەوە پەنا دران. تا ئێستاش کەس نازانێت ژمارەی ئەمانە دەگاتە چەند. جگە لەوە ژمارەیەکی زۆریش وەك بێگار، کەنیزەك و نۆکەر رادەگیرێن. ژمارەی ئەمانە بە ٢٠,٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێت. بە پێی هەندێك لێکدانەوە لە ژمارەی ٢,١٠٠,٠٠٠ ئەرمەن عوسمانی، تەنها ٦٠٠,٠٠٠ کەسیان

رزگاریان بووە و ئەو دواشی تێداچوون. لە ویلایەتەکانی رۆژهەلاّتی تورکیا ٦٠٠،٠٠٠ کەسیان کوژراون و نزیکەی ٦٠٠,٠٠٠ کەسێکیشیان لە کاروانە بە کۆمەڵەکان و لە رێگاکاندا بێ سەروشوێن کراون[١٩٩].

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ ئەرمەن لە کەسایەتییاندا گۆڕانی زۆرەملی هاتۆتە ئاراوە و لەناو کوردو تورکە موسڵمانەکاندا ناچاربوون بۆ مانەوەیان ئاین و زمانی خۆیان بگۆڕن. دیارە ئەم ئامارو ئەژمارانە مەزندەوشیمانەن، چونکە کوشتار و جینۆسایدی گەلی ئەرمەن بە نهێنی کراون و بەڵگەیەکی نووسراوی ئەوتۆی لێ نەماوەتەوە.

حکومەتی تورک تەنها بە کوشتارو راگواستنی گەلی ئەرمەنەوە نەوەستا، بەڵکو هەوڵی سڕینەوە و گۆڕینی شوێنەوارو شارستانی ئەم گەلەشیدا. بە یەکجاری ناوی ئەرمینیای لە بەڵگەنامەو نەخشە رەسمییەکانی ولاّتدا سڕیەوە. ئەگەر بە رێکەوتیش ناوێك لە کتێب یان بەڵگەنامەیەکدا هێنرابێ، ئەوا دەسەلاّتداران بە پەلە خڕیان کردۆتەوە. ئەگەر لە نەخشەی بیانییەکانیشدا باسی ئەرمینیا کرابێ، ئەوا بە داواکاریی رەسمی نارەزایەتییان دەربڕیوە.

حکومەتی تورك لەمەش زیاتر رۆیشتووە و بە کۆمەڵێك فەرمانی رەسمی ناوی گوند، شارو چەم و چیاکانی ئەرمینیای گۆڕیوە. لە پەنجاکان و شەستەکاندا هەنگاوی وانران. بۆ نموونە رۆژنامەی رەسمی "یوناتێد ستەیتس گازەتێر" لە ساڵی ١٩٥٨ باسی ناوی هەندێك شوێن دەکات کە دەکەونە رۆژهەلاّتی عەنتاب.... کەچی ئەمڕۆ هیچ نیشانەیەك لەو ناوانە لەسەر جیۆگرافیای ئەم هەرێمەدا نەماوە! بە دەربڕینێکی دیکە رژێمی تورك بەشێوازێکی ناشیرین ناوی لەسەدا (٩٢٪) ی گوندو شارەکانی ئەرمینیای گۆڕیوە. تەنها ناوی شاری گەورەی وەکو وان، بتلیس و ئەرزرۆمیان پێ نەگۆڕاوە.... ئێستا وەچە تازەکانی ئەرمەن لەو جیۆگرافیاو مێژووە دابڕاون و نایاننناسنەوە!.

ئەمڕۆ لە ئەرمینیای رۆژئاوا ژمارەیەکی یەکجار کەمی لێ دەرچێ، ئەرمەنێکی ئەوتۆ نەماوەتەوە.ئەو ئەرمەنانەشی ماونەتەوە ئەمڕۆ بە زۆری لە ئەستەنبوڵ یەکانگیر بوون و سەرەڕای هەموو جۆرە کوشتن و ئازارێك درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن. تورکەکان

---

[١٩٩] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٥٠.

لەویٚ گەمارۆیان داون.. دیارە ئەرمەن لێرە مەترسی نین بۆ تورکیا، چونکە ئەستەنبوڵ شارێکی ئەرمەن نییەو ئەرمەن هیچ ئیدیعایەکی جیۆگرافیان لەسەر ئەم شارە نییە.
رژێمی تورکیا هەندێك شێوازی گرتۆتەبەر بۆ تێکدانی ژێرخانی شارستانی و مادیی ئەرمەن:

١-تێکدانی دەسانقەستی کڵێسا و دێرەکان و بینا مەدەنییەکان لە کاتی کوشتارەکاندا (١٩١٥-١٩١٦).

زۆربەی شوێنە گرنگەکان زیانیان بەرکەوت. لە ناوچەی وان و موش تۆپخانەی تورکیا لە ساڵی ١٩١٥ دا زیاتر لە ٣٠ دێی رووخاند. بە پێی گەواهیدانی د. نیکۆل تیری و د. جان میشیل تیری کە خەریکی رووپێوی مەیدانی بوون لە ساڵی ١٩٦٤ لە دەشتی موش، هەتاوەکو ویلایەتی بینگۆل هیچ شوێنەوارێك لە کلێساو دێرەکانی ئەرمەن نەمابۆوە!.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ١٩٣١، زۆربەی دێرەکانی ئەرمەن لە کاتی کوشتارەکانی ١٩١٥-١٩١٦ دا تێکرا روخێنران. هەروەها نزیکەی ٦٩١ بینای ئاینی تێکدراون. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە هەزاران دێرو کلێسای ئەرمەن دەکەن. لە ساڵی ١٩١٤ پاتریارکی ئەرمەن ئەستەنبوڵ لەمەڕ ژمارەی دێرو کلێسا ئاوەدانەکانی ئەرمەن زانیاری دەداتە دەستەوە:

"لە ئەرمینیای رۆژئاوا ٢١٠ دێر و ٧٠٠ کلێسای روهبانی و ١٦٣٩ کلێسای ئەبرەشی لە ئارادابوون. باشترین نموونەش بۆ ئەمە دێرو کلێساکانی شاری وان بوون".

٢-بە ئەنقەست تێکدانی نووسراوی مێژوویی و کلێسا کۆنەکان و کەلاوە دێرینەکان بە دینامیت یاخود تۆپخانە: کلێساکانی ئەرمەن شوێنی باش بوون بۆ مەشق و راهێنانی تۆپخانەی تورکی لەرۆژهەڵاتی تورکیا. باشترین نموونەش بۆ ئەمە: کلێسای دیگۆرە (کە لە سەدەی چواردەو پانزدەوە مابۆوە) هەروەها دێر خەتزکونك (سەدەی ١٣) و کلێسای سەیدەی عەدرا (لە شاری ئانی-هی سەدەی ١٣یە) و کلێسای باکاران (سەدەی

هەفتــەم) و کڵێــسای پێغەمبــەران (ســەدەی چــواردەیەم). ئەمانــە بــەهۆی تۆپخانــەی لەشکری تورکەوە تێکدراون و کاول بوون[٢٠٠].

راپۆرتی مافی کەمینەکان لـە ژمـارەی **٣٢** دا ئامـاژە بـە ئـەرمینیا دەکـات (لەنـدەن **١٩٧٦**) و دەڵێ تورکیا بەڵگەنامەو پەیمانە نێونەتەوەییەکانی سەبارەت بە کەمینەکان پێشێل دەکات و شارو شارستانییان دەشێوێنێ. لەم راپۆرتەدا هاتووە:

"شوێنەوارە تەلارسـازییەکانی ئەرمـەن لـە رۆژهـەڵاتی تورکیـا لـە مەترسـیدان. ئێمـە حکومەتە رۆژئاواییەکان و یۆنسکۆ ئاگادار دەکەینەوە کە گوشار بخەنە سەر تورکیا ئەو شوێنەوارانە نەفەوتێنێ و بیانپارێزێت. ئەگەر دامودەزگا نێونەتەوەییەکان نەکەونە خـۆ ئەوا ئەم شوێنەوارە مێژووییانە تێك دەدرێن"[٢٠١].

---

[٢٠٠] یوسف ابراهیم الجهمانی، ترکیا و الارمن، دار حوران، دمشق ٢٠٠١، ص ٥٢.

[٢٠١] هەمان سەرچاوە ل٥٣.

## قۆناغی سێیەم

### بەشداریی کورد لە کوشتاری ئەرمەن و بەشداریی ئەرمەن لە کوشتاری کورددا

کوردو ئەرمەن دوو نەتەوەی دراوسێن. جیۆگرافیای ئەم دوو میللەتە لە گەلێك شوێندا تێکەڵە و ئەو شاروگوندانەی ئەرمەن بەهی خۆیانی دەزانن گەلێك کوردی تێدا ژیاوە و بە پێچەوانەشەوە ئەو شوێنانەی کوردی لێ بوون بەهەمان شێوە ئەرمەنی تێدا ژیاوە. بەشی باکووری کوردستان لە ٦٠٪ی ئەم دۆخەی تێدابووە. ئەگەر سەیری جیۆگرافیای ئەرمینیای رۆژئاوا بکەین کە ویلایەتەکانی وان، بتلیس، قارس، ئەرزرۆم، دیاربەکر، دەرسیم و خارپوت و سیواس دەگرێتەوە، ئەوا دەبێ ئەم راستییەش بزانرێ کە ئەم شارو ویلایەتانە بە زۆری کوردیان تێدا بووەو تێیدان و بەولاتی خۆیانی دەزانن. پێکەوە ژیانی ئەم دوو میللەتە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢ هەزار ساڵ. کوردەکان لە رووی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە بە شێوەی کۆچەری و شوانکارەیی ژیاون و کاری سەرەکیان ئاژەڵداری بووە. ئەرمەنەکان بەزۆری خەریکی کشتوکاڵ بوون و بەشێکی دیکەشیان لە شارەکان خەریکی پیشەوەری و بازرگانی بوون.

دوو رووداوی گرنگی مێژوویی لێك ترازانێکی گەورەی لە نێوان دوو میللەتەکەدا دروستکرد. ئەرمەنەکان لە ساڵی ٣٠١ دا ئاینی مەسیحییان پەسەند کرد، بەم جۆرە لە رۆژهەلات دابڕان و بە ئاراستەی رۆژئاوادا چوون، کوردەکان بە زۆری زەردەشتی بوون و هەندێکیشیان مانەیی بوون. بەر لەوە ئەرمەن ببن بە مەسیحی، لە سەردەمی ئەشکانییاندا پێکەوە ژیانی کوردو ئەرمەن لە ئاستێکی بەرزدابوو. دوابەدوای پەسەندکردنی ئەم دینە ئەرمەنەکان و کوردەکان کە لەبەر کەوتە نێوانیان. چونکە کوردەکان هێزی سەرەکی بوون لە ئیمپراتۆریای ساسانیدا و لەو شەڕانەی پاشاکانی ساسانی رێکیان دەخست بۆ داگیرکردنەوەی ئەرمینیاو برەوپێدانی ئاینی زەردەشت، رۆڵی بالایان هەبووە. دواتر کاتێك لە ٦٤٠ دا عەرەبەکان کوردستانیان داگیرکرد بەشێکی زۆر لە کوردەکان ئاینی ئیسلامیان پەسەند کرد. پەسەند کردنی ئاینی ئیسلام

لە لایەن کوردەکانیشەوە بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویاندا. لە ئیمپراتۆری عەباسیدا کوردەکان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو، نەخوازە کوردەکان لە سوپاکەی ئەبوو موسلیمدا رۆڵی کاریگەریان هەبوو بۆ رووخاندنی دەوڵەتی ئومەوی.

ئەم کوردانە دواتر لە بەرەکانی رۆمدا شەڕیان دەکرد بۆ برەوسەندنی ئاینی ئیسلام. لێرەدا ئەرمەنەکان مەسیحی بوون و کوردەکان موسڵمان. بێگومان ئەرمینیای رۆژئاوا و کیلیکیە مەیدانی شەڕەکان بوو، بۆیە وا پێدەچێ جیاوازی ئاینی لەم سەردەمەدا بووبێتە سەرەتایەك بۆ ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو میللەتەکە. لە ساڵی ١٠٧١ دا تورکمانە سەلجووقییەکان لە شەڕی مەلازگرددا رۆمییەکانیان تێکشاند و بەشێکی زۆریان لە ئەرمینیا داگیرکرد. لەم شەڕەدا کوردەکان بەشداربوون و پشتیوانییان لە سوپای سەلجووقی کرد. دوابەدوای ئەوەی ئەرمینیا داگیرکرا، کۆچەرە تورکمان و کوردەکان کوێستان و زۆزانەکانی ئەرمینیایان بەکارهێناو کردیانە لەوەڕگای ماڵاتەکانیان. بەم جۆرە لە نێوان کوردە کۆچەرە موسڵمانەکان و ئەرمەنە دینشینە مەسیحییەکاندا ناتەباییەکی قووڵ هاتە ئاراوە. بە دەربازبوونی زەمان جۆرە پێکەوە ژیانێکی ئاسایی و ئارام لە نێوانیاندا پەیدابوو. ئەم بارودۆخە تا سەدەی نۆزدەیەم درێژەی هەبوو.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا رەوشی ئەرمەنەکان گۆڕانی بەسەردا هات. بەهۆی جەنگەکانی نێوان عوسمانی و وڵاتانی ئەوروپایی و بە تایبەتی رووسیاوە، عوسمانی پەیتا - پەیتا شکستی دەخوارد و پاشەکشەی دەکرد. رووسەکان لە بالکان و لە قەفقاز گەلێك پێشڕەوییان کردو سەرزەمینێکی زۆریان لە عوسمانی داگیرکرد. ئەمە بووە هۆی توندبوونی رۆحی دژە مەسیحی لەناو تورکەکاندا. تاقە میللەتێك کە بە رێژەیەکی زۆری بڕوامەندی مەسیحی لەناو جەرگەی عوسمانیاندا دەژیان، گەلی ئەرمەن بوو. (ئەمە بێجگە لە ژمارەی کەمی ئاشووری و سوریانییەکان). لەم رووەوە بەپەرەسەندنی رۆحی دژە مەسیحی، ئەرمەنەکان لەناو جەرگەی ئیمپراتۆرییەکەدا بوونە ئامانج. لە لایەکی دیکەشەوە خودی ئەرمەنەکانیش بزاڤی رزگاری نیشتمانییان دەست پێکردبوو. لە گەلێك شوێن جموجۆڵ و چالاکیی رزگارییان ئەنجام دەدا. هەندێك لە سەرانی ئەرمەنیش ئومێدیان بە سوپای رووسیا بەستبوو. لە ریزەکانی ئەم سوپایەدا پۆستیان وەرگرتبوو لە دژی سوپای تورك دەجەنگان.

ئەمە وای لە تورکان کرد تالاّوی شکستەکانیان بـە ئەرمەنەکانـدا بڕێـژن و کەشـی دژە ئەرمەن بێننە ئاراوە. لەم ڕووەوە تورکان جگە لەوەی ڕاپـەڕینی زەیتـون، وان، ساسـۆن و ئەرزرۆمیان سەرکوتکرد، خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بە یەکجاری ئەرمەنان قڕ بکەن.
لە سەرەتای سەدەی پێشووەوە لە گەلێك سەرچاوەدا باس لەوە دەکرێـت کـە کوردەکـان ڕۆڵیـان هـەبووە لـە کوشـتاری ئەرمەنەکانـدا. ئـەم بۆچـوونە لـە لایـەن ئەرمەنـەکان و ئەوروپاییەکانەوە برەوی پێ دراوە. تورکەکانیش زیاتر پەرەیان بەم ناوزڕاندنـە داوە، بـۆ ئـەوەی تاوانـەکانی خۆیـان پـەردەپۆش بکـەن. بـەم دواییـە دژەبۆچـوونی ئـەم بۆچـوونە دەرکەوتووە. د. ئەفراسیاو هەورامی کە لە ڕووسیا دەژی، گەلێك بەڵگەنامەی گرنگـی ڕووسیاو سۆڤیەتی دەستکەوتوە کە تێیدا ئاماژە بـە تاوانکـاری ئەرمەنـەکانی سـوپای ڕووسیا دەکرێ لە دژی کوردەکانی سەرحەد.
ئەرمەنـەکان لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـەوە کـە ئـەرمینیا لـە لایـەن ڕووسـیای قەیسەرییەوە داگیر دەکرێت، تێکـەڵ بـە سـوپای ڕووسـیا دەبـن. لـە سـالاّنی سـەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە ٢٠-٢١ی مانگی ئەیوندا پۆلیسە ئەرمەنەکانی سوپای ڕووسـیا زیاتر لە ٢٠٠٠ هەزار کوردی سەرحەد دەکوژن. پۆلیـسە ئەرمەنـەکان تـەنها بـۆ تۆڵـە کردنەوە و سەربڕینی کوردەکان بەشداری شەڕەکان دەبن (ئەڤیرنانۆڤ ل٨٥).
کوردان دەیانەوێ هاوکاریی ڕووسیا بکەن، سەرکردەکانیان نامە بۆ جەنەراڵ پاسـکەڤیچ دەنێرن، ناوبراو لەبەر ئەرمەنـەکان وەلاّمـی کـوردان ناداتـەوە. (ئـەڤیریانۆڤ ل٨٨). لـە ئۆپەراسیۆنی سالاّنی ١٨٢٨دا سوپای ڕووس و هێزەکانی ئەرمەن پەلاماری هەوارگـەی کـوردان دەدەن لەچـیاکانی کلـیچ، گـیرۆك و کـەشمیر و سـەدان کـورد دەسـگیر دەکـەن (ئەڤیریانۆڤ ل٩٠).
لەیەریڤان حوکمداری هی کوردان بوو. بـەهاتنی ڕووس حوکمـداری دەدرێتـە ئەرمـەن و ئەمانەش بەهـەمـوو شـێوەیەك کـورد دەچەوسـێننەوە (ئـەڤیریانۆڤ ل ٩٦). فەرمانـدەی ڕووس یـەزپالکۆڤینك هەرەشـە لـە کـوردان دەکـات ئەرمـەن ئـازار نـەدەن (ئـەڤیریانۆڤ ل١١٢). دواتر پەلاماری کوردان دەدەن و ١١گوند، ٣٠٠ ڕەشماڵ و دوئاش کاول دەکەن و ئەرمەن و قازاقەکان هەموو سامانی کوردەکان تالاّندەکەن (ئەڤیریانۆڤ ل١٤٥).
تورکان بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی زەیتون، وان و ساسـۆن کـەڵکیان لەسـەرۆك خێـڵ و بەگـە کوردەکـان وەرگـرت. ئەمانـە بەهاوپـشتی پاشـاکان ڕۆڵێکـی کارایـان هـەبوو

لەداپڵۆسـاندنی بزاڤـی ئەرمەنـە یاخییەکانـدا. بێگومـان ئـەو شـوێنانەی باسـکران لـە چوارلاوە بە خێڵە کوردەکان گەمارۆ دراون. هەنـدێك لـە کوردەکـان لەگـەڵ تورکمـان و چەرکەزەکاندا بەشداربوون لە تێکشاندنی ئەرمەنەکانـدا و دوای شکاندنیـشیان مـاڵ و سـامانیان بـە تـالآن بـردن. لـەو شوێنانەشـی ئەرمەنـەکان چـۆڵیان کـرد کوردەکـان و تورکمانەکان داگیریان کردو تێیدا نیشتەجێبوون. بابی عالی و پاشـاکان دنـەی سـەرۆك خێڵ و بەگە کوردەکانیان دەداو بە ورووژاندنی هەستی ئـاینی و پێبەخـشینی تـالآنی و لەوەڕگاکان کوردە کۆچەرەکانیان دەکرد بەگژ ئەرمەنەکاندا.

دیارە گـەلی کـوردو ئەرمـەن زیـاتر لـە ٢ هـەزار سـاڵە دراوسـێن و پێکـەوە ژیـانێکی ئارامیـان هـەبووە. بـە تایبـەت ئاوێتـەبوونی هـەردوو گەلەکـە لـە شـارو گونـدەکان هاوبەشێتی جوگرافی و مێژوویی هێنـابووە ئـاراوە.. گوندنـشینە کوردەکـان لـە پـەنای دڕندەیی سەرۆك خێڵ و کوردە کۆچەرەکاندا لە دژی گەلی ئەرمـەن، زیـاتر هاودەردیـان بـۆ ئەرمەنــەکان نوانـد. لەتەنیـشت کوشـتاری سـەرۆك خێـڵ و بەگـە کوردەکانـدا، دینـشینانی کـورد داڵـدەی ئەرمەنـەکانیان دا و لـە گۆشـە و کـەنارەوە و بـە شـێوەی جۆربەجۆر بەهانایانەوە چوون. ئێستاش رووداوی ئەم بـەپیرەوە چـوونە لـە لای گوندییـە کوردەکان دەگێڕدرێتەوە و سەدان نموونەی زیندووی لەبەردەستان.

لەهەمان حاڵدا فیوداڵەکانی کورد کردارێکی پێچەوانەیان هەبوو و ئەوانەیان کە تێکەڵ بە ژیانی دەربار و پاشاکان بووبوون، بەشداربوون لە قڕکردنـی ئەرمەنەکانـدا. بێگومـان کاتێك ئامـاژە بـەوە دەکـەین کـە چـینی سـەرەوەی کۆمەڵگـەی کـوردی لـە کوشـتاری ئەرمەندا بەشدار بووە، مانای حوکمێکی رەها نادات. هەر لەو سەروبەندەدا کە بەشێك لـە فیۆداڵـە کوردەکـان شـان بەشـانی سـوپای عوسمـانی و سـوپای ئیتیحـادو تـەرەقی بەشداری کوشتاری ئەرمەنییان دەکرد، بەشێکی دیکە لە فیوداڵەکانی کورد کە لە دژی عوسمانی و دواتر ئیتیحادو تەرەقی راپەڕیبوون، لەگەڵ رێکخراوە ئەرمەنەکاندا پـەیمانی کاری هاوبەشیان مۆر دەکرد بۆ ئەوەی لـە دژی عوسمـانی و ئیتیحـادو تـەرەقی خـەبات بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە بەشێکی زۆر لە میرو شێخ و بەگەکانی کـورد شانبەشـانی رێکخراوە ئازادیخوازەکانی ئەرمەن، لە دژی عوسمـانی راپـەریبوون و دوای پێکـەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆیان دەکرد. لەبەرئەمە کاتێك باسی بەشداربوونی کورد دەکەین لە

کوشتاری ئەرمەندا، پێویستە بە شێوەیەکی میتۆدی بۆی بچین و هەردوولایەنی ئەم کێشەیە هەڵسەنگێنین.

هەروەها کاتی ئەوە هاتووە وەکو کورد لێبڕاوانە دان بەوەدا بنێین کە هەندێك کورد رۆڵیان هەبووە لە کوشتوبڕی ئەرمەناندا. ئەمەش دیاردەیەکی بابەتی و مێژووییەو دان پێدانانی لە شان و شکۆی کورد کەم ناکاتەوە. بەم دواییانە لێکۆڵەرەوانی کوردیش ئاوڕیان لەم پرسە داوەتەوە و هەوڵ دەدەن لە دەوری کورد بکۆڵنەوە. هەرچەند هەتا ئێستاش زۆربەی ئەو سەرچاوانەی ئاماژە بە رۆڵی کورد دەکەن لە کوشتاری ئەرمەندا، سەرچاوەی بیانین، بەلاّم لە ٣٠-٤٠ ساڵی رابردووەوە خودی کوردیش خەریکە ئەم دیاردەیە تاوتوێدەکەن[٢٠٣].

کوردەکان لە دوولایەنەوە بۆ ئەم بابەتە چوون. هەندێکیان دژە بۆچوونی کوشتاری ئەرمەن لە لایەن کوردیان سەلماندوە. هەندێکی دیکەشیان وەك هەندێك لە بیانییەکان دان بەوەدا دەنێن کە بەڵێ کورد لە کوشتاری ئەرمەندا دەستی هەبووە. بەم دواییە د. ئەفراسیاو هەورامی کۆمەڵێك بەڵگەنامەی خستۆتەڕوو کە دەیسەلێمنن ئەرمەنەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم بە هاوکاریی سوپای رووسیا دەستیان هەبووە لە کوشتارو تالاّنکردن و چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکاندا.

لەئۆکتۆبەری ١٨٠٥ ژەنەراڵ مایۆر تسی تسیانۆڤ هەڵدەکوتێتە سەر گوندی موستاری و تالین و بە هاوکاریی ئەرمەنەکان تالاّنیان دەکات. ٥ هەزار مەڕومالاّتیان دەبات و گوندەکانیان دەسووتێنێ. دواتر گوندەکانی شاگردیان و مەلا بایەزید کاولدەکات. (ئەڤیریانۆڤ). لە ١٨٠٦ کنیاز تسی تسیانۆڤ کوردەکان سەرکوت دەکات. لە ساڵی ١٩١٥ دا دوو هەزار مەڕومالاّتیان بەتالاّن دەبرێت. دوای شکستی قاجار لە ١٨٢٧دا کوردەکان داوا لە گراف پاسکەڤیچ دەکەن بێنە ریزی سوپای رووسەوە. قەشەی ئەرمەن بەناوی نەرسیس ئەم داوایە تێکدەدات و رووسەکان سارد دەکاتەوە (ئەڤیریانۆڤ ل٥٨). ژەنەراڵ لیتیانت بەقسەی دەکات و لەهەرێمی یەریڤان جیاوازی لە نێوان کورد و ئەرمەندا دادەنێ.

---

[٢٠٣] مظهر، کمال، کردستان، مطبعة المجمع العلمی الکردی، ص١٢.

له هەموو شوێنێك بەڕێوەبەرێتی دەدرێتە ئەرمەن (هەمان ل٥٨). نەرسیس لەبەرچاوی رووسەکان کوردەکان ناشیرین دەکات. لە ساڵی ١٨٢٨وە حوکمدارانی ئەرمەن گوشار دەخەنە سەر کوردان (ئەڤیریانۆڤ ل٦٨). رووس و ئەرمەن لە ٢٤ی مانگی دەی ١٨٢٨ دا بەهێزێکی ٤٠٠ کەسی و ٤ تۆپەوە پەلاماری گوندی کوردی سلێمان گومبەت دەدەن و تێکڕا دەیسوتێنن (ئەڤیریانۆڤ ل٧٣).
فەرماندەی رووس گراڤ پاسکەڤیچ داوا لە ئیمپراتۆری رووس دەکات کە بۆ راکێشانی کوردەکان١٠٠ هەزار چیرڤۆنی بۆ بنێرێت. دواتر ٩٦ هەزار چیرڤۆن لەم پارەیە دەدرێت بە ئەرمەنە ئاوارەکان و تەنها ٤ هەزار چیرڤۆنی دەدرێت بەکورد (ئەڤیریانۆڤ ل٧٣). لە شەڕی ئەرزرۆمدا ژەنراڵ مایۆر سەرکیەڤ بە ئاشکرا لەسەر ئەرمەنەکان دەکاتەوە. رووس و ئەرمەن لە مارتی ١٨٢٩دا لەبایەزید، تۆپراخ قەلعەودیادین کوردان دەکوژن و ئەوەشی دەمێنێ شاربەدەری دەکەن (ئەڤیریانۆڤ ٨٣).
لە لایەکی ترەوە دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبی "کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا" ئاماژە بەم دیاردەیە دەکات و بەراشکاوی ئەوە دەردەخات کە کوردەکان بەشداربوون لە کوشتاری ئەرمەندا. ناوبراو بە شێوەیەکی ئەکادیمی کۆمەڵێك سەرچاوە و بەڵگەنامەی وردی لێکداوەتەوە و لە ئاکامدا ئەوەی هەڵێنجاوە کە کوردەکان بەشداربوون لە کوشتاری ئەرمەندا. لە هەمان کاتیشدا ئەوەش روونەکاتەوە کە گەلێك کوردیش دالدەی ئەرمەنییان داوە. جا ناوبراو کوشتار و دالدەدان یەك دەخات و لە توێی هەردوو حاڵەتەکەدا بەباشی رۆڵی کورد هەڵدەسەنگێنێ.
مێژوونوسی بابەتی ناتوانێ خۆی لەم دیاردەیە لابدات و بەرگری لە گەلەکەی بکات، پێویستە پشت بە بەڵگەو بابەت ببەستێ و نەهێڵێ "خود" کاریگەریی بکاتە سەر لێکۆڵینەوەکانی. "لەو پرسانەی کە ناوی کوردیان زڕاندووە، یەکێکیان رۆڵی کوردە لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا لە سەروبەندی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمید و کوشتارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی"[(٢٠٤)]. پرۆفیسۆر پۆل ئەمیل دەنووسێت:
"لە تورکیا هەموو لایەك بەشداربوون لەو شەڕەدا، لە سەربازەکانەوە بگرە هەتاوەکو جەندرمە و کوردەکانو هتد. رێگەکانیان دەگرت و ئەرمەنەکانیان دەکوشت. گەلێك

---

[(٢٠٤)] مظهر، كمال، كردستان، مطبعة المجمع العلمي الكردي، ص ١٥.

پیـاو و گـەنجیان کوشـت و بـاقی کۆچپێکراوانیـشیان ناچـارکرد لـە وڵاتـی خۆیـان رابکەن"[٢٠٥]. لۆقـا زۆدۆ لـە کتێبەکەیـدا دەنووسـێ: "...... لـە سـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـد دا، بـۆ کوشـتاری ئەرمەنـەکان پەنابرایـە بـەر کوردەکـان کـە مـەیلێکی سروشتییان بە کوشتوبڕ هەیە. بەم جۆرە شەڕێکی ئاینی بێ ئامـان هەڵایـسا کـە هـەتا ئێستاش دەنگدانەوەی لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا ماوە"[٢٠٦].

مێـژوونوس و لێکۆڵـەرە بیانییـەکان لـە گـەلێك لایەنـەوە پەیوەندییـەکانی کـوردو ئەرمەنییان لێکداتـەوە.. نووسـەری ئینگلیـزی "کیلـنگ" کـە لەسـەروبەندی جـەنگی یەکەمی جیهانیدا لە تورکیا و رووسیا گەڕاوە، لە کتێبەکـەی بـە نـاوی "مغـامرات في ترکیا و روسیا" دا دەڵێ کە بە چاوی خۆی بینیویەتی لـە کـاتی کوشـتارەکاندا گـەلێك کورد پەنایان داوەتە ژنان و منداڵە ئەرمەنەکان و حەواندوویاننەوە و تەنانەت بەمرۆڤی خۆیانیان لە قەڵەمداون بۆ ئەوەی نەکەونە دەست تورکەکان[٢٠٧]. نـاوبراو لـە ١٩٢٤ دا بینین و بەڵگەکانی خۆی خستەڕوو باسی پێکەوەژیانی کوردو ئەرمەنی کـرد. هـەروەها دەڵێ سوڵتان عەبدولحەمید سوارەی حەمیدییەی بۆ ئـەوە دروسـتکرد کـە ئـەم پێکـەوە ژیانە لە رەگەوە هەڵتەکێنێ:

"ئەم کارە (پێکەوەنانی سوارەی حەمیدییە) بۆ تەفرو توناکردنی ئەرمەن بـوو. چـونکە لە نێو کورداندا زەمینەی کوشتنو رێگری هەر لەکۆنەوە هەبووە"[٢٠٨].

بێگومان کوردو ئەرمەن دوو نەتەوەی دراوسێی دێرینـی یـەکن. لێـرەدا گـەلێك هۆکـار هەن هەردوو میللەتەکـەیان لێـك نزیـك کردۆتـەوە، کەچـی لەهـەمان کاتیـشدا گـەلێك هۆکار هەن بوونەتە هۆی لێکدابڕینی هەردووکیان لەیەکتر. بۆ وێنـە ئـاین یەکێکـە لـە هۆکـارە جیاکـەرەوەکان. ئـەم جیاوازییـەش گـەلێك نـاکۆکیی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە. هۆکارێکی دیکەش جیـاوازیی ئاسـتی پێـشکەوتنی نێـوان هەردووکیانـە. ئەرمەنـەکان لـەکوردەکان پێـشکەوتوتر بـوون. ئـەم گەلـە بـەر لـە کـورد قۆنـاغی کۆیلـەداری و

---

[٢٠٥] پرۆفیسۆر پۆل ئەمیل، مێژوی ئەرمینیا، وەرگێڕانی شوکری عەلاوی، بەیروت ص٥٣.

[٢٠٦] لوقا زودو، المسأله الكردية والقوميات والعنصرية في العراق، بيروت ١٩٦٦ ص٨٠.

[٢٠٧] الدكتور كمـال مظهـر، كردسـتان في سـنوات الحـرب العالميـة الاولى، مطبعـة المجمـع العلمـي الكـردي، ١٩٧٧، ص١٦.

[٢٠٨] هەمان سەرچاوە.

دەربەگایەتیی بڕیوە، لە کاتێکدا کورد لە شوانکارەوە یەکسەر دەربازی قۆناغی نوێ بووە. ئەرمەن شارستانییەکی دێرینی دەوڵەمەندی بنیاتناوە[٢٠٩]. لەکوردستان پیشەوەری و بازرگانی لەشارەکان بەدەست ئەرمەنەکانەوە بووە، لە کاتێکدا کوردەکان زۆرتر بەکاری شوانکارەییەوە خەریك بوون.

لێرەدا هەندێك هۆکاری تریش هەن هەردوو میللەتەکە لێك نزیك دەکەنەوە. بە تایبەت جەماوەری گەلی هەردوولا گەلێك ئاوێتەن. بێگومان گرنگترین هۆکاری هاوبەشی هەردوولا هاوچارەنووسیی ئەم دوو میللەتەیە کە وەکو یەك لە لایەن پاشایانی سەفەوی و سوڵتانەکانی عوسمانییەوە چەوسێنراونەتەوە. رەنجدەرانی ئەم دوو میللەتە وەکو یەك باج و سەرانەیان بە حوکمدارانی تورك و ئێرانی داوە. لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٢ دا یەکێك لەپیاوانی ئاینی ئەرمەن نامەیەك بۆ پاتریارکی گەورەی کاسۆلیك دەنووسێ و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە رەنجدەرانی کورد و ئەرمەن لەژێر تیری باجی سوڵتاندا وردوخاش بوون:

"زوڵم و ستەمیان لە سنوور تێ پەڕیوە....ئەمانە وەرزێرانی کورد و ئەرمەن بەباج تالآن دەکەن"[٢١٠]. یەزدانشێر لە ساڵی ١٨٥٥ کاتێك دەست بەراپەڕین دەکات نامە بۆ رووسەکان دەنێرێ، رووسەکان وەلآمی نادەنەوە. سەرچاوەکان دەڵێن ئەرمەنەکان پێش بەمە دەگرن. کوردان لە ساڵی ١٨٧٨ دا لە رۆژی ١٣ی ئەیوندا دێری موناستری تالآن دەکەن، مایۆرکرەپیڤەی رووس پەلاماریان دەدات و ٣٧ کەس لەشێخ و بەگەکانی کورد رەشبگیر دەکات و دەستبەجێ دەیانسووتێنێ. (ئەڤیریانۆڤ ل٣٧). دواتر فەرماندەی ئیسکادرۆنی دووەمی رووس نیژگەرودسکی کارنگۆزوڤ گوندی خەلیل چاوەش گەمارۆ دەدات و بەسەر وماڵەوە پاکتاوی دەکات. (ئەڤیریانۆڤ ل٢٢٧). لەوەلآمی ئەمانەدا سولتان عەبدولحەمید ئیسماعیل حەقی پاشای کورد دەکاتە فەرماندەو والی هەرێمە کوردنشینەکان. ناوبراو کوردەکان هاندەدات ئەرمەنەکان تالآن

[٢٠٩] الدكتور كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٧، ص٢٣٧.

[٢١٠] هەمان سەرچاوە ل٢٤٠. لەگەڵ (محمد خليل امير، علاقة الاكراد بمذابح الارمن ص١٠-٢٦).

بکەن. لەساڵی ١٨٧٨وە حەقی پاشا حوکم بەدەستەوە دەگرێت و لە بەرەکاندا ڕۆڵێکی کارای دەبێت (ئەڤیریانۆڤ ل٢٣٦).

لە ساڵی ١٨٧٨ەوە سوڵتان سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد دەگۆڕێ. لایەنگری ئەرمەن لە رووس سوڵتان دەورووژێنێ. کورد لەهێزی سوپایی رادەکەن، بۆیە سوڵتان بەپێشنیاری شاکیر پاشا بیر لەپێکەوەنانی سوپایەکی میلیشیایی نارێکوپێك دەکاتەوە. بەم جۆرە سوارەی حەمیدییە دادەمەزرێ کە بەشی زۆری سوارەی کورد بوون. لە ساڵی ١٨٩٩ دا لەسەدا ٥٠,٥٪ سوارەی حەمیدییە کورد بوون ٢١٠٠ سوتنی (واتە ٢١٠٠٠ کەس) لە کوردان پێکهاتوون. لە ساڵانی ٩٥-١٨٩٤ دا بە فەرمانی سوڵتان سوارەی حەمیدییەیان بۆ سەرکوت کردنی ئەرمەن بەکارهێنا (ئەڤیریانۆڤ ل٢٧٧). دوای ئەمە دەسەڵاتێکی بێ سنوور بە حەمیدییەکان درا. ئەمانە حساب بۆ قایمقام، مدیر ناحیەو زابت ناکەن و بە کەیفی خۆیان دەسوورێنەوە (ئەڤیریانۆڤ ل٢٨٨).

لە بەرامبەردا رووسەکان لە سوپاکەیاندا رۆڵی زیاتر بە ئەرمەن دەدەن. گەلێك لە حەمیدییەکان بە سوارەکانیانەوە دەچنە ریزی سوپای رووسەوە، دواتر دەست بەجێ و بەفیتی ئەرمەنەکان لەداردەدرێن. بۆیە کوردەکان متمانەیان بەرووس نامێنێ. کاتێك رووسەکان داوا لە رەشیدبەگی کەسکانلی و حەسەن خانی بادلی دەکەن کە یارمەتییان بدەن، پێیان دەڵێن هەتا ئێوە دەسەڵات بەئەرمەن بدەن، ئێمە نایەینە لاتان (ئەڤیریانۆڤ ل٣٠٦).

سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە روون دەکەنەوە کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ناوچە کوردنشین و ئەرمەن نشینەکاندا دەسەڵاتی دەرەبەگە کوردەکانی فراوان کردووە. سوڵتان عەبدولحەمید سەلاحیەتی بێ سنووری بە ئاغەواتی کورد بەخشیووە، بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر گەلە ناموسڵمانەکان. دەرەبەگە کوردەکان بەفەرمانی سوڵتان جۆرێك باجیان دەخستە سەر ئەرمەنەکان کە لەدنیادا نموونەی نەبوووە، ئەوەش **"باجی کفر"**[٢١١] بووە.

---

[٢١١] الدكتور كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٧، ص ٢٤٠.

هەنـدێك بەڵگەنامـە بـاس لـەوە دەكـەن كـە لـە هەنـدێك ناوچـەدا وەرزێرانـی ئەرمـەن بــەموڵكی دەرەبەگــە كوردەكــان لــە قەڵەمــدرابوون(٢١٢). ئــەكادیمی بــەناوبانگ ڤ. گردلیڤسكی كە گەشتێكی بەكوردستاندا كـردووە بـاس لـەزوڵمی دەرەبەگـە كوردەكـان دەكات لەسەر وەرزێرانی ئەرمەن و دەنووسێت "وەرزێری ئەرمەن وەكو كاڵا دەكڕدرێ و دەفرۆشرێت،... ناچارە بێگاری بكات، بۆ ئاغـەواتی كورد... لێرەدا بەندەییـەكی سـەیر دەبینرێت"(٢١٣). گردلیڤسكی ئاماژە بەوە دەكات كە فیوداڵە كوردەكان ناكۆكییـان لـە نێوان كوردو ئەرمەندا دەنایەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بیانـچەوسێننەوە. بێگومـان پێویـستە ئێمەی كورد سەر لە نوێ مێژووی خۆمان بخوێنینەوە و پەی بە رۆڵی باپیرانمان بەرین لە كوشتوبڕی ئەرمەنەكاندا.

گـەلێك بەڵگەنامــەی ئــەوروپایی بـاس لـەم بەشـداربوونە دەكـەن، ئەمــەش بمانــەوێ و نەمانەوێ كاریگەریی كردۆتـە سـەر ناوبـانگی گـەلی كـورد. لەبەرئەمـە بـووە گـەلێك نووسەری ئەوروپایی كوردیان بە "خوێنڕێژ"، تالانكەرو دەسدرێژكەر وەسفكردووە(٢١٤).

بێگومان لە ململانێیەكاندا خودی ئەرمەنـەكانیش رۆڵیـان هـەبوو. گـەلێك لـە دەسـتە بژێرەكانی ئەرمەن لە جەنگی رووس-عوسمانیـدا بەشـداربوون. ئـەم دیاردەیـە سـوڵتانی وروژاندووە. بۆیە سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵی داوە گەلە ناموسڵمانەكان و بە تایبـەت ئەرمەنەكان گەمارۆ بدات و "پشتوێنەیەكی ئیسلامی" یان بە دەوردا دروست بكـات. كۆنسوڵی رووسی لە بەیروت لە نامەیەكیدا كە لە ساڵی ١٨٩٨ بۆ باڵیۆزی رووسی لـە ئەستەنبوڵی نوسیوە ئاماژە بەم بابەتە دەكات. كوشتاری یەكەم لە سـاڵی ١٨٩٤ و لـە ساسۆن هاتە ئاراوە كە دەرەبەگە كوردەكانیش تێیدا بەشدار بوون، بە تایبـەت سـوارەی حەمیدییە رۆڵیان بەرجەستەبووە.

دەستدرێژیی ئەرمەنەكانی سوپای رووسیا، دەبێتـە هـۆی نزیـك بوونـەوەی هەنـدێك لـە كوردەكان لە سوڵتان (ئـەڤیریانۆڤ ل٣٤٠). ئەرمەنـەكان لـە شـەڕەكاندا گـەلێك زەوی و زاری كـوردان داگیردەكـەن. لــە یــەریڤان كــە دوای كــوردان، ئەرمــەن بەڕێوەبــەرێتی

(٢١٢) M.S.Lazarev, The Kurdish Question..pp40,381

(٢١٣) الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ، بغداد، ١٩٧٧، ص٢٤٣.

(٢١٤) هەمان سەرچاوە ل٢٤٤.

بەدەستەوە دەگرن، کوردان دەچەوسێننەوە. کورد نەخوێندەوار و یاسا نـەزانن، ئەمـەش وایان لێدەکات پتر ستەمیان لێ بکرێت (ئەڤیریانۆڤ ل٣٤٣). لەبەر ئـەم دۆخـە سـەختە کاتێك قاسم خانی کورد دەچێتە لای سوپای رووس تاقە مەرجی ئەوە دەبێـت نەخرێتـە ژێر دەستی ئەرمەنەکانەوە (ئەڤیریانۆڤ ل٣٧٣).

کاتێك سـوپای رووس پـەلاماری سـەرحەد دەدات، لـەو بەیاننامانـەی کـە بـۆ خـەڵکی دیادین و بایەزیدی ناردوون یەکێك لە مەرجە هەڕەشەئامێزەکانی ئەوە بـووە و داوا لـە خەڵکەکە دەکات، دەسـت لەئەرمـەن نەوەشـێنن. مێژوونوسـان ئـەم سیاسـەتەی رووس بەلایەنگری ئەرمەن دەزانن (ئەڤیریانۆڤ ل٣٨٤). کاتێك هێزی یـەریڤان نامـە بـۆ شـێخ عەبـداڵی کـورد دەنێـرێ راسـتەوخۆ داوای لێدەکـەن کەیارمـەتی ئەرمەنـەکان بـدات (ئەڤیریانۆڤ ل٣٨٣). بەم جۆرە دەردەکەوێ کە دنەدانی ئەرمەن کاریگەریی دەکاتە سەر سوپای رووس و ئەو سوپایە سیاسـەتێکی دژە کـورد دەگرێتەبـەر. لـەملاش سیاسـەتی سوڵتان عەبدولحەمید و نەرمبوونی بەرامبەر بە کورد بۆ ئەوە بووە رووبەڕووی ئەرمـەن و سوپای رووسیان بکاتـەوە. تەنانـەت پێکـەوەنانی سـوارەی حەمیدییـەش لەبەرئەمـە بووە.

لە لایەکی دیکەوە لەماوەیەکی کەمدا ٤٠ گونـد کـاول دەکـرێن و نزیکـەی ١٠ هـەزار کەس دەکوژرێن. لە ئەیلولی ١٨٩٥ دا دیسانەوە کوشـتارەکان درێـژەیان پـێ دەدرێـت. کتێبی زەردی فرەنسی باس لەجینۆسایدی ئەرمەن دەکـات کـە لـە مـاوەی ٣ رۆژدا لـە دیاربـەکر ٣ هـەزار کـەس دەکـوژرێن و ١٢٠ گونـد وێـران دەکـرێن و دەسـتدرێژی دەکرێتەسەر مێینەکانیان. جگە لە کوشتار، بـاقی زینـدووەکان کـۆچ پـێ دەکـرێن کـە ١٨٢ هەزاریان بەرەو قەفقاز رادەکەن، ٤٢٠٠ کەسیان پەنا دەبەنە بەر میسرو چارەکە میلیۆنێکیشیان دەبنـە موسـڵمان و نزیکـەی ١ میلیـۆن کەسیـشیان بـێ سـەرو شـوێن دەکرێن[٢١٥]. پرۆفیسۆر نێرسیسیان ئامارێکی دیکە دەخاتەڕو:

کوشتارەکانی سوڵتان عەبدولحەمید ٣٠٠ هەزار کەس، کوشتاری ئیتیحادییەکان ملیۆن و نیوێك، راکردووانی بەرەو قەفقاز و ولاّتانی عەرەب ٨٠٠ هەزار.

[٢١٥] الدکتور کمال مظهر احمد، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی ، بغداد، ١٩٧٧، ص ٢٥٦.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەمەیە کە کەم یان زۆر، بە وشیاری بوو بێ یان ناوشیاری، خۆی کردبێتی یان پێیکرابێ، کورد لەم قەتلوعامەدا بەشداربووە. لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

لە کوشتاری یەکەمدا شێخێکی تەریقەت بە ناوی مەلا سەعید ئەحمەد بۆخۆی لە ئورفا بەشداری کوشتارەکە دەکات و لە٢٠ی کانونی یەکەمی ١٨٩٥ دا بەپێش چاوی خەڵکەوە کەللەی ئەرمەنێك لێدەکاتەوە[٢١٦]. کابرا بەخەڵکەکە دەڵێ: "ئەمانە مل بەسوڵتان نادەن و بەخەلیفەی نازانن" (گەردلیڤسکی ل. ١٢٩) لە هەمان کوشتاردا لە ناوچەی وان دوو برا بە ناوی عەبدولحەمید و عەبدولغەفور نزیکەی ٢٠٠ ئەرمەن دەکوژن و لەخارپوتیش نموونەیەکی ئاوەها هاتۆتە ئاراوە. ئاغەواتی کورد لەگەڵ جەندرمەکاندا بەشداری تالآنی کاروانە ئەرمەنەکانیان دەکرد، چونکە جەندرمەکان بەڵێنیان دەدانێ، چیان دەسکەوێت بۆ خۆیان بێت.

گردلیڤسکی دەڵێ: "لە ١٩١٦ دا بۆخۆم بە چاوی خۆم بینیم کە دەربەگە کوردەکان ئەرمەنەکانیان بەرەو بتلیس پاڵپێوەدەناو بە بیانووی ئەوەی دەیانگەیەننە لێژنەی پەنابەران رووتیان دەکردنەوە". [٢١٧] هەندێك لە شارەزایانی مێژوو پێیان وایە سوڵتان عەبدولحەمید بەئانقەست کوشتاری ئەرمەنەکانی بەسوارەی حەمیدییە دەکرد، بۆ ئەوەی ئەم تاوانە بخاتە ئەستۆی کورد و بیگێڕێتەوە بۆ دواکەوتویی و دەمارگرژی دینیان. حاشا لەوە ناکرێت ناشارستانی بوون و دەمارگرژی کوێرانەی کورد یەکێك لە هۆکارەکانی بەشداری کردنیان بووە لە کوشتارەکاندا. بەلآم ئەمە هەموو هۆکارەکان نییە، چونکە هەر لەم سەردەمەدا بەڵگەنامەی دیکە هەن ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندیی نێوان کورد و مەسیحییەکان لە باشترین حاڵەتی خۆیدابووە. مێجر ك.ماسۆن لە وتارێکی خۆیدا کە لە بەردەم کۆمەڵەی جوگرافی پاشایی لەندەندا پێشکەشی کردووە دەڵێ: "گەلێك لە ئێمە پێیوایە کورد بەرپرسیارن لە کوشتوبڕی

[٢١٦] الدکتور کمال مظهر احمد، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی ، بغداد، ١٩٧٧، ص ٢٥٧.

[٢١٧] V.A Gardlevski, op.git.,vol111,pp.129-130

ئەرمەنەکان، لە کاتێکدا لە ساڵەکانی جەنگدا زۆربەی مەسیحییەکان لە کوردستان لەوپەڕی بەختەوەریدا ژیاون"[٢١٨].

هەندێك بەڵگەنامە باس لەوە دەکەن کە پیاوانی ئاینی لە کوردستان بە پێی فەرمانی سوڵتان، لە مزگەوتەکان فتوایان دەرکردووە سەبارەت بە کوشتنی "کافران" و خەڵکیان هان داوە بۆ رەزای ئاین مەسیحی بکوژن. موفتی "پالۆ" بانگی لە خەڵك کردووە مەسیحییەکان تالآن بکەن. لە ئەرزرۆم پیاوانی ئایینی هاواردەکەن "مەسیحی بکوژن و باکتان لە هیچ نەبێت". لە بەر ئەمە گەلێك کوردی ساکارو رەشۆکی کوشتنی ئەرمەنییان بە "جیهاد" لە قەڵەم داوە[٢١٩]. زۆربەی بەشدارانی ئەم کوشتارانە سەر بە سوارەی حەمیدییە بوون. لە زۆربەی ناوچەکاندا عەشایری چەکداری غەیرە نیزامی بەشداری تاوانەکانیان کردووە. ئەم تاوانکارییەش ناخرێتە ئەستۆی گەلی کورد، بەڵکو بە کرداری دەرەبەگە کوردەکانی سەر بە سوڵتان لە قەڵەمدەدرێت. بێگومان تالآنی و داگیرکردنی موڵکی ئەرمەنەکان پاڵنەری سەرەکی دەرەبەگەکانی حەمیدییە بووە. گەلێك گوندی ئەرمەن دواتر لە لایەن ئەمانەوە داگیرکراوە.

ئەم بابەتە هەندێك رەهەندی دیکەشی هەن کە پێویستە روون بکرێنەوە. پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن تەنها شەڕو کوشتار نەبوون، گەلێك رووکاری هاوکاریشی تێدا هەبوو. تورکەکان گەلێك تاوانیان بە ناوی کوردانەوە کردووە (**محمد خليل امير**، علاقة الاكراد بمذابح الارمن، ص٧). لە کاتێکدا هەردوو میللەتەکە چەوساوە بوون و لە لایەن یەك داگیرکەری هاوبەشەوە چەوسێنراونەتەوە (**محمد خليل امير**، ص٥). کوردان لە کاتی کوشتارەکانی ساسۆن و زەیتوندا یارمەتی لێقەوماوانی ئەرمەنییان داوە. کەم جار روودەدات قوربانییەك قوربانییەکی دیکە بچەوسێنێتەوە. لێرەوە رووی راستەقینەی داگیرکاریی رووس و عوسمانی دەردەکەوێ، رۆڵی کورد و ئەرمەنیش تەنها رۆڵی دوو قوربانی بەگژیەکدا کراوەو بەس. (**محمد خليل امير** ص١١).

شاهبازیان لە ساڵی ١٩١١ دا کتێبی "مێژووی کوردو ئەرمەن" دەنووسێ و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات بەدرخان پاشا، یەزدانشێرو بشارێ چەتۆ پەیوەندیی باشیان لەگەڵ

[٢١٨] الدكتور كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ،بغداد، ١٩٧٧، ص٢٦٠.

[٢١٩] الدكتور كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ،بغداد، ١٩٧٧، ص ٢١٦.

ئەرمەن هەبووە. شاهبازیان دەنووسیّ کە بەدرخان پاشا گوتوویەتی: "کوردو ئەرمەن لە یەك ریشەوە هاتوون". بەدرخان بەگ لە کاتی راپەڕینەکەیدا دوو راوێژکاری ئەرمەن هەبوون بە ناوی ستێپان مانوگلیان و ئەرگانیش چالگزیان. هەروەها یەکێك لە فەرماندەی هێزەکانی بەدرخان بەگ میرمارتۆی ئەرمەن بووە لە باشقەلاّ (محمد خلیل امیر، ص١٥). لە راپەڕینی شێخ عوبەیدولاّدا شێخەکان داوا دەکەن کورد پەلاماری ئەرمەن بدات، شێخ پێیان دەلیّ: "تورك تەنها لەبەرئەوە نرخ بەئێمە دەدەن کە ئەرمەنییان بۆ بکوژین، کاتێك ئەرمەن نەمێنی چیتر نرخی ئێمەشیان لە لانامێنیّ" (ئەڤیریانۆڤ ل٢٤١). لە سالّی ١٨٧٨دا کاتێك ئەحمەد پاشای کوردی لە دژی سولّتان رادەپەڕیّ نیوەی هێزەکەی ئەرمەن بوون و لە شاخەکانی هۆتیدا خۆڕاگریان کردووە.

لێرەدا پێویستە راستییەك بخەینەڕوو: لە کاتێکدا هەندێك لە دەرەبەگەکانی کورد شان بەشانی سوپای تورك بەشدار دەبن لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا، لە لایەکی دیکەوە ئیرادەی سیاسی دوگەلەکە واتە رووناکبیر و پیاوانی سیاسییان کۆبوونەوەی هاوبەش بەرێوە دەبەن و سەبارەت بە چارەنووسی هاوبەشیان هاودەردی دەردەبڕن. پارتی "هنچاك" کە لە سالّی ١٨٨٧ دا دادەمەزرێت سەبارەت بەگەلانی دیکەی عوسمانی هاودەردی پیشاندەدات. ئەم پارتە رێبازێکی چەپی هەبووە لە بەرامبەردا پارتی تاشناك (١٨٩٠) کە وردە بۆرژوای نیشتمانی ئەرمەن پێکەوەیان ناوە. تاشناك دەورێکی گرنگی هەبوو لە وروژاندنی کورد و چەرکەس و تورك دژ بە ئەرمەن[٢٢٠].

د. ئاروتونیان دەنووسێت:

"پارتە ئەرمەنەکان لە باتی پشتیوانی هێزە دیموکراتەکانی گەلی کورد بەدەست بهێنن بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەرەبەگایەتیی تورك، کەچی رقیان لە دلّی ئەمانەدا چاندو کردنیان بەدوژمن".

گرووپە سیاسییەکانی ئەرمەن ئیدیعایان دەکرد کە هەموو شارە کوردنشینەکان بەشێکن لە جیۆگرافیای ئەرمینیا. بۆ نموونە شاری وەکو دیاربەکر، وان و بتلیسیان بەهی خۆیان لە قەلّەم دەدا. ئەمەش لای کوردەکان نیگەرانی دروست دەکرد. ئەم ئیدیعایە وای لە کوردەکان دەکرد وا بیربکەنەوە گۆیا زلهێزەکان بەنیازن لەسەر حسابی

(٢٢٠) الدکتور کمال مظهر، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی ،بغداد، ١٩٧٧، ص ٢٦٣.

خاکی کورد دەوڵەتی ئەرمەن پێکەوە بنێن. بۆیە جۆری پروپاگەندەی گرووپە سیاسییەکانی ئەرمەن وروژاندن و پەرچەکرداری کوردەکانی بەدواوە بووە[221].

لە بەرامبەر ئەمەدا رووناکبیرانی کورد پشتیوانییان لە پرسی ئەرمەن کردووە. رۆژنامەی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٠١ و ١٩٠٢ باس لەکوشتاری ئەرمەنەکان دەکات و بە سیاسەتی دوژمنکارانەی لە قەڵەم دەدات. دەوڵەتی عوسمانی گەلێك جار هەوڵی دەدا کوردەکان لە بانگەشەی ئەرمەنەکان بترسێنێ و دووبەرەکییان لە نێواندا بنێتەوە، بەڵام ئەمە کاریگەرییەکی وای نەبوو.

د. لسیۆسی ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندیی کوردەکان و ئەرمەنەکان پەیوەندییەکی دۆستانەی گەرمە. ناوبراو لە ساڵی ١٨٤٥ دا ئەم راستییە دەردەخات، خاچاتۆر ئابۆڤیان نووسەری بەناوبانگی ئەرمەن شەیدایی خۆیی دەردەخات لەو هاودەنگییەی کورد و ئەرمەن کە لە دژی عوسمانی دەری دەخەن (**محمد خليل امير**، علاقة الأكراد بمذابح الارمن ص١٨). هەروەها میرازائاغای کورد و باگۆسی ئەرمەن لە دژی تورکان رادەپەڕن. خاچاتۆرئابوڤیان باسی ئەم هاوخەباتییە دەکات. لە راپەڕینی ئەرمەنەکان لە ساسۆن حاجی زوڵاڵ ئاغای کورد لە یەکێك لە بەرەکاندا بەشدار دەبێ. کاتێك حافز پاشای پاشای عوسمانی دێتە ئەوێ، زوڵاڵ ئاغا بەرپەرچی دەداتەوە (**محمد خليل** امير، ص١٦). لە ١٩٠٤ — ١٩٠٣ دا کاتێك ئەرمەنەکان رادەپەڕن بۆ جاری دووەم کوردەکان پشتیان دەگرن (**محمد خليل امير** ص١٦).

بەڵگەنامە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٠٩ "تەشکیلاتی مەخسوسە" ی ئیتیحاد و تەرەقی بۆ چاندنی تۆوی نیقاق لە نێوان کورد و ئەرمەندا، دەیان سیخوڕ دەنێرێتە هەرێمەکە. سەرەڕای ئەم هەموو تێکدانە، دیسان کورد و ئەرمەن هاوکاریی یەکتر دەکەن.

لە ساڵی ١٩١٥ دا بوگوس نوبارپاشای نوێنەری ئەرمەنەکان نامەیەك بۆ وەزیری دەرەوەی فرەنسا دەنووسێ وئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکان خاوەن خاك و گەلن و مافی بەدەوڵەتبوونیان هەیە. (**محمد خليل امير** ص٢٠).

---

[221] الدكتور كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ،بغداد، ١٩٧٧، ص ٢٦٧.

له کاتێکدا هەندێك سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن کە فیۆداڵە کوردەکان وەرزێرە ئەرمەنەکانیان چەوساندۆتەوە، شاهبازیانی مێژوونوسی ئەرمەن لە کتێبەکەیدا دەنووسێت: "فیوداڵە کوردەکان هیچ جیاوازییەك لە نێوان وەرزێرانی کورد و ئەرمەندا ناکەن و وەکویەك دەیانچەوسێننەوە. (محمد خليل امير ٢١). کۆنسوڵی رووس لە ئەرزرۆم بە ناوی ماکسیمۆف لە راپۆرتێکی خۆیدا دەنووسێ "سوارەکانی حەمیدییە جیاوازیی ناکەن لە نێوان کورد و ئەرمەن و وەك یەك تالانیان دەکەن". لە رابوونی ١٩٠٥ی بتلیسدا راپەڕینەکە بە هاوبەشی کورد و ئەرمەن هاتە ئاراوە. تا رۆژئاواییەکان نەهاتبوون جیاوازیی لە نێوان کورد و ئەرمەندا نەبوو.

د. ئەستارچیان لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات کە عەبدولرەحمان بەدرخان لە نیوەی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەجنێڤ لەگەڵ سەرۆکی تاشناك دادەنیشێ و باس لە هاوپەیمانیی کورد و ئەرمەن دەکات. ع.بەدرخان لە رۆژنامەی "تروشاك" (ئالا) کە ئۆرگانی تاشناك بووە، بەکوردی وتارێك دەنووسێ و هەوڵی لێك نزیك کردنەوەی کورد و ئەرمەن دەدات[٢٢٢].

ئەمە وای لە بابی عالی دەکرد کە هەوڵ بدات کورد و ئەرمەن بەگژیەکدا بکات و دووبەرەکی بخاتە نێوانیانەوە. دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی داوە پەیوەندیی کورد-ئەرمەن تێك بدات. جا هەر لێکۆڵینەوەیەك کە دێتە ئاراوە سەبارەت بەرۆڵی کوردان لە کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەناندا، دەبێ ئەم حاڵەتەی تێدا رەچاوبکرێت.

لە جەنگەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستێوەردانی بریتانیا و رووسیا لە کاروباری عوسمانی و رزگارکردنی گەلانی باڵکان، ئەو نیگەرانییەی لای تورکەکان دروستکرد کە رەنگە ئەرمینیا لە دەستبدەن، بۆیە هەوڵیان داوە بەهەر شێوەیەك دەبێ پێش لەم رووداوە بگرن. لێرەدا یەکێك لەو داردەستانەی کە کەڵکیان لێ وەرگرتووە دەرەبەگاکانی کورد بوون. بەڵگەنامەکان دەری دەخەن کە لە قۆناغی یەکەمی کوشتارەکاندا خودی سوڵتان هەوڵی داوە کوردەکان بۆ ئەم ئامانجە بەکاربهێنێ.

[٢٢٢] د. استارجيان، تاريخ الامة الارمنية، الموصل، ١٩٥١ ص٣١٥.

ئەوە حاشای لێ ناکرێت کە گەلێك کوردی ساکار بوونەتە ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم کوشتارە، بەلاّم بەڵگەنامەکان دەری دەخەن کە کوردەکان بە فەرمانی سوڵتان و پێشەوایانی ئاینییان ئەم کارەیان کردووە. بەشێکیان جێبەجێکردنی فەرمانی سوڵتانیان بە واجبی ئاینی زانیوە، بەشێکی دیکەشیان بۆ تالاّنکردنی ماڵ ومولّکی ئەرمەنەکان بەشداری ئەم کارەیان کردووە. یەکێك لە سەرچاوەکان دەیگێڕێتەوە کاتێك تورکەکان فەرمانی کوشتاری ئەرمەنیان بە کوردەکان داوە، کوردەکان روویان لە تالاّنکردنی سامانەکانیان کردووە هەتاوەکو خۆیان[٢٢٣].

عەبدولعەزیز یامولّکی دەگێڕێتەوە کە لێپرسراوانی تورك گەلێك زیندانیی تاوانباریان بەردەداو جلی کوردییان دەکردنەبەر و لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا بە کاریان دەهێنان[٢٢٤]. زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە روون دەکەنەوە کە کوشتوبڕی ئەرمەن لە ئەنجامی هەڵچوونی رقی موسڵمانان نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی ویستەکانی دەوڵەت بووە. بە گشتی ئەم بەشدارییە پەیوەندیی برایانەی نێوان کورد و ئەرمەنی تێکداوە. بۆیە لە جەنگەکاندا گەلێك لە چەکدارانی ئەرمەن لە کوشتاری گوندنشینەکانی کورددا بەشدار دەبن. کاتێك سوپای رووس شاری بایەزید داگیردەکات، خۆبەخشە ئەرمەنەکان چەندین گوندی کوردان کوشتار دەکەن. تەنانەت ئەو شاندە کوردییەش دەکوژن کە هاتبوونە پێشوازی سوپای رووسەوە. لە رەواندز ئەرمەنەکان بە هاوکاریی سوپای رووس لە سەرەتای مایسی ١٩١٦دا بە فەرماندەیی ژەنەراڵ چیۆر نزوپۆڤ نزیکەی ٥ هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد دەکوژن. لە دیاربەکریش چەکدارانی ئەرمەن ١٩٥ کورد دەکوژن[٢٢٥]. هەر لەم سەردەمەدا رۆژنامەی "کوردستان" کە زمانحاڵی میللەتی کورد بووە، لە چەندین وتاری خۆیدا باس لەوە دەکات کە تورکەکان دەیانەوێ کوردەکان بکەنە داردەست بۆ کوشتاری ئەرمەن. ئەم رۆژنامەیە خەڵك هۆشیار دەکاتەوە نەکەونە داوی تورکەکانەوە و برایەتی نێوان کورد — ئەرمەن بپارێزن. لە هەمان حاڵدا "کوردستان" ئیدانەی ئەو سەرۆك خێڵ و دەرەبەگە کوردانە دەکات کە دەستیان

---

[٢٢٣] د. استارجيان، تاريخ الامة الارمنية، الموصل، ١٩٥١ ص ٢٨٢.

[٢٢٤] هەمان سەرچاوە ل ٢٨٢-٢٨٣.

[٢٢٥] هەمان سەرچاوە ل٢٩٢.

هەبووە لە قڕكردنی ئەرمەنەكاندا[٢٢٦].لە لایەكی دیكەشەوە ئیدارەی سیاسی گەلی كورد كە خۆی لە كۆمەڵە كوردییەكاندا دەبینیەوە، جگە لەوەی ئیدانەی كوشتارەكانیان كردووە، راستەوخۆ هەوڵیان داوە پەیوەندیی و هاوپەیمانی لە نێوان كورد و ئەرمەندا دروست بكەن. "كۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی كورد" كە یەكەمین كۆمەڵەی سیاسی كوردییە، لە بلاّوكراوەی زمانحاڵی خۆیدا ئاماژە بە بایەخی ئەم هاوپەیمانییە دەكات. هەروەها خودی كۆمەڵەش بە كردەوە هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەی پەیوەندیی و پەیمان لە نێوان هەردوو گەلدا بێنێتە ئاراوە. ژەنەراڵ شەریف پاشا لەساڵی ١٩١٤ دا لە رۆژنامەی "مەشروتیەت" دا وتارێك دەنووسێت و تێیدا سیاسەتی ئیتیحادییەكان و كوشتاری ئەرمەنەكان پرۆتێست دەكات و ئاماژە بەوە دەكات كە توركەكان دەیانەوێ بەم كردارە ناوبانگی میللەتەكەی لە لای ئەوروپاییەكان بزڕێنن.

لەگەڵ ئەمانەشدا سەرچاوەكان بە زۆری باس لەوە دەكەن كە لە بەر هەڕەشە و گوڕەشەی حوكمدارانی تورك، كوردەكان بێ لایەن بوون و نەیانوێراوە بە ئاشكرایی یارمەتیی ئەرمەنە لێقەوماوەكان بدەن. سەرەڕای ئەمەش ئێستاشی لەگەڵدا بێ گەلێك بەڵگەنامە هەن ئاماژە بەوە دەكەن كە كوردەكان داڵدەی هەزاران ئەرمەنی لێقەوماویان داوە. عەبدولعەزیز یامولكی دەنووسێت "لە دوو لە سێی ئەو ئەرمەنانەی رزگاریان بووە، بەهۆی كوردەكانەوە بووە". برایم پاشای مللی هەزاران ئەرمەنی داڵدە داوە. جگە لەوەی گەلێك لە كوردەكان داڵدەی لێقەوماوانی ئەرمەنییان داوە، گەلێك كوردیش بەچەكەوە فریای ئەرمەنان كەوتوون و شان بەشانیان لە دژی توركان شەڕیان كردووە[٢٢٧]. كوردەكانی دەرسیم بە چەكەوە بە هانای ئەرمەنەكانەوە چوون. كوردەكانی مكس لە ساڵی ١٩١٥ دا هەڵوێستی باشیان هەبووە. جگە لەمانەش كوردە ئێزدییەكان خۆیان چارەنووسیان لە ئەرمەنەكان باشتر نەبووە و رووبەڕووی كوشتار بوونەتەوە، كەچی لەگەڵ ئەمەشدا لە كاتی جینۆسایدی ئەرمەندا داڵدەی سەدان ئەرمەنییان داوە كە لە رێگەی دێرەزۆرەوە پەنایان بردبووە بەر ناوچەكانیان. ئیرادەی سیاسی گەلی كورد خۆی بە هاوپشتی گەلی ئەرمەن زانیوە و هەستی بە

---

[٢٢٦] رۆژنامەی "كوردستان" ژمارە ٢٦، ٢٢ی رەمەزانی ١٣١٨، ١٤كانونی دووەمی ١٩٠١.

[٢٢٧] د. ئاستارضیان، تاریخ الامة الارمنیة، الموصل، ١٩٥١ ص٢٩٧.

پێویستی یەکێتیی و هاوپەیمانی کردووە. نموونەی زیندووی ئەم ئیدیعایەش ئەو پەیمانە بووە کە لە نێوان نوێنەری کورد شەریف پاشاو نوێنەری ئەرمەن بوگوس نوبار پاشادا لە کۆنگرەی ئاشتی پاریسدا ئیمزا کراوە. لە خۆڕایی نەبوووە هەندێك لە نووسەران سەبارەت بەم پەیمانە نووسیویانە: "ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی بە ٥٠ ساڵ ئاژاوەی دەسکردی دوژمن هێنا لە نێوان کوردو ئەرمەندا"(٢٢٨).

(٢٢٨) The Genocide of the Armeniaps… pp176-177, A,safrastion. Op.cit.,p.77

# بەشی سێیەم

# پەیوەندییەکانی کورد – ئەرمەن

# پەیوەندییەکانی کورد – ئەرمەن

گەلی کوردو ئەرمەن دوو گەلی دێرینی هەرێمەکەن کە دراوسێیەتییەکی هەزاران ساڵەیان هەیە. لە رووی جوگرافییەوە ئەم دوو گەلە جگە لەوەی دراوسێن، لە گەلێك ناوچەدا شارو گوندەکانیان تێکەڵبووە. لە رووی مێژوویشەوە چارەنووسێکی هاوشێوەیان هەبووە. لە سەردەمی ئیمپراتۆری ئێرانی و رۆمانیدا سەرزەمینی هەردوو گەل لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەکەدا دەستاودەستی پێ کراوە. ئەم حاڵەتە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ئەشکانی-رۆمانی و ساسانی-بیزەنتینیدا دووبارە بۆتەوە. بە هاتنی عەرەبەکان دیسان هەمان چارەنووس دووبارە بۆتەوە. لە سەردەمەکانی دواتردا واتە قۆناغی سەفەوییەو عوسمانییەکاندا جەنگەکان لەسەر سەرزەمینی ئەم دوو گەلە بەڕێوە چوون. شاعەباسی سەفەوی کاتێك ئەرمەنەکانی لە زێدی خۆیان گواستەوە و بردنی بۆ ناوەڕاستی ئێران، لە هەمان کاتدا کوردەکانیشی راگواست و رەوانەی رۆژهەڵاتی ئێرانی کردن. لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەمان چارەنووس خۆی دووبارە کردۆتەوە، بەڵام یەك جیاوازی خۆی دەرخستووە: ئەویش جینۆسایدی ئەرمەنە، کە ئەرمینیای رۆژئاوا لە پەڕەی جیۆگرافیا سڕاوەتەوە.

لە کۆتایی تەمەنی عوسمانیدا پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن ئاستێکی نوێی بەخۆوە بینی. واتە ئاستی کۆمەڵایەتیی دەرباز کردو ئاراستەیەکی سیاسی وەرگرت. پێویستی خەباتی هاوبەشی هەردوو نەتەوە لە دژی داگیرکەری عوسمانی ئاراستەی پەیوەندییەکانی گۆڕی. دەنگۆی بەشداربوونی کورد لە کوشتاری ئەرمەندا نەیتوانی ئاراستەی ئەم پەیوەندییانە تێك بدات، بە پێچەوانەوە خێراتریشی کرد. ئێمە لێرەدا پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن بە سەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەین:

١-نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم.

٣-نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم.

٣-نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

## قۆناغی یەکەم
## نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم

### وێستگەی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد - تاشناکسوتیون

لە کۆتایی سەدەی تۆزدەیەمدا بزاڤی رزگاریی ئەرمەن سەری هەڵدا. گرووپە سیاسییەکانی ئەرمەن وەکو ئارمناکان، هنچاك (١٨٨٧) و تاشناك (١٨٩٠) هاتنە ئاراوە. بە دروست بوونی گرووپە سیاسییەکانی ئەرمەن خەباتی رزگاریی گەلی ئەرمەن ئاراستەیەکی تازەی وەرگرت. پێویستی خەباتی هاوبەشی ئەرمەن، کورد، عەرەب و تەنانەت تورك لە دژی ئیمپراتۆری عوسمانی وای لە گرووپە سیاسییەکانی ئەرمەن کرد کە هەوڵ بدەن خۆیان لە ئیرادەی سیاسیی گەلانی ناوبراو نزیك بکەنەوە. تەنانەت لەسەروبەندی دروست بوونی "ئیتیحادو تەرەقی"دا پەیوەندییەکانی نێوان ئەرمەن و تورکە ئازادیخوازەکان هاتبووە ئاراوە. هاوکات کوردەکانیش کە تازە روویان کردبووە میتۆدی خەباتی نوێ، هەوڵیان دەدا لەگەڵ ئەرمەنەکان پەیوەندیی بێننە ئاراوە.

بزاڤی رزگاریی نەتەوەکانی ژێر دەستەی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ئەنجامی ستەم و هەلاّواردنی نەتەوەییەوە هاتەئاراوە. خەباتی رزگاریی نەتەوەیی هەموو نەتەوەکانی ژێر چەپۆکەی عوسمانی گرتەوە. هەر لە بالکانەوە بگرە هەتاوەکو سەرزەمینەکانی عەرەب و کورد و ئەرمەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و رزگاری دەستیان بەخەباتی چەکداری کرد[٢٢٩]. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بزاڤی رزگاری نەتەوەکان بەرەوی سەندو رێکخراوی سیاسی نەتەوەیی ئەرمەن، یۆنانی، بولگار، ئەلبان، عەرەب و کورد سەریان هەڵدا و بەرگرییان لە مافەکانی خۆیان کرد.

---

(٢٢٩) جلیلي جلیل، نهضة الاکراد الثقافیة و القومیة، نقله عن الروسیة باظیَ نازی، د. ولاتو، بیروت ١٩٨٦، رابطة کاوه للثقافة الکردیة، ص٦٠.

بە راستی دەکرێ سەدەی نۆزدەیەم بە سەدەی رابوونی گەلانی ژێر دەستەی عوسمانی لە قەڵەم بدرێت. لە ساڵەکانی ١٨٥٤-١٨٥٥ دا یەزدان شێر رێبەرایەتیی سەرهەڵدانێکی فراوانی کرد لە دژی عوسمانییەکان. لەم سەرهەڵدانەدا تەنها کورد بەشدار نەبوون، بەڵکو ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەرمەنەکانیش بەشداربوون. ئەمە وەکو سەرەتایەك لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد — ئەرمەن خۆی نیشان دەدات. دواتر لە کاتی راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا (١٨٨٠) بزاڤی رزگاری کورد تا رادەیەك ئامانجەکانی خۆی دیاری دەکات. لەم راپەڕینەدا شێخ نەك خۆی لە کوشتاری ئەرمەنەکان دەبوێرێ، بەڵکو پەیوەندیشیان پێوەدەکات.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵی دا ناکۆکی بخاتە نێوان کورد و ئەرمەنەوە. بۆیە لە کاتێکدا بزاڤێکی رزگاریی ئەرمەن لە رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەکەدا روو لە گەشەبوو، هەوڵی دا سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد بگۆڕێت. لە ساڵی ١٨٩١ دا سەلاحیەتی دا بەسەرخێڵەکانی کورد و میلیشیای حەمیدییەی پێکەوەنا. ئیمتیازاتێکی باشی دایە سەرۆك خێڵەکانی کورد و لە گەلێك باج و سەرانە عەفوی کردن. ئەمەشی بۆئەوە کرد سەلاحیەتیان بداتێ دانیشتوانی ئەرمینیای رۆژئاوا سەرکوت و تالان بکەن. سوڵتان ویستی بەم هێزە دەسەڵاتی خۆی لە ئەرمینیای رۆژئاوا بپارێزێت و لە بەرامبەر پەلامارەکانی رووسدا دیوارێکیان پێ دروست بکات[٢٣١].

دوابەدوای ئەمە سوڵتان لە کوردستان و لە ئەستەنبوڵ قوتابخانەی عەشایری (عەشیرەت مەکتەبلەری) دامەزراند و منالانی سەرۆك خێڵەکانی باردەهێناو بەبیری ئاینی و دژە ئەرمەن پەروەردەی دەکردن. واتە سوڵتان ئەم جارە ویستی سیاسەتی "پەرتکەو زاڵبە" بەکاربهێنێ و ئامانجیشی لەم سیاسەتە ئەوە بوو کە پێش بە یەکگرتنی کورد — ئەرمەن بگرێت.

لە ساڵی ١٨٨٩ "کۆمەڵەی ئیتیحاد" کە دواتر و لە ساڵانێتردا بوو بە "کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی" دامەزرا. ئیسحاق سکوتی، ئیبراهیم تەمۆ، عەبدوڵلا جەوەت،

[٢٣١] پ.ی ئەڤیریانۆڤ، کورد لە جەنگی روسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، وەرگێرانی د. ئەفراسیاو هەورامی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٢٦٤-٢٦٧، ٢٨٦، ٢٧٧و٢٨٨.

محەمەد رەشید و حیکمەت ئەمینی قونیەیی لە دامەزرێنەرانی ئیتیحادو تەرەقی بوون. لە ئیتیحادو تەرەقیدا سەرەتا هەماهەنگی هەبوو لە نێوان پێکهاتەکانی عوسمانی وەکو تورك، عەرەب، کوردو ئەرمەن. ساڵێك دوای ئەمە واتە لە ١٨٩٠ پارتی تاشناکی ئەرمەن دامەزرا. پێش ئەمەش گرووپی ئارمناکان و هنچاك دامەزرابوون. ئەم وەرچەرخانە سیاسییە کاریگەریی لەسەر کوردیش کرد. لە ساڵی ١٨٩٨ میقداد بەدرخان یەکەم رۆژنامەی کوردی واتە "کوردستان"ی دەرکرد. میقداد بەدرخان بە هۆی رۆژنامەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکێتیی کورد-ئەرمەن. رووناکبیرانی کورد کە لە تاراوگەو بە تایبەت لە رۆژئاوا کۆبووبوونەوە باش لە پێویستی و بایەخی یەکێتیی کورد — ئەرمەن گەیشتبوون و پێیان لەسەر ئەم یەکبوونە دادەگرت.(٢٣٢) میقداد بەدرخان لە کوردستاندا دەنووسێ "یەکێتیی و پەیوەندیی باشی کورد و ئەرمەن زامنی سەرکەوتنی هەردوو گەلە(٢٣٣). لە ژمارەی دووەمدا دەنووسێت: "دوژمنایەتیی کورد- ئەرمەن، هەردوو میللەت تەفروتونا دەکات".

دوای میقداد بەدرخان، عەبدولرەحمان بەدرخان درێژەی بە دەرکردنی "کوردستان"دا. ناوبراو لە ئەستەنبوڵ بەڕێوەبەری وەزارەتی کولتووری عوسمانی بوو. دواتر رایکرد بۆ رۆژئاوا و بوو بە نەیاری سوڵتان. بەغیابی حوکمی ئەبەدی بۆ بڕایەوە. ناوبراو درێژەی بەدەرکردنی کوردستان دا. لە ساڵی ١٩٠٠ دا رۆژنامەی "نوردار"ی ئەرمەن ئاماژەی بە سەرنووسەری نوێی کوردستان کرد و رایگەیاند کە ئەم کەسە دۆستێکی گەورەی گەلی ئەرمەنەو داوای دامەزراندنی حکومەتێکی "فیدرالی یەکگرتوو" دەکات کە تێیدا پێکهاتەکان نیمچە سەربەخۆییان هەبێت و لەمانەش ئەلبان، ئەرمەن و عەرەب و کورد دەبێ لە حوکمی نوێدا بەشداربن. عەبدولرەحمان لە ئەورووپا چووە ناو باڵی "فیدراڵیخواز" ی "تورکە لاوەکان" کە ئەودەم پێی دەوترا "حورییەت و ئیئتلاف" و سەباحەدین بەگی عوسمانی بەڕێوەی دەبرد و رۆژنامەی "ئوسمانلی"یش زمانحاڵی ئەمانەبوو. ئەم کەسە پێی لەسەر هەماهەنگی و هاوپەیمانی لە نێوان نەتەوەکانی عوسمانیدا دادەگرت.

---

(٢٣٢) جلیلی جلیل، نهضة الاکراد الثقافیة و القومیة، دار الکتاب، بیروت، ١٩٨٦، ص٢٧.

(٢٣٣) رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢، ساڵی ١٨٩٨.

ڕێبازی ڕۆژنامــەی ئوسمـانلی زەمینــەی خۆشـکرد بـۆ ڕۆژنامــەی "کوردسـتان". دواتـر کوردستان بە ڕۆژنامەیەکی (Pro Armenia) واتە لایـەنگری ئەرمـەن لـە قەڵـەم درا. ڕێبازی کوردستان کاریگەریی کردە سەر ڕۆژنامەی ئەرمـەنی "عینایـەت". عینایـەت گـەلێك لـە بابەتـەکانی لـە کوردسـتان وەردەگـرت. کوردسـتان بانگەشـەی یـەکێتیی بەرژەوەندی کورد – ئەرمەنی دەکرد و دەینووسی: "ئەگەر ئەم دووانە یەکنـەگرن ئـەوا زەبر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن". کوردستان لە نـەبوونی ڕێکخستەی سیاسـی کورددا، لەگەڵ گرووپە سیاسـییەکانی ئەرمەنـدا پەیوەنـدیی دروسـت دەکـردو بەمـەش سەرەتایەکی پەیوەنـدیی هاوچەرخی سیاسـی لـە نێـوان هـەردوو میللەتەکـەدا هێنایـە کایەوە(٢٣٤).

کوردستان چەندی پێی لەسەر ئەم کێشەیە دادەگـرت، لـە چـەند وتـاری دیکەشـیدا بـە توندی ئیدانەی کرداری ناشایستی هەندێ لە دەرەبەگە کوردەکـانی سـەر بـە "سـوارەی حەمیدییە"ی کرد کە بەشداربووبوون لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا: "ئێوە ڕۆڵـەکانی ئـەو میللەتە دەکوژن کە بەرگری لە ماف و دادگەری دەکەن. دەیانکوژن لە کاتێکدا دەبـووا بەرگریتان لێ بکردنایە، چونکە ئەوانەش وەکو ئێوە چەوساوە و ژێر چەپۆکەن. کـرداری ئێوە لە کەیەکی نەنگ و شەرمە کە بە ناوی میللەتی کوردەوە تۆمار دەکرێت. ڕۆژێـك دادێت ڕۆڵەکانی میللەتی کـورد بـەر لەعنـەتتان بخـەن و هاوکـاریی کـورد – ئەرمـەن بهێننە دی. ئەرمەن دوژمنی ئێوە نییە. دوژمنی ئێوە خودی سوڵتانە" (٢٣٥).

کوردستان لە وتارەکانیـدا لـە خـەباتی ڕزگـاریی گـەلی ئەرمـەن نموونـە دەهێنێتـەوە و یەکێتیی ئامانجە هاوبەشەکانی هـەردوو میللـەت بـە زامنـی سـەرکەوتنیان دەزانێـت. "ئەگەر کورد و ئەرمەن یەك بگرن، ئەوا دەزگای فەساد لە کوردستان هەڵدەتەکێت".

کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە سوڵتان تەڵەی نوێ دەنێتەوە بۆ ئەوەی سەر لـە نـوێ کوردو ئەرمەن بکاتە دوژمنی یـەکتر. باسـی "سـوارەی حەمیدییـە" دەکـات و پـەردە لەسەر ئامانجە پشت پەردەکانی ئەم هێـزە کوردییـە بـەکرێگیراوە هەڵـدەماڵێت. باسـی

---

(٢٣٤) جلیلی جلیل، نهضة الاکراد الثقافیة و القومیة، دار الکتاب، بیروت ١٩٨٦، ص٥٠ و شـەریف پاشـای خەندان، بیرەوەرییەکانی بەرهەڵستێك، وەرگێرانی زریان ڕۆژهەلاتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.

(٢٣٥) هەمان سەرچاوە ل٥١.

زەکی پاشا دەکات کە چۆن چۆنی دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم هێزەوە تۆوی نیفاق و دووبەرەکی لە نێوان کوردو ئەرمەندا بچێنێ و ئاواتەکانی سولّتان بهێنێتە دی[٢٣٦].

هەروەها دەنووسێت "کوردستان ئەمڕۆ بە سەر سێ لایەندا دابەش بووە: ئەرمەن، کوردە حەمیدییەکان، کوردە غەیرە حەمیدییەکان. ئەم سێ هێزە لە کوردستان ڕووبەڕووی یەك بوونەتەوە". بە پێی کوردستان، کوردە حەمیدییەکان کاریان تالانکردنی وەرزێرە کوردو ئەرمەنەکانە. کەوابوو دەبێ دوو بەشەکەی تر بەرەنگاری ئەم بەشە ببنەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شارەکانی کوردستان بوونە گۆرەپانی بەرەنگاربوونەوەی سولّتان. لە ساڵی ١٩٠٥ دا کوردەکانی دەرسیم و ئەرمەنەکان یەکیان گرت و بەهاوبەشی بەرەو ڕووی سوپای عوسمانی بوونەوە. لە ساڵی ١٩٠٦ دا لە ئەستەنبوڵ کوردەکان لە دژی فەرمانگە حکومییەکان خۆپیشاندانیان سازکرد، ئەرمەنەکان لە مەیداندا پشتگیری کوردەکانیان کرد. لە کانونی یەکەمی ١٩٠٧ دا لە پاریس کۆنگرەی دووەمی "ژۆن -تورکەکان" بەڕێوەچوو. زۆربەی گرووپە ناتورکەکانی عوسمانی بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون. کوردەکان کە لە دەوری ڕۆژنامەی کوردستان کۆبووبوونەوە، بە سەرۆکایەتیی عەبدولرەحمان بەدرخان بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون. شاندی کورد و ئەرمەن زۆرترین هەماهەنگیان هەبووە لەو کۆنگرەیەدا. ڕۆژنامەی "Hayasa"ی ئەرمەن وەکو زمانحاڵی هەردوو میللەت کاری کردووە. لە ئەمەریکا هەندێك کورد لەگەڵ ئەرمەنەکان یەکدەگرن و دروشمی هاوبەش بەرزدەکەنەوە و ڕووخانی سولّتان بە دەروازەی ئازادی کورد و ئەرمەن دەزانن[٢٣٧].

لە ١٩٠٨ دا کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لە کودەتایەکدا حوکمی عوسمانی خستە دەست خۆی. ئەم سەرکەوتنە کەشێکی ئازادی بۆ پێکهاتە ناتورکەکان هێنایە ئاراوە. کوردەکان لەدەوری شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کۆبوونەوە. شێخ عەبدولقادر، ئەمین عالی بەدرخان و کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی کورد لە ١٩ی ئەیلولی ١٩٠٨ دا "کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد"یان دامەزراند. دواتر ڕۆژنامەی

[٢٣٦] جليلی جليل، نهضة الاكراد الثقافية و القومية، دار الكتاب، بيروت ١٩٨٦، ص ٥٤.

[٢٣٧] هەمان سەرچاوە ل ٦٠.

"کورد" یاخود "کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی" یان دەرکرد. ئەمەش بوو بە سەرەتای خەباتی ڕێکخراو و مۆدێرنی میللەتی کورد. دوا بە دوای ئەوەی ئەم کۆمەڵە کوردییە خۆی سەلماند، لەگەڵ کۆمەڵە ئەرمەنەکاندا لە پایتەخت "ئێوارەی دۆستایەتی کورد — ئەرمەنییان بەڕێوەبرد. ڕۆژنامەکانی ئەرمەن باسی هاوکاریی کورد — ئەرمەنییان دەکرد و بە مانشێتی درشت زەقیاندەکردەوە".

ڕۆژنامەی ئەرمەنی "گورتس" لە ژمارەی ۱۲/۵۳ی تشرینی دووەمی ۱۹۰۸ دا دەنووسێت: "ئیتر پەیوەندییەکانمان بەهێزبوون و هەمووومان پێی بەختەوەرین"... کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد پەیوەندیی جێگیری لەگەڵ تاشناك دەست پێکرد"[٢٣٨].

لە دیدارەکاندا ئەگەر ئەرمەن بچوونایەتە لای کوردەکان گۆرانی و سروودی کوردییان دەگوتەوە. ئەگەر کوردیش برۆیشتنایەتە لای ئەرمەنەکان ئەوا گۆرانی ئەرمەنییان پێشکەش دەکردن. ئەرمەن بەگوتنی گۆرانی کوردی پەیوەندیی راستیی خۆیان بەکوردەکان دەسەلماند. ڕۆژنامەی "جاماناك" (کات) ئاماژە بە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دەکات. ئەم ڕۆژنامە ئەرمەنییە ئەستەنبوڵییە باس لەوە دەکات کە کوردەکان و ئەرمەنەکان لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا بەوپەڕی هەماهەنگییەوە هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە، لە کاتێکدا پێشتر هیچ راوێژیان بەیەکتر نەکردبوو. ئەمەش دەریدەخات کە کورد و ئەرمەن لە ئامانجەکانیاندا هاوبەشن و هاوکاریی یەکتر دەکەن. مێژوونووسی ناوداری ئەرمەن ئا. شاهبازیان لە کتێبەکەیدا باسی ئەم هاوکارییانە دەکات. ناوبراو کتێبەکەی ناوناوە "مێژووی کورد - ئەرمەن"[٢٣٩].

یانەی کوردی ئەستەنبوڵ کە لە لایەن کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردەوە دانراوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەندا. لە ئاهەنگی کردنەوەی ئەم یانەیەدا وتاری ئەرمەنەکان نیشانی دا کە ئەم دۆستایەتی و پەیوەندییە چەند قووڵ و جێگیرە. موفتی زادەی کورد وتارەکەی خۆی تەرخانکرد بۆ بەرز نرخاندنی پەیوەندیی دۆستانەی کورد و ئەرمەنی. ڕۆژنامەی گورتس دەنووسێت:

---

[٢٣٨] جلیلی جلیل، نهضة الاكراد الثقافية و القومية، دار الكتاب، بيروت ١٩٨٦، ص٦٤.

[٢٣٩] هەمان سەرچاوە ل٧١.

"موفتی زاده دەڵێت لە بنەرەتا ئامانجی ئێمە لــە کردنــەوەی ئــەم یانەیــە بــەهێزکردنی پەیوەندییــەکانی کــورد و ئەرمەنــە"[٢٤٠]. ئــەم یانەیــە هــەموو رۆژێــك ئێوارەکــۆڕی دۆستایەتی کورد — ئەرمــەن بــەڕێوە بــردو کەســە ناودارەکــانی کــوردو ئەرمــەن تێیــدا بەشدار دەبوون. یانەکانی ئەرمەنیش ئێوارە کۆڕی وایان بەڕێوەدەبرد. ئەم ئێوارە کۆڕانە پێشوازیی باشیان لێوەدەکرا و گەلێك کەس بەشدارییان تێدا دەکرد. بــە تایبــەت ئــەو کۆڕانەی کە لە گوندەکانی دەوروبەری پایتەخت بەڕێوەدەچوون، زۆرتــر قــەرەباڵغ بــوون. گورتس لە ژمارەیەکیدا دەنووســێ: "دیــاردەی ئــاوا دڵخۆشمــان دەکــات، چــونکە ئــەمــە دەنگدانەوەی دۆستیی نێوانمانە، ئەو دۆستییە قووڵەی برا کوردەکانمــان پیــشانی ئێمــەی دەدەن"[٢٤١].

لە ســاڵی ١٩١٠ دا کوردەکــان لــە ئەســتەنبوڵ یەکــەم قوتابخانــەی کوردییــان کــردەوە. ئەرمەن بەر لــە هــەموو لایــەك بایــەخیان بــەم هــەنگاوەدا. رۆژنامــەکانی "ئــوریزون"، "ئازاتامــارت" و "جامانــاك" پــەڕەکانی خۆیــان تــەرخانکرد بــۆ ئــەم ئاهەنگــە. رووناکبیرانی ئەرمەن لــە کوردســتان هــەوڵیان دەدا چــەندی لــەناو ئەرمــەن رۆشــنگەری دەکــەن، دوو ئەوەنــدەش لــەناو کوردەکــان بیکــەن. لــە ســاڵی ١٨٩٨ دا سەرنووســەری "کوردستان" لە یەکەم بانگەوازیــدا بــۆ کــوردان دەنووســێت: "ئایــا بــۆ جــارێکیش لــە ئەرمەنەکانی دراوسێتان پرسیوە ئەرێ ئامانجتان چییە؟ بۆچی شۆرش دەکەن"؟

رۆژنامەی دروشــاك و نــورداری ئەرمــەنی، رۆژنامــەی کوردســتانیان دەگەیانــدە دەســت کوردەکان. هەروەها رووداوەکانی کوردستانیان دەگواستەوە و بایەخیان پێــدەدا. نــوردار باسی راپەڕینی عوسمان بەگی کــورد دەکــات "عوسمــان بــەگ یــەکێك لــە میرزادەکــانی کوردســتانە. دەیــەوێ یــەکێتیی کــورد — ئەرمــەن دەســتەبەربکات و لــە دژی ســوڵتان راپــەڕێت. ئــەو دەڵــێ کــورد و ئەرمــەن بــە نهێنــی چــەکداربوون"[٢٤٢]. هاوبەشــیی جیۆگرافیا پاڵی بە کورد و ئەرمەنەکانەوە دەنا یەکبگرن. کوردەکان دەیانەویست کەڵك لە شارەزایی و زانستی ئەرمەنەکان وەربگرن. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاوکاریی

---

[٢٤٠] رۆژنامەی ئەرمەنی "گورتس" ساڵی ١٩٠٨-ژمارەی ١٣-٢١ی ئەیلول.

[٢٤١] گورتس، ساڵی ١٩٠٨، ژمارە ٥٣، ١٢ی تشریی دوەم.

[٢٤٢] نوردار، ١٩٠٠، ژمارەی ٢٢٨، ١٦ی کانونی یەکەم.

کورد=ئەرمەن، بووە مایەی پروپاگەندەی رۆژنامەگەری ئەرمەن. رۆژنامەی دروشاك لە وتارێکیدا باس لە بایەخی پەیوەندیی کورد-ئەرمەن دەکات: "هاوکاریی کورد — ئەرمەن دیاردەیەکی تازە نییە لای ئێمە، گەورەکانمان لە نیرسیس فارجانیان و مارتین خریمانیانەوە هەوڵیان بۆ داوە".

رووناکبیرانی ئەرمەن لە گوندە کوردییەکاندا خزمەتیان بە کورد دەکرد. رووناکبیری ئەرمەن رینۆگالیان لە گوندێکی کوردیدا قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی کورد کردەوە[٢٤٣]." ی. ئۆربیلی دۆست و یارمەتیدەری کورد بوو. خوێندن و نووسینی فێری منداڵانی کورد دەکرد و ئەلف و بێی کوردی بۆ کوردان دانا".

ئاکوب شاهبازیان ئاماژە بەوە دەکات کە ب.تاتانیان هەوڵی داوە فیدراسیۆنی رێکخراوە کوردو ئەرمەنەکان بهێنێتە ئاراوە. ئەم کەسە بڕوای بەوە هێنابوو بە دەست خستنی مافەکانی ئەرمەن لە عوسمانی، پەیوەستە بە هاوپەیمانیی لەگەڵ کوردەکاندا. بۆیە دروشاك لە ژمارەیەکیدا دەنووسێت: "ئێمە هەردووکمان دوو دیوی بیرۆکەیەکی هاوبەشین. ئەمە وامان لێدەکات بڵێین پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن بۆ ئێمە لە رادە بەدەر پێویستە". ئەم هاوکارییە لە راپەڕینی ساسۆندا خۆی نیشان دا. کوردەکان لە کاتی راپەڕینی ئەرمەنەکاندا پشتیوانییان لێ کردن. ئەم پشتیوانییە هێرشی هێزەکانی سوڵتانی دواخست.

لە نامەی نهێنیی دیپلۆماتە ئەوروپاییەکاندا باس لەم هاوکارییە دەکرێت. لە ساڵی ١٩٠٣ دا دیپلۆماتی ئینگلیز باس لەوە دەکات کە کوردەکان ئازووخەیان گەیاندە هێزە گەمارۆدراوە ئەرمەنەکان. هەروەها وەستاکانی ئەرمەن چەك و چۆڵی کوردەکان چاکدەنەوە. لە ١٩٠٣ قایمقامی بتلیس کۆمەڵێك کوردی دەستگیر کرد کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا یارمەتیی فیداییەکانی ئەرمەنییان دابێت[٢٤٤].

تورکەکان "روبین"ی ئەرمەنییان لە سێدارەدا، چونکە پێیان وابوو یارمەتی کوردەکانی دەرسیمی داوە. هەروەها هێزەکانی عوسمانی گوندی قاسم بەگی کوردیان گەمارۆدا و خانوبەرەی خەڵکەکەیان دایە بەرتۆپ، چونکە پێیان وابوو پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ

---

[٢٤٣] جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية و القومية، دار الكتاب، بيروت ١٩٨٦، ص٩١.

[٢٤٤] هەمان سەرچاوە ل٩٤.

گرووپە ئەرمەنەکاندا هەیە. سەرۆکی خێڵی میللی واتە زیناك بەگ دەستگیرکرا و خرایە زیندانەوە، چونکە تورکەکان پێیان وابوو ئەم کەسە لە نێوان کوردەکاندا پروپاگەندە بۆ ئەرمەنەکان دەکات. ساڵەهای ساڵ ئەم کەسە لە کوێستانەکانی دەرسیم خۆی شاردەوە، دواتر لە ١٩٠٨ دا لە لایەن ئیتیحادییەکانەوە لەناوبرا[٢٤٥].

لە هەمووشی گرنگتر هەڵوێستەکانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردە کە ئەرمەن بە هاوپەیمان لە قەڵەم دەدا. موفتی زادە کە هەندێك سەرچاوە بەرەشید بەگ باسی دەکەن یەکێك لە سەرکردەکانی شاری موش بووەو وەك نوێنەری ئەو شارە لە کۆنگرەی دامەزراندنی تەعاون و تەرەقیدا بەشدار دەبێت. لە وتارەکەی خۆیدا باس لە ئامانجەکانی کۆمەڵە دەکات. دروستکردنی دۆستایەتی کورد-ئەرمەن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان بە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد لە قەڵەم دەدات[٢٤٦]. لە ئامانجە نووسراوەکانی کۆمەڵەشدا دیسان باس لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەکرێت.

لە ئامانجە نووسراوەکانی کۆمەڵەدا هاتووە "لە کوردستان هیچ کوردێك بۆی نییە ئەرمەن ئازار بدات. ئەم کارە لە هەموو کوردێك حەرام دەکرێت و ئەگەر شتێکی واش رووی دا، ئەوا ئەرمەنەکە بۆی هەیە سەر لە لقی کۆمەڵەی ئەو شارە بدات و شکات بکات"[٢٤٧]. هەروەها کۆمەڵە ئەو بوختانە رەتدەکاتەوە کە گوایە کوردەکان دوژمنی ئەرمەنەکان بن و ئەمە بە دەسیسەی بابی عالی دەزانێت. لە مانگی مارتی ١٩٠٩ دا سەید عەبدولقادری سەرۆکی کۆمەڵە تەلەگرافی بۆ سەرکردە کوردەکان نارد کە لە راپەرینەکەیاندا دوژمنایەتی ئەرمەن نەکەن.

"رێکخراوە ئەرمەنەکان هەر لە هەمان قۆناغدا کاری رێکخستنیان لە نێو کوردو ئەرمەنەکاندا دەکرد"[٢٤٨]. پارتی "تاشناکسوتیون" لە پێش ١٩٠٨ ەوە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کورد دەدا. ئامانجی لە مەش ئەوەبوو کە لە دژی عوسمانی بەربەرەکانێیەکی هاوبەش بهێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە کەسێك بە ناوی

---

[٢٤٥] ماراتینیان — تاریخ ارمینیا -مجلدا- باریس.

[٢٤٦] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاوەن و تەرەقی کورد، و. زریان رۆژهەلاتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٢٥.

[٢٤٧] هەمان سەرچاوە ل٥٦.

[٢٤٨] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاوەن و تەرەقی کورد، و. زریان رۆژهەلاتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٥٨.

"ماهاوس" کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری تاشناکسوتیون بوو، لە پاییزی ساڵی ١٩٠٣ دا، لە دیداری لەتەك شێخ محەمەد سدیقی برای شێخ عەبدولقادر لە شەمزینان، داوای لێ دەکات کە هاوکاریی ئەرمەنەکان بکەن لە دژی عوسمانی. محەمەد سدیق پێی دەڵێ: "ئێوەی ئەرمەن پشتیوانتان زۆرە. ئەگەر زیانتان پێ بگەیەنن، ئەوا هەموو بالیۆزەکانی رۆژئاوا لە سەرتان دەکەنەوە، بەڵاّم ئەگەر ئێمە کردەوەیەك بکەین، ئەوا بەرەگ و ڕیشەماندا دەچنە خوارەوە، کەوابوو پێویستە ئەم جارە باشتر هەوڵبدەین. ئەم خاکە هی هەردووڵامانەو تورکەکان تازە هاتوون. لە باشقەڵاّوە تاوەکو موسڵ هی ئێمەیەو لە سەرەوە هی ئێوە. ئێمە پشتیوانی لە ئامانجەکانتان دەکەین، جا هیوادارم ئێوەش وابن".

شێخ محەمەد سدیق لە دیدارەکەدا ئەم مەرجانە بۆ هاوکاریکردنی هەردووڵایەنی کورد-ئەرمەن دەخاتەڕوو:

١-پارتی تاشناك کارگەیەکی فیشەکسازی لە شەمزینان یاخود شوێنێکی نزیك بەخەرجی خۆی دابنێ، تاوەکو هەردووڵا کەڵکی لێوەربگرین.

٢-پارتی تاشناك لە رێی پەیوەندییەکانیەوە، بەرهەمی توتنی شەمزینان بگوێزێتەوە بۆ ئەوروپا و میسر.

٣-ئەو سنوورەی کە بۆ کوردستان دانراوە، دەبێ تاشناك بێ ئەملاوئەولا پەسەندی بکات.

٤-پارتی تاشناك هەوڵبدات دەوڵەتە کریستیانەکان یارمەتی کوردستان بدەن[٢٤٩].

بە گوێرەی جەلیلی جەلیل کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد، لای گرووپە بۆرژوا-نەتەوەییەکانی ئەرمەن بایەخێکی تایبەتی هەبووە. بۆیە پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ کۆمەڵە هەبووە. ناوبراو پشتی بە رۆژنامە ئەرمەنەکانی ئەو سەردەمە بەستووە و دەڵێ: "ئەو سەردەمە کوردو ئەرمەنەکانی ئەستەمبۆڵ لە کۆبوونەوەکانیاندا یەکتریان بانگهێشت دەکرد و بڕیاریاندابوو هەتا دوایی هاوکاریی یەکتر بکەن. بەڵاّم ئەم هاوکارییە زۆری نەخایاندووە و تورکەکان بارودۆخەکەیان گۆڕیوە". نووسەرێکی ئەرمەن دەنووسێت:

---

[٢٤٩] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاوەن و تەرەقی کورد، و. زریان رۆژهەلاّتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧،.

"کورد و ئەرمەن لەرەوشێکی هاوشێوەدا دەژین.
بەلاّم لە رووی پێکەوە گونجانەوە باش کاریان نەکردووە.
بە یەکجاری خۆیان خستەبەر لافاوی مەشروتییەت
و رابردووی خۆیان فەرامۆشکرد. هەریەکەیان
فریوی بەلێنەکانی دەولەتیان خواردو بەرەو ئایندەیەکی
نادیار رۆیشتن"[٢٥٠].

کۆمەلەی تەعاون و تەرەقی کورد لە سالی ١٩٠٩ دا پێشنیارێکی ئاراستەی "پاتریکخانە"ی ئەرمەنەکان کرد کە سەردانی هەرێمەکانی رۆژهەلاّت بکەن. دوای ئەمە سێ کۆمیسیۆن سەردانی هەرێمەکەیان کردووە و لە گرفتەکانیان کۆلێوەتەوە. دەبووایە ئەم شاندانە گرفتی زەویوزاری کوردەکان و ئەرمەنەکانیان چارەسەربکردایە. لە هەفتەمین ژمارەی بلاّوکراوەی کۆمەلەدا داوا لە وەزارەتی ناوخۆ کراوە هەرچی زووترە داواکارییەکانی کۆمەلەی تەعاون و تەرەقی کورد جێبەجێ بکات:

"سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کوردو ئەرمەن لەو پارێزگایانەی کە هەردوو گەلی تێدادەژین، کۆمەلەکەمان هەندێك راو پێشنیاری پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆ کردووە. هەر لەو بارەیەشەوە داواکارین بابی عالی ئەوە لەبەرچاو بگرێ. هیوادارین وەزیری ناوخۆش کاری پێویست ئەنجام بدات. بۆ وەبیرهێنانەوە پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەم راو پێشنیارانە بۆ بەختیاریی و خۆشی هەردوو گەلەکەیەو ناوەرۆکێکی نیازپاکانەی هەیە. هەر لەبەرئەوەش هیوادارین بۆچوونی هاولاّتییە ئەرمەنەکانیش وەربگیرێت".

لە سالی ١٩٠٩ دا کۆمەلەی تەعاون و تەرەقی کورد لە بتلیس گەلێك پێشکەوتبوو. ئەمە کۆمەلەی ئیتیحاد و تەرەقی نیگەران کرد، بۆیە هەولێیدا ناکۆکی لە نێوان کوردو ئەرمەن بوروژێنێ. "کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی کە هەولی دووبەرەکی نانەوەی دەدا لە نێوان کورد-ئەرمەندا، بە نهێنی هەندێك سیخوری ناردە شارەکانی رۆژهەلاّتی تورکیا"[٢٥١]. بە پێی رۆژنامەی گورتسی ئەرمەن کۆمەلەی تەعاون و تەرەقی لەو

---

[٢٥٠] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاوەن و تەرەقی کورد، و. زریان رۆژهەلاّتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٦١.
[٢٥١] هەمان سەرچاوە ل٧١.

سەردەمەدا نەیتوانیوە هەموو خێڵەکانی "خنس" رێکبخات، بۆیە خێڵی چارەکان لەگەڵ ئەرمەنەکان خۆیان رێکخستووە و نەچوونەتە کلوبی کۆمەڵە. رۆژنامەی "کورد- تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی" دوای "کوردستان" دووەمین رۆژنامەی کوردی ئەو سەردەمەبووە. کوردستان قەدەغە بوو بە قاچاخ بلاّودەکرایەوە، لە کاتێکدا بلاّوکراوەی "کورد" بەیاسایی و لە ئەستەنبوڵ چاپدەکرا. بلاّوکراوەی کورد هەوڵی یەکخستنی کورد و ئەرمەن دەدا. هەروەها لە پەیڕەوپڕۆگرامی کۆمەڵەشدا، یەکێك لە مادەکانی "باشترکردنی پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن" بووە. لە مادەی ١٥ی بەرنامەی کۆمەڵەدا ئاوا هاتووە:

مادەی ١٥- "کۆمەڵە بە مەبەستی لەناوبردنی ناکۆکیی نێوان کوردو
ئەرمەن... کەسانی لێوەشاوە رەوانەی هەرێمەکە
دەکات و سوود لە ئەزمونی پیاوانی ئاینی وەردەگرێت.
هەروەها راوێژ بە کۆمەڵەی ئەرمەنەکان
دەکات و هەوڵدەدات لە ئەستەنبوڵ کۆمیتەی
هاوبەشی کورد-ئەرمەن پێکەوە بنێ بۆ
بنەبڕکردنی گرفتەکان" [٢٥٢].

لە بەیاننامەی کۆمەڵەدا کە لە بلاّوکراوەکەیدا بلاّوکراوەتەوە یەکێك لە مەبەستەکانی دامەزراندنی کۆمەڵە بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لە قەڵەمدراوە. هەروەها لە بلاّوکراوەکەی کۆمەڵە و گۆڤاری "هەتاوی کورد" دا چەند بابەتێك چاپکراون باس لەو تۆمەتانە دەکەن کە تورکەکان و ئەوروپاییەکان خستویاننەتە ئەستۆی کورد، گوایە رقیان لە ئەرمەنەکانەو دوژمنایەتی لە نێوانیاندا هەیەو دەستیان لێ ناپارێزن.. نووسەرەکانی بلاّوکراوەی کۆمەڵە ئەم تۆمەتانە رەتدەکەنەوە و دەنووسن "بۆچی هەتا حکومەتی پێشوو نەهاتبوو لە نێوان کوردو ئەرمەندا برایەتی هەبوو؟ بۆچی تا مادەی ٦١ی پەیمانی بەرلین سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی ئەرمەن نەهاتبووە ئاراوە، ولاّتانی ئەوروپایی ئەرمەنەکانیان لەبیرنەبوو"؟ ئەمجا دەنووسێ برایەتی و پەیوەندیی نێوان هەردوو پێکهاتەی کورد و ئەرمەن لەهەرێمەکەدا نموونەی

---

[٢٥٢] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاوەن و تەرەقی کورد، و. زریان رۆژهەلاّتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ١٥٩.

نییەو ئەوەشی باسی دوژمنایەتی دەکات پیلانی ترسناکی بەدواوەیە[٢٥٣]. ئەم نووسەرە ئیسماعیل بابان زادە بووە کە لەگەڵێك نووسیندا ئاماژە بە پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن دەکات.

لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ دا بابەتێك بە ناوی فەرموودەکانی شێخ عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی شێخ عوبەیدولا ئەفەندی سەرۆکی کۆمەڵی تەعاون و تەرەقی بلاوکراوەتەوە. لەم بابەتەدا شێخ عەبدولقادر باس لەوە دەکات کە حکومەتی پێشوو لە نێوان پێکهاتەکان "بە تایبەت کورد و ئەرمەن" دا گرفتی ناوەتەوە. شێخ لەم بابەتەدا دەڵێ حکومەت دەیەوێ بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە "سوپای حەمیدییە" بە یەکجاری هەڵوەشێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەمە چارەسەر نییە و دەبێ چارەی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە. شێخ دان بەوەدا دەنێ کە هەندێك لە پێکهاتەکان لە دەست ئەم سوپایە زیانیان پێ گەیشتووە، بەلام ئەم زیانە تەنها تایبەت بە تاقە پێکهاتەیەك نییەو هەموو پێکهاتەکانی گرتۆتەوە بە خودی کوردیشەوە. پێویستە حکومەتی نوێ راوێژی گەورەپیاوان وەربگرێ و لە باتی هەڵوەشاندنەوەی سوپای خێڵەکان (حەمیدییە) چاکسازییان تێدا بکات[٢٥٤].

هەروەها لە ژمارەیەکی بلاوکراوەی کۆمەڵەدا جارێکی تر سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن بابەتێك بلاوکراوەتەوە:

"کۆمەڵەکەمان بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکیی نێوان
کوردو ئەرمەن لەو پارێزگایانەی کە پێکەوە دەژین، هەندێك
پێشنیارو رێگە چارەی پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆ کردووە،
بابی عالیش بایەخی پێ دەدات. هەر لەبەرئەوە هیوادارین
حەزرەتی پاشای وەزیری ناوخۆ کاری پێویست بکات
بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارنامەیە. هەروەها لەبەرئەوەی بەندەکانی ئەم پێشنیارنامەیە بە

[٢٥٣] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاوەن و تەرەقی کورد، و. زریان رۆژهەلاتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ١٨٧.
[٢٥٤] هەمان سەرچاوە ل ١٩٦.

مەبەستی بەختیاریی هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن ئامادەکراون، هیواداریین هاولاتییە ئەرمەنەکانیش هەوڵی پێکهێنانیان بدەن"[٢٥٥].

لە ساڵەکانی ١٩١٢-١٩١٣ عەبدولرەزاق بەدرخان لە دەست حکومەتی عوسمانی رایکرد و رۆیشتە قەفقاز و دواتر گەڕایەوە کوردستانی ئێران. عەبدولرەزاق لەگەڵ سمکۆ لە خۆی کۆمەڵەیەکی کوردی بنیاتنا. هەروەها بۆ ئەوەی پلانەکەی سەربکەوێت پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ روسیا دروستکرد. عەبدولرەزاق بەدرخان ئومێدی بە سوپای رووسیا هەبوو و پێی وابوو بە هاوکاریی رووسیا دەتوانێ "کوردستانێکی سەربەخۆ" بێنێتە ئاراوە. یەکێك لە پلانەکانی عەبدولرەزاق بەدرخان پێشخستنی پەیوەندییەکانی کورد — ئەرمەن بوو. سەرەنجام لەگەڵ "پارتی تاشناك" رێکدەکەوێ و هاوکارینامەیەك ئیمزا دەکەن. عەبدولرەزاق بەدرخان لە موسکۆ و تفلیس لەگەڵ سەرکردەکانی ئەرمەن دیدار دەکات و لەوێ جەخت دەکاتەوە لەسەر هاوپەیمانی و هاوخەباتیی هەردوو گەل. لە پیتەرزبۆرگ عەبدولرەزاق سەردانی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا دەکات و لەگەڵ سازانۆڤی وەزیری دەرەوە کۆدەبێتەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا عەبدولرەزاق باسی پلانەکانی خۆی دەکات. یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا ئاماژە بەم دیدارە دەکات و دەڵێ عەبدولرەزاق پەیتا - پەیتا لە قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو دەیەوێ دۆستایەتی نێوان کوردو ئەرمەن پێش بخات. ئەو بەرپرسیارە دەنووسێ دوای ئەو دیدارە عەبدولرەزاق سەردانی سەرکردەکانی ئەرمەنی کردووە لە پیتەرزبورگ. لە ئەنجامی ئەم دیدارانەدا "کۆمەڵەی دۆستی کورد -ئەرمەن" دادەمەزرێنێ و جەخت دەکاتە سەرئەوەی کە لە تفلیس و شارەکانی تری قەفقازدا کۆمەڵەی هاوشێوە دابمەزرێنن[٢٥٦].

رۆژنامەی "مەشاك"ی ئەرمەن ئاماژە بە راپەڕینی کوردەکانی بتلیس دەکات کە دواتر تێکدەشکێت. سەرکردەکانی ئەم راپەڕینە هەندێکیان پەنا دەبەنە بەر ماڵە ئەرمەنەکان. هەروەها رۆژنامەی ئەرمەنی "ئۆریزون" دەنووسێت: "کاتێك هێزەکانی سوپا گەیشتنە ئەو ناوچەیە بینییان کە هەموو شوێنێك چۆڵکراوە . دواتر زانیان کە

---

[٢٥٥] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاوەن و تەرەقی کورد، و. زریان رۆژهەلاتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ٢٣٠.
[٢٥٦] جلیلي جلیل، نهضة الاکراد الثقافیة و القومیة، دار الکتاب، بیروت ١٩٨٦، ص١٨٥.

منداڵ و ژن و مەڕوماڵاتەکانیان سپاردۆتە ئەرمەنەکان و بۆخۆشیان کشاونەتەوە بۆ شاخەکان"[257].

ڕۆژنامە ئەوروپاییەکانی ئەو سەردەمە وەك ڕۆژنامە تورکییەکان سەیری کوردیان کردووە و سەبارەت بە ڕاپەڕینەکانی کورد نووسیویانە کە "کورد لە دژی ریفۆرمی حکومەتی نوێن و ڕاپەڕینەکەیان دواکەوتووانەیە". هەروەها ئاماژەیان بەوەکردووە کە کوردەکان لە دژی هاوڵاتییانی ئەرمەنن. ڕۆژنامەی "دەیلی تەلگراف" بەراشکاوی نووسیویە: "سەرکردەکانی ڕاپەڕینی کورد بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کە جەنگێکی پیرۆز لە دژی ئەرمەن بەرپا دەکەن"[258]. ڕۆژنامەی "تایمز"ی بریتانی سەروتاری خۆی بە ڕاپەڕینی کوردەکان دەست پێکردووە و نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە چارەنووسی ئەرمەنەکان دەردەبڕێت و بەرپرسیاریێتی دەخاتە ئەستۆی کوردەکان. ئەم ڕۆژنامانە تاوانەکانی تورکە گەنجەکانیان دەخستە ئەستۆی کورد.

ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژنامە ئەرمەنەکان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد بابەت و وتاری باشیان بڵاودەکردەوە و بە قووڵایی پرسەکەدا ڕۆدەچوون و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی سەرهەڵدانی کوردیان دەخستە ڕوو. بۆ نموونە ب. ناڤاساردیان کە خۆی ئەزموونی مەیدانی هەبووە، ئاماژە بەسەرهەڵدانی بتلیس دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم سەرهەڵدانە یەکێکە لە سەرهەڵدانە گرنگە دژە تورکەکان. ناڤاساردیان بیروڕا و هەواڵی ڕۆژنامە ئەوروپاییەکان بەدرۆ دەخاتەوە و بەبابەتی پووچیان لە قەڵەم دەدات. ناوبراو دەنووسێ ئەم ڕاپەڕینانە نە پاشڤەڕۆن و نە دژی ئەرمەنیش.

ئەم ڕووناکبیرە دەنووسێ ڕاپەڕینەکە لە وشیاریی نەتەوەیی کوردەکانەوە سەرچاوەی گرتووە: "هۆشیاریی نەتەوەیی لای کوردەکان گەشەی کردووە و کەوتۆتە سەر ڕێڕەوی شارستانیی مرۆڤایەتی". هەروەها دواتر دەنووسێ "ئایا ئەم ڕاپەڕینە دژی ئەرمەن بوو؟" وەڵام دەداتەوە:

---

(257) ئۆریزون ١٩١٤، ژمارەی ٨٧ ، ٢٥ی نیسان.

(258) ئۆریزون ١٩١٤، ژمارەی ٦٧، ٢٨ی ئازار

"نـەخێر لـە دژی تورکـەکان بـوو بـەهیچ کلـۆج ئامـانجی ئەرمـەن نـەبووە". نووسـەری ڕۆژنامـەی "مـەشـاك" دەنووسـێ: "ڕواڵـەتی ڕاپـەڕینی بتلـیس شـەریعەت بـوو، بـەڵام ناوەرۆکەکەی نەتەوەیی بوو نەك ئاینی"[259].

سەرنووسەری ڕۆژنامـەی ئەرمەنی "مەشاك" گ.ئارکیلیان لە پەیامی پەیامنێران ئـەوە هەڵـدەهێنجێ: "وردە - وردە هـەمـوو شـتێکمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە سـەبارەت بـە ڕووخساری شێوێنراوی ڕاپەڕینی کورد و بۆمان دەردەکـەوێ کـە بزاڤـی کـورد بزاڤێکـی سیاسییە و ناوەرۆکەکەی تالاّنو بڕۆ و دەمـارگرژی ئـاینی نییـە، بـەڵکو ناوەرۆکەکـەی بریتییە لە ئاواتی کوردان بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتی کورد"[260].

دواتـر ڕووخـساری ڕاسـتەقینەی "تورکـە گەنجـەکان" لـە سـەرەتای جـەنگی یەکـەمی جیهانیدا باشـتر دەرکـەوت. تورکـە گەنجـەکان توانییـان ڕای گـشتی دنیـا بخەڵـەتێنن و ڕاپەڕینی بتلیس بە ڕاپەڕینێکی پاشڤەرۆ و دژە ئەرمەن لـە قەڵـەم بـدەن. بـەڵام دواتـر واتە دوای ئـەوەی پرسـی کوردیـان سـووك کـرد، پەرژانـە سـەر ئەرمـەن و هـەوڵیان دا پرۆژەکەیان بەکوشتاری ئەرمەنەکان جێبەجێبکەن کە بریتی بوو لـە "یـەك دەوڵـەت — یەك نەتەوە". ئەم سیاسەتە و پشتیوانی هەندێك وڵاتی ڕۆژئـاوایی وەك ئـەڵمانیا بـووە هۆی ئەوەی کە جینۆسایدی ١٩١٣-١٩١٦ بێتەئاراوە.

---

[259] جلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە ل٢٢٢.

[260] جلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە ل ٢٢٣.

# قۆناغی دووەم

## سەردەمی کۆمار، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم

### وێستگەی خۆیبوون - تاشناك

دەتوانین ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەردەمی کۆماری تورکیا ناوزەد بکەین. هەڵبەت ئەم قۆناغەش خۆی پێشەکییەکی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەسەلاتداری ئیتیحاد و تەرەقی. ئیتیحاد و تەرەقی لە ١٩٠٨-١٩٠٩ دا دەسەلاتی بەدەستەوە گرت. لە سەرەتاکاندا ئیتیحاد و تەرەقی بەرامبەر بە پرسی نەتەوە ناتورکەکان هەڵوێستێکی باشی هەبوو. بە گشتی بزاڤی "تورکە گەنجەکان" دابەشدەبووە سەر دوو بەش: بەشی یەکەمی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی بوو. بەشی دووەمیشی فیرقەی حورییەت و ئیئتلاف بوو. هەرچی ئیتیحاد و تەرەقی بوو، زۆرتر مەیلەو نەتەوەپەرستی بوو. حورییەت و ئیئتلاف بڕوای بە جۆرێك فیدرالیزم هەبوو و مەیلی سیاسیی نەتەوە ناتورکەکانی لە خۆ دەگرت.

لەم سەردەمەدا پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن چەندین تایبەتمەندیی لە خۆ دەگرێت. لە لایەك هێشتا کوشتارەکانی تورکەکان و سوپای حەمیدییە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن هەبوو. لە لایەکی دیکە ئیتیحاد و تەرەقی دەمامکی لەسەر رووخساری خۆی هەڵماڵیبوو مەیلی شۆڤێنی خۆی دەرخستبوو. جگە لەوەش بەرە-بەرە خەریك بوو دەستی بە پاکتاوکردنی پێکهاتە ناتورکییەکان دەکرد. لەم سەروبەندەدا بەر لەوەی هەڵمەتەکانی جینۆساید و کۆچی زۆرەملێی ئەرمەنەکان دەست پێ بکات، کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بۆ سیاسەتەکانی خۆی پشتی بە هەڵوێستی هەموو پێکهاتەکان دەبەست. لە یەکێك لە هەڵوێست و بەیاننامەکاندا کوردو ئەرمەنەکانیش بەشدار دەبن. لە ١٧ی نیسانی ١٩٠٩دا جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی (گرووپی دەسەلاتدار) و گرووپی پێکهاتە جیاوازەکان، هاوپەیمانییەکیان (کوالیسیۆن) پێك هێنا بە ناوی "هەیئەتی موتتەفیقەی عوسمانیە".

جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردو گرووپی تاشناکسوتیۆنی ئەرمەنیش لەم هاوپەیمانییەدا بەشداربوون. لە بەیاننامەی هاوپەیمانییەکەدا کورد و ئەرمەن ئیمزای خۆیان خستبووە پاڵ ئیمزای گرووپەکانی دیکە[٢٦١]. ئەو گرووپانەی لەم هاوپەیمانییەدا بەشداربوون ئەمانە بوون:

**-جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی عوسمانی.**

**-فیرقەی ئەحراری عوسمانی.**

**-تاشناکسوتیۆنی ئەرمەن.**

**-جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد.**

**-کۆمەڵەی سیاسی رۆمەکان.**

**-کلوبی تەعاونی چەرکەس.**

**-کلوبی بولغاری.**

**-کلوبی ناوەندی باشکیمی ئەلبانییەکان**[٢٦٢].

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کورد و ئەرمەن جگە لەوەی لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا هاوخەباتییان هەبووە، بە تایبەتی لەگەڵ یەکیش لە دانوستان و پەیوەندیدا بوون. بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ١٨٩٨ وە رۆژنامەی کوردستان وەکو زمانحاڵی گەلی کورد لەگەڵ گرووپەکانی ئەرمەندا پەیوەندیی هێنایە ئاراوە، ئەم پەیوەندییە لە ١٩٠٨وە و لەگەڵ دامەزرانی "جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد"دا وەرگۆڕانێکی ریشەیی بەخۆیەوە دیت، چونکە ئەم کۆمەڵەیە یەکەم رێکخستەی سیاسی سەر بە ناسیۆنالیزمی کوردە. ئەم رێکخستنە سیاسییە چیتر ئەولەویەتی بە ئایین نەداو بە پێی ئەولەویەتە نەتەوەییەکانی هەستی بە پێویستیی هاوخەباتیی پێکهاتە ناتورکەکانی عوسمانی و بە تایبەت کورد و ئەرمەن کردبوو و بە کردەوەش هەوڵی بۆ دابوو. بە دامەزرانی جەمعیەتی تەعاون وتەرەقی کورد وەرگۆڕان لە پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەندا هاتە ئاراوە.

---

[٢٦١] مالمیسانژ،جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد، سلیمانی (٢٠٠٧)، بنکەی ژین، ل٦٣.

[٢٦٢] هەمان سەرچاوە.

ئەم پەیوەندییانە دوابەدوای سیاسەتی تۆرانی و شۆڤێنی ئیتیحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩١٠ بەدواوە رووە راستەقینەکەی خۆی ئاشکرا کرد، ئەوا ئیتر پەیوەندییەکانی هەردوو میللەت توندوتۆڵتر بۆوە. ساڵانی ١٩١٢-١٩١٦ بە تایبەتی بۆ گەلی ئەرمەن ساڵانێکی شووم و بەدفەڕ بوون. ئەم گەلە دێرینە رووبەڕووی جینۆساید و کۆچبەرکردن بۆوە و لەسەر خاکی خۆی هەڵکەنرا. لە راستیدا جەنگی یەکەمی جیهانی کە کۆتایی پێهات، لەگەڵ خۆیدا هەم کۆتایی بە عوسمانی هێناو هەم تۆماری ئیتیحاد و تەرەقیشی پێچایەوە. وەك پێشتریش گوتمان قۆناغی حوکمی ئیتیحاد و تەرەقی پێشزەمینەی پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن بوو کە لە سەردەمی کۆماری تورکیادا قۆناغی دووەمی ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی رەسمیتر و توندوتۆڵتر هاتە کایەوە.

لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا تورکیا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدرابوو. بەشێکی زۆر لە خاکی ئەم وڵاتە لە لایەن زلهێزەکانەوە داگیرکرابوو. یۆنان، ئیتالیا، ئەرمەن، رووسیا، فرەنساو بریتانیا هەر یەکەو لە لایەکەوە پاشماوەکانی خاکی عوسمانییان داگیرکردبوو. هەموو هێزەکان خەریك بوون میراتی پیاوە نەخۆشەکەیان دابەشدەکرد.

لەم سەروبەندەدا مستەفا کەمال ئاتاتورك و قوای میللیە لە ئەنادۆڵ خۆیان کۆکردەوە و بەرەنگاری هێزە داگیرکارەکان بوونەوە. بەڵام هێشتا ململانێیەکانی ئەنادۆڵ یەکلایی نەبووبوونەوە، هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان خۆیاندا پەیمانی سیڤەریان ئیمزاکرد.

لە پەیمانی سیڤەردا نوێنەرانی کورد و ئەرمەنیش بەشداربوون و تا رادەیەك گوێ لەم نوێنەرانە گیرابوو. هەروەها بە شێوەیەکی رێژەیی بەرژەوەندی پێکهاتە ئەتنیەکان رەچاوکرابوو. چەند مادەیەك لە ناوەرۆکی ئەم پەیمانە بۆ دابین کردنی خواستی کوردەکان و بە تایبەت ئەرمەنەکان تەرخانکرابوو. هەرچەند ئەم مادانە بە یەکجاری خواست و بەرژەوەندی کوردو ئەرمەنییان نەدەهێنایەدی، بەڵام خودی پەیمانەکە بۆ ئەوەی داواکارییەکانی ئەم دوو میللەتە تارادەیەك بهێنرێنە دی، دوو دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆی بۆ کوردەکان و ئەرمەنەکان دیاریکردبوو. تەنها ئەوەی تێدابووە کە دەوڵەتی ئەرمەنەکان دەبوا بەیەکەم هەنگاو سەربەخۆ بوایە و لەگەڵ دەوڵەتی ئەرمینیای سەربەخۆی رۆژهەڵات یەکی بگرتایەتەوە. کەچی ئەوەی بۆ کورد رەچاوکرابوو،

حکومـەتێکی خودموختـار بـوو کـە دوای سـاڵێك چارەنووسـی دوایـەمینی یـەکلایی دەکرایەوە[٢٦٣].

پەیماننامەی سیڤەر لەمادەکانی "٦٤،٦٣،٦٢" ئاماژەی بە کوردەکان کردبوو:

**مادەی ٦٢:** لیژنەکەی ئەستەنبۆڵ لە٣ ئەندام پێکدێت و حکومەتی بریتانیـا، فرەنـسا، ئیتالیا، بە شێوەی رەسمی هەڵیاندەبژێرن و لەماوەی ٦ مانگـدا، دوای ئیمزاکردنـی ئـەم پەیمانە، لیژنەکە پلانێك دەخاتەڕوو سەبارەت بـە خودموختـاری بـۆ ئـەو ناوچـانەی کـە زۆربەی دانیشتووانی کوردن. ئەمەش لە رۆژهەڵاتی چەمی فراتەوە دەسـت پێـدەکات و باشووری سنوورەکانی ئەرمینیا دەگرێتەوە و دواتر بە یـەکجاری دیـاری دەکرێت. ئـەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان تورکیا، سـوریا و عێـراق. بـە پێـی بەنـدەکانی ٢٧،١١،٢ و٣ ئەگەر ئەندامانی لیژنەکە بڕیاری بە کۆمەڵیان بۆ نەگیرێت، ئـەوجا بڕیارەکـە حەواڵـەی وڵاتەکانیان دەکەن.ئەم پرۆژەیە دەبێ مافەکانی ئاشووری و کلدانییەکانی ئـەم ناوچـەیە گەرەنتی بکات. بە پێی ئەم پەیمانە بە نوێنەرانی بریتانیا، فرەنـسا، ئیتاڵیـا و ئێـران و کورد سەردانی ناوچەکە دەکەن و بابەتی چاکسازی تاوتوێدەکەن.

**مادەی ٦٣:** حکومەتی تورکیا بڕیاری لێژنەکە پەسەند دەکات و ئەوەیش کە لە مادەی ٦٢ دا هاتووە جێ بەجێ دەکات. دەبێ لە ماوەی ٣مانگ دوای راگەیاندنی بڕیارەکـان ئەم ئەرکە جێبەجێکرێت.

**مادەی ٦٤:** ئەگەر لەماوەی ساڵێکدا و دوای جێبەجێکرانی ئەم پەیمانە کوردەکانی ئـەم ناوچەیە بە پێی دەقەکانی مادەی ٦٢ داوا لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بکەن کـە دەیانـەوێ لە تورکیا جیاببنەوە و سەربەخۆ بن و کۆمەڵەی نەتـەوەکانیش ئـەم داوایـەیان پەسـەند بکات، ئەوجا دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بۆیان هەیە سەربەخۆبن. تورکیاش دەبـێ بڕیـاری کۆمەڵـەی نەتـەوەکان دەسـتبەجێ پەسـەندبکات. دواتـر بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان ئیجرائاتی فەرز لەسەر تورکیا بە گوێرەی پـەیمانێکی دیکـە دەخرێنـەڕوو. دوای ئـەوەی تورکیا بەم پەیمانە رازی بوو هاوپەیمانانیش هیچ لاریەکییان نەبوو، ئەوجا رێگـری لـەوە

---

[٢٦٣] محمد ملا احمد، جمعیة خویبون و العلاقات الکردیـة-الارمنیـة، کـاوە للنـشرو التوزیـع، اربیـل ٢٠٠٠، ص٢٥-٢٦.

ناکرێت کە ویلایەتی موسڵ بە شێوەی ئیختیاری و خۆخواز لەگەڵ ئەم دەوڵەتە کوردییەدا ببێتەیەك[٢٦٤].

هەروەها لە بەشی شەشەمی ئەم پەیمانەدا و لە مادەکانی ٨٨،٨٩،٩٠،٩١،٩٢،٩٣ سەبارەت بەئەرمەن بەچڕوپڕی باس دەکرێت:

مادەی ٨٨: تورکیا دەبێ دان بەو بڕیارەدا بنێ کە هاوپەیمانەکان دەیدەن سەبارەت بەوەی ئەرمینیا دەبێتە دەوڵەتێکی ئازادی سەربەخۆ.

مادەی ٨٩: تورکیا و ئەرمینیا دەبێ بە پێی رێککەوتنی زلهێزەکان پرسی دیاری کردنی سنوورەکانیان لە ویلایەتەکانی ئەرزرۆم، ترابزون، وان، بتلیس بسپێرن بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەروەها دەبێ ملکەچ بن بە هەموو بڕیارێکی ئەم دادوەرەوە.

دەبێ بڕیارەکان وا رێکبخرێن کە رارەوێك بۆ ئەرمینیا بکرێتەوە کە دەستی بە دەریا بگات. جگە لەوەش دەبێ ناوچەکانی سنووری لای تورکیا لە ئاست ئەرمینیا بە تەواوەتی بێ چەك بکرێت.

مادەی ٩٠: ئەگەر کاتی یەکلایی کردنەوەی سنوورەکان هات، بە پێی مادەی ٨٩ هەرکام لەو ناوچانە ویستیان بخرێنە سەر ئەرمینیا، ئەوا دەبێ تورکیا دەمودەست واز لەهەموو مافێکی خۆی بهێنێ و لەو شوێنانە بکشێتەوە. بڕیارەکانی ئەم لێژنەیە تورکیا ناچار دەکەن هەتا دوایی پابەندبێت. تورکیا لە رووی داراییەوە چی دەکەوێتە سەری بەرامبەر بە ئەرمینیا دەستبەجێ جێبەجێی بکاتو موڵکەکان بە زوویی بگوێزێتەوە. ئەم بابەتە لە دەقەکانی تردا بە وردی یەکلایی دەکرێتەوە و لە مادەی ٢٤٣،٢٤١،٢٤٢ ی بەشی هەشتەم و بەندەکانی دارایی ئەم پەیماننامەیەدا بەچڕی دەخرێتەڕوو.

مادەی ٩١: هەر کاتێك یەکێك لەو ناوچە باسکراوانە خرایە سەر ئەرمینیا ئەوا دەبێ دەستبەجێ لیژنەی دیاریکردنی سنوور پێکبهێنرێت. دەبێ بڕیارەکانی ئاشکرابن و لە ماوەی سێ مانگ دوای دەرکردنی بڕیارەکانی سەبارەت بەم مادەیە هەموو شتێك

---

[٢٦٤] محمد ملا احمد، جمعية خويبون و العلاقات الكردية-الارمنية، كاوه للنشرو التوزيع، اربيل ٢٠٠٠، ص١٥١.

یەکلایی بکرێتەوە. هەروەها دەبێ ئـەم لیژنەیـە پرسـی دیـاریکردنی سـنوور لـە نێـوان ئەرمینیا و تورکیادا یەکلایی بکاتەوە.
مادەی ٩٢: پرسی دیاریکردنی سنوور لە نێـوان ئـەرمینیا، ئازەربایجـان و جۆرجیـا بـە شـێوەی ڕێککـەوتن لـە نێـوان خـودی ئـەم دەوڵەتانـەدا یـەکلایی دەکرێتـەوە. ئەگـەر ڕێککەوتنێکی وا نەهاتە ئاراوە، ئەوجا دەبێ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە.
مادەی ٩٣: ئەرمینیا لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا دان بەم پەیمانەدا دەنێ و ئیمـزای دەکـات. هاوپەیمانەکان بایەخی ئەم پەیمانە دەنرخێنن و پـشتیوانی لـە دانیـشتوانی ئـەو ناوچـانە دەکەن کە دەیانەوێ بخرێنە سەر ئەرمینیا، بـە تایبـەت ئەوانـەی کـە لـە ڕووی ڕەگـەزو زمان و دینەوە لە زۆرینەی دانیشتوانی دیکە جیاوازن. ئەرمینیا لەگـەڵ هاوپەیمانـەکان لەسەر ئازادی هاتوچۆ ڕێکدەکەوێت بۆ ئەوەی ئازادیی بازرگانیی دەستەبەر بکرێت کـە لای هاوپەیمانەکان زۆر گرنگە.
پەیمانی سـیڤەر لـە ١٠ی ئـابی ١٩٢٠ دا لـە لایـەن ١٤ دەوڵەتـەوە ئیمـزا کـراو ٤٣٣ مادەی لەخۆ دەگرت: ئەو لایەنانە بریتی بوون لە:
ئیمپراتۆریـای بریتانیـا، ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا (بەسـیفەتی چـاودێر)، فرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ئەرمینیا، بەلـژیکا، حیجـاز (سـعودیە)، پۆلۆنیـا، پورتوگـاڵ، ڕۆمانیا، یۆگۆسلاڤیا (دەوڵەتی سرب و کروات و سـلۆڤین)، چیکۆسـلۆڤاکیا، تورکیـا و شـاندی کـوردی (بەسـیفەتی چـاودێر لـە گفتوگۆیـەکانی تایبـەت بـە ئـەرمینیا و کوردستان)[٢٦٥].
لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریسدا (سیڤەر) شاندی کوردی و ئەرمەن سەرەنجام گەیـشتن بـەو دەرەنجامەی کە دەبێ ڕێك بکەون. بە پێی ئەو بەڵگانـەی کـە گارۆساسـۆنی لـە کتێبـی "بزاڤی نەتـەوەیی کـورد و پەیوەندییـەکانی کـوردو ئەرمـەن"دا خستوونیەتە ڕوو، لـە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩دا دوای گفتوگۆیەکی زۆری دووقۆڵی، سەرەنجام هـەردوو شاندەکە یاداشتێکی هاوبەشیان پێشکەش بە سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی کرد. لە لایـەن

(٢٦٥) محمد ملا احمد، جمعية خويبون و العلاقات الكرديـة-الارمنيـة، كـاوه للنـشرو التوزيـع، اربيـل ٢٠٠٠، ص١٥٠-١٥١-١٥٢.

کوردەکانەوە شەریف پاشاو لـە لایـەن ئەرمەنیـشەوە بوگـوس نوبارپاشـا یاداشـتەکەیان ئیمزاکـرد. هـەروەها نوێنـەری کۆمـاری ئـەرمینیاش بەشـداری ئـەم رێککەوتنـە بـوو. جێگری سەرکۆماری ئەرمینیا د.ھ.ئۆهانجانیان وەکو چـاودێر لـەم دانیـشتانەدا بەشـدار بوو. ئەمە یەکەمجار بوو کـە لـە نێـوان هـەردوو میللەتـدا بەڵگەنامەیـەکی هاوپـەیمانی ئیمزا دەکرا. لەم یاداشتەدا هەردوو شاندەکە بە سەرۆکی کۆنگرەیان راگەیاندبوو کە لـە نێوان کوردو ئەرمەندا هیچ گرفتێك لە ئـارادا نییـەو ئەوەشـی بمێنێتـەوە سـەبارەت بـە دیاری کردنی سنوورەکانی نێـوان کوردسـتان و ئـەرمینیا دواتـر بـۆ خۆیـان چارەسـەری دەکەن[٢٦٦].

پەیمانی سیڤەر جێبەجێ نەکراو لە تورکیا مستەفا کەمال ئاتاتورك هێزەکانی ئـەنادۆڵی یەکخست. پاشان هاتە کوردستان و سەرۆك خێڵ و گەورە پیاوانی کوردیشی رازی کـرد کە پێکەوە بەربەرەکانێی هێزە داگیرکەرەکان بکـەن. بـەم جـۆرە بەشـێك لـە کوردەکـان پـشتیوانییان لێکـرد. مـستەفا کـەمال ئاتـاتورك بـەڵێنی بـەکوردەکان دا دوای ئـەوەی پرسی داگیرکەری لە وڵاتەکە کۆتایی پێهات، ئەوجا مافەکانیان دابین دەکرێت. نـاوبراو لە لێدوانێکی دا کە لە یەکێك لە نامەکانیـدا بـۆ "جەمعیـەی ژیانـەوەی کـورد" لقـی دیاربـەکری نـاردووە دەڵـێ: "دەمانـەوێت هـەموو مافـەکانی برایـانی کوردمـان دابینبکەین، بەڵام دەبێ سەرەتا وڵات لە داگیرکەری بیـانی پـاك بکەینـەوە"[٢٦٧]. بـەم جۆرە پەیمانی سیڤەر وەکو پیتی مردووی سەر کاغـەزی لێهـات. ئـەم پەیمانـە لـە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ دا مۆرکرابوو. خۆی دەرەنجامی پەیمانی کۆتایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهانی و پەیمانی مۆدروس بوو کە لە ١٩١٨ دا مۆرکرابوو.

کوردەکان بڕوایان بە بەڵێنەکانی مستەفا کەمال کرد و پێیان وابـوو کـە بەشـداربوونیان خەلافەت و ئاین دەژیەنێتەوە، لە کاتێکدا مستەفا کەمال خـۆی ئیتیحادیـەکی کـۆن و ناسیۆنالیسیتێکی توندڕەو بوو. کوردەکان لـە بـەرەکانی جـەنگی جۆرجیـا، ئـەرمینیا، کیلیکیە و یۆنان بەشداربوون. هێزەکانی پاشماوەی سوپاو قوای میللیـە توانییـان یۆنـان

[٢٦٦] محمد ملا احمد، جمعیة خویبون و العلاقات الکردیة-الارمنیة، کاوه للنشرو التوزیع، اربیل ٢٠٠٠، ص١٤٨.

[٢٦٧] زنار سلۆپی، فی سبیل کردستان...

لـه ئـەزمیر دەربکـەن و فرەنـسا لـە ئەنتاکیـە راوبنـێن و بریتانییـەکان و ئیتاڵییـەکان پاشەکشێ پێ بکەن.

هەروەها بۆلغارەکانیان بەرپەرچدانەوە و لە بەرەی رۆژهەڵاتیشدا لە ئەرمینیا و جۆرجیا رووبەڕووی رووسیاو ئەرمەنەکان بوونەوە. ئەم بەربەرەکانێیـە بـوو بـە ئـەمری واقیـع و سەرەنجام بە یەکجاری پەیمانی سیڤەری خستە ئەرشـیفی مێـژووەوە و دوای ئەمـەش لـە ٢٤ تەمموزی ١٩٢٣ دا پەیمانی لۆزانی هێنایە کایـەوە. هـەر لـەم سـەروبەندەدا لەسـەر جیۆگرافیـا ئازادکراوەکـانیش "کۆمـاری تورکیـا" دامـەزرا. ئـەم کۆمـارە لـە لایـەك ئەرمینیای رۆژئاوای لەسەر جیۆگرافیا سڕیەوە، لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر جەسـتەی بەرخودانی کوردەکان پایەکانی خـۆی پتـەوکرد. کاتێـك کۆمارەکـە دامـەزرا، مـستەفا کەمال و سەرکردەکانی دیکەی کۆماری تورکیا حاشایان لە بەڵێنەکانیان کرد بەرامبـەر بە کورد. ئەم بادانەوەیە پەرچەکرداری کوردەکـانی بـە دواوە بـوو. واتـە تـا ئـەم سـاتە کوردەکان بڕوایان بەهاوپەیمانی هەبوو لەگەڵ برا تورکەکانیان، بـەڵام کاتێـك لەمەیانـدا چەواشە کران، ئەمجا روویان لە هێزەکانی دیکە بە تایبەت برا ئەرمەنەکانیان کرد کە لە هەموو روویەکەوە هاوچارەنووسیان بوون.

یـەکێك لـە پەرچـەکردارە بـەهێزەکانی کـوردان لـە دژی کۆمارەکـەی مـستەفا کـەمال راپـەڕینی ١٩٢٥ی شـێخ سـەعیدی پـیران بـوو. ئـەم راپەڕینـە لـە ماوەیـەکی کەمـدا سەرکوت کرا. پاشان عیسمەت ئینۆنۆ پشتی لەو گفتە رەسمییە کـرد کـە لـە کـۆنگرەی لۆزاندا بە کوردەکانی دابوو: "پێویـستە هـەموو مافـەکانی کـورد دەسـتەبەر بکرێـت، تەنانەت مافی ئەوەشیان هەیە وەکو هەموو گەلانی دیکە حکومەتی تایبەت بە خۆیان هەبێت" (٢٦٨). لەسەروبەندی راپەڕینەکـەدا هـەموو ئـەو کۆمەڵـەو یانـە کوردیانـەییان داخـست کـە داوای مافـەکانی کوردیـان دەکـرد. پاشـان نـاوی کـوردو کوردسـتانیان قەدەغەکرد. ئینجا لە ١٣ی نیسانی ١٩٢٥ سەید عەبدولقادری شەمزینی و کوڕەکـەی سەید محەمەد نافز و کۆڕ عەبدوڵلا سەعدی و خۆجە عەسکەریان بـە فـەرمانی وەزیـری ناوخۆ دەسگیرکرد. ئەوجا سـەرۆکی خێڵـەکانی هۆشـینانیان رەشـبگیرکرد و هـەموویان

---

(٢٦٨) د. عەبـدولرەحمان قـاسملو، کوردسـتان و کـورد، لێکۆڵینەوەیـەکی ئـابووری-سیاسـی وەرگێڕانـی عەبدوڵلاحەسەن زادە، هەولێر، ٢٠٠٧ .

سـپاردنە دادگاکـانی ئیـستقلالی شـەرق. لـە ٢٧ی ئایـاری ١٩٢٥ دا فـەرمانی لـە سێدارەدانیان جێبەجێکرا.

لە کۆتایی مانگی ئایاردا دادگاییکردنی شێخ سەعیدی پیران دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەمیش ژەنەراڵ ئیسماعیل و یوزباشی فەخری و هتد، لە ماوەی مانگێکدا حوکمدران و لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا لە دەروازەی "داغ قاپی" دیاربەکردا هەڵیانواستن. لـە پـاییزی هـەمان سـاڵدا لـە خارپێـت ٤٠٠ نیـشتمانپەروەری کـوردی دیکەشـیان لـە سێدارەدا. لە هێنیی سـەر بـەبینگولیش ١٠٠ هـاولاتی کـوردی دیکەشـیان لـە داردا. رۆژنامەی "وەقت"ی تورکی نووسیبووی: "چیتر پرسی کورد لە ئارادا نییە"[٢٦٩].

سیاسـەتی سـەرکوت و داپلۆسـاندنی تورکیـای کـەمالی، چـیتر بـواری نەهێـشتەوە بـۆ خەباتکردنی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی کورد. ئەوەی لـە سـێدارەدرا درا، ئەوەشـی مایەوە خۆی بەدەسـتەوەدا یـاخود خـۆی مـت کـرد. بەشـێك لـە روونـاکبیر و پیـاوانی سیاسیی کوردیش لـە تورکیـا رایـانکرد و لـە قەڵـەمڕەوی فرەنـسا (سـوریا-لوبنـان) و ئینگلتەرە (عێراق) خۆیان گرتەوە. لەم نێوانەدا مەمدوح سەلیم بەگ (ئەسکەندەربەگ) کە بۆ خۆی خـەڵکی وان بـوو، پەیوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ ئەرمەنـەکان پێشخـست. مەمدوح سەلیم بەگ کە رووناکبیرێك بوو خوێندنی خۆی لە ئەوروپا تەواو کردبـوو، لـە جەمعیەت و یانە کوردییەکانی ئەستەنبۆڵ وەکو "جەمعیەتی هێڤی تەلەبەی کورد" دا ئەندام بوو. ناوبراو پەیوەندییەکانی لەگـەڵ ئەرمەنـە ئاوارەکـانی سـوریاو لوبنـان دانـا. هـەروەها لەملاشـەوە لەگـەڵ کەسـایەتی و روونـاکبیرە کوردەکـانی وەکـو جـەلادەت بەدرخان، کامەران بـەدرخان، سـورەیا بـەدرخان، بـۆزان شـاهین، حـاجۆ ئاغـادا کەوتـە گفتوگۆ. ناوبراو پێشنیاری پێکەوەنانی کۆمەڵەیەکی سیاسی و رزگاریخواز بە کوردەکان دەکات.

ئەسکەندەر بەگ کە بە ئەندازیاری گرووپـی "خۆیبـوون" ناسـراوە، تـوانی روونـاکبیر و کەسـایەتییە سیاسـیەکانی کـورد کۆبکاتـەوە. هاوکـات تـوانی لـە نێـوان کوردەکـان و ئەرمەنەکاندا سەرلەنوێ پەیوەندییەکان رێکبخاتەوە. پـارتی ئاشناکـسوتیۆنی ئەرمـەن کە لەو سەروبەندەدا لە دوولاوە پاڵی پێـوەنرا بـوو، واتـە هـەم لـە ئـەرمینیا راونرابـوو

[٢٦٩] محمد ملا احمد، جمعية خويبون والعلاقات الكردية-الارمنية، کاوه للنشر والتوزيع، اربيل ٢٠٠٠، ص٢٨.

بەهۆی بەلشەڤیکەکان و هەم لە تورکیا پاکتاو کرابوو، هەوڵی دەدا لەگەڵ کوردەکان خەباتێکی رزگاریخوازی هاوبەش دەست پێ بکات. لەبەر ئەمەش لە دامەزراندنی "خۆیبوون" دا ئەوپەڕی هاوکاریی و هاوئاهەنگییان نیشاندا.

لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ دا لە شارۆچکەی بەحەمدون لە نزیك بەیروت، لە ماڵی واهان پاپازیان، کەسایەتییە کوردەکان کۆبوونەوە و یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کوردیان بەڕێوەبرد. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ درابوو گرووپە سیاسییەکانی دیکەی کورد هەڵبوەشێنرێنەوە و بخرێنە چوارچێوەی رێکخستنێکی سیاسی فراوانترەوە. ئەم رێکخستنانەش بریتیبوون لە:

١-جەمعیەتی تەعالی کوردستان.

٢-جەمعیەتی تەشکیلاتی ئیجتماعیەی کورد.

٣-فیرقەی خەڵکی کورد.

٤-کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان.

هەروەها ئەوانەی لەم کۆنگرەیەدا بەشدارییان کرد بریتبوون لە:

-جەلادەت بەدرخان

– محەمەد شوکری سەگبان

—ئەمین رامانی

—مەمدوح سەلیم بەگ

—حاجۆ ئاغا

—عەلی رەزا کوری شێخ سەعید

—مستەفا شاهین

—تۆفیق بەگ

—کامیل بەگ

—بەدرەدین ئاغا

—فەهمی لیجی

—خەلیل بەگ رامی

—عەلی عەونی

—مەولان زادە رەفعەت

—حسین پاشا
—شێخ حسێن بەرازی[270]
—عەبدولرەحمان ئاغا.
دوای چەند رۆژێك كۆنگرەكە بە سەركەوتوویی كارەكانی كۆتایی پێدەهێنێ. لەم كۆنگرەیەدا چەند بەڵگەنامەیەك پەسەند دەكرێن. یەكێك لەو بەڵگەنامانە "نیظامنامەی عمومیە و پەیمانی میللی"یە. نیظامنامەی عمومی زۆرتر پەیڕەو و پرۆگرام دەگرێتەوە و پەیمانی میللیش پەیوەندیی بە ئامانجەكانی بزاڤی نەتەوەیی كوردەوە هەبوو. خۆیبوون بە پێی ئامانجەكانی هەوڵدەدات دەوڵەتێكی سەربەخۆی كورد لە باكووری كوردستان پێكبهێنێ كە لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەن هاوپەیمان بێت. هەروەها سەبارەت بە پارچەكانی دیكەش راستەوخۆ دەستوەرنەداتە كاروباری كوردەكانەوە، بەڵام لە فرەنسا، ئینگلتەرەو ئێران كە لەسێ بەشی كوردستانی ئەودەم باڵادەستبوون، داواكارە مافە رۆشنبیری وسیاسییەكانی كورد بسەلمێنن. ئەوەی زۆرتر لەم ئامانجانە بەزەقی دیارە جەختكردنەوەی خۆیبوونە لەسەر هاوپەیمانی و پەیوەندیی پتەوی نێوان كوردو ئەرمەن. یەكێكی دیكە لە بەڵگەنامەكانی ئەو سەردەمە دەقی پەیمانی ستراتیژی نێوان خۆیبوون و تاشناكسوتیۆنی ئەرمەنیە. لەم بەڵگەنامەیەدا هەردوو گرووپ لەسەر كۆمەڵێك پرەنسیپ رێككەوتوون و هەوڵدەدەن دەست بە خەباتێكی هاوبەش بكەن[271].
لە كاتی ئیمزاكردنی پەیمانی نێوان تاشناك و خۆیبوون، واهان پاپازیان وەك نوێنەری تاشناك ئامادە بوو بۆ خۆشی بەرپرسیاری یەكەمی ئەو گرووپە بوو. هەروەها لە لایەن خۆیبوونیشەوە ئەمانەی خوارەوە كە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی بوون بەشداربوون:
١-عەلی رەزا ئەفەندی خەڵكی پالۆ
٢-د. شوكری سەگبان بەگ
٣-مستەفا شاهین بەگ، سەرۆكی خێڵی بەرازی
٤-حاجۆ ئاغا، سەرۆكی هۆزی هەڤێركان

[270] ئالاكۆم، روهات، خويبون و ثورة اكري، مراجعة شكور مصطفى، كاوه للثقافة الكردية، اربيل ٢٠٠٠ ، ص٢٠.
[271] هەمان سەرچاوە ل١٤-١٥.

٥-ئەمین ئاغا، سەرۆکی هۆزی رامان
٦-کەریم رۆستەم بەگ، خەڵکی سلێمانی
٧-مەمدوح سەلیم بەگ، خەڵکی وان
٨-جەلادەت عالی بەدرخان

لە پێشەکیی پەیمانەکەدا ئاماژە بە پێویستبوونی هاوکاریی و هاوپەیمانیی نێوان هەردوو گەل دەکرێت و لە پێناوی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی "ئاری" پێویستە پەیوەندیی برایەتی پتەو بێتە ئاراوە: پێویستە ئەم پەیمانە پێ لەسەر هاوکاریی هەردوولا دابگرێت و ئاماژە بە پرەنسیپە هاوبەشەکانی سەربەخۆیی سیاسی و خواستە نەتەوەییەکانیان بکات. پەیمانەکە لە ١٩ مادە پێکدێت.

لەمادەی یەکەمدا باس لەوە دەکرێت کە هەردوولا دەبێ دان بە کوردستانی سەربەخۆ و ئەرمەنستانی سەربەخۆدا بنێن و بەهاوبەشی بەرگری لە ئارمانجەکانیان بکەن. مادەی دووەمیش رزگاریی هەریەك لەو ولاّتانە بەرزگاریی ئەویتریش دەزانێت. هەروەها پرسی دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوولا دەگێڕێتەوە بۆ ژمارەی دانیشتوان و لەمەشیاندا سەرژمێریی پێش لە جەنگی یەکەمی جیهانی بە پێوانە وەردەگیرێت[٢٧٢].

لە مادەی دووەم و لە بەندی (ب)دا ئاماژە بەوە دەکات کە مادەی ٨٩ی پەیمانی سیڤەر کە ویلاتەکانی وان، بتلیس و ئەرزرۆم بەسەرزەمینی ئەرمەن لە قەڵەمدەدات، بەبێ بنەما لە قەڵەمدەدرێت.هەروەها داوا لە لایەنەکان دەکات یەکلایکردنەوەی ئەم پرسە دوابخەن بۆ دوای قۆناغی رزگاری.

لە مادەی سێیەمدا داوا لە هەردوولا دەکرێت کە بە هاوبەشی بەرپەرچی هێرشی داگیرکەری تورك بدەنەوە.

لە مادەی چوارەمدا هەردوولا پابەند دەکرێن بەوەی لە بلاّوکردنەوە و پرۆپاگەندەی ئامانجەکانی یەکتردا هاوکاریی یەك بکەن.

لە مادەی پێنجەمدا پارتی شۆڕشگێڕی تاشناك بەڵێنی ئەوە دەدات کە رێکخستن و دامودەزگاکانی خۆی لە ئەمەریکاو ئەوروپا بخاتە خزمەت ناساندنی دۆزی کورد و پوچەڵ کردنەوەی پروپاگەندە دژەکانی تورکیا.

---

[٢٧٢] ئالاکۆم، روهات، خویبون و ثورة اکری، مراجعة شکور مصطفی، کاوه للثقافة الکردیة، اربیل ٢٠٠٠ ، ص٩٢.

له مادەی شەشەمدا پارتی تاشناك بەڵێنی ئەوە دەدات کە لە رووی داراییەوە یارمەتی خۆیبوون بداتو لە نێوەندە سیاسیەکانی جیهاندا پرسی کورد بناسێنێ.
مادەی هەشتەم ئاماژە بە پتەوکردنی رێکخستنی هەردوولا دەکات و بۆ ئەوەی هەماهەنگی لە نێوان هەردوولا بێتەئاراوە دەبێ نوێنەرێکی تاشناك بە شێوەی هەمیشەیی لە کۆمیتەی ناوەندیی خۆیبووندا جێ بگرێت[٢٧٣].
مادەی نۆیەمی ئەم پەیمانە ئازادیی ئەوە بە هەردوولا دەبەخشێت کە دوای رزگاری هەرکامیان بۆیان هەیە بەجیاواز لەگەڵ کۆماری تورکدا پەیوەندیی و رێککەوتن دروستبکەن.
له مادەی دەیەمدا پارتی تاشناك بەڵێن دەدات کە لە چالاکیی سەربازیدا لە رووی ئازووخە و جبەخانەشەوە هاوکاریی خۆیبوون بکات. هەروەها باس لەوە دەکرێت کە نوێنەری هەمیشەیی تاشناك لە ئەنجومەنی سەربازیدا جێ بگرێت.
له مادەی ١١-١٢ دا جارێکی دیکە باس لە هەماهەنگی و هاوخەباتیی دەکرێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە پارتی تاشناکی شۆڕشگێڕ لە رووی دارایی و پروپاگەندەوە پشتیوانی لە خۆیبوون بکات.
له مادەی سێزدەیەمدا هەردوولا هەرچ کات بە پێویستی بزانن پەیمانێکی دیکە ئیمزا دەکەن سەبارەت بە کاروباری گومرگی و باجو سەرانە و مافی کەمینەکان وهتد.
هەروەها ئەوەی لە مادەی سێزدەیەمدا سەرنجمان رادەکێشێ ئەو بڕگەیەیە کە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر بە پێویست زانرا ئەوا هەردوولا پرسی یەکێتیی فیدرالیش لە نێوان کورد و ئەرمەندا دەهێننە ئاراوە[٢٧٤].
له مادەی چواردەیەمدا مافی ئەوە بە دەوڵەتەکان دەدرێت بەئازادانە سەرزەمینی خۆیان بەکاربهێنن بۆ قەرەبووکردنەوەی قەرزەکانیان.
مادەی پانزەیەم باس لەوە دەکات ئەگەر هاتوو لە نێوانیاندا ناکۆکی هاتە ئاراوە، ئەوا دەبێ بە گفتوگۆ چارەسەری بکەن و نابێ لە چوارچێوەی ئەم پەیمانە دەربچێت.

---

[٢٧٣] ئالاکۆم، روهات، خويبون و ثورة اكري، مراجعة شكور مصطفى، كاوه للثقافة الكردية، اربيل ٢٠٠٠ ، ص٩٣.
[٢٧٤] هەمان سەرچاوە ل٩٣.

لە مادەی شانزەیەمدا هەردوولا بە بەرپرسیار دەزانرێن کە ناوەرۆکی ئەم پەیمانە بە نهێنی بهێڵنەوە و نەیدرکێنن.

لەمادەی ١٧دا دەڵێ ئەم پەیمانە هەردوولا دەروەست دەکات هەتاوەکو کۆتایی شەڕی رزگاری و لەوە بەدواش چی تازە پێویست بکات ئەوا دەبێ بەرازیبوونی هەردوولا بێتە کایەوە.

لە مادەی هەژدەیەمدا دەگوترێت کە لە رۆژی ئیمزاکردنی ئەم رێککەوتنەوە ئەوا ناوەرۆکی پەیمانی سەربازی و سیاسی کاری پێ دەکردێت.

لە مادەی نۆزدەیەمیشدا دەگوترێت کە پەیمانەکە بە دوو نوسخە روونووسی فرەنسی لێوەردەگیرێت.

پەیمانی نێوان تاشناك و خۆیبوون بە وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لە قەڵەم دەدرێت. پێشتر لە قۆناغی یەکەمدا پەیوەندیی رەسمیی دەستی پێکرد. بەلاَم لە قۆناغی دووەمدا بە هۆی پەیمانی تاشناك و خۆیبوونەوە پەیوەندییەکانی هەردوو گەل بە ئاراستەی پەیمانی ستراتیژیدا رۆیشتن. جگە لە پەیمانە ستراتیژییەکە، خۆیبوون لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دا کە تێیدا ئاماژە بە گەلی ئەرمەنیش دەکرێت. لە کۆنگرەکەدا خۆیبوون بڕیارنامەیەکی ٦ مادەیی دەردەکات و لە بڕیاری چوارەمدا دان بە هەموو مافەکانی ئەرمەندا دەنێت:

"٤-پەسەندکردنی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ئەرمەنەوە هەیە لە رووی ئازادیی بیروباوەرو پەسەندکردنی جیاوازیی و تێپەڕکردنی ناکۆکیی تایفی و قەرەبووکردنەوەیان و پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵیان"[٢٧٥].

لە ئاکامی کۆنگرەکەدا خۆیبوون بەیاننامەیەك بۆ رای گشتی دەردەکات. لە بڕگەی یەکەمدا ئاماژە بە داگیرکەریی تورك دەکات و جەخت لەسەر خەباتی رزگاریی نەتەوەیی دەکاتەوە. لە بڕگەی دووەدا باس لە مافی کوردەکانی عێراق دەکات و لە بڕگەی سێیەمیشدا سوپاسی حکومەتی فرەنسا، بریتانیا، سوریا، ئێران و عێراق دەکات سەبارەت بە هەڵوێستی باشیان لەمەڕ کوردە پەنابەرەکان کە لە تورکیا

---

[٢٧٥] ئالاکۆم، روهات، خويبون و ثورة اكرى، مراجعة شكور مصطفى، كاوه للثقافة الكردية، اربيل ٢٠٠٠ ، ص١٧.

رایـانکردبوو. ئەوەشـی کـە لـەم بەیاننامەیـەدا سەرنجراکێـشە ئەوەیـە کـە لـە بڕگـەی چوارەمدا جارێکی تر باس لە گەلی ئەرمەن دەکات. لەم بڕگەیەدا دەگوترێت:
"٤-کۆنگرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کوردو ئەرمەن دوو گەلن سـەدان سـاڵە پێکـەوە دەژیـن و لـە هـەمان کاتـدا خـەباتی هاوبەشـیان لـە پێنـاوی سـەربەخۆیی پێکیانـەوە دەبەستێت. ئەمەش بەرپرسیارێتی پێکەوەنانی وڵاتـی سـەربەخۆی کـوردی — ئەرمـەن دەخاتە ئەستۆیان"[٢٧٦].
بەم جۆرە سەر لە بەری کۆنگرەکە گیانی برایەتی کورد-ئەرمەن لـەخۆدەگرێت. شـایانی ئامـاژە پێکردنـە لـە بڕگەیـەکی دیکەشـدا بـە راشـکاوی بەرپرسـیارێتی جینۆسـایدی ئەرمەنان دەخاتە ئەسـتۆی حکومـەتی تورکیـا. لـەم ڕووەشـەوە کوردەکـان لـە رێگـەی ئەرمەنەوە دەروازەکانی دیپلۆماسی بە رووی خۆیاندا دەکەنەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا سورەیا بەدرخان لەگەڵ ئەرمەنەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا پەیوەندییـەکان پێـشدەخات. ناوبراو کەڵك لە لۆبی و دیاسپۆرای ئەرمـەن وەردەگرێـت. لـە لایـەکی دیکەشـەوە لـەم رێگەیەوە پرسی کورد دەگەیەنیتە نێوەندە جیهانییەکان، لە لایەکی تریش لە ئەمەریکا و ئەوروپا یارمەتی دارایی کۆدەکاتـەوە و رەوانـەی کوردسـتانی دەکـات بـۆ ئـەوەی لـە سەرهەڵدانی چەکداری چیای ئاگریدا کەڵکی لێ وەربگیرێت.
دوای کۆنگرەکە لە لایەن ئەرمەنەکانەوە هراچ پاپازیـان وەك نوێنـەری ئەرمـەن دەبێتـە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی خۆیبـوون. ئەمـە دەبێتـە هـۆی نارەزایـەتی هەنـدێك لـە ئەنـدامانی خۆیبـوون. هەنـدێك سەرچـاوە ئامـاژە بـەوە دەکـەن هـۆی جیابوونـەوەی عەلیڕەزای کوڕی شێخ سەعیدی پیران لەبەرئەمـە بـووە. عـەلیڕەزا لـە سـاڵی ١٩٢٨ دا کەڵکی لەلێخۆشبوونی گشتی حکومەتی تورکیا وەرگرت و خۆی بەدەستەوەدا.
هـەروەها ئۆسمـان سـەبریش لـە چـەند سەرچـاوەیەکدا ئامـاژە بـەوە دەکـات "لەبـەر وابەستەبوونی خۆیبوون بە تاشناکەوە لەو گرووپە هاتۆتـە دەرەوە"[٢٧٧]. عەبـدولرەحمان قاسملو لە کتێبی کوردسـتان و کـوردا دەنووسـێ "گرووپـی خۆیبـوون راسـتەوخۆ لـەژێر

[٢٧٦] ئـالاکۆم، روهـات، خویبـون و ثـورة اگـری، مراجعـة شـکور مـصطفی، کـاوە للثقافـة الکردیـة، اربیـل ٢٠٠٠ ، ص١٧... هەروەها گارۆ ساسۆنی، بزاڤی رزگاری کوردستان و ئەرمەن ل ١٨٤.
[٢٧٧] محمد ملا احمد، جمعیة خویبون و العلاقات الکردیة-الارمنیة، کاوە للثقافة الکردیة، اربیل، ٢٠٠٠، ص٧٨.

کاریگەریی تاشناکی ئەرمەنیدا بووە". هەروەها ئەم پەیوەندییە لە لایەن کەمالییەکانی تورکیا لە رادەبەدەر زەقکرایەوە و گومانیان دەخستە سەر سەربەخۆیی خۆیبوون. محەمەد مەلا ئەحمەد لە کتێبی "خۆیبوون و پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن" دا یەکێك لە هۆکارەکانی شکستی خۆیبوون و سەرهەڵدانی چیای ئاگری بەوە دەزانێ کە "سەرکردایەتی ئەم بزاڤە رۆڵێکی زۆری دابووە ئەرمەن لە دیاریکردنی ستراتیژی و تاکتیکەکانیدا. ئەمەش لەبەر لاوازیو خۆ بەکەم زانینی سەرکردەکانی کورد بووە".

سەرەڕای ئەمانەی باسکران، تاشناك لە رووی دیپلۆماسی و پروپاگەندەی دەرەوە و تا رادەیەك دارایی و جبەخانەوە هاوکاریی خۆیبوونی کرد. لە رووی بەشداری جەنگاوەرەوە هاوکارییەکی ئەوتۆی پێنەکراو وەك لە پەیمانەکەشدا هاتبوو بە پێی ئەم فۆرمولە رێککەوتبوون "جەنگاوەر لە کوردو دارایی لە ئەرمەن". لە رووی پروپاگەندەو پەیوەندییەکانەوە تاشناك بە باشی هەڵسوڕا. دوای ئەوەی راپەڕینی ئاگری شکستی هێنا (١٩٣٠) تاشناك لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنالدا بەشداربوو کە لە ٣٠ی ئابی ١٩٣٠ لە زۆریخی سویسرا بەڕێوەچوو. بە پێی داوای تاشناك لە مادەیەکی کۆنگرەکەدا باس لە کوشتاری کورد بە دەستی تورکیاوە کرا. لە بەیانی کۆنگرەکەدا ئاوا هاتووە: "کۆمیتەی تەنفیزی مەکتەبی کرێکارانی سۆسیالیستی ئەنتەر ناسیۆناڵ سەرنجی جیهانییان بۆ ئەو کوشتارە رادەکێشێ کە حکومەتی تورکیا دژی کورد دەیکات. ئەوەش ئەو کوردانەن کە لەپێناوی ئازادیدا تێدەکۆشن.. تورکەکان دەیانەوێ ئەوەی بەسەر ئەرمەنییاندا هێناوە، بەسەر کوریشیدا بێنن. دەبێ رای گشتی نەتەوە گەورەکان لە بەرامبەر ئەم بێدادییەدا بێدەنگ نەبێت. ئەم رەوشە هەڕەشە لە ئاشتیی جیهانی دەکات... ئەمانە هەموو ئەو راستییە دەگەیەنن کە دامودەزگا نێونەتەوەییەکان ناتوانن ئیدارەی جیهان بکەن. گەورەکان لاوازەکان دەچەوسێننەوە. کۆمیتەی تەنفیزی داوا لەجیهان دەکات ئەو کوشتارە شەرمەزار بکەن کە لە کوردستان بەڕێوەدەچێت"[٢٧٨].

کاتێك تاشناك هەستی بەوە کرد راپەڕینی چیای ئاگری بەفەرماندەیی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا بەرەو تێکشکان دەڕوات، هەوڵیدا هەتا پێیدەکرێ مەرجی هاوپەیمانییەکە

---

[٢٧٨] د.بلە چ شێرکۆ، کێشەی کورد.

بهێنێتەدی و وەکو بەشداری راپەڕینەکە دوا هەوڵدانی خۆی بخاتەگەڕ. لەمەیاندا لە کاتی تەنگانەدا تاشناك یارمەتییەکانی خۆی گەیاندە فیداییەکانی ئاگری. زنار سلۆپی لە کتێبەکەیدا دەڵێ "بە راستی ئەرمەن پابەندبوون بە بەڵێنەکانیان و چی کەوتە سەریان درێخییان لێنەکرد. لە چاپکراوەکانیاندا بەرگرییان لە پرسی کورد کرد. هەروەها سەبارەت بەشەرعیەتی پرسی کورد لە ئەمەریکا و ئەوروپا پروپاگەندەیان دەکرد"[٢٧٩]. لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەمدا پێشنیاری تاشناك تاوتوێکرا. بەلاَم لە قسەکانی دی بڕۆخی سەرۆکی کۆمیتەی تەنفیزی ئەنتەرناسیۆنالدا دەرکەوت کە سەبارەت بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی توند لە دژی تورکیا دوودڵن.

ناوبراو وتبووی "پرسی کورد تەنها لە تورکیا نیەو ئەگەری ئەوەی هەیە کە بتەنێتەوە بۆ ئێران و سوریا و عێراقیش. هەروەها راستە ئێمە پشتیوانی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکەین، بەلاَم نامانەوێ ئەم مافە بە چەك بهێنرێتەدی! چەك ئاشتیی جیهان دەخاتە مەترسییەوە. ئێمە پشتیوانی لە خەباتی گەلان دەکەین بۆ مافی چارەی خۆنووسین، ئێمە لەگەڵ ئەو شەڕە خوێناوییەدا نین کە کوردان بەڕێوەی دەبەن.. بە گشتی بە گونجاوی نازانم دەستوەربدەینە کاروباری کوردییەوە!" بەم جۆرە ئەم کۆنگرەیە ئاوەها هەوڵەکانی تاشناکی مایە پووچ کرد. سەرەڕای ئەمە خودی ئەرمەن تەنانەت دوای شکستی راپەڕینەکەش پشتی کوردانیان بەرنەداو درێژەیان بە هاوکارییەکانیان دا.

لە کاتی دەستپێکردنی راپەڕینی چیای ئاگری بە رێبەرێتی خۆیبوون، بریتانییەکان لەگەڵ فرەنساییەکان لە دژی خۆیبوون وەستانەوە. نووسینگەی خۆیبوون لە حەلەب لە لایەن فرەنسییەکانەوە داخرا. بەلاَم ئەرمەنەکانیان راسپارد کە بەشێك لە نووسینگەکەی حەلەبیان تەرخان بکەن بۆ کوردەکان. لەم کەشوهەوایەدا خۆیبوون کەڵکی لە دەرفەتی هاتوچۆی ئەرمەنەکان وەرگرت کە لە نێوان سوریا، عێراق و ئێراندا دەگەڕان. لە رێگەی ئەمانەوە پەیوەندیی لە نێوان ناوەندی خۆیبوون (شام)و ناوەندی راپەڕیندا (ئاگری) دەهاتە ئاراوە[٢٨٠].پەیوەندییەکانی کورد — ئەرمەن لایەنێکی

---

[٢٧٩] زنار سلوپی (قدري جميل باشا) في سبيل كردستان....

[٢٨٠] محمد ملا احمد، جمعة خويبون و العلاقات الكردية-الارمنية، كاوه للثقافة الكردية، اربيل، ٢٠٠٠، ص١٣٧.

پۆزەتیڤی دیکەشیان هەبوو، ئەویش لاچوونی پروپاگەندەی دژە کوردی ئەرمەنەکان بوو. قەدری جەمیل پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: "نوێنەری ئەرمەنەکان بەڵێنی پێدابوین کە بە یەکجاری کۆتایی بەو پروپاگەندانە بهێنرێت کە هەندێك لە ئەرمەنەکان لە دژی کورد دەیکەن". ناوبراو ئەوەش زیاد دەکات کە ئەرمەنەکان لەو کۆنگرەیەوە بەدوا وازیان لە داواکردنی ئەرمینیای گەورە هێنا کە بەشێکی سەرەکی لە کوردستان لە خۆدەگرێت.

لە راستیدا دوای کوشتارەکانی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٩٠) و ئیتیحادییەکان (١٩١٣-١٩١٦) ئەرمینیا لە رووی هێزی مرۆییەوە داچۆڕاو ژمارەیەکی یەکجار کەمی لێ دەرچێ، کەسێکی ئەوتۆیان لە تورکیا نەمابۆوە. بۆیە دوای ئەوەی کۆماری تورکیا دامەزرا روویان لە کورد کرد، چونکە دەیانزانی کورد هێشتا لەسەر خاکی خۆیان دەژین و خاوەن هێزێکی مرۆیی ئەوتۆن کە دەتوانن بەرەنگاری تورکەکان ببنەوە. لەبەرئەمە هەوڵیان دەدا چەك و جبەخانەو دارایی بۆ کوردەکان دابین بکەن و ئەوانیش شەڕەکە پەرەپێ بدەن. کاتێك ئەم شەڕە شکستی هێنا، پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن هەر درێژەی هەبوو، بەڵام ئەو گەرموگوڕییەی پێشتری نەبوو[٢٨١]. کوردەکان بۆ خۆشیان بەم پەیوەندییە رازی بوون. سورەیا بەدرخان لە دیدارێکی لەگەڵ بازیل نیکیتین دەڵێ: "لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٧ دا لە نێوان کوردو ئەرمەندا پەیمانێکی گرنگ ئیمزا کرا کە خۆیبوون واتە کۆمیتەی نەتەوەیی هێنایە ئاراوە و ئەم گرووپەش نوێنەرێتی هەردوولا دەکات. دوای ئەوەی پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە تورك دوژمنی هاوبەشمانە، بەباشمان زانی بەرژەوەندییەکانمان یەك بخەین. لێرە بە ناوی رۆڵەکانی گەلەکەمەوە هەستی قووڵی خۆم بەرامبەر بەگەلی ئەرمەن دەردەبڕم و پشتیوانی لە ئامانجی نەتەوەیی و رەوایان دەکەم کە ئەوەش ئەرمینیای یەکگرتو و سەربەخۆیە". سەرباری ئەمەش هەندێك لە بەرپرسیارانی خۆیبوون لەمجۆرە پەیوەندییە نیگەران بوون و بە تایبەتی مادەی هەشتەمی پەیمانی نێوان خۆیبوون و تاشناك مشتومڕی لە نێوانیاندا دروستکردبوو[٢٨٢]. بە پێی ئەو مادەیە هراچ پاپازیان وەك نوێنەری

---

[٢٨١] هەمان سەرچاوە ل١٣٩.

[٢٨٢] ئالاکوم، روهات، خويبون و ثورة اگری، کاوه للثقافة الكردية، اربيل ٢٠٠٠، ص٧٧.

هەمیشەیی ئەرمەن لە کۆمیتەی ناوەندی "خۆیبوون" دا جێی دەگرت. هەندێك لە سەرچاوە و بەڵگەنامەکان دەریدەخەن کە ناوبراو دوای جەلادەت بەدرخان کەسی بەهێزی دووەم بووە لەناو خۆیبووندا.

پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لە ساڵانی سەرەتای راپەڕینەکەدا زۆر پتەوبوو. بە تایبەت ئەرمەنەکان لە تەورێز کارخانەیەکی بچووکی چەك و فیشەکسازیان رێکخست و بە بەردەوامی فیشەك و جبەخانەیان دەنارد بۆ فیدایییەکانی چیای ئاگری. رەزا نوح لە بیرەوەریەکانییدا دەنووسێ: "کاتێك پیرمیسیان سەرۆکی تاشناك لە ۱۹۳۵/۲/۲۱ دا هاتە ئەسکەندەریە سەبارەت بەراپەڕینی کوردەکان لێم پرسی، گوتی ئێمە ئەم راپەڕینەمان رێکخستووە و بەهەزاران دۆلارمان خەرج کردووە لە کاتێکدا ژمارەی سەرهەڵداوانی کورد لە ۷۰۰-۸۰۰ کەس تێناپەڕێت". سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکێکی دیکە لە سەرکردەکانی تاشناك بە ناوی رۆبین پاشا بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانیی ئێران سەردانی تاران دەکات. لەوێش چاوی بە بەرپرسیاری سەربازیی بالیۆزخانەی بریتانی دەکەوێت لە تاران و داوایان لێ دەکات پشتیوانی لە بزاڤی کوردەکان بکەن. دیاسپۆرای ئەرمەن لە ئەمەریکا یارمەتی راپەڕینەکە دەدەن. ڤاهان قارداشیان لە ساڵی ۱۹۳۰ دا سەبارەت بە راپەڕینی چیای ئاگری لە نیۆیۆرك تایمزدا دەنووسێت و باس لە زوڵم و ستەمی تورکەکان دەکات. ئەم کابرایە لە ۱۹۰۲ دەچێتە ئەمەریکا و لەوێ قانون دەخوێنێ و وەکو چالاکی بواری رای گشتی کار دەکات بۆ راکێشانی ئەمەریکاییەکان سەبارەت بە پرسی ئەرمەن. ئەم کابرایە لە ئەورووپا سورەیا بەدرخان دەناسێت و پێکەوە بەرەو ئەمەریکا دەڕۆن بۆ ئەوەی یارمەتی کۆبکەنەوە بۆ راپەڕینی چیای ئاگری.

لە چیای ئاگری بەرپرسیاریی پەیوەندییەکانی خۆیبوون و تاشناك کەسێك بووە بە ناوی ئەردەشێر مرادیان. ئەم کەسە بۆخۆی خەڵکی گوندێکی لای خنسە و نوێنەری تاشناك بووە لە شاخی ئاگری و لە نێو کوردەکاندا بە ئەمیری زیلان ناوبانگی دەرکردبوو. لە ساڵی ۱۹۲۹ ناوبراو سنوورەکانی ئەرمینیای سۆڤیەت دەبڕێت بە مەبەستی ئەوەی سەردانی کەسوکارەکەی بکات، بەڵام دوای ئەوە بێ سەروشوێن بووە. خۆیبوون چەندی هەوڵیدا هەواڵی بزانێت، سەرنەکەوت. ئیحسان نوری پاشا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ ئەم رۆڵە شۆڕشگێڕە لە تفلیسەوە دوور دەخرێتەوە بۆ سیبریاو لەگەڵ

کۆمەڵێك کورددا رووبەڕووی چارەنووسێکی هاوبەش دەکرێنەوە[٢٨٣]. خۆیبوون لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٢ دا بە گوێرەی سیاسەتی وڵاتانی رۆژئاوا بەڕێوە دەچوو، ئەمەش لە رێگەی هاوکاریی چڕی لەگەڵ تاشناك دەهاتە ئاراوە کە بە گرووپێکی دژی سۆڤیەت ناسرابوو. تاشناکییەکان لەو سەردەمەدا هەڵمەتێکی پروپاگەندەیی خەستیان لە دژی سۆڤیەت بەڕێوەدەبرد. ئەم هەماهەنگییەی نێوان کوردو ئەرمەن رووسەکانی لە کوردەکان دڕدۆنگ کردبوو. لە رۆژنامەگەری سۆڤیەتدا بە ئاشکرا باس لەم هاوکارییە دەکراو کوردیان بە دوژمن لە قەڵەم دەدا.

ئا. ئاکابۆڤ لە کتێبەکەی کە لە ساڵی ١٩٣١ دا دەریکرد بە ناوی "کێشەی کوردو تاشناك" باسی ئەوە دەکات ئیمپریالیزم دەیەوێ لە رێگەی دروستکردنی کوردستانی سەربەخۆوە پێ بنێتە ناوچەی قەفقازەوە و داگیری بکات. ئامرازی ئەم پیلانەش تاشناکە. ناوبراو پێشنیار دەکات کە کاربەدەستان گوشار بخەنە سەر کوردەکان و لێکیان دابڕن. هەروەها باسکردنی کێشەی کورد لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالدا بە فاشیزمی سۆسیالیستی ناوزەد دەکات.

لەناو خودی کوردیشدا کەسانێك هەبوون کە لە سۆڤیەت پێیان وابوو خۆیبوون و تاشناك ئامێری دەستی ئەمپریالیزمن. بۆ نموونە نووسەری کوردی ئەرمینیا "عەرەب شامیلۆڤ" لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی "کورد و تاشناك و ئەرمەن" چاپی کردووە دەڵێ "تاشناك و ئینگلیز بۆ مەرامەکانیان کوردیان بەکارهێناوە"[٢٨٤]. نووسەرێکی دیکە بە ناوی "کورد ئوغلو" لەو وتارەی کە بە ناوی "کورد و ئیمپریالیزم" چاپی کردووە ئاماژە بەوە دەکات کە کورد بە دەستی ئیمپریالیزم بۆتە قوربانی. لە زۆربەی ئەم لێکۆڵینەوانەدا هەوڵ دراوە کە شەڕی چیای ئاگری بەپیلانی هاوبەشی "کورد-تاشناك-ئینگلیز" بزانرێ لە دژی تورکیا. بێگومان ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە تاوەکو ساڵانێکی دورو درێژ کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناوبانگی کورد لای سۆڤیەتییەکان. تورکەکان لە ساڵی ١٩٣١ دا"کتێبی سەوز"یان چاپکرد و تێیدا خۆیبوونیان بە دەستکردی تاشناك

[٢٨٣] ئالاکوم، روهات، خويبون و ثورة آگری، کاوه للثقافة الكردية، اربيل ٢٠٠٠، ص ٨١.

[٢٨٤] هەمان سەرچاوە ل٨١.

له قەڵەم دابوو. ئەم جۆرە تێڕوانینە کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی سۆڤیەت هەبوو، بۆیە لە دەستپێکردنی راپەڕینەوە هەتاوەکو کۆتاییەکەی دژایەتیی کوردیان کرد[٢٨٥].

بە تێکشکانی راپەڕینی چیای ئاگری و دواتریش راپەڕینی سەید رەزای دەرسیم، ناهومێدی باڵی بەسەر خۆیبووندا کێشا. لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا هیوایەکیان هەبوو بەشکو بتوانن کەڵك لە هاوسەنگییە تازەکان وەربگرن، بەڵام ئەو ناوچانەی خۆیبوونی لێبوو، گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی نەیگرتنەوە. بەم جۆرە خۆیبوون کاریگەریی لەسەر رووداوەکان نەما. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و سەرکوت کرانی راپەڕینی دەرسیم، ئیتر بێدەنگی کوردستانی باکووری گرتەوە. لەم سەروبەندەدا بزاڤی رزگاری کورد لە پارچەکانی دیکە بە تایبەت لە رۆژهەڵات و باشوور گەشەی کرد.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٩٤١ ەوە بزووتنەوەیەکی نوێ سەری هەڵدا. لە ساڵی ١٩٤٥ دا حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا و ساڵی دواتر کۆماری کوردستانی راگەیاند. رێبەرایەتی خۆیبوون هەوڵیدا لەگەڵ ئەم کۆمارە پەیوەندیی دروست بکات. خۆیبوون نوێنەری خۆی رەوانەی کوردستان کرد. لەو سەردەمەدا د. ئەحمەد نافز کاریگەریی لەسەر خۆیبوون هەبوو. بۆیە شاندێکی خۆیبوون بەسەرپەرشتی قەدری جەمیل پاشا دەچنە مەهابادو لەوێ چاویان بەسەرکۆماری کوردستان "پێشەوا قازی محەمەد" دەکەوێت. لەم دیدارەدا خۆیبوون لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان پەیمانێکی هاوکاریی مۆر دەکات. بەم جۆرە خۆیبوون هەوڵدەدات سیاسەتەکانی بگۆڕێت، واتە لە لایەنگری رۆژئاوا (بە تایبەت فرەنسا) بە لای لایەنگری سۆڤیەتدا دەڕوات. ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتی خۆیبووندا کار دەکاتە سەر پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن.

لەو دەمەدا ئەرمەنەکانی ئەرمینیای سۆڤیەت لە پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیادا رێکخرابوون. پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا یەکێك لە ئالقە و زنجیرەکانی سەر بەپارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو. پارتە کۆمۆنیستەکانی کۆمارەکانی سۆڤێتی پێشوو سەر بە"کۆمینترن" بوون. کۆمینترن جۆرێك لە ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی سەر بە مۆسکۆ بوو. کۆمینترن خۆی بەئالترناتیڤی ئەنتەرناسیۆناڵی سۆسیالیست دەزانی و

---

[٢٨٥] ئالاکوم، روهات، خويبون و ثورة آگرى، كاوه للثقافة الكردية، اربيل ٢٠٠٠، ص ٨٤.

ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی بە دەستکردی ئیمپریالیزم دەزانی. پارتی تاشناك ئەندامی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بوو. لەبەرئەمە دوای ئەوەی لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەلشەڤییەکان کۆماری ئەرمینیایان خستەسەر فیدراسیۆنی قەفقاز و دواتریش خستیانە سەر کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، هەر ئەو دەمە خەباتی سیاسیی تاشناك لە کۆماری ئەرمینیا قەدەغەکرا.

دوای گرتن و راوەدونانی ئەندامانی تاشناك ، پاشماوەکانی لە ئەمەریکا، ئەوروپا، سوریا و لوبنان خۆیان کۆکردەوە و بە پشتیوانی رێژەیی ولاّتانی رۆژئاوا خەباتی خۆیان لە دژی کۆماری تورکیا چڕ کردەوە. لە هەمانکاتدا دژایەتیی سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیاشیان دەکرد.

کاتێك خۆیبوون شاندی خۆی ناردە کۆماری کوردستان کە ئەودەم بە پشتیوانی یەکێتیی سۆڤیەت دامەزرابوو. تاشناك بە نیگەرانییەوە سەیری ئەم گۆڕانەی دەکرد. دوای ئەمە تاشناك یەکسەر بابەتەکەی تاوتوێکرد و بۆ بەدواداچوونی، شاندێکی ناردە لای سەرکردەکانی خۆیبوون. ئەم شاندە لە نوێنەری ئەرمەن لە سوریاو لوبنان "هراچ پاپازیان" و نوێنەری ناوەندی تاشناك "رۆبین پاشا" پێکهاتبوو. قەدری جەمیل پاشا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ "ئەم شاندە بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکان هاتنە هەرێمەکە. لە کاتی دانوستانەکاندا ئەم دووانە رایانگەیاند کە نزیکبوونەوەی کورد لە یەکێتیی سۆڤیەت زیان بە بەرژەوەندییەکانی کورد دەگەیەنێت. پرسە گرنگەکان لە لایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە یەکلایی دەکرێنەوە. ئەگەر کورد بە لای سۆڤیەتدا برۆن، ئەوا ئەمەریکا چاوپۆشی دەکات لە کوشتاری کوردەکان لە لایەن تورکەکانەوە" [٢٨٦]. قەدری جەمیل پاشا دەڵێ "لە وەلاّمی ئەم شاندەدا گوتمان ئیمپریالیزم هەوڵی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات، لە کاتێکدا یەکێتیی سۆڤیەت یارمەتی داوین بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە بەشێکی گەورەی کوردستاندا. جا ئەگەر ئەم بارودۆخە نەنرخێنین و بایەخی پێ نەدەین ئەوا

---

[٢٨٦] محمد ملا احمد، جمعية خويبون و العلاقات الكردية-الارمنية، كاوه للنشر والتوزيع، اربيل ٢٠٠٠، ص٨٩.

ئەودەم دەبینە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان"[٢٨٧]. بەم جۆرە لەقۆناغی دووەمـدا پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن لەوپەڕی توندوتۆڵیەوە بەرەو پچڕان رۆیشت.

پەیوەندییەکانی کـورد و ئەرمـەن لـە قۆنـاغی کۆمـاری تورکیـادا لـە سـاڵی ١٩٢٧وە دەسـتی پێکـرد و هـەتاوەکو ١٩٤٦ ی خایانـد. ئـەم پەیوەندییـە لـە سـالأنی ١٩٢٧-١٩٣١ لەوپەڕی بەهێزی خۆیدا بوو. دوای تێکشکانی راپەڕینی چیای ئـاگری رووی لـە کزی کرد. سەرەنجام لە کاتی کۆماری کوردستاندا و لەبەر پەیوەندییـەکانی خۆیبـوون و حزبی دیموکراتی کوردستان لـە سـاڵی ١٩٤٦ دا ئـەم پەیوەندییانـە بـە یـەکجاری لێـك پچڕان. بە گشتی پەیوەندییەکانی کورد — ئەرمەن لەم قۆناغـەدا سـەرەڕای ئـەوەی لـە سالأنی کۆتایی خۆیدا بەرەو پـچڕان رۆیـشت، پەیوەنـدیی رەسمـی و پرۆتۆکـۆڵی بـوون و دەکرێت بە پەیوەندیی و هاوپەیمانی ستراتیژیی نێوان دوو میللەت لە قەڵەمبدرێت.

[٢٨٧] محمد ملا احمد، جمعیة خویبون و العلاقات الكردیة-الارمنیة، کاوه للنشر والتوزیع، اربیل ٢٠٠٠، ص٨٩.

# قۆناغی سێیەم
## نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم

### وێستگەی پەکەکە-ئاسالا

دوای ئەوەی کۆماری تورکیا شوێن پێی خۆی پتەوکرد، لەسەرکوتکردنی بزاڤی سیاسی کورد و ئەرمەندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. خۆیبوون و تاشناك دوایەمین ئومێدیان راپەڕینی سەید رەزای دەرسیم و دەرەنجامەکانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بوو. خۆیبوون پێشبینی دەکرد بە هاوکاریی سۆڤێت دەولەتێکی کوردی لە ئێران دادەمەزرێت، بەلاّم رووخاندنی کۆماری کوردستان ئەم ئومێدەشی بڕی. لەمەودوا لەو جیۆگرافیایەی کە کوردەکان پێی دەلێن "کوردستان" و ئەرمەنەکان بە "ئەرمینیای رۆژئاوا"ی دەزانن و تورکەکان بە "باشووری رۆژهەلاّتی ئەنادۆل"ی ناو دەکەن، بۆماوەیەکی درێژ هیچ جموجۆلێکی سیاسی — نەتەوەیی نەهاتە ئاراوە. بێ دەنگی و وەستان و کشانەوە باڵی بەسەر ئەو جیۆگرافیایەدا کێشا. نزیکەی سی ساڵی رەبەق ئەم مت بوونە درێژەی کێشا و لە چلەکانەوە هەتاوەکو سەرەتای هەفتاکانی خایاند. ئەمەش دەرەنجامی هەلمەتی داپلۆساندنی تورکیای کۆماری بوو[٢٨٨].

لە هەفتاکانی سەدەی رابردوودا بزاڤی سیاسی کورد و ئەرمەن ژیانەوەی بەخۆوە بینی. نەوەیەکی نوێ هاتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە کە دوای نەوەی شکست دەکرێ بە نەوەی ژیانەوە ناوی بکەین. بە تایبەتی لە هەفتاکاندا گوتاری چەپی نوێ و شۆڕشگێڕ کاریگەریی لەسەر هەردوو بزاڤە سیاسییە نوێیەکە هەبوو. بزاڤی چەپی شۆڕشگێڕی کورد و ئەرمەن لە تەنیشت ئەوەی خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکەری تورك ئامادە دەکرد، لە رووی کۆمەلاّیەتیشەوە بڕوایان بە خەباتی چینایەتی هەبوو. هەروەها خۆیان بە ئالتّرناتیڤی باڵی راستی بزاڤی کورد و ئەرمەن دەزانی. شکستی سیاسەتەکانی

---

[٢٨٨] محمد ملا احمد، جمعية خويبون و العلاقات الكردية-الارمنية، كاوه للنشر والتوزيع، اربيل ٢٠٠٠، ص٨٩.

"تاشناك" و نسكۆی ١٩٧٥ لە كوردستان مادەیەكی باشی بە دەستەوە دەدا بۆ خۆپێناسەكردنەوەی ئەم رەوتە نوێیانە. بە گشتی سەرەتای هەفتاكان سەردەمی هەڵدانی چەپی نویٰ و بزاڤی رزگاری — دیموكراتی بوو لە جیهان. رەوتی نوێی هەردوو میللەت پشتی بەم گوتارە دەبەست...

## o ئاسالاٰ

لە هەفتاكاندا كۆمەڵێك گرووپی بچووك سەریان هەڵدا. لە ساڵی ١٩٧٣ دا گورگێن یانیكیان چەند دیپلۆماتێكی توركی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا رەشەكوژ كرد. ناوبراو پەیوەندیی بە زۆربەی گرووپە سیاسییەكانی ئەرمەنەوە كرد، بەلاٰم هیچیان یارمەتییان نەدا. دواتر دەستگیر كراو بە شێوەیەكی ناحەز دادگایی كرا. لەبەر خۆشەویستی ئەم ناوە و لە ساڵی ١٩٧٣وە لە لایەن چەند گەنجێكی چەپڕەوەوە "گرووپی گورگێن یانیكیان" دامەزرا. ئەم گرووپە گرووپێكی چەكداری نهێنی ئەرمەن بوو. دوای ٢ ساڵ لە تەمەنی ئەم گرووپە، سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٥ دا دوای ئامادەكارییەكی زۆر ناوەكەی گۆڕا بە "سوپای نهێنیی ئەرمەن"[(٢٨٩)].

دوای چوار مانگ لە كاری راگەیاندن، لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٧٥ دا ناوەكەی بوو بە "سوپای نهێنی ئەرمەن بۆ رزگاری ئەرمینیا — ئاسالاٰ". بەم جۆرە لە رووی سیاسی و رێكخستنەوە وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینی و بە وزەیەكی سەیرەوە هاتە گۆڕەپانی هاوكێشەكانەوە.

ئاسالاٰ بە تەقاندنەوەی "ئەنجومەنی كلێسا جیهانییەكان" لە بەیروت، خۆی راگەیاند. دواتر رایگەیاند كە توركیا بە دوژمنی سەرەكی و داگیركەری ئەرمینیای رۆژئاوا دەزانیٰ و لە دژی ئەم داگیركەرە خەبات دەكات. هەروەها دژایەتیی خۆی لە بەرامبەر ئەمپریالیزمی ئەمەریكا و درێژكراوە ئەرمەنییەكەی "تاشناك" دەربڕی. ئاسالاٰ رایگەیاند ئەنجومەنی كلێسا جیهانییەكان دەستكردی CIA یەو دەیەویٰ ئەرمەن لە خاكی خۆیان هەڵكەنیٰ و لە ئەمەریكا نیشتەجێیان بكات، بۆیە بنكەكەی تەقاندنەوە. دواتر نووسینگەی هێڵە ئاسمانییەكانی توركیا و نووسینگەی گەشتیاریی توركی

(٢٨٩) یوسف ابراهیم الجهماني، تركيا و الارمن، دمشق، دار حوران ٢٠٠٠، ص١٠٧.

لەبەیروت تەقاندنەوە. پاشتر فرۆکەخانەی ئەنقەرەو ئەستەنبوڵی تەقاندنەوە و لە گەڵێك شوێنی جیهان پەلاماری بنکە دیپلۆماسییەکانی تورکیای دا.

هاکوپ هاکوپیان سەرۆکی ئاسالاً بوو. ئەم کەسە بە پێی بیرەوەرییەکانی لە بنەماڵەیەکی هەژاری ئەرمەندا گەورە بووبوو. باوکی کوشتاری ۱۹۱۵ی دیبوو ۸۳ کەس لە ئەندامانی خانەوادەکەی بە دەستی تورکان کوژرابوون. باوکی هەمیشە پێی گوتبوو "خاك و نیشتمانی خۆت لە بیرمەکە". ئەم باوکە لە لایەن کوردەکانەوە رزگارکرابوو لای ئاشەوانێکی کورد و لەناوکاری ئاشەوانیدا گەورە بووبوو[٢٩٠]. هاکوپ هاکوپیان کە لە ژینگەیەکی وادا گەورە دەبیّ، هەوڵدەدات هێزێکی وا پێکەوەبنیّ بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەو رەوشە بکاتەوە و داگیرکەریی تورك لە ئەرمینیای رۆژئاوا دەربکات.

لە رووی پەیکەرەی رێکخستنەوە ئاسالاً پێکهاتەیەکی پێچکەو سەیری هەبووە. لە سەرووی هەموو دەزگاکانیەوە "سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرمەن-ڤان" هەبووە. ئەم سەرۆکایەتییە رۆڵی کۆنگرەی گێڕاوە. مەکتەبی سیاسی سوپای ئاسالاًش لە چوارچێوەی "سەرۆکایەتیی گشتی ئەرمەن"دا کاری کردووە. مەکتەبی سیاسی سوپا لە لایەن لێژنەکانی ناوچەکەوە هەڵدەبژێردرێت و بەرپرسیاری هەموو بڕیارو کردارەکانی سوپایە. ریزبەندی لەسەرەوە بۆ خوارەوەی سوپا ئاوایە:

*سەرۆکایەتیی گشتی ئەرمینیا –ڤان- (کۆنگرە)، هێڵە گشتییەکان دیاری دەکات لە نێوان دوو کۆبوونەوەی گشتیدا.

*مەکتەبی سیاسی سوپا، هێڵە سەربازییەکان دیاریدەکات و بە پێی بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی گشتی هەڵدەسوورێت.

*کۆمیتەی ناوەندی بۆ رێبەرایەتیی کاری ناوەندی.

*کۆمیتەی هەرێمەکان بە شێوەی نامەرکەزی کاردەکەن.

شێوازی خەباتی خانەکانی سوپا نهێنی دەبێت و بە پێی پێویستی هەرێمەکان هەڵدەسوورێن. خەباتی رێکخستن لە سەربازی جیادەکرێتەوە. سوپا لە هەڵسوڕانی خۆیدا بایەخ بە پروپاگەندە و ورووژاندن دەدات. بنکەی سەرەکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی سوپا جەماوەری ئەرمەنییەو بە قەلاًی سەرەکیی چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە

[٢٩٠] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دمشق، دار حوران ٢٠٠٠، ص ١٠٨.

قەڵەمدەدرێت. هەروەها لە رووی پەیکەرەی رێکخستنەوە پشت بە دیموکراتی ناوەندی دەبەستێت. ئەم دیموکراسییەش بریتی نییە لە هەڵبژاردن، بەڵکو بریتییە لە کاری هاوبەش و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی. چەمکی لیبرالیزم بە دوژمنی دیسیپلینی رێکخستن دەزانرێت و بەیەکجارەکی رەتدەکرێتەوە. ئەندامی سوپا دەبێ دیسیپلینی پۆڵاینی هەبێ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرەوەی خۆی بێت. بە پێی چەمکەکانی ئاسالا سیفەتی خەباتگێڕێ شۆڕشگێڕ بریتییە لە:

١-پابەندبوونی رەها بەکێشەکەو جەماوەری خەباتگێڕ و رێکخراوە شۆڕشگێڕەکەی.

٢-خۆشویستنی گەل و خاوەن بوونی ناوبانگی باش.

٣-دەبێ کۆمەڵایەتیی (کۆمەڵدۆست) بێت.

٤-پابەندی بڕیارەکان بێت و دوور بێت لە چەمکی "لیبرالی و ئانارشی".

٥-پشت بە روانگەو کردەوەی رەهاوە ببەستێ.

٦-رق و قینی بەرامبەر بە دوژمن و هاوپەیمانە ئیمپریالییەکانی لە خۆیدا کۆبکاتەوە[٢٩١].

بنکەی سەرەکی راهێنانی سەربازی ئاسالا لە لوبنان بوو. جەنگی ناوخۆیی لوبنان و ناجێگیری ئەم وڵاتە کەشێکی باشی بۆ خەباتی ئاسالا خوڵقاندبوو. ئارمانجی ئاسالا رزگارکردنی ئەرمینیای داگیرکراو بوو. بۆ ئەمەش دەبوو بەرامبەر بە تورکی داگیرکەر خەبات بکات، لەم ڕووەوە ئەم ئامانجانەی دیاری کردبوو:

-دروستکردنی جەنجاڵی راگەیاندن لەناو جەماوەری تورکیادا.

-دروستکردنی جەنجاڵی راگەیاندن لەناو بەرپرسیارانی تورکیادا.

-پشتگیری کردن لەو هێڵەی کە هەوڵدەدات کێشەی ئەرمەن بناسێنێ.

لە رووی کرداری سەربازیشەوە پشتی بە "زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەی رێکوپێك" دەبەست. بۆیە بە پێناسەی رۆژئاوایی بۆتیرۆر قایل نەدەبوو. بەر لە هەمووان خودی ئیمپریالییەکان و داگیرکەریی تورکی بە تیرۆریست دەزانی. ناوەندی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئاسالا تورکیا بوو و دواتر گۆرەپانەکانی دیکە دەهاتن. لە رادەبەدەر ئاسالا پشتی بە زەبری شۆڕشگێڕانە دەبەست و بڕوای تەواوی بە شەڕی درێژخایەنی

---

[٢٩١] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دمشق، دار حوران ٢٠٠٠، ص ١١٣.

گەل هەبوو. لە چالاکییەکاندا قورسایی دەخستە سەر ناوەندە گرنگەکان. لە رووی پەیوەندییە سیاسییەکانەوە ئاسالا لەگەڵ گرووپە فەلەستینییەکاندا پەیوەندیی هەبوو، بە تایبەت لەگەڵ دەزگای هەواڵگری رێکخراوی رزگاری فەلەستین پەیوەندیی هەبووە. دواتر ئەم پەیوەندییانە لاوازبوون. پاشان پەیوەندییەکانی لەگەڵ رێکخراوی رزگاری فەلەستین – باڵی ئەبو نضال درێژە پێ دا. هەروەها هێزە رزگاریخوازەکانی گەلانی بندەستی بە هاوپەیمانی سروشتی خۆی دەزانی. ئاسالا گرووپەکانی چەپی نوێی بەهاوپەیمانی خۆی دەزانی و رەخنەی لە گرووپە چەپە رەسمییەکان دەگرت. بە تایبەت رەخنەی لە گرووپی "هنچاك"ی ئەرمەن کە نوێنەری ئەم هێڵە بوو دەگرت، [٢٩٢].

لە نامیلکە رەسمییەکانی ئاسالا و ئۆرگانی رەسمی خۆیدا واتە "ئەرمینیا" بایەخێکی تایبەتی دراوە بەپرسی کورد و گەلی کورد بەهاوچارەنووسی گەلی ئەرمەن لە قەڵەمدراوە. هەروەها لە نامیلکەیەکدا کە بە ناوی "سوپا چی بەدەستهێناوە؟" ئەمانەی خوارەوە ریز دەکات:-

١-تورکمان ناچار کرد دان بە شۆڕشی ئەرمەندا بنێ.

٢-لە رووی جیهانییەوە دان بەشۆرشەکەماندا نرا.

٣-لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکان و گەلانی هاوچارەنووس بە تایبەت گەلی کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکانیدا بووینە هاوپەیمان.

٤-دۆست و دوژمنی گەلی ئەرمەنمان لێك جیاکردەوە.

٥-خەباتی چینایەتیمان هێنایە ناو کۆمەڵگەی ئەرمەن... و هتد[٢٩٣].

بەوجۆرە دەردەکەوێت کە گەلی کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکەی لای ئاسالا نرخی تایبەتییان هەبووە. هەرئەمەش وای کرد کە ئاسالا لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا پەرەپێبدات.

---

[٢٩٢] یوسف ابراهیم الجهماني، ترکیا و الارمن، دمشق، دار حوران ٢٠٠٠، ص ١١٩.

[٢٩٣] هەمان سەرچاوە ل١١٩.

o **پەکەکە**

لە کۆتایی شەستەکاندا بزاڤی خوێندکاریی کورد لە تورکیا کە هەڵگری گوتاری چەپی نوێ بوو، تەشەنەی کرد. ئەم بزاڤە لەژێر کاریگەریی چەپی شۆڕشگێڕی تورکدا هاتە ئاراوە. بە تایبەت نەوەی دوای شکست سەری هەڵدابوو. ئەوەبوو کە تورکەکان هەوڵیاندا بە پێی سیاسەتەکانی خۆیان باریان بهێنن. لە زانکۆکانی تورکیا بزاڤی گەنج-خوێندکاری کورد گەشەی دەکرد. پاش ماوەیەك خۆی ڕێکخست و بە ناوی "شۆڕشگێڕانی کوردستان"ەوە هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە. سەرەنجام لە ٢٧-١١-١٩٧٨ دا لە دیاربەکر دوای کۆبوونەوەیەکی نهێنی کە بەکۆنگرەی یەکەم ناسراوە وەکو پارتێکی سیاسی خۆی ڕێکخست. بەم جۆرە پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە سەریهەڵدا. ئەم پارتە سەر بە ڕەوتی چەپی نوێ بوو کە بە هێڵی دووەم ناسراون. پارتێکی مارکسی-لینینی کردەگەرا بوو و بڕوای بە خەباتی چینایەتی و دژە ئیمپریالیستی هەبوو. پەکەکە لە رووی ستراتیژییەوە بۆ پێکەوەنانی "کوردستانێکی یەکگرتوو و یەکسان" خەباتی دەکرد. ئەم کوردستانە سەربەخۆیەش لە قۆناغی یەکەمدا کوردستانی باکووری دەگرتەوە کە لە لایەن تورکیاوە داگیرکرابوو.

پەکەکە بۆ بەدیهێنانی ستراتیژییە باسکراوەکەی بڕوای بە بەکارهێنانی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە هەبوو کە خۆی لە شەڕی درێژخایەنی گەلدا دەبینییەوە. هەروەها بۆ دەست پێکردن بەم شەڕە، سەرەتا لە دژی دەرەبەگایەتی بە کرێگیراوی کورد لە باکووری کوردستان دەستی دایە چەك. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ دا شەڕی حیلوان-سێورەکی لە دژی ئاغەواتی کوردی سەر بە حکومەت ڕێکخست. لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی تر کە بە هێڵی وردە بۆرژوا- نەتەوەپەرستی لە قەڵەم دەدان دەستی بۆ چەك برد. هەروەها رووبەڕووی گرووپە شۆڤێنییەکانی تورکیش بۆوە[٢٩٤].

پەیکەرەی ڕێکخستنی پەکەکە لینینی بوو. هەروەها پشتی بە دیموکراسی ناوەندی دەبەست و لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ دەبۆوە. لە سەرەوەی دەزگاکانی پارتیدا سەرۆك هەبوو کە دواتر وەك دەزگایەك پێناسەکرا. دوای دەزگای سەرۆکایەتیی، مەکتەبی

---

[٢٩٤] جەمیل بایق، مێژوی پارتی کرێکارانی کوردستان، چاپی ئاکادیمیای مەعسوم قۆرقماز، شام، ١٩٩٧-١٩٩٨.

سیاسی دەهات کە لە ساڵانی دواتردا بوو بە"کۆنسەی سەرۆکایەتیی". دوای کۆنسەی سەرۆکایەتیی، کۆمیتەی ناوەندی دەهات کە لە ساڵانی دواتردا گۆڕا بە "ئەنجومەنی پارتی". پەکەکە لە رووی سەربازییەوە سەرەتا "هێزی رزگاری کوردستان –HRK" ی دامەزراند. لە کۆنگرەی سێیەمدا ناوی ئەم هێزەی گۆڕی بە "ئارتەشی رزگاری گەلی کوردستان–ARGK". هەروەها لە رووی خەباتی جەماوەرییەوە "بەرەی رزگاری نەتەوەیی کوردستان–ERNK" ی دامەزراند کە ئەم یەکێتییانەی خوارەوەی لە خۆ دەگرت:

-یەکێتیی رۆشنبیرانی ولاتپارێزی کوردستان YRWK.

-یەکێتیی ژنانی ولاتپارێزی کوردستان YJWK.

-یەکێتیی ئیزدییە ولاتپارێزەکانی کوردستان.

-یەکێتیی عەلەوییەکانی کوردستان.

پاشان پارلەمانی کوردستانی لە دەرەوەی ولات بنیاتنا کە دواتر ئەمەی گۆڕی بۆ "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK". بە گشتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ ەوە ئەم سیستەمەی پەکەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەلام لۆژیکی رێکخستن و چەمکەکانی خەبات هەر ئەوانەن کە پێشتر هەیبوون. پەکەکە وەك پێشتر گوتمان سەر بە چەپی نوێ و هێلی دووەمی چەپە. خەباتی رزگاریی دیموکراتی بە پێی گوتاری چەپ رێکدەخات. هەروەها گەلانی ژێر چەپۆکە بە هاوپەیمانیی خۆی دەزانێ. لەبەرئەمەش هەر لە سەرەتاکانەوە هەوڵیدا خۆی لە گرووپە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی چەوساوە نزیك بکاتەوە. لە فەلەستینییەکان نزیکبۆوە. پەیوەندیی لەگەڵ رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی لوبنان پێشخست. هەر لەم سەروبەندەدا لە بەڵگەنامەکانی خۆیدا ئاماژەی بە جینۆسایدی گەلی ئەرمەن کرد و ئەم تاوانەی پرۆتێست کرد. هاوکات لە لوبنان خۆی لە گرووپە چەپو شۆڕشگێڕەکانی ئەرمەن نزیك کردەوە. پەکەکە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە بۆ رزگارکردنی کوردستان پێویستی بە هاوخەباتی گەلی ئەرمەن هەیە. بۆیە هەوڵی دا لەگەڵ گرووپە هاوشێوەکانی خۆی لەناو گەلی ئەرمەندا هاوپەیمانی بهێنێتە ئاراوە[٢٩٥].

---

[٢٩٥] جەمیل بایق، مێژوی پارتی کرێکارانی کوردستان، چاپی ئاکادیمیای مەعسوم قۆرقماز، شام، ١٩٩٧-١٩٩٨.

### o پەیوەندییەکانی پەکەکە-ئاسالا

لە ساڵی ١٩٨٠ەوە پەکەکە بارەگای ناوەندی خۆی گواستەوە بۆ لوبنان. بە هاوکاریی گرووپە فەلەستینییەکان لە بیقاع جێگیر بوو. لەم سەروبەندەدا لە ڕێگەی فەلەستینییەکانەوە پەیوەندییەکانی خۆی پەرەپێدا. لە ١٩٨٠ دا بارودۆخ لە تورکیا گۆڕانی بەسەردا هات. پاش ماوەیەك کودەتای ١١ی ئەیلولی ١٩٨٠ هاتە ئاراوە. گرووپە کوردییەکان و چەپەکانی تورکیا لە باکووری کوردستان و تورکیا هاتنە دەرەوە. بەشێکیان لە لوبنان جێگیربوون. لەناو تێکرای گرووپە کوردی و چەپەکانی تورکیا تەنها پەکەکە توانی لە لوبنان سەقامبگرێت.

لەم کاتەدا دەزگای هەواڵگری سەر بە ڕێکخراوی فەتح پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکەکە و ئاسالا پێشدەخات. لە بەهاری ١٩٨٠ دا لە بەیروت، ئەبولهۆل سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ڕێکخراوی فەتح دیدارێك ڕێکدەخات کە تێیدا دوو لایەنی گرنگ یەکتر دەبینن و یەکتر دەناسن. ئەم دیدارە بە شێوەیەك دووبارەبوونەوەی مێژوو بوو. وەك ئەو پەیوەندییەی کە لە ساڵی ١٩٢٧ لە بەیروت لە نێوان خۆیبوون و تاشناك دا هاتە ئاراوە. لەبەهاری ١٩٨٠ دا بەهۆی ئەبولهۆل سەرۆکی دەزگای هەواڵگری فەلەستینەوە، عەبدوڵلا ئۆجەلان سکرتێری گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان بە یاوەری خەلیل ئاتاج ئەندامی بالای پەکەکە، چاویان بە هاکوپ هاکوپیانی سەرۆکی ئاسالا دەکەوێت. لەو دیدارەدا دوای ئەوەی یەکتر دەناسن بڕیاردەدەن، پەیوەندییەکانیان پێش بخەن. عەبدوڵلا ئۆجەلان دواتر لەگەڵ هاکوپ هاکوپیان دادەنیشێ و جۆری پەیوەندییەکانی دوولایەن پێناسە دەکات. پاشان هەردوولا لەسەر هەماهەنگی و هاوخەباتی ڕێکدەکەون[٢٩٦].

خەلیل ئاتاج ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە یەکێك لەشایەتە زیندووەکانی پەیوەندییەکانی پەکەکە-ئاسالایە- لەو بارەیەوە دەڵێ: "ئێمە بڕوامان بەهاوخەباتی هەردوولامان هەبوو، چونکە هەردوولامان یەك دوژمنی هاوبەشمان هەبوو، یەك هاوپەیمانی هاوبەشمان هەبوو و وەکویەکیش چەپی مارکسی-لینینی بووین

---

[٢٩٦] خەلیل ئاتاج، چاوپێکەوتن، بە کاسێت، شوباتی ٢٠٠٧، شاری کۆیە.

و بڕوامان بە توندوتیژیی شۆڕشگێڕیی هەبوو". ناوبراو ئاماژە بەوە دەكات" كە لە بەهاری ١٩٨٠ەوە پەیوەندییەكانی پەكەكە و ئاسالاً پێشكەوتن. دواتر لە چەندین كۆبوونەوەی دووقۆڵی دیكەدا ئەم پەیوەندییانە پەرەیان پێدرا". ئاتاج دەڵێ لە نێوان پەكەكە و ئاسالاًدا ڕێككەوتنێكی نهێنی مۆركراوە، بەڵام تەنها عەبدوڵڵا ئۆجەلان و هاكوپ هاكوپیان بە دوو قۆڵی لەسەری ڕێككەوتوون و ئیمزایان خستۆتە سەری. ناوبراو دەڵێ "دوای ئەو ڕێككەوتنە بە پێی خواستی پەكەكە دەقی ڕێككەوتنەكە بە نهێنی هێڵرایەوە و هیچ بەیاننامەیەكی لەسەر دەرنەكرا، بەڵام پەیوەندییە سیاسییەكان لە سەرەتای هەشتاكاندا لەوپەڕی بەهێزیی خۆیدا بوو"[٢٩٧].

ئاتاج دەڵێ لەبەرئەوەی لەو ساڵانەدا ئاسالاً ناوبانگی دەركردبوو لە توركیا وەكو ڕێكخراوێكی بێزراو تێی دەڕوانرا، ئۆجەلان لە پەیوەندییەكانیدا بەتەدبیرەوە هەنگاوی هەڵدەنا. ناوبراو لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەكانی خۆیدا دەڵێ: "هەرچەند پەیوەندییەكانمان زۆر گەرموگوڕ بوون، بەڵام ئاپۆ بە مەسافە پەیوەندییەكانی ڕێكدەخست. ئاپۆ نەیدەویست بزاڤی رزگاری كوردستان زواوزوو بكرێتە ئارمانج و بەتانەو تەشەری نارەوا ناوی بزڕێنرێت... بۆیە هەوڵی دەدا هەتا دەكرێ ئەو پەیوەندییانە بە نهێنی بمێننەوە و هیچ بەڵگەیەكی گرنگیشی نەدەخستەڕوو".

ناوبراو ئاماژە بەوە دەكات كە پەیوەندییەكانی هەردوولا بە تایبەتی لە ڕووی هاوكاریی تەكنیكییەوە زۆر بەرەو پێشەوە ڕۆیشت. پەكەكە كەڵكی لە دامودەزگاكانی ئاسالاً وەردەگرت و لە ڕووی پاسپۆرت و ئاسانكاری هاتووچۆ و گواستنەوە و تەكنیكەوە یارمەتی لە ئاسالاً وەردەگرت[٢٩٨]. لەو دەمەدا ئاسالاً لە ئێران، سوریا، لوبنان، ئوردون، میسر، ئەوروپا و ئەمەریكادا بە نهێنی ڕێكخستن و پەیوەندیی هەبوو. پێدەچێ تارادەیەك و بە شێوەی نیمچە ڕەسمی فرەنسا ئاسالاًی وەك كارتێك لە دژی توركیا بەكارهێنابێ. بۆیە لەم ڕووەوە پەكەكە كەڵكی لە ئاسانكاری تەكنیكی ئاسالاً وەردەگرت.

---

[٢٩٧] خەلیل ئاتاج، چاوپێكەوتن، بە كاسێت، شوباتی ٢٠٠٧، شاری كۆیە.

[٢٩٨] هەمان سەرچاوە.

وا پێدەچێ هاوکارییەکانی پەکەکە — ئاسالاً لە سنووری لوبنان تێپەڕیبێ و هەتاوەکو باشووری کوردستان (باکووری عێراق) کشابێ. لە ساڵی ١٩٨٢ دا پەکەکە دوای ئەوەی ئامادەکارییەکانی تەواوکرد، یەکەمین تیمە چەکدارەکانی بە هاوکاریی لەشکری کوردستانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان ڕەوانەی بادینان کرد. ئەم تیمانە بەرە-بەرە لە باشووری کوردستان جێگیردەبوون. تیمە چەکدارەکانی هێزی ڕزگاری کوردستان کە "باڵی چەکداری پەکەکە"بوو لە خواکورك و گەلی "شیڤی"ێی بنەو بارخانەیان دانا. پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتادا گەلێك هاوکاریی تیمەکانی پەکەکەی کرد، دواتر تورکیا کە بەم پرسەی زانی دەمودەست لەگەڵ حکومەتی عێراق پەیوەندییەکانی تازەکردەوە و پەیمانێکی ئیمزاکرد بۆ بەزاندنی سنوور و زەبر وەشاندن لە گرووپە چەکدارە نەیارەکانی خۆی. دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ دا سوپای تورکیا باشووری کوردستانی بەزاندو لە ئاسمان و زەمینەوە ناوچەکەی بۆردومان کرد. بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵی ئەو سەردەمە لەم پەلامارەدا ٢٢ میلیتانی ئاسالاً گیانیان لە دەستدا[٢٩٩].

بلاوبوونەوەی ئەم هەواڵە گەلێك ناوەندی سیاسی و هەواڵگری شۆکە کرد، چونکە هەموو لایەك بیریان بۆئەوە دەچوو کە لەم سنوورەدا تەنها جەنگاوەرانی کورد هەبن، کەچی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو کە جەنگاوەرانی ئەرمەنی سەر بەئاسالاً لە باکووری عێراق خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ چالاکی سەربازی. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم چەکدارانە بە هاوکاریی پەکەکە لەو هەرێمەدا جێگیر بوبێتن، چونکە پلانی سەربازی هەردوولا هاوکات بووەو لە ڕووی شوێنیشەوە یەکیانگرتۆتەوە.

دوابەدوای ئەوەی پەکەکە لە ١٩٨٢ەوە خۆی لە کوێستانەکانی نێوان عێراق-تورکیادا جێگیرکرد، ستراتیژییە سەربازییەکەی لە ئاسالاً دەربازبوو. ئاسالاً پشتی بە میتۆدو شێوازی جەنگاوەریی شار دەبەست. جۆری چالاکییەکانیشی بریتی بوون لە تەقاندنەوە، ڕەشەکوژی و کوشتنی سیمبۆلەکان، ڕفاندن و هتد.. لە کاتێکدا لە ١٩٨٢ەوە جەنگاوەرانی پەکەکە ڕوویان لەشاخەکان کردو شێوازی جەنگاوەریی شاخیان گرتەبەر. کوژرانی ٢٢ جەنگاوەری ئاسالاً لە باکووری عێراق (باشووری کوردستان) دەیسەلمێنێ

---

[٢٩٩] يوسف ابراهيم الجهماني، تركيا و الارمن، دار حوران دمشق، ٢٠٠٧، ص١٢٠.

که لەو دەمەدا ئاسالا هەوڵی داوە شانبەشانی جەنگاوەری شارەکان، جەنگاوەری شاخیش ئامادە بکات و شەڕێکی پارتیزانی لە دژی تورکیا دەست پێبکات، بەڵام دوای کوژرانی ئەو یەکەم مەفرەزەیەی چیتر نەیتوانی لەم ڕووەوە ئامادەکاری بکات. لە نیوەی هەشتاکاندا ئاسالا پەیدەرپەی زەبری لێ وەشێنرا. لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا گەلێك میلیتانی دەسگیرکران. رژێمی تورکیا بە شێوەی تیرۆریستی زەربەی زۆری لەئاسالا دا. لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش زیانی زۆری بەرکەوت. دوای کوژرانی هاکوپ هاکوپیان و لە دەستدانی کادرە ناوەندییەکانی، بەرە-بەرە رووەو خامۆشی رۆیشت و ئیتر نەیتوانی خۆی بگرێتەوە.

لە بەرامبەردا پەکەکە هەرچەند زیانی زۆری پێ کەوت، بەڵام لە کوێستانەکانی نێوان عێراق — تورکیادا خۆی گرتەوە و توانی شەڕی چەکداری لە دژی تورکیا هەڵگیرسێنێ. ئەم شەڕەشی هەتا لوتکە برد و کێشەی کوردی گەیاندە لقەپۆپەی خۆی.. بە لاوازبوون و نەمانی ئاسالا پەکەکە لە بەدیلی دیکەی ئەرمەن گەڕا. پەکەکە هەوڵی دەدا پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن گەرموگوڕ رابگرێت، بۆیە ئەم جارە رووی لە تاشناك کرد[٣٠٠].

## ٥ وێستگەی پەکەکە-تاشناك

پارتی تاشناك یەکێك لە کۆنترین و گەورەترین پارتە سیاسییەکانی ئەرمەنە. ئەم پارتە بەباڵی راستڕەو و محافزەکاری ئەرمەن دەناسرێت. پارتی تاشناك لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دامەزرا. لەو کاتەدا بە ناوی "فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕانی ئەرمەن" خۆی راگەیاند. حزبی هنچاك کە سەر بە هێڵی چەپی رەسمییە بەشێك بوو لەم فیدراسیۆنە. دواتر ناکۆکی لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە و حزبی هنچاك (زەنگی ناقوس) لەم فیدراسیۆنە هاتە دەرەوە. چەند کۆمەڵەی دیکەش وازیان لێهێنا. بۆیە پاشتر ناوەکەی بوو بە"فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕی ئەرمەن-تاشناکسوتیون". ئۆرگانی تاشناك سەرەتا "دروشاك" بوو و لە جنیف چاپ دەکرا. لە گرنگترین کارەکانی تاشناك داگیرکردنی بانگی عوسمانی، داگیرکردنی ناوچەی خاناسۆر

---

[٣٠٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ خەلیل ئاتاج، بەکاسێت، شوباتی ٢٠٠٧، کۆیە

(ناوچـەیەکە لـە ئـەرمینیای رۆژئـاوا) هـەوڵی کوشـتنی سـوڵتان عەبدولحەمیـد و دامەزراندنی کۆماری ئەرمینیا (١٩١٨) بوون[٣٠١].

ئەم حزبە هەرچەند لە نەوەدەکان و دوای سەربەخۆیی خەباتی رەسمی خۆی لە ئـەرمینیا دەست پێکردەوە، بەلاّم بۆ ماوەیـەك لـە خـودی ئـەرمینیاش قەدەغـەکرا. تاشـناك لـە ناوخۆ بلاّوکراوەی "بەرگیر" و ئازاتامەرتی دەردەکـرد. لـە دەرەوە و لـەناو دیاسـپۆرای ئەرمەن بە گرووپی هەرە بەهێز دەژمێردرێت. ناوەندی ئەم پارتە بەر لە سەربەخۆیی لـە یۆنـان بـوو. هـەروەها لـە قـوبرس، لوبنـان، سـوریا، ئێـران، ئـەوروپا و ئەمـەریکاش خـەباتێکی چـڕوپڕی هەیـە. لـە نەوەدەکانـدا گـەلێك ئەنـدامی لێ دەسـتگیرکرا. لـەو ماوەیەدا "یەکێتیی دیموکراتیی نەتـەوەیی" دامـەزرا کـە تاشناکسوتیون بەشـێك لـە پێکهاتەکەی بوو. لە ١٩٩٨ەوە دوای شکستی لیۆن ترپەترۆسیان ئەندامـە گیراوەکـانی تاشناك لە زیندانەکان بەردران و سەرلەنوێ خۆیان رێکخستەوە.

لە نەوەدەکاندا پەکەکـە پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ کۆمەڵـەکانی دیاسـپۆرای ئەرمـەن لـە لوبنان و ئەوروپا دەست پێکرا. لەلایەکی دیکەشـەوە پەکەکـە هەوڵیـدا لەگـەڵ گرووپـە سیاسییەکانیشدا پەیوەندیی دروست بکاتەوە. لە سەرەتای نەوەدەکانـدا پەیوەندییـەکان لە ئاستی نزمدا لەگەڵ تاشناکسوتیون لە لوبنـان و لـە ئـەوروپا دەسـتیان پێکـرد. ئـەم پەیوەندییانە درێژەیان پێدرا هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٦. لەو ساڵەدا دیـدارێکی فـراوان لـە نێوان سەرکردەکانی تاشناك و عەبدوڵلا ئۆجەلان و هەنـدێك سـەرکردەی پەکەکـە هاتـە ئاراوە. دیدارەکە لـە ئاسـتێکی بـەرزدا بـوو. تاشـناکییەکان فیلمیـان لـە دانیـشتنەکە هەڵگرت و لای خۆیـان بەڵگەمەنـدیان کـرد. ع. ئۆجـەلان نەیدەویـست ئـەم دانیـشتنە بدرێتە میدیاکان و دەیویست ژێر بە ژێر درێژەی هەبێت[٣٠٢].

بە گشتی دەرەنجامی ٦-٧ ساڵ پەیوەندیی ئاست نزم لـە نێـوان پەکەکـەو تاشـناك ئـەم دیـدارە ئاسـتەبەرزەی لـێ کەوتـەوە. سـەرەنجام دوای زیـاتر لـە چـل سـاڵ دابڕانـی

[٣٠١] ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران-١٣٧٧، ص١٤٨.

[٣٠٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ خەلیل ئاتاج، بەکاسێت، شوباتی ٢٠٠٧، کۆیە.

پەیوەندییەکانی کورد – تاشناك جارێکی دیکە و لە ئاستێکی بەرزو گرنگدا پەیوەندییەکان زیندووکرانەوە.
ساڵی ١٩٩٨ بۆ تەواوکردنی پەیوەندییەکانی کورد – ئەرمەن شاندێکی باڵای پارلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات PKDW بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەم پارلەمانە یاشارکایا لە بەیروت لەگەڵ سەرکردەکانی تاشناك و دیاسپۆرای ئەرمەن لە لوبنان چاویان بە یەکتر کەوت. ئەم دیدارە دیدارێکی رەسمی بوو، بەڵام هیچ پرۆتۆکۆڵ و پەیمانێکی تێدا ئیمزا نەکرا. دواتر دانیشتنە دوولایەنەکان بە ئاهەنگێکی بە جۆش لە نێوان کوردەکان و ئەرمەنەکانی بەیروتدا کۆتایی پێهات. لە راستیدا ئەم دیدارە لە ساڵی ١٩٩٨ دا گەلێك واتای مێژووییشی لەخۆ دەگرت، چونکە لە ساڵی ١٨٩٨ دا و لەسەروبەندی دەرکردنی رۆژنامەی کوردستاندا، عەبدولرەحمان بەدرخان وەك سەرنووسەری کوردستان لەگەڵ سەرنووسەری دروشاك ئۆرگانی تاشناکدا هاوکاریی دەستپێکرد. بەم جۆرە لە ١٨٩٨ ەوە تا ١٩٩٨ رێك سەد ساڵ بەسەر دەستپێکردنی پەیوەندییە رەسمییەکانی کورد و ئەرمەندا تێدەپەڕی[٣٠٣].
لە ساڵی ١٩٩٩ەوە و دوای رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، پەیوەندییەکانی پەکەکە-تاشناك بڕانی تێکەوت. ئەو ئاڵۆزییەی بە شێوەیەکی کاتی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی پەکەکەدا هاتبووە ئاراوە، کاری کردە سەر ئەم پەیوەندییانە. دوای ئەوەی پەکەکە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ستراتیژی و تاکتیکەکانی خۆی گۆڕی و چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە چوارچێوەی دەوڵەتی یۆنیتەری تورکیادا پەسەندکرد و وازی لە ستراتیژی "کوردستانێکی سەربەخۆ" هێنا، ئەرمەنەکان و بە تایبەت تاشناك بە نیگەرانییەوە سەیری ئەم گۆرانکارییەیان کرد. تاشناکییەکان ئەم گۆڕانکارییەیان دایە بەر رەخنە. یەکێك لە رووناکبیرانی ئەرمەن ئەم گۆرانکارییەی دەشوبهاندە ئەو گۆڕانکارییەی کە خۆیبوون لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە سیاسەتی خۆیدا هێنایە ئاراوە. لەو سەردەمەدا خۆیبوون هەولێدا خۆی لە سۆڤیەت نزیك بکاتەوە،

---

[٣٠٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ یاشارکایا، سەرۆکی پێشوی پارلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات PKDW، بەکاسێت هەولێر، شوباتی ٢٠٠٨.

هەروەها ناوی خۆی گۆڕی بە "پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا" و وازی لە کوردستانی باکوور هێنا و خۆی وەکو پارتی کوردەکانی سوریا پێناسەکرد.
نووسەری ئەم بەرهەمە لە ساڵی ٢٠٠١ەوە بە پێی ئەو ئەرکەی کە لە کۆنفرانسی شەشەمی پەکەکە لە قەندیل وەری گرتبوو، لەگەڵ کۆمەڵێك کادر رۆیشتە لوبنان. لە لوبنان وەکو بەرپرسیاری رێکخستن و نوێنەری پەکەکە هەوڵی رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی پێشوومدا. دوای ئەوەی کۆنفرانسی کادرەکانی لوبنانمان بەڕێوەبرد، لە برگەی پەیوەندییەکاندا کۆمەڵێك بڕیارمان وەرگرت. یەکێك لەو بڕیارانە دەسپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی پەکەکە-تاشناك و کورد-ئەرمەن بوو. لە دوای کۆنفرانسی پەکەکەی لوبنان، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی لوبنان، فەلەستین و بالیۆزخانەکانی ولاّتاندا دەست پێکردەوە.
لە رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانماندا ئەولەویەتمان بە تاشناك و دیاسپۆرای ئەرمەندا. لە شوباتی ٢٠٠٢ دا بە شێوەیەکی رەسمی داوامان لە تاشناك کرد کە دەمانەوێ لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندی هەردوولادا پێکەوە دانیشین. دوای ماوەیەك تاشناك وەلاّمی داینەوە. لە لایەن پەکەکەوە نووسەری ئەم بەرهەمە، عەبدولرەحمان چادرچی و رۆدی حەسەکە بەشداربووین. نوێنەری تاشناك لە لوبنان بۆ خۆی ئامادەبوو. سەبارەت بە گۆڕانکاری لە ستراتیژی و تاکتیکەکانمان پرسیاریان لێ کردین. ئێمەش روونکردنەوەی پێویستمان دانێ. ئەو دانیشتنانە درێژەیان هەبوو، هەرچەند هیچ هاوکارییەکی پراکتیکییان لێ نەکەوتەوە، بەلاّم پێشی بڕانی پەیوەندییەکانیان گرت، واتە لە ئاستێکی مامناوەندیدا رایگرت.

## قەرەباغ: پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن

### ❖ قەرەباغ بۆ ئەرمەن، کوردستانی سوور بۆ کورد (١٩١٧-١٩٢٩)

قەرەباغی کوێستانی ناوچەیەکی بەزۆری ئەرمەن نشینەو پێشتر وەك یەکەیەکی ئۆتۆنۆم سەر بەکۆماری ئازەربایجان بوو، دواتر سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و پەیوەست بوو بە کۆماری ئەرمەنستانەوە. رووبەری قەرەباغی کوێستانی نزیکەی ١٧٠٠ مایلی چگەیە(چوارگۆشە)[٣٠٤]. ئەم دەڤەرە لە ٧ کیلۆمەتری ئەرمەنستان و لە رۆژئاوای ئازەربایجانە. بە گشتی رووبەری قەرەباغ ٤٤٠٠ کیلۆمەتری چگەیە و نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسی لێدەژیت. بە پێی ئامارەکانی ١٩٨٨ ، لە ٨٥٪ ی دانیشتوانی ئەرمەنین، لە ٢٠٪ بریتین لە کورد و تورکی ئازەربایجانی کە لە ئەنجامی شەرەکانی سەرەتای نەوەدەکاندا ئاوارەبوون و بەشێکی زۆریان لە کۆماری ئازەربایجان دەژین[٣٠٥].

ناوەندی ناگۆرنۆ قەرەباغ شاری ستێپاناکرتە (خان کەندی) کە لە باشووری رۆژئاوای ئەم ناوچەیە هەڵکەوتوە. ئەم ناوچەیە لە ٦ناحیەی سەرەکی پێکدێ کە بریتین لە ستێپاناکرت، مارتاکرت، عەسکەران، مارتۆنی و شوشاو هادروت.

کوێستانەکانی موروداغ بەرزاییان ٣٧٢٤ مەترەو لە باکووری قەرەباغن. کوێستانەکانی قەرەباغ ٢٨٤٣ مەتر بەرزنو لەرۆژئاوا و باشووری قەرەباغی کوێستانیدا هەڵکەوتون. ئەم دەڤەرە نزیکەی ٥,١٪ ی رووبەری کۆماری ئازەربایجان دەگرێتەوە. لەبەر کوێستانی سەخت، هاتوچۆ بۆ ئەم ناوچەیە لە باکۆو یەریڤانەوە دەست نادات و زۆر دژوارە. خەڵکی ئەم هەرێمە بە کشتوکاڵەوە خەریکن. بە تایبەت باخەوانی ترێ (رەزداری) و پیشەسازیی شەرابسازی برەوی هەیەو بە ستونی ئابووری قەرەباغ لە قەڵەم دەدرێت.

---

[٣٠٤] بیات، کاوه، بحران قراباغ، انتشارات پروین، تهران، ١٣٧٢، ص١٥٤.

[٣٠٥] ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی تهران-١٣٧٧، ص١٨٦.

دەتوانین ئاماژە بە یەك — دوو فاکتـەری گـرنگ بکـەین کـە کاریگـەرییان هـەبووە لـە قەیرانی قەرەباغدا:
یەکەم: جیایی فیزیکی قەرەباغ لە ئەرمەنستان.
دووەم: ئەو چەمە گەورەیـەی کـە لـە قەرەباغـەوە سەرچاوە دەگرێـت و بـە سەرچـاوەی سەرەکی ئاوی باکۆ دەژمێردرێت.
بەم جۆرە لەبەر ئەو بەنداوەی لە قەرەباغ هەیە کێ حوکمی قەرەباغ بکات دەتـوانێ لـە باکۆ ئیمتیاز وەربگرێت. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی قەیرانی قەرەباغ. ئـەم پرسە لە رووی مێژووییەوە ئالۆزترە. سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگـەی ئەرمـەن، کـوردو تورك هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین، بەڵام هەمیشە لە نێوانیاندا کێشمەکێش هـەبووە و نیـشانەی نـاکۆکیی قـووڵی کولتـووری و ئایینیانـە. ئەرمەنـەکان بـە پێـی بەڵگـە مێژووییـەکان دەیـسەلمێنن کـە قـەرەباغ (ئارتـساخ) هەمیـشە پارێزگـای رۆژهـەڵاتی ئەرمینیا بووە. ئازەربایجانییەکان دەڵێن ئەرمەنەکانی قەرەباغ ئەو ئەلبانیانـەی قـەفقاز بـوون کـە دواتـر ئـاینی مەسـیحی گریگۆرییـان پەسـەند کـردووە و بوونەتـە ئەرمـەن. کوردەکانیش پێیان وایە کە ئەم ناوچەیە هەر لە دێرزەمانـەوە مەڵبەنـدێکی کوردنـشین (ئـاران) بـووەو بنەماڵـە کوردەکـانی شـەدادی و دوملـی حوکمیـان تێـداکردووە[٣٠٦].
ئازەربایجانییـەکان هەنـدێك بەڵگـە دەخەنـەڕوو کـە تـا سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەم ئەرمەنەکان تەنها ٢٠٪ دانیشتوانی قەرەباغ بوون.
هەندێك لە ئازەربایجانی و کوردەکان پێیان وایە لە سەدەی نۆزدەیەم و بە هـۆی پـەیمانی تورکمان چای و مادەکانی چواردەو پانزدەی ئەم پەیمانەوە گەلێك لە ئەرمەنەکانی ئێران کۆچیان کردووە بۆ قەرەباغ. بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژووییـەکان لـە سـاڵی ١٨٠٥وە و دوای داگیرکردنـی قـەرەباغ، رووسـیاش دەبێتـە خـاوەن کـورد. ئـەڤیریانۆڤ لـەکتێبی "کورد"دا راستەوخۆ ئاماژە بەوەدەکات کە بەشێکی سەرەکی لە دانیـشتوانی قـەرەباغ کوردن. لە ١٨٩٦ دا نیکۆلای دووەم قەیسەری رووس، فەرمانداری گورجی و ئەرمەنی ئـەو ناوچـانەی لابـردو شـازادە گولیتـسینی کـردە حوکمـداری ناوچـەکە. لـە رووی کولتوورییەوە چی دامودەزگاو دێری ئەرمەن هەبوو دایخست و دەستی بـەرووس کردنـی

[٣٠٦] ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی تهران-١٣٧٧

ئەم هەرێمە کرد. لەبەرئەمە لە کاتی کۆدەتای ١٩٠٥ دا لەباتی شۆرشی ئەم گەلانە، جەنگی ناوخۆیی لە نێوان ئەرمەنەکان و موسڵمانەکان (کوردو تورکەکان) هاتە ئاراوە. ئەم پێکدادانانە قەرەباغیشی گرتەوە. لە ١٩٠٦ کاتێك کۆچەرە کوردەکان لە دەشتەکانی ئازەربایجانەوە گەڕانەوە بۆ کوێستانەکانی قەرەباغ، شەڕەکە بەهێزتر بوو. ئەمانە شاری شوشایان گەمارۆدا. دوای کێشمەکێشێکی زۆر سەرەنجام ئەرمەنەکان سەرکەوتن.

پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێ کە کێشەی قەرەباغ تەنها کێشەی ئازەربایجان و ئەرمینیا نییە و کێشەی کوردیشەو شارەکانی شوشا، لاچین، قوبادلی، زەنگلان، جبرائیل و کەلباژار زۆربەی دانیشتوانییان کورد بوون. ئەم بەشە کوردنشینە لە شەڕەکانی ١٨١٣-١٨٠٥و٢٩-١٨٢٨، ٥٦-١٨٥٣ و ٨٨-١٨٧٧دا بە یەکجاری لە لایەن رووسەکانەوە داگیر دەکرێت. هەموو گەڕیدە و رۆژهەلاتناس و پیاوانی لەشکری لە راپۆرتەکانیاندا ئەم ناوچەیە بە کوردستان ناو دەکەن.

لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا سوپای عوسمانی (ئیتیحادو تەرەقی) لە کاتێکدا باڵە توندرەوەکەی جەنگی هەڵگیرساندبوو، لە بەرەکانی فەلەستین، شام و میزۆپۆتامیا شکستی هێنا. دواتر ئەنوەرپاشا و هاورێکانی ستراتیژیان گۆڕی و وازیان لە ناوچەکانی دیکە هێنا و روویان کردە قەفقاز. ئەمانە دەیانەویست لەباتی ئیمپراتۆری ئیسلامی عوسمانی، ئیمپراتۆری توران پێکەوە بنێن کە بەشێك لە ئێران، قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاستی دەگرتەوە[٣٠٧]. نوری پاشا بە سوپایەکەوە هاتە ئازەربایجان. خەلیل پاشا گوتبووی "ئێمە دەمانەوێ سەرزەمینی تۆران پێکەوە بنێین. بۆیە میحوەری نەخجەوان-زەنگە زۆر- قەرەباغ بۆ ئێمە گرنگە و دەبێ بیکەینە هێڵی پێکەوە بەستنی تورکیاو ئاسیای ناوەڕاست". ئینجا لە کاتی شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و کشانەوەی سوپای قەیسەری، بارودۆخەکە لە بارتر بووبوو، لە ١٩١٧ ئازەربایجان، ئەرمەنستان و گورجستان لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی قەفقازدا خۆیان بەڕێوەدەبرد.

---

[٣٠٧] بیان،کاوه، بحران قەراباغ، انتشارات پروین، تهران ١٣٧٢، ص٢٠.

سەرەنجام گورجستان پشتیوانی ئەڵمانیای بەدەست هێنا. ئازەربایجانیش پشتی بە ئیتیحادو تەرەقی بەست. ئەرمینیا بەتەنها مایەوە. پارتی مساوات لەئازەربایجان و تاشناك لە ئەرمەنستان رەوتی رووداوەكانیان بەدەستەوەگرت. پارتی مساوات ئەنجومەنی میللی ئازەربایجانی راگەیاندو بانگەشەی وڵاتی ئازەربایجانی كرد. هێزەكانی خۆی لەگەنجە مەڵاسداو كاتێك سوپای نوری پاشا گەیشت، باكۆی گەمارۆدا. لە باكۆ بەلشەڤیەكان بەرخۆدانیان كرد[٣٠٨].

خەلیل پاشا بەرەو قەرەباغ كەوتەڕێ. لەم كاتەدا ئەرمەنەكانی شوشا ئەنجومەنی میلليی قەرەباغیان پێكەوەنا. توركان داوای خۆبەدەستەوەدانی ئەرمەنەكانیان دەكرد. بەڵام ئەوان وایان نەكرد. سەرەنجام شەڕ رووی دا. لە چەندین خولی جەنگدا ئەرمەنەكان توانییان دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. لەم شەڕانەدا بەشێك لە كوردەكان لە ریزی سوپای توركەكاندا بوون. بەشێكی دیكەشیان بێ لایەن بوون. هەر لەم سەروبەندەدا لە ٣٠ی ئۆكتۆبەری ١٩١٨ دا سوپای عوسمانی لە بەرەكانی دیكەی شەڕدا لە بریتانیا و فەرەنسا شكستی خوارد. ئەمەش كاریگەریی لەسەر بەرەی قەفقاز هەبوو. دوابەدوای ئەمە هەندێك لە سوپاكانی عوسمانی خۆیان تێكەڵ بەهێزەكانی ئازەربایجان كرد. بریتانیاش كە براوەی شەڕ بوو لە ١٤ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ بە فەرماندەیی ژەنەراڵ م. تامسۆن هێزێكی لە باكووری ئێرانەوە لە رێی ئەنزەلیەوە رەوانەی قەفقاز كرد.

بریتانیاییەكان كە نەوتی ئازەربایجانیان دۆزیبۆوە لە ململانێی قەرەباغدا بە لای توركەكاندا دایانشكاندو گوشاریان خستە سەر ئەرمینیا پشتی ئەرمەنەكانی قەرەباغ نەگرێت و داوایان لە ئەرمەنەكانی قەرەباغیش كرد خۆیان بخەنە سەر ئازەربایجان. هەروەها داوایان لە ژەنەراڵ ئاندرانیكی ئەرمەن كرد كە لەزەنگەزۆرەوە پەلاماری قەرەباغ نەدات، چونكە بەم زوانە ئەم پرسە لە كۆنفراسی ئاشتی پاریسدا یەكلایی دەكرێتەوە. ئەمانە بە دوودڵیەوە لە ٢٨ی دیسەمبەری ١٩١٨ دا كۆماری ئازەربایجانیان بە رەسمی ناسی.

بریتانیا بە هاوكاریی مساواتییەكان دەیانەویست قەرەباغ تا كۆتاییهاتنی كۆنفرانسی ئاشتی پاریس بخرێتە قەڵەمڕەوی ئازەربایجانەوە. لە١٥ی جانیوەری ١٩١٩ دا

[٣٠٨] بیان،کاوه، بحران قەراباغ، انتشارات پروین، تهران ١٣٧٢، ص ٢٦-٢٧.

د.خەسرەو بەگی سوڵتانۆڤیان کردە فەرمانداری قەرەباغ و زەنگەزۆر. ناوبراو کەسێکی نزیکی نوری پاشاو عوسمانییەکان بوو. ئەرمەنستان هەوڵی دەدا قەناعەت بە بریتانیا بکات کە لەسەدا ٨٠٪ خەڵکی قەرەباغ ئەرمەنن و نەخرێنە سەر ئازەربایجان، کەچی سوودی نەبوو. کاتێك هێزە سەربازی و نیمچە سەربازییەکانی ئازەربایجان لە خان کەندی و کاریاگینەوە کەوتنە قەرەباغ، رووبەڕووی خۆڕاگریی ئەرمەن بوونەوە[٣٠٩].
ئەنجومەنی قەرەباغ رایگەیاند: "بە هیچ کلۆج دەسەلاتی ئازەربایجان پەسەند ناکەن".
بەم جۆرە خولێکی نوێی شەڕ هاتە ئاراوە. گەلێك ئەرمەن تێدابران.. ئەرمەنەکانیش گەلێك گوندی کوردنشین و تورك نشینی زەنگەزۆرو قەرەباغیان وێران کردو خەڵکەکەشیان کوشت.
دواتر لەبەرئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی قورساییەکی زۆری خستبووە سەر ئینگلتەرەو فرەنسا، ئەمانە لە گەلێك ناوچە کشانەوە. ئینگلتەرە لە قەفقاز کشایەوە.
لەم کاتەدا کەمالییەکان لە تورکیا سەریان هەڵدا و توانییان داگیرکەران لە ئەنادۆڵ وەدەربنێن. لە باکووری قەفقازیشەوە بەلشەڤیەکان خۆیان کۆکردەوە و بەرەو قەفقاز شۆڕبوونەوە. ئەم دوولایەنە تازەیە چونکە هەردوولایان دژی زلهێزە ئیمپریالییە ئەوروپاییەکان بوون، پەیمانێکی لێك تێگەیشتنیان ئیمزاکردو لە قەفقاز هەماهەنگی تەواویان هەبوو. لە هاوینی ١٩١٩ دا جارێکی دیکە شەڕی ئەرمەن و موسڵمانەکان هاتە کایەوە. خێڵە کۆچەرەکانی کورد کاتێك گەڕانەوە بۆ لەوەڕگاکانی زەنگەزۆر ناوچەکەیان گەمارۆدا. ئەم شەڕەش ئەنجامێکی وای لێ نەکەوتەوە.
لە زستانی ١٩١٩ دا کەمالییەکان رازیبوون بەمەرجی سەرکوتکردنی کۆماری ئەرمینیا (تاشناك)، کۆماری ئازەربایجان بخرێتە سەر قەڵەمڕەوی رووسە بەلشەڤیەکان[٣١٠].
بەلشەڤیەکان کە هاوکارە ئەرمەن و ئازەربایجانییەکانی خۆیان خستبووەگەڕ و لە یەریڤان و باکو خۆیان رێکخست، سەرەتا لەگەڵ مساوات، قەرەباغ و تاشناك دەستیان بە دانوستان کرد. دوای ئەوەی قەیرانی پۆلۆنیاو هێزەکانی ژەنەراڵ وەرانگەلیان لە

---

[٣٠٩] بیان،کاوە، بحران قەراباغ، انتشارات پروین، تهران ١٣٧٢، ص٣٠.
[٣١٠] هەمان سەرچاوە ل ٤١.

کۆڵکردەوە، لە٥ی جولای ١٩٢٠ دا پەلاماری قەرەباغ و زەنگەزۆریان داو داگیریان کرد. لە هەمان کاتیشدا پەلاماری ئەرمینیاشیان دا. لە ١٣ی سێپتەمبەردا هێزەکانی سوپای تورك پەلاماری ئەرمینیایان داو پارێزگاکانی قارس، ئاردەهان، ساری قامیش و ئالێکساندرۆپۆلیان داگیرکرد. لە٢٠ی دیسەمبەری ١٩٢٠ دا کۆماری ئەرمینیا رووخا. دوای ماوەیەکی کەمتریش کۆماری ئازەربایجانی مساواتیەکانیش هەرەسی هێنا. کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ئازەربایجان و بەلشەڤیەکانی ئەرمەن سەر بەرووسیای بەلشەڤی ناوچەکەیان گرتە دەست[٣١١].

دوای ئەوەی کۆمارەکان لە لایەن سۆڤیەتەوە داگیرکران، پرسی قەرەباغ بە شێوەی کاتی چارەسەرکرا. دوای چەندین کۆبوونەوە سەرەنجام قەرەباغیان وەکو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم خستەسەر ئازەربایجان. ئەرمەنەکان لەم رووەوە تاوان دەخەنە ئەستۆی ستالین کە بۆ دڵخۆشکردنی تورکیای کەمالی و کردنەوەی دەرگای رۆژهەلاتی موسڵمان ئەم کارەی کردووە. لە ٥ی جولای ١٩٢١ دا لە تفلیس لە کۆبوونەوەیەکدا کە جۆزێڤ ستالین و ژمارەیەك لە بەرپرسانی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت تێیدا بەشداربوون، بە رەسمی بڕیاردرا کە قەرەباغ بخرێتە سەر ئازەربایجان. بەم جۆرە نووسینگەی قەفقاز ئەم پرسەی بەقازانجی ئازەربایجان یەکلایی کردەوە. هێشتا روون نەبۆتەوە بۆچی لێپرسراوانی سۆڤیەت سەبارەت بە قەرەباغ بیروڕای خۆیان گۆڕیوە!

بەلاّم لەو سەروبەندەدا تاشناك بەهەماهەنگی فرەنساو ئینگلتەرە لە دژی سۆڤیەت و بەڵشەڤییەکانی ئەرمینیا دەستی بەدژە خەبات کردبوو. بەڵشەڤییەکان پەیوەندیی باشیان لەگەڵ تورکەکانی کۆماری تورکیادا هەبوو. بۆ دڵڕاگرتنی کەمالیستەکان بەرامبەر بە ئازەربایجانییەکان هەندێك کاریان دەکرد. وا پێدەچێ یەکێك لە هۆکارەکان ئەمە بووبێت[٣١٢]. لە ١٩ی جولای ١٩٢١ دا سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ئازەربایجان لە راپۆرتێکدا بۆ کۆمیتەی کارگێری کۆماری ئازەربایجان دەنووسێت:

---

[٣١١] بیان،کاوە، بحران قەراباغ، انتشارات پروین، تهران ١٣٧٢، ص ٥٢.

[٣١٢] هەمان سەرچاوە ل ٥٨.

"قەرەباغی کوێستانی مافی ئۆتۆنۆمی دەدرێتێ و لە چوارچێوەی دەستووری یەکێتیی سۆڤیەتدا کۆمیتەیەکی جێبەجێکردنی بۆ دابیندەکرێ و دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەی ئازەربایجانی سۆڤیەت"[٣١٣].

سەرەڕای ئەم بڕیارە نائارامییەکانی قەرەباغ کۆتاییان پێ نەهات. دواتر کۆمیتەیەك پێکهات کە لەم پرسە بکۆڵێتەوە و دوا بڕیاری لەسەر بدات. ئەم کۆمیتەیە لە کیرۆڤ (سکرتێری پارتی)، میرزا بەگیان و قەرەگوزوڤ پێکهات. کۆمیتەی ناوبراو دوای ٦مانگ لێکۆڵینەوە لە ٢٠ی جونی ١٩٢٣ دا راپۆرتی خۆی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پارتی کرد. بە پێی پێشنیاری ئەم کۆمیتەیە "کوردستانی سوور" لە بەشێك لە قەرەباغ پێکدەهات. بۆ ئەمەش لاچین دەبووە ناوەندی ئەم کوردستانە و شاری کەلباژاریشی دەکەوتە سەر. ئەم ناوچەیە پێشتر گوندی ئەرمەنی تێدا نەماو زۆربەیان یان کوژران، یان دەرکرابوون، بۆیە کوردستانی سوور وەك ناوچەیەکی ئیداری نیمچە ئۆتۆنۆم دەکرایە سنووری نێوان قەرەباغ و ئەرمینیا.

بەم جۆرە کوردەکان لە تورکە ئازەرییەکان جیاکرانەوە و نیمچە کیانێکیان بۆ دابینکرا. لە ٢٣ی جونی ١٩٢٣ "ناوچەی خودموختاری ناگۆرنۆ قەرەباغ" راگەیەنرا. قەرەگوزوفیش کرایە سەرۆکی ئەنجومەنی کومیسەرەکانی گەلی ئەوێ. لە هەمان ساڵدا لاچین وەك ناوەندی "کوردستانی سوور" رەسمیەتی پێ بەخشراو ناوەندی قەرەباغی کوێستانیش لە شوشاوە گوێزرایەوە بۆ خان کەندی کە دواتر بەیادی قارەمانێکی شەهیدی ئەرمەن ناوەکەی کرایە "ستێپاناکرت"[٣١٤].

لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧ دا سیاسەتی سۆڤیەتییەکان بەرامبەر بەکوردو ئەرمەنەکان گۆڕانی بەسەردا هات. کوردەکان لە لاچین کۆبوبوونەوە. ئەرمەنەکانی قەرباغیش لە ١٩٢٦ دا رێکخستنێکی نهێنییان بە ناوی "قەرەباغ بۆ ئەرمەنییان" دامەزراند. لەو ساڵەدا گەلێك بەیاننامەیان دەرکرد و رەخنەیان لە سیاسەتی کەمتەرخەمیی سەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا گرت. دواتر سەرانی ئەم گرووپە دەستگیرکران و رێکخستنەکەشیان هەڵوەشێنرایەوە. لە ساڵی ١٩٢٧ دا تاشناك و خۆیبوون بە پێی

(٣١٣) بیان،کاوە، بحران قەراباغ، انتشارات پروین، تهران ١٣٧٢، ص ٥٨.

(٣١٤) هەمان سەرچاوە ل ٥٩. لەگەڵ (د. ئەفراسیاو هەورامی، تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت، ل٢٦).

پەیمانێکی هاوبەش لەسەر سنوورەکانی سۆڤیەت لەسەر چیای ئاگری سەرهەڵدانێکی چەکدارییان لە دژی تورکیا دەستپێکرد. سۆڤیەتیەکان و تورکە کەمالییەکان گەلێك لەم راپەڕینە ترسان. ئەمانە ئەم راپەڕینەیان بە دەستکردی ئیمپریالیزم دەزانی. دوولایەنە سیاسەتێکی هاوبەشیان گرتەبەر. لە گەرمەی شەڕەکاندا ژمارەیەك لە کوردەکانی کوردستانی سوور، ئەرمینیا و نەخجەوان لە ئاراس پەڕینەوە و بەشداری راپەڕینەکە بوون. هاوکات لایەنگرانی تاشناك لە ناوخۆی ئەرمینیا، زەنگەزۆرو قەرەباغ دڵیان بەم راپەڕینە خۆشکردبوو بە نهێنی هاوکارییان دەکرد.

سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دوای هەماهەنگی لەگەڵ کەمالییەکانی کۆماری تورکیا بە رەسمی دەستی بە دوژمنایەتییکردنی ئەم راپەڕینە کرد. بەهەمان شێوە یارمەتی تورکیای دا کە کەڵك لە سنوورەکانی وەربگرێت بۆ داپڵۆسێنی ئەم راپەڕینە. لەناوخۆشدا بە یەکجاری سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کوردەکان و ژمارەیەك لە ئەرمەنەکان گۆڕی. ژمارەیەکی زۆری لە لایەنگرانی تاشناك قەلاچۆکرد و بەشێکی زۆری لێیان دوورخستەوە. لە ساڵی ١٩٢٩ دا و لە گەرمەی شەڕەکانی چیای ئاگریدا، بە فەرمانێکی رەسمی و لە لایەن جۆزێف ستالینەوە "کوردستانی سوور" هەڵوەشێنرایەوە و دامودەزگاکانی لە بناغەوە هەڵتەکێنران. ناوبراو دواتر فەرمانی دا بەدەیان هەزار کورد لە کوردستانی سوور، ئەرمینیا، ئازەربایجان، قەرەباغ و نەخجەوان رابگوێزرێن بۆ ناوچە سەهۆڵبەندانەکانی سیبریاو ئاسیای ناوەڕاست. لە ماوەیەکی کەمدا دەیان هەزار خێزانی کورد کۆکرانەوە و خرانە ناو ترێنەکانەوە و رەوانەی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و سیبریا کران.[٣١٥] بەم جۆرە کوردستانی سوور لە چوارچێوەی دابەشکردنی ئیداری و جوگرافی تازەی کۆماری ئازەربایجاندا رێکدەخرێت و دەخرێتەوە سەر ئازەربایجان بە رەسمی ناوەکەی دەسڕێتەوە و چی بەڕێوەبەری، قوتابخانەو رۆژنامەشی هەیە، تێکڕای قەدەغە دەکەن. (ئەفراسیاو هەورامی، ل٢٧). کوردەکان بۆ ئەوەی رانەگوێزرێن ناو و نازناوەکانیان گۆڕی و بەشی هەرەزۆریان خۆیان بە ئازەربایجانی لە قەڵەمدا.

[٣١٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهیر سلێمان، روناکبیری کوردی ئازەربایجان، سلێمانی ٢٠٠٦/١٢/٢٥.

کرداری راگواستن وه نەبێ تەنها لە ساڵی ١٩٣٠دا هاتبێتە ئاراوه، لە ساڵانی ١٩٣٧،١٩٦٣و ١٩٦٦یشدا درێژەی پێدەدرێت. ئەمەش لەبەرئەوە دەکرێت کە رووسەکان گومانیان لە کوردان هەیەو نیگەرانن لەوەی لە بەرەی قەفقازدا گرفتیان بۆ دروستبکەن. راگواستنەکان بێ بەزەییانە ئەنجامدراون. بەشەو و بێ ئاگاداری و کتوپڕ بەسەر ماڵاندا دەدەن و دەیاندەنبەر. لە رێگاکاندا گەلێکیان لێ گوللەباران دەکەن (تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت ل٢٩). گەلێکیشیان لەسەرماو لە برسان دەمرن.

ئەمە لە کاتێکدا دێتە ئاراوە کە کوردەکان لە جەنگی جیهانی دووەمدا چالاکانە بەشداری دەکەن. کاتێك دوای شەڕ سەربازانی کورد دەگەرێنەوە بۆ ولاتەکەیان و دەیانەوێ داستانی گرتنی "بەرلین" بۆ بنەماڵەکانیان بگێڕنەوە، رووبەڕووی دیاردەیەکی سامناك دەبنەوە. هیچ کوردێك لەوێ نەمابوو (تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت، ل٢٩).

چەتۆیڤ کە نووسەرێکی کوردە لە ١٩٧٢دا لەمۆسکۆ لەسەر بەشداری رۆڵەکانی کورد لە داگیرکردنی بەرلین کتێبێکی نوسیوە باسی رۆڵی کوردان دەکات لە گرتنی بەرلیندا، لە بەرامبەردا رووسەکان میللەتەکەیان رووبەڕووی ئەو کارەساتە کردبۆوە.

وەك دەردەکەوێ لەم سەردەمەدا پەیوەندییەکی وا لە نێوان کوردەکانی قەفقازو ئەرمەنەکاندا نییە. لێرەدا ئەولەویەتی شوناس، ئاینی بووە لای کوردەکان. کورد بۆ خۆی بەسەر سێ ئایینزادا دابەشبووە: "کوردی سوننە، کوردی شیعە و کوردی ئێزدی". کوردە سوننە و شیعەکان لایەنی تورکەکانی ئازەربایجانیان گرتووە. کوردە ئێزدییەکانیش لایەنی ئەرمەنەکانیان گرتووە. واتە لە رووی سیاسییەوە یەکپارچەییەکی وا لای کوردەکان نەبینراوە. ئەمەش کاری کردۆتەسەر پەیوەندییەکانیان[٣١٦]. واتە لەبەر نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسیی یەکپارچە، پەرت وبلاو بوون و بەسەر تورکەکان و ئەرمەنەکاندا دابەشکراون. ئەوانەشی لە ئەرمینیا مابوونەوە توانییان تایبەتمەندییەکانی شوناسی خۆیان بپارێزن. لە رووی یاساییشەوە بواریان بۆ رەخسا، بەلام نەیانتوانی لە رووی سیاسییەوە کەلکی لێ وەربگرن. واتە لە ئەرمینیا وەك هاوولاتیی پلە نزم دەژیان. لە حالەتێکی واشدا پەیوەندییەکی راست و دروست نایەتە ئاراوە.

---

[٣١٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهیر سلێمان، روناکبیری کوردی ئازەربایجان، سلێمانی ٢٠٠٦/١٢/٢٥

### ❖ دیسان ئەرمینیا، قەرەباغ، کوردستانی سوور ( ١٩٨٨-١٩٩٤ )

لە یەکێتیی سۆڤیەت دوایەمین سەرکۆمار واتە میخایل گورباچیڤ لە ساڵی ١٩٨٥ بوو بە سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیست و دواتریش سەرکۆماری یەکێتیی سۆڤیەت. ناوبراو دەستی بەچاکسازی کردو پرۆژەی "پرۆسترۆیکاو گلاس نۆست"ی خستەڕوو. ئەو لە ساڵی (١٩٨٦) دا پرۆژەی "بەرەنگاربوونەوەی کحول"ی پەسەندکرد. ئەمە بوو بەهۆی قەیرانی وەرزێرانی تریّو شەرابسازی قەرەباغ. نارەزایەتییەکی بەرینی جەماوەریی هاتە ئاراوە. لە مانگی ئاداری ١٩٨٧ سورن ئایوازیان کە یەکێك بوو لەئەندامە ناسراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا، بە نامەیەك داواکارییەکانی خەڵکی قەرەباغی گەیاندە دەست گۆرباچێڤ. ئەم نامەیە لەگەڵ پرۆسترویکادا هاوکات بوو،بۆیە بوو بەسەرەتای وەرگۆڕانێکی نویّ سەبارەت بەپرسی قەرەباغ[٣١٧].

سەرەنجام دوای ئەوەی کۆمەڵێك ڕووناکبیرو ئەکادیمی نامەی هاوشێوەیان بۆ گۆرباچێڤ نووسی، خەڵکی قەرەباغیش تۆمارنامەیەکی ٨٠ هەزار ئمیزاییان بۆ ناوبراو نارد و داوایان کرد کە سنوورەکانی ١٩٢٣ چاکسازی تێدا بکرێت. دوای یەك ساڵ بێدەنگی، دواتر کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت داواکاری قەرەباغییەکانی ڕەتکردەوە. دوای ئەمە لە سەرەتای مانگی فێبریوەری لە خان کەندی (ستێپاناکرت) ناوەندی ئیداریی قەرەباغ زنجیرەیەك خۆپیشاندان دەستی پێکرد. لە ١١ی فێبریوەریدا ئەرمەنەکانی قەرەباغ داوا دەکەن قەرەباغ بخرێتەوە سەر ئەرمینیا. لەم ڕۆژەوە ئیتر قەیرانی نوێی قەرەباغ دەست پێدەکاتەوە.

ڕۆژی ١٥ی هەمان مانگ خەڵکی ئەرمینیاش بە دەنگی قەرەباغییەکانەوە دەچن و هەمان دروشمی ئەوان دووبارە دەکەنەوە واتە "یەك نەتەوە- یەك کۆمار". ڕۆژی ١٧ی فێبریوەری ئەرمەنەکانی قەرەباغ شاندێك دەنێرنە مۆسکۆ. کەس گوێیان لیّ ناگرێت. لە٢٠ی فێبریوەریدا ئەنجومەنی ناوچەی قەرەباغ کە لە ١٤٠ کەس پێکدێت و ١١٠ یان ئەرمەن بوون بە زۆرینەی ١١٠ دەنگ و نەبوونی ٢٠ دەنگی نوێنەرانی تورك، دەنگ

---

[٣١٧] ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین بین المللی تهران- ١٣٧٧، ص١٩١.

بۆ ئەوە دەدەن، کە ئەم هەرێمە بخرێتەوە سەر ئەرمینیا. لە٢٢ی فێبریوەریدا شاندێکی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دێتە قەرەباغ و داواکارییەکەیان ڕەتدەکاتەوە و پاشان داوا لە هێزە سەربازییەکان دەکات ڕەوشەکە ئارام بکەنەوە. ئالێرەوە پێکدادان دەست پێدەکات. لە خان کەندی دوتورك دەکوژرێن و دەیان کەس بریندار دەبن.
لە بەرامبەردا تورکەکان لە سومگائیت کە ناوچەیەکی پیشەسازی ئەرمەن نشینی نزیك باکۆیە، تۆڵە دەکەنەوە و لە دوو ڕۆژاندا ماڵ و موڵکی ئەرمەنەکان ئاگر تێبەر دەدەن و دەیانکوژن و تالآنیان دەکەن. بە پێی ئامارەکان دەیان کەس دەکوژرێن و ٣٠٠ کەسیش بریندار دەبن. بە گوێرەی بانگەشەی ئەرمەنەکان یەکەکانی وەزارەتی ناوخۆ ٢ ڕۆژ درەنگ دەگەنە ناوچەکە. بەم جۆرە پێکدادانی نێوان تورك و ئەرمەن تەشەنە دەکات بۆ هەموو لایەکی هەردوو کۆمارە دراوسێیەکە(٣١٨).
ئەم ڕووداوە ئەرمەنەکانی ڕووسیاو جیهان دەورووژێنێ. تورکیا بە دەنگ دێ و بەناراستەوخۆ هەڕەشە دەکات. ئەنجومەنی بالآی یەکێتیی سۆڤیەت لە ٢٣ی ئاداری ١٩٨٨ دا بەبڕیارێك هەڵوێستی ئەرمەنەکان پرۆتێست دەکات و دواتر دەمیرچیان سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیاو باقرۆڤ سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لەکار لادەبرێن و ٤ کەس لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئەرمەنیش دەسگیر دەکرێن، لەم نێوانەدا ژمارەیەکی زۆر لەکوردە موسڵمانەکانی ئەرمینیا لەبەرئەوەی موسڵمانن لە لایەن ئەرمەنەکانی ئەرمینیا و قەرەباغەوە دەخرێنە ژێر گیروگاز. گوشار و گرتن لە دژی کوردەکان پەیڕەو دەکرێت و مامەڵەی تورکیان لەگەڵ دەکرێت.
هاوکات لەگەڵ بومەلەرزەکەی دیسەمبەری ١٩٨٨ ی باکووری ئەرمینیا، حکومەتی مۆسکۆ وای لێکدەداتەوە کە لەم ئالۆزییەدا پەرچەکرداری نابێت، فەرمانی دەسگیرکردنی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی قەرەباغ دەدات و داوا لە ئازەربایجانیش دەکات تەدبیری کولتووری و ئابووری بۆ قەرەباغ وەربگرێت. تورکەکان ئەمە بەدەست تێوەردان دەزانن. لە ١٢ی جانیوەری ١٩٨٩ هەردوولا لەمۆسکۆ کۆدەبنەوە. بە پێی بڕیاری کۆبوونەوەی مۆسکۆ قەرەباغ بە شێوەیەکی کاتی لە دەسەلآتی ئازەربایجان

(٣١٨) ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین بین المللی تهران-١٣٧٧، ص ١٩٣.

دەردەخرێت و دەخرێتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمیسیۆنێك کە کەسێکی رووس بە ناوی ئارکادی ولسکی بەڕێوەیدەبات. ناوبراو ٤ یاریدەدەری دەبێت کە یەکیان تورکەو سیانیان ئەرمەنن. ئازەربایجان لەم بڕیارە دەڕەنجێ، بەلاّم ئەرمەنەکان ئەمە بەسەرەتای جیابوونەوە دەزانن. دواتر ئەرمەنەکان تێ دەگەن کە ئەمە بۆ دامرکاندنەوەی رەوشەکەیە و پاشتر وەك جارانی لێدێتەوە[319].

لەئاداری ١٩٨٩ دا ئەرمەنەکان داوای ریفراندۆم دەکەن کە خەڵکی قەرەباغ چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. تورکەکان داوای ریفراندۆمی سەرانسەری دەکەن نەك تەنها قەرەباغ. دوولایەن لەمۆسکۆ تووڕەن، بۆیە ئەم جارەیان ئەرمەنەکان دەست پێدەکەن و ئاژاوە دەنێنەوە. جادەکان دەگرن و هێڵی شەمەندەفەری باکۆ-نەخجەوان دەتەقێننەوە و ڕێگەکە دەبڕن. ئازەربایجان سیستەمی هێڵی ئاسنی ئەرمینیا گەمارۆ دەدات. هەوڵەکانی گۆرباچێڤ هیچی لێ ناکەوێتەوە. هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆی مۆسکۆ ناتوانن کۆنترۆڵی رەوشەکە بکەن. شەڕی ناوخۆ دەست پێدەکات.

کۆمیسیۆنە تایبەتەکە لە باسەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کوردەکان بخرێنە نێوان تورکەکان و ئەرمەنەکان و هەرێمی ئۆتۆنۆمییان بۆ دروست بکرێتەوە. لایەنەکان بایەخ بەمە نادەن و ئەم پێشنیارە پشتگوێ دەخرێت. مۆسکۆ و باکۆ و یەریڤان نایانەوێ کوردەکان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و ناوچەی ئوتۆنۆمییان بۆ بنیاتبنرێت. (تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت، ل٣٢). کۆمیسیۆن لە ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ دا هەڵدەوەشێنرێتەوە. تورکەکان و ئەرمەنەکان پەیرەونامەی رووسەکان رەتدەکەنەوە. لە جانیوەری ١٩٩٠دا پێکدادانەکان پەرەدەگرن. لەئازەربایجان بەرەی گەلی ئازەربایجان سەرهەڵدەداو شاری لەنکەران دەگرێتە دەست. لە ئەرمینیا بزاڤی نەتەوەیی ئەرمەن خۆی رادەگەیەنێ و دێتەناو ململانێیەکانەوە. ئەمەش پارتی تاشناك و مساواتی ١٩١٩ بیردەخاتەوە. کۆپتەری نەناسراو تەقە بەسەر شارە تورکەکاندا دەکات. لە ١٣ی

[319] ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین بین المللی تهران- ١٣٧٧، ص ١٩٥.

جانیوەری ١٩٩٠ دا، لە باکۆو کیرۆف ئاباد پاشماوەی ئەرمەنەکان کوشتار دەکرێن. لە خان کەندی ئەرمەنەکان پەلاماری کوردە موسڵمانەکان دەدەن[٣٢٠].

لە ١٥ی جانیوەریدا سوپای سوور پەلاماری باکۆ دەدات. ٣٠٠ هەزار سەرباز بەشداری ئەم هێرشە دەکەن. هەردوولایەن لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ دا دانوستانی راستەوخۆ دەست پێدەکەن. لە ساڵی ١٩٩١ دا پێکدادان روو دەداتەوە و ژمارەی ئاوارەکانی ئەم جەنگە دەگاتە ٥٠٠ هەزار کەس. دەیان هەزار کەس لەم ئاوارانە کوردەکانی قەرەباغن کە لە شارەکانی لاچین، کەلباژار، قوبادلی و زەنگلان و شوشا راودەنرێن. لە ٣١ی ئابی ١٩٩١ دا پارلەمانی ئازەربایجان سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ. لە ٢١ی سێپتەمبەریشدا ئەرمینیا لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ و لە ٢٣ی سێپتەمبەردا پارلەمانی ئەم وڵاتە سەربەخۆیی ئەرمینیا رادەگەیەنێ.

مانگەکانی کۆتایی ساڵی (١٩٩١) مانگی قەیرانن. سەرەنجام ژمارەی ئاوارەکان دەگاتە ١ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس. لەناو ئەم ژمارەیەدا ١٨٠ بۆ ٢٠٠ هەزاریان کوردن. ئاوارەکان لە بیابانی ئاجبەدینسکی و لە شارەکانی کراسنادار، تامبۆ و ساراتۆڤی رووسیادا جێگیر دەبن (ئەفراسیاو هەورامی ل١٧). کوردە ئاوارەکان بە ئازەربایجانی لە قەڵەمدەدرێن و لەبەر سەررەش بوونیان لە لایەن فاشیستە رووسەکانەوە ئازار دەدرێن. لە ٢١ی نۆڤەمبەر کۆپتەری ناوبژیوانەکان دەپێکرێت و ناوبژیوانێك دەکوژرێت. لایەنەکان یەکتر تاوانبار دەکەن. گۆرباچیڤ داوادەکات ناوچەیەکی "جیاکەرەوە" لە نێوان ئەرمەن و تورکەکاندا دروستبکرێت. لەم سەروبەندەدا جارێکی دیکە باس لەوە دەکرێت ئەم ناوچە جیاکەرەوەیە بەکوردەکان پڕ بکرێتەوە. سەرکۆماری دوو وڵاتەکە لە ٢٧ی نۆڤەمبەردا دەچنە مۆسکۆ، بەڵام ئەنجامێکی وای نابێت. لە ١٠ ی دیسەمبەری ١٩٩١ دا ئەرمەنەکانی قەرەباغ لە ریفراندۆمێکدا دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن، بەم جۆرە سیاسەتی خۆیان دەگۆڕن و داوا ناکەن بخرێنەوە سەر ئەرمینیا. دوای دوو هەفتە لە ٢٥ ی دیسەمبەردا گۆرباچیڤ دەست لەکار

[٣٢٠] ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین بین المللی تهران-١٣٧٧، ص ١٩٦-١٩٧.

دەکێشێتەوە و بەم جۆرە یەکێتیی سۆڤیەت هەڵدەوەشێتەوە[٣٢١]. دوای سەربەخۆیی دوو کۆمارەکە، رەوشەکە ئاڵۆزتر دەبێت. کوردەکان لەم نێوانەدا ناتوانن یەکبگرن و خاون ئیرادەیەکی سیاسی نین.
سەرەڕای ئەمە جموجۆڵی هەندێك رووناکبیر و سیاسەتمەداری کورد دەست پێدەکات. لە ١٩٩٢ قەیرانی قەرەباغ لەقەفقاز تێدەپەڕێ و دەبێتە قەیرانێکی نێونەتەوەیی. بەم جۆرە ئەرمینیا و ئازەربایجان لە قەیرانی قەرەباغدا پرسی کوردیش دەخەنەڕوو. ئەرمەن و ئازەربایجانییەکان بەڵێن بەکورد دەدەن کە ئەگەر یارمەتییان بدەن ئەوا کوردستانی سوورییان بۆ زیندوو دەکەنەوە. کوردە موسڵمانەکان لایەنی ئازەربایجان دەگرن و کوردە ئێزدیەکانیش لایەنی ئەرمینیا دەگرن (ئەفراسیاو هەورامی ل٣٦).
دوای ئەمە هەردوولا لە سوپاکانیاندا هێزی تایبەت بۆ کوردەکان رێکدەخەن. لە شەڕەکاندا سەدان کورد دەکوژرێن و سەدانیش بریندار و بێ سەروشوێن دەبن. لەزستانی ١٩٩٢ دا نزیکەی سەد رووناکبیرو کەسایەتی کورد لە ئەرمینیا خۆیان کۆدەکەنەوە و لەگەڵ لێپرسراوانی ئەرمەن دانوستان دەستپێدەکەن و پرسی زیندووکردنەوەی کوردستانی سوور دەخەنەڕوو. بەرپرسیارانی ئەرمەن ئەمە بەکارتێکی تازە لە قەڵەم دەدەن و بە نهێنی پشتی ئەم کەسانە دەگرن. ئەمانە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ دا "کۆمیتەی ژیاندنەوەی کوردستانی سوور" پێکدەهێنن و مستەفایڤ دەبێتە سەرۆکی ئەم کۆمیتەیە. هەروەها عەلی خانی مەمێ وەك راوێژکارێکی گەورە و متمانەپێکراوی کۆماری ئەرمینیا لەم کۆمیتەیەدا بەشدار دەبێت. "ناوبراو دواتر خۆی دان بەوەدا دەنێ کە ئەو وەك کادری هەواڵگری کۆماری ئەرمینیا لەم کۆمیتەیەدا بەشدار بووە"[٣٢٢].
ئەم کۆمیتەیە بە زۆری کوردی ئێزدی لەخۆ دەگرێت. ئەمانە دەیانەوێ ئەو کوردانەی ستالین لە ١٩٢٩ دوری خستبوونەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، تێکڕا کۆبکرێنەوە و بگەڕێنرێنەوە بۆ "کوردستانی سوور". هەروەها هەوڵدەدەن بە هاوکاریی کۆماری

---

[٣٢١] ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین بین المللی تهران-١٣٧٧، ص ١٩٨.
[٣٢٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ روناکبیری کوردی ئازەربایجان هەژارێ شامیل، کەمپی مەخمور ٢٠٠١.

ئـەرمینیا، حکومـەتێکی ئۆتۆنـۆمی سـەر بـەکۆماری ئـەرمینیا لەلاچین دابمـەزرێنن. کۆماری ئەرمینیا هەوڵدەدات ئەم کارتە بەکاربهێنێ و هەڵوێستی لایەنی ئازەربایجـانی پێ لاوازبکات. رۆبەرت کۆچاریان پێشوازی لەم دەستپێشخەرییەی کوردان دەکات و لە چەند دانیشتنێکدا پرسی کورد و ئەرمەن وەك یـەك دەنرخێنـێ. لـە کاتێکـدا کۆمـاری ئـەرمینیا یارمـەتی ئـەم شـاندە دەدات بـچنەوە لاچین کـە خـودی کوردەکـانی لاچین، زەنگلان، قوبادلی و کەلباژار بە دەستی ئەرمەنەکان لـە قـەرەباغ دەرکـراون و ئـاوارەی ئازاربایجان بوون! ئەم کۆمیتەیە دەگەڕێتەوە بۆ لاچین. لەلاچین بەدەم گوتنەوەی سروودی ئەی ئەرقیب ئالاَ ی کوردسـتان هەڵدەکـەن. دوای ٢ کاتـژمێر خـودی ئەرمەنـەکان ئالاکەیان دادەگرن و ئاگری تێبەردەدەن! (ئەفراسـیاو هـەورامی ل٣٧). لـەوێ بنکـە دادەنێن و بانگەوازی ژیاندنەوە و راگەیاندنەوەی "کوردستانی سوور" دەکەن[٣٢٣].

کوردەکان لە کاتێکدا دێنە لاچین کە ئەم شارە لـە١٨ی مـانگی مایـسی ١٩٩٢ دا بـە یەکجارەکی لە لایەن ئەرمەنەکانەوە داگیردەکرێت. لەم کردارەدا هێزە ئازەربایجانییەکان لاچین بەردەدەن و بۆ بەشداربوون لە شـەڕی نـاو بـاکۆ دەگەڕێنـەوە و لاچـین چـۆڵدەکەن. بەرەی گەلی ئازەربایجان هەوڵی کۆدەتـا دەدات. لەبـەر نـەبوونی هێـز ئەرمـەن لاچـین و دەوروبەری داگیر دەکەن. پاشماوەی ماڵە کوردەکانی لاچین بـەرەو ئازەربایجـان رادەکـەن. داگیرکردنی لاچین پەیوەندیی ئەرمینیاو قەرەباغ بەرقەرار دەکات. بەمەش ئەرمەنـەکان توانای بەرگریان زۆرتر دەبێ و هەوڵدەدەن کارتی کوردیش بخەنەسەر کارتەکانیان.

دوای سەرکەوتنی بـەرەی گـەل، هێزەکانیـان کۆدەکەنـەوە و سـەربازگیری نـوێ دەکـەن. پاشان لە چەند قۆڵەوە پەلاماری قەرەباغ دەدەن. لە سەرەتادا سەردەکەون، بەلاَم دواتـر ئەرمەنەکان ناوچە لەدەستچووەکانیان بەدەست دەهێننـەوە. تورکیـا هۆشـداری دەداتـە ئەرمینیاو سلێمان دیمیرەل دەڵـێ: "ئازەربایجـان تەنیانییـە". لـەم کاتـەدا رووسـیا کـە دەزانێ ئازەربایجان بە نهێنی پرۆتۆکۆڵی نەوتی لەگـەڵ تورکیـاو رۆژئـاوادا مـۆرکردووە، لایەنی ئەرمەنەکان دەگرێت. رووسیا دێتـە جـواب و مارشـاڵ یـەڤگنی شاپۆشـینکۆف فەرماندەیی رووسی هێزەکانی وڵاتانی هاوبەرژەوەند کە لەگەڵ ژەنـەراڵ پاڤـڵ گراچیـڤ وەزیری بەرگری رووسیا سـەردانی ئـەرمینیا دەکـەن، بـە تونـدی هۆشـداری دەدات کـە

[٣٢٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ روناکبیری کوردی ئازەربایجان، تاهیر سلێمان، سلێمانی ٢٠٠٦.

دەسوەردانی هێزی دەرەکی لەسەر سنووری نەخجەوان دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی[٣٢٤].

رووسیا و ئێران لە سەرکەوتنی بەرەی گەلی ئازەربایجان نیگەرانن. لە ئەنجامی شکستەکانی بەرەی گەل لەبەرەکانی شەڕدا، نارەزایەتی ناوخۆیی پەرەدەسەنێت. ژەنەراڵ سورەت حسێنۆڤ هۆشداری دەداتە حکومەتی ئیلچی بەیگ کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا حوکم بەجێ بهێڵی و بیسپێرێ بە حەیدەر عەلییێڤی سەرۆکی پارلەمانی نەخجەوان. رووسیا لە پشت ئەم گۆڕانەوە دەبیت. بەم جۆرە ئاراستەی رووداوەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رووسیای نوێوە. لە لایەکی دیکەشەوە یەکێتیی ئەورووپاو گرووپی مینسك دەکەونە ناوبژیوانی. زۆربەی هەرە زۆری خاکی قەرەباغ دەکەوێتە دەست ئەرمەنەکان و حوکمێکی مەحەلی خۆی رادەگەیەنێ.

ئەو کوردانەی دەچنە لاچین، ئەوەندەی پێناچێ رووبەڕووی گرفت دەبنەوە. وا پێدەچێ ئازەربایجانییەکان لەم رووداوە زۆر پەست بوبێتن. لە ئەنجامی بۆردومانێکی یەکجار سەختدا شاری لاچین لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکرێ و کاول دەبێت. کۆمیتەی ژیاندنەوەی کوردستانی سوور چیتری پێناکرێت و سەر لەبەر دەگەڕێنەوە بۆ ئەرمینیا. لە ئەرمینیا لەناو کوردە ئێزدیەکاندا هەولێك دەست پێدەکرێ بۆ جیاکردنەوەی ئێزدی لە کورد. هەندێك لە دامودەزگا نهێنییەکانی ئەرمەن لەپشت ئەم دیاردەیەوە دەبن. زۆری پێناچێ ئەم پیلانە سەرناگرێت[٣٢٥].

لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئەرمینیاو حوکمی مەحەلی قەرەباغ بە هیچ کلۆج رازی نابن کوردە ئاوارەکانی ئەرمینیا بگەڕێنەوە بۆ شارو ناوچەکانی خۆیان. ئازەربایجان بە شێوەی نیوەناچڵ پشتگیری مرۆیی لە کوردە ئاوارەکان دەکات. لە سەرەتاکاندا هەندێك مافی کولتووریان بۆ دابین دەکرێ، بەلاّم دواتر چەندی پەیوەندییەکانی تورکیا - ئازەربایجان پێش دەکەوێت، ئەوەندەش گوشار دەخرێتە سەر کوردەکان.

ئەوەی دەکرێ لە ئەنجامگیری ئەم بابەتەدا هەڵبهێنجرێت ئەمەیە کە سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئەرمینیا پشتیوانی لە هەندێك کورد دەکات کە کوردستانی سوور بژیەننەوە،

---

[٣٢٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ روناکبیری کوردی ئازەربایجان، تاهیر سلێمان، سلێمانی ٢٠٠٦.

[٣٢٥] هەمان سەرچاوە.

بەلاّم بەکردەوە خودی ئەرمەنەکان هۆکاری ئاوارەبوونی دەیان هەزار کوردن لەو کوردستانە. ئێستا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد ئاوارەبوون و لە دەشتی ئاجبەدینسکی و لەشارەکانی کراسنادار، تامبو و ساراتۆڤ دەژین. دوای روخانی سۆڤیەت کالمیکەکان، چیچان و کاباردینە دەرکراوەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان، کەچی کوردە ئاوارەکانی سەردەمی ستالین نەك نەگەڕانەوە، بەڵکو ٢٠٠ هەزاری دیکەشیان پێ زیادکرا. (ئەفراسیاو هەورامی، ل١٢-١٣). لە ١ملیۆن و ٢٠٠ هەزار ئاوارەی قەرەباغ، ئەرمەن و ئازەربایجانییەکانیان دەتوانن پاسپۆرتی ئەرمینیاو ئازەربایجان وەربگرن و بگەرێنەوە بۆ ولاّتەکانیان، بەلاّم کوردەکان ئەم مافەیان نیەو ولاّتێکیان نیە بگەڕێنەوە بۆی.

پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لە قەرەباغ و ئەرمینیا، رێك نەخراون. کورد خۆی لە قەفقاز نارێکخستەیە، خاوەنی ئیرادەی سیاسی رێکخراو نییەو شوناسنامەیەکی سیاسی دیاریکراوی دروست نەکردووە. لەلایەکی دیکەشەوە هێشتا لە رووی تایفییەوە ئالۆزو پارچەپارچەن، ئیزدییەکان لایەنی ئەرمەنەکان دەگرن[٣٢٦]. بەشی زۆری کوردە موسڵمانەکانیش (بە تایبەت شیعەکانیان) لایەنی تورکە ئازەربایجانییەکان دەگرن، بێ ئەوەی هیچ کام لەم دوولایەنە هیچ پرۆژەیەکیان پێ بێت بۆ کوردەکان. ئایا لە حاڵەتێکی وادا دەکرێ باس لە دروستکردنی پەیوەندیی کورد-ئەرمەن بکرێت؟

### o پەکەکە – ئەرمینیا

لە لایەکی دیکەوە دەکری لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بڕوانینە پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن. دوای ئەوەی لە سەرەتای نەوەدەکاندا کۆماری ئەرمینیا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، پەکەکە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئەرمینیا بە شێوەیەکی نیمچە رەسمی و نهێنی رێکخست. لەم دەمەدا شەڕی نێوان ئەرمەن- ئازەربایجان سەری هەڵدابوو. تورکیا پاڵپشتی ئازەربایجانی دەکرد. رووسیاو ئەرمینیا لە هێلێکی نزیکی یەکتردا بوون. بۆیە کاتێك پەکەکە ئەم پەیوەندییانەی دەست پێکرد، خۆی لە باکووری کوردستاندا شەڕی ڕزگاریی نیشتمانیی گەیاندبووە ئاستێکی یەکجار بەرز. لەم

---

[٣٢٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ کامبیز ئازەربایجانی، کوردی روناکبیری باکۆ، سلێمانی هاوینی ٢٠٠٥.

حاڵەتەدا کۆماری ئەرمینیا پێشوازیی لە پەیوەندییەکان کرد. دوای رێککەوتنێکی نهێنی، پەکەکە توانی لە یەریڤان نووسینگەیەك بۆ پەیوەندییەکانی بکاتەوە.
بەهۆی ئەم نووسینگەیەوە پەیوەندییەکانی نێوان کورد-ئەرمەن بە شێوەیەکی رێکخراو پێشدەکەوت. هەروەها ئەرمینیا لە رووی لوجستی و گواستنەوەی کادرو تیمارکردنی بریندارانی کوردەوە هاوکاریی پەکەکەی دەکرد. وا پێدەچێ لە رووی فێرکردنی سەربازی و بەکارهێنانی تەکنیکی نیمچە قورس و دژە فڕۆکەش هەندێك لایەنی سەربازیی ئەرمینیا هاوکاریی پەکەکەیان کردبێ[٣٢٧].
ئەم پەیوەندییانە ئێستاشی لەگەڵدابێ درێژەیان هەیە، بەلاّم لە سەرەتای ٢٠٠٠ەوە رووی لەساردی کردووەو ئەو گەرموگوڕییەی جارانی نەماوە. وا پێدەچێ بەدەست پێکردنەوەی ئەم خولە نوێیەی شەڕە گەریلاییەکان لە باکووری کوردستان (لەحوزەیرانی ٢٠٠٥) پەیوەندییەکانی پەکەکە و ئەرمینیا روو لەپێشکەوتن بکاتەوە. بە تایبەت لەهاوین و پاییزی ٢٠٠٧ دا شەڕی کورد-تورکیا گەیشتە لوتکەی خۆی. ئەم گەڕەی شەڕ، هاوسەنگییە سیاسییەکانی هەرێمەکە دەگۆڕێت، بەرەبەندییەکی تازە دروست دەکاتەوە. وا پێدەچێت لەم بەرەگیرییە نوێیەدا پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن یاخود پەکەکە — کۆماری ئەرمینیا بەئاراستەیەکی گەرموگوڕتردا بچێت.

---

(٣٢٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ حاجی عەفرینی، کادری پەکەکە و نوێنەری پەیوەندییەکان لە ئەرمینیا، سلێمانی پاییزی ٢٠٠٧.

# ئه نجام

**یەکەم:**

ئایا ئەو کردارو رەفتارەی تورکەکان لەگەڵ گەلی ئەرمەن کردوویانە جینۆسایدە یان نا؟ لێرەدا ئەگەر بیروڕای دوولایەنی کێشەکە وەربگرین، ئەوا ئەرمەنەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خەڵکەکەیان لە چەند قۆناغێکدا لە سەردەمی عوسمانی، ئیتیحادو تەرەقی و تارادەیەکیش کۆماری تورکیادا، رووبەڕووی پاکتاوی رەگەزی بوونەتەوە. سەبارەت بەم ئیدیعایەش ئارشیڤ و بەڵگەنامەکانی خۆیان خستۆتەڕوو و دەڵێن نزیکەی ملیۆن و نیوێك لەهاورەگەزەکانیان لە لایەن تورکەکانەوە پاکتاو کراون و ملیۆنێکیش رووبەڕووی کۆچی زۆرە ملێ بوونەتەوە و لە دیارو سەرزەمینی خۆیان هەڵکەنراون. ئەوەندەی لایەنی تورکیشە ئەم ئیدیعایە رەتدەکاتەوە و دان بەوەدا نانێ کە پاکتاوی رەگەزی ئەنجام درابێ. تورکەکان دەڵێن قڕکردن لە ئارادا نەبووە، ئەوەی هەبووە کۆچ پێکردن بووەو بەس.

لێرەدا پێویستە هەندێك بەڵگەنامە بخەینە ڕوو کە بەشێکی هی خودی ئارشیڤی تورکەکانە. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئیتیحادو تەرەقی تێزی ئیمپراتۆری تۆرانی خستەڕو و بۆئەوەش قورسایی جەنگیان خستە قەفقاز بۆ پێکەوە بەستنی تورکیا-قەفقاز-ئاسیای ناوەڕاست.

ئەرمەنەکانی ئەرمینیای رۆژئاوا و قەفقاز لە لایەکەوە کۆسپێکی ناهۆمۆژین بوون لە نێوان تەوەرەی تورکیا-ئاسیای ناوەڕاست و لە لایەکی دیکەشەوە بەشێکیان هاوکاریی سوپای رووسیان دەکرد لە دژی سوپای عوسمانی[٣٢٨]. لەبەرئەمە لە ٢٧ی مایسی ١٩١٥ دا "بەپێی فەرمانی نەزارەتی داخیلیە کێ بەرهەڵستی ئیجرائاتی حکومەتی وەقتی سەفەری بکردایە، لە لایەن جیهەتی عەسکەرییەوە بۆ ئیتیخازی تەدبیری پێویست قانونی موەقتی (قەراری تەهجیر) پەسەنددەکات". ئەم قانوونە کە بە ئاشکرا لەبەڵگەنامەکانی ئیتیحادو تەرەقیدا ناوی کۆچ پێکردنی زۆرەملی (تەهجیر قەراری)

---

[٣٢٨] Hatem Cabarli (Statejeik Analiz) dergisi, N59, Cilt5, Mart 2005.

لێ نراوە، بەئاسانی بەڕێوەنەچووە و لە گەرمەی جەنگی جیهانیدا، لە لایەن بەڕێوەبەرانیەوە بە شێوازی جۆراوجۆر جێبەجێ کراوە کە زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەنامە نووسراو و بیستراو و بینراوەکان و شایەتحاڵەکانی دەیسەلمێنن کە پرۆسەی "تەهجیر" بە کوشتارێکی ترسناکەوە جێبەجێ کراوە.

جینۆساید وەکو زاراوەیەکی یاسایی لە ١٩٤٨ دا لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە شێوەی پەیمانێکی رەسمی پەسندکرا. جینۆساید ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی واتە گینۆس= رەگەز،تیرە و ساید واتە کوشتارو سڕینەوە. لە رووی یاسای نێونەتەوەییشەوە بە پاکتاوکردنی ئەتنی، ئاینی و رەگەزی دەگوترێت، جا چی پاکتاوی یەکجارەکی بێت یاخود نیوەچڵ بێت. [٣٢٩] ئەم زاراوەیە یەکەمجار لە لایەن یاساناسی بەرەچەڵەك جوولەکەی پۆلۆنیایی "رافایل لەمکین"ەوە و لە سەرەتای سیەکانی سەدەی رابردوودا بەکارهێنراوە. لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی "هۆلۆکۆست"دا پێکەوە بەکارهێنراون[٣٣٠]. دەستەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٤٨ دا پەیماننامەی جینۆسایدی جنێڤی پەسەند کرد، لە مادەی دووەمیدا ئاماژەی بەوە داوە کە جینۆساید ئەم حاڵەتانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١-پاکتاوکردنی ئەندامانی گرووپێك (ئەتنی، ئاینی و هتد).

٢-زیانگەیاندنی جیددی فیزیکی و رۆحی بە ئەندامانی ئەم گرووپانە.

٣-زەمینەسازی کردنی ئانقەست بۆ پاکتاوکردنی فیزیکی ئەم گرووپانە.

٤-کۆسپ نانەوە و پێشگرتن لە زاوزێی سروشتی ئەم گرووپانە.

٥-وەرگرتنی منداڵانی ئەم گرووپانە و دانیان بە گرووپی تر.

هەروەها لەمادەی سێیەمی هەمان پەیماننامەدا ئەم کردارانە بە تاوان لە قەڵەم دەدات:

١-جینۆساید.

٢-پیلانگێری بۆ جێبەجێکردنی جینۆساید.

٣-ورووژاندن و دنەدانی راستەوخۆ بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

---

[٣٢٩] Hatem Cabarli, sozde Ermeni…….8;66

[٣٣٠] http://genocide.boom.cu- /genral.html

٤-هەوڵدان بەجێبەجێکردنی جینۆساید.

٥-بەشداربوون لە تاوانی جینۆساید.

هەروەها لە دووەمین پاشکۆی ئەم پەیمانەدا هاتووە: "کۆچ پێ کردنی زۆرەملێ لە کاتی شەڕدا بەتاوان لە قەڵەم دەدرێت"[٣٣١]. لەم ڕووەوە و بە پێی ئەم کریتەرانە دەکرێ بڵێین ئەوەی تورکەکان لە دژی ئەرمەنەکان لە نێوان ١٩٢٣-١٩١٥ دا ئەنجامیانداوە پاکتاوی رەگەزییە. ئێستاش نزیکەی ٢ ملیۆن ئەرمەن کە لە ئەرمینیای رۆژئاوا ئاوارەی ئەمەریکا، ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، بە قوربانیی ئەم تاوانە لە قەڵەمدەدرێن. بۆیە وەك یاساناسی لوبنانی مەتەرموسا پرەنس لە ساڵی ١٩٦٩ لە کۆبوونەوەیەکی پاریسدا هێنایە زمان: "پێویستە زاراوە (تێرم)ێکی تایبەت بۆ ئەم تاوانە بەکاربهێنرێت، ئەویش تێرمی "ئارمەنۆسایدە" [٣٣٢].

**دووەم:**

گەلێك کەس و لایەن ئێستاشی لەگەڵدا بێ پێیان وایە ئەم پرسە یەکلایی نەکراوەتەوە کە ئایا کورد لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا رۆڵی هەبووە یان نا؟ هەندێك دەوروبەری دیاریکراویش بە ئانقەست ئەم پرسە دەورووژێنن و زیاتر لە تورکەکان، گەلی کورد تاوانبار دەکەن. لە راستیدا سەرچاوەی ئەم تۆمەتبارکردنە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم. ئەمەش پەیوەندیی بە خولی یەکەمی کوشتارەکانی ئەرمەنەوە هەیە. کوشتارەکانی ئەرمەن سێ خولی بڕیوە:

خولی یەکەم، کوشتارەکانی سەردەمی عوسمانییە لە کاتی دەسەلاتداری سولتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا.

خولی دووەم، کوشتارەکانی ئیتیحادو تەرەقیە کە لە ١٩١٣ وە دەست پێدەکات و هەتاوەکو کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی درێژەی هەبووە.

---

[٣٣١] Cengiz Basak, Ermeni Soykirm Iddialari ve Uluslararsl kriteriler, dunden bugune Turk-Ermni iliskileri, (Der, ldris Bal ve MUSTAFA Cufali), Nobel yayinlari, 1, Bask, Agostos, 2003,55,477-479.

[٣٣٢] www.genoside.ru/armenoside.htm

خولی سێیەمیش بە شێوەیەکی کاڵتر لە سەردەمی کەمالییەکان و کۆماری تورکیادا هاتۆتە ئاراوە.

ئەوەی لەسەر گەلی کورد دەگوترێ پەیوەندیی بە خولی یەکەمەوە هەیە. لە ١٨٩٠ دا سوڵتان عەبدولحەمید بە "فەرمانی هومایونی" ئالاّییەکانی حەمیدییەی بنیاتنا کە لە لای کورد بە "سوارەی حەمیدییە" ناوبانگی دەرکردووە. ئەم سوارەیە لە ئاغەوات و خێڵە کوردو چەرکەسەکان و هتد، پێك دەهات[٣٣٣]. سەلاحیەتێکی زۆریان هەبوو. زۆرتر لە دژی رووسەکان و گەلانی مەسیحی ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەکە بە تایبەت ئەرمەنەکان بەکاردەهێنران. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بە فەرمانی هومایۆنی دەرەبەگە کوردو چەرکەزەکانی سوارەی حەمیدییە دەستیان هەبوو لە کوشتارو تالاّنکردنی ئەرمەنەکاندا. ئەم بابەتە لای گەلانی مەسیحی ئەورووپایی دەنگی دایەوە و کەوتە ناو بەڵگەنامەکانیانەوە. لەم سەردەمەوە ناوبانگی کورد زڕاو بە بکوژی ئەرمەنەکان ناوی دەرکرد.

لە جەنگی ساڵانی ٧٨-١٨٧٧ ی نێوان رووس — عوسمانیدا، سوپای رووس سوپای عوسمانییان تێکشاند. لە ئەنجامی ئەم شکستەدا دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو پەیمانی "ئایاستۆفانۆس" ئیمزابکات. لە مادەی ١٦ی ئەم پەیمانەدا هاتووە:

"بەر لەوەی سوپاکانی رووس لە رۆژهەڵاتی ئانادۆڵ بکشێنەوە،
دەبێ عوسمانی لە کورتترین ماوەدا پێویستییەکانی ئەرمەنەکان
دابین بکات و لە بەرامبەر دەستدرێژی کوردو چەرەکەزەکاندا
ئەمن و ئاسایشیان بۆ دەستەبەر بکات. عوسمانی دەبێ
سەبارەت بەم بەندە بەڵێنی پێویست بدات"[٣٣٤].

لەم دەمەوە بەدوا جگە لەوەی کوردەکان بەکوشتارکردنی ئەرمەنەکان تۆمەتبارکران، ناوبانگیشیان کەوتە بەڵگەنامەو پەیماننامە ئەورووپاییەکانەوە. واتە زیاتر ئەم تۆمەتبارییە دەگەڕێتەوە بۆ کوشتارەکانی خولی یەکەم. لە خولی دووەم و خولی

---

(٣٣٣) Hatem cabarli, "Stratjik Analiz" dergisi, sozde Ermeni…… No 59, 2005, ss59

(٣٣٤) Osmanli Belgelerinde, Ermeniler (1915-1920) Basbakanlik Devlet Arsivleri yayinlari, Ankara 1994,s.7.

سێیەمدا بە پێی هەموو بەڵگەکان کوردەکان نەك یارمەتی و دالدەی لێقەوماوانی ئەرمەنییان داوە، بەڵکو بۆ خۆشیان بوونەتە قوربانی داپلۆسین و سەرکوت کردن لە لایەن ئیتیحادو تەرەقی و کۆماری تورکیاوە. بە تایبەتی لە دوای جێگیربوونی کۆماری تورکیا بەپلەی یەکەم کوردەکان بوونە قوربانی یەکپارچەسازی شوناس و بنیاتنانی سیستەمی "یەك دەوڵەت- یەك نەتەوە" لەتورکیا.

سەرکوتکردنی راپەڕینی شیخ سەعید و چیای ئاگری و سەید رەزای دەرسیم و کوشتن و کاولکردن و راگوێزانی سەدان هەزار کورد لە بەڵگەنامەکانی خودی کۆماری تورکیاشدا تۆمارکراون و ئارشیڤەکانی دەوڵەت حاشا لەمە ناکەن. لە حاڵەتێکی وادا ناگونجێت کورد کە خۆی قوربانییە، قوربانییەکی دیکە دروست بکات.

بە هەر حاڵ ئێستا ئەوە راستییەکی حاشا لێ نەکراوە کە هەندێك لە کوردەکان (بە تایبەت لە خولی یەکەمدا) بەشداربوون لە کوشتار و تالانی ئەرمەنەکاندا. بەلام پێویستە ئەم راستییەش باس بکرێت کە ئەم کوشتارو تالانە بەئیرادەی سیاسی گەلی کورد نەکراون. واتە نەك گەلی کورد، بەڵکو هەندێك لە کوردەکان ئەمەیان ئەنجامداوە. کوردەکان تەنها ئامرازێکی جێبەجێکەری سولتان بوون و پالنەری تالانیش یەکێك لەهۆیە سەرەکییەکانی بەشداربوونیان بووە. مێشکی بیرکەرەوە و بریادەری ئەم کردارە، هی "بابی عالی" بووە[٣٣٥]. سەرباری هەموو ئەمانەش پێویستە نەوەی ئەمڕۆی کورد بە ناوی باپیرانییەوە ئەم تاوانە رسوا بکات. ئەگەر نەوەی ئەمڕۆ کرداری "سوارەی حەمیدییە" شەرمەزار بکات، شکۆمەندی و سەروەری بۆ گەلەکەمان دەهێنێتە ئاراوە.

**سێیەم:**

گەلی کورد و ئەرمەن، دوو گەلی دراوسێن و مێژوویەکی وێکچوو و چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە. زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵە ئەم دوو گەلە دراوسێی یەکترن و پەیوەندیی سروشتیان پێکەوە هەبووە. ئەمە زیاتر لە سەدەیەکیشە پەیوەندییەکانی کورد- ئەرمەن، بە شێوەیەکی رەسمی و سیاسی دەستی پێکردووە. ئەم پەیوەندییانە لە ساڵی

---

(٣٣٥) Azat Ambaryan ve Stepan Stepanyan, Genotisd Armyan, Ermenistan Cumhuriyeti Bilimler Akademisi, Gitutyun yayinevi, Erivan 1995,ve Armenostid.

١٨٩٨ وە بە شێوەی نوێ و مۆدێرن دەستی پێکردووە و چەند وێستگەیەکی بڕیوە: وێستگەی رۆژنامەکانی کوردستان-دروشاك (١٨٩٨-١٩٠٨) وێستگەی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد-تاشناکسوتیون (١٩٠٨-١٩١٢) وێستگەی خۆیبوون-تاشناك (١٩٢٧-١٩٤٦)، وێستگەی پەکەکە- ئاسالاً (١٩٨٠-١٩٨٦)، پەکەکە-تاشناك (١٩٩٦-٢٠٠٨) پەکەکە- ئەرمینیا (١٩٩١-٢٠٠٨).

لە دوو ناوچەی جیۆگرافیاییدا بەرژەوەندییەکانی کورد- ئەرمەن ئاوێتە دەبن. ناوچەی یەکەم باکووری کوردستانە (یاخود باشووری رۆژهەڵاتی تورکیایە) کە ئەرمەنەکان بەبەشێك لەم جیۆگرافیایە دەڵێن "ئەرمینیای رۆژئاوا". ناوچەی دووەم قەرەباغە.

لە ناوچەی یەکەمدا سیستەمی دەوڵەتی یۆنیتەر و تاقە شوناسی مۆدیلی یەك دەوڵەت -یەك نەتەوەی تورك بازی بەسەر جیاوازییەکانی شوناسدا داوە. ئەم رژێمە بە دەست سێ پرسی گەورەی ئەتنییەوە دەناڵێنێ:

١-پرسی کورد.

٢-پرسی ئەرمەن.

٣-پرسی رۆمەکانی قوبرس.

لە جیۆگرافیای یەکەمدا دەکرێ بگوترێ پرسی کورد و پرسی جینۆسایدی ئەرمەن زۆر لێك نزیکن و پێکەوە گرێ دراون. چارەسەر بوونی ئەم پرسانە پێکەوە پەیوەستن و بەهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی یۆنیتەری تاقە شوناسی تورکەوە بەستراونەتەوە. لەم جیۆگرافیایەدا جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی کورد — ئەرمەن، گرنگی ستراتیژییان هەیە. پێویستە بزاڤی رزگاری کورد لە باکووری کوردستان وێستگەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دیاسپۆرا و گرووپە سیاسییەکانی ئەرمەن لە تورکیا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورویا و ئەمەریکادا دەست پێ بکاتەوە.

هەروەها ئەمڕۆ پێویستە وێستگەیەکی پێشکەوتووتر بهێنرێتە ئاراوە. ئەمڕۆ ئەرمەن و کورد خاوەنی دوو یەکەی سیاسی-ئیداری شوناسنامەدارن. ئەرمەن کۆماری ئەرمینیای دامەزراندوە کە کۆمارێکی سەربەخۆیە. هەروەها کوردیش لە باشووری کوردستان "حکومەتی هەرێمی کوردستان"ی پێکەوەناوە کە هەرچەند بەستراوەتەوە بە سیستەمێکی فیدراڵیەوە، بەلاَم دەکرێ بە یەکەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە قەڵەمی بدەین. کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لە نێوان ئەم دوو یەکە

سیاسییە نوێیەدا پێش بخرێت و ببەسترێتەوە بە پرۆتۆکۆڵ و رێککەوتنی سیاسی — ئابووری و کولتووریی تازەوە.

ئەم پەیوەندییانە پێویستە پێناسە بکرێنەوە و چوارچێوەیەکی ستراتیژییان بۆ دابرژێرێت. کۆماری ئەرمینیا دەتوانێ لە پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆنسۆڵخانە بکاتەوە و شەرعیەت ببەخشێ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەرچەند بۆی نییە کۆنسولگەری بکاتەوە، بەڵام دەتوانێ بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی لە یەریڤان، نووسینگەی پەیوەندییەکانی بکاتەوە. دەکرێ کۆمەڵەی دۆستی کورد=ئەرمەن لە هەولێر و یەریڤان بنیاتبنرێن.

ناوچەی دووەم هەرێمی قەرەباغ دەگرێتەوەو جارێکی تر گۆڕەپانی ململانێ و پەیوەندیی نێوان کورد-تورك و ئەرمەنە. قەرەباغیش لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەچێ کە گۆڕەپانی ململانێ و پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن و تورکە. تەنها جیاوازییان ئەوەیە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەوڵەتی یۆنیتەری تورك سەرچاوەی کێشەکەیەو لە قەرەباغیش کۆماری ئەرمینیاو حکومەتی شێوە سەربەخۆی ئەرمەنەکانی قەرەباغ ئەم پرسەی هێناوەتە کایەوە. لە قەرەباغ بە پێی کۆمەڵێك پرۆتۆکۆڵ و بڕیارنامەی سیاسی لە ١٩٢٣ دا کوردستانی سوور بنیات نراوەو پایتەختەکەشی شاری لاچین بووە. لە ١٩٢٩ بەفەرمانی ستالین هەڵوەشێنراوەتەوە و زۆربەی کوردەکانیشی بۆ ئاسیای ناوەڕاست دوورخراونەتەوە.

لە سالآنی ١٩٩٠-١٩٩١-١٩٩٢ ئەرمەنەکانی قەرەباغ و کۆماری ئەرمینیا پەلاماری کوردستانی قەرەباغیان داو هەزاران خێزانی کوردی شارەکانی لاچین، قوبادلی، زەنگلان و کەلباژاریان ئاوارەی ئازەربایجان کرد. لەگەڵ ئەمەشدا سەدان هەزار ئازەربایجانیشیان ئاوارە کردووە.

لە بەهاری ١٩٩٢ دا بڕیار وابوو کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ لاچین و سەر لە نوێ دۆسیەی "کوردستانی سوور" بگرنەوە دەست. بەڵام بۆردومانی هێزی ئاسمانی ئازەربایجان و نابەدڵی کۆماری ئەرمینیا پێشی بەم دەستپێشخەرییە گرت. ئێستا قەرەباغ بە دەست ئەرمەنەکانەوەیە. هەروەها ئەو شارانەشی زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون و بە قەڵەمڕەوی "کوردستانی قەرەباغ" ناسراون، بە دەست هێزەکانی ئەرمەنیەوەن. ئەگەر کێشەکانی ئەرمەن-ئازەربایجانی زۆر قووڵن و پێویستیان بە پرۆسەیەکی دوورودرێژ

هەیە، خۆ پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن وانییە. بۆچی ئەرمەنەکان ناهێڵن کوردە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەرزێدی خۆیان و جارێکی دیکە "کوردستانی سوور" بنیات بنێنەوە؟ ئایا ئەگەر ئەرمەنەکان هەنگاوێکی وا هەڵبگرن نابێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی ستراتیژیی کورد-ئەرمەن لە دۆسێی باکووری کوردستان-ئەرمینیای رۆژئاوادا بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤدا بچێت؟ لە باکووری کوردستان گەلی ئەرمەن نەماون و تەنها کورد ماون. گەلی ئەرمەن بێ کورد لەم خاکەدا هیچیان پێ ناکرێت. لە بەرامبەردا لە قەرەباغ کورد دەرکراون و تەنها ئەرمەن ماون. ئەگەر ئەرمەنەکان رێگە بدەن کوردەکان ئۆتۆنۆمی کوردستانی قەرەباغ دابمەزرێنن، ئەوا پەیوەندییەکانی ئەم دوو گەلە قەڵەمبازێك بەخۆیەوە دەبینێت.

بۆ پێناسەکردنەوە و رێکخستنی سەر لە نوێی پەیوەندییەکانی کورد-ئەرمەن وا باشترە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەریڤان نووسینگە بکاتەوە و داوا لە کۆماری ئەرمینیاش بکات لە هەولێر کۆنسوڵگەری بکاتەوە.

٢-بزاڤی سیاسی باکووری کوردستان پەیوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانی ئەرمەن و کۆماری ئەرمینیا لە چوارچێوەی هەواڵگری و نهێنیدا بهێنێتە دەرەوە و داوای هاوپەیمانی و پەیوەندیی رەسمی بکات.

٣-کوردەکانی قەرەباغ سەرلەنوێ دۆسێی کوردستانی سوور بەدەستەوە بگرن و گوشار بخەنەسەر کۆماری ئەرمینیا.

پێویستە لە بەرامبەر بانگەشەی ئەو گرووپە ئەرمەنییانەی کورد بە کوشتاری ئەرمەنەکان تۆمەتبار دەکەن، دۆسێی کوشتارو کۆچبەری کوردەکانی قەرەباغ بخرێتەڕوو، هەروەها پێویستە جەخت لەسەر هاوپەیمانیی ستراتیژی بکرێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە کوردەکانی قەرەباغ، قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست خۆیان رێك بخەنەوە و پارتی سیاسی پێکەوە بنێن. دەبێ برایانی ئەرمەنیمان بزانن رێگەی ئەرمینیای رۆژئاوا بە کوردستانی سووردا تێدەپەڕێت.

## سەرچاوەکان

- **سەرچاوە تورکییەکان:**


1-Stratejik Analiz dergisi, No 59, Mart 2005.
2-Cengiz Basak, Ermeni Soykirim iddialari ve uluslararasi kriterler, dunden bugune Turk-Ermeni iliskiler, (Der, Idris Bal ve Mustafa Gufali), Nobel yayinlari, 1, Baski, Agostos 2003, ss,477-479.
3-Osmanli Belgelerinde Ermeniler (1915-1920) Basbakanlik Devlet Arsivleri yayinlari, Ankara 1994, s.7.
4- Azat Ambaryan ve Stepan stepanyan, Genotisd Armyan, Ermenistan Cumhuriyeti Bilimler Akademisi, Gitutyun yayinevi, Erivan 1995,ve Armenostid.
5-Tarik Zafer Tunaya, Turkiyede Siyasal Partiler, Cilt I, Ikinci mesrutiyet Donemi, iletisim yayinlari, Istanbul, 1998, ikinci Baski.


- **سەرچاوە عەرەبییەکان:**


١-الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى. ترجمة محمد الملا الكريم، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد-١٩٧٧.

٢-يوسف ابراهيم الجهماني، تركيا والأرمن، دار حوران، دمشق، ٢٠٠٠.

٣-د. جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية و القومية في نهاية القرن التاسع عشر و بداية القرن العشرين، نقله عن الروسية بافي نازي- د. ولاتو، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت ١٩٨٦.

٤-محمد ملا احمد، جمعية خويبوون والعلاقات الكردية-الارمنية، كاوا للنشر والتوزيع، اربيل ٢٠٠٠.

٥-روهات ئالاكوم، خويبوون وثورة اكرى، مراجعة شكور مصطفى، رابطة كاوا، اربيل ١٩٩٩.

٦-بول اميل، تاريخ أرمينيا، ترجمة شكري علاوي، بيروت.

٧-لوقازودو، المسالة الكردية والقوميات العنصرية في العراق، بيروت ١٩٦٦.

٨-كاروساسوني، الحركة التحررية الكردية، بيروت.

٩-زنار سلوبى (قدري جميل باشا) في سبيل كردستان، بيروت.

١٠-ماراتينيان، تاريخ أرمينيا، مجلد ١-باريس.

١١-د. استارجيان، تاريخ الامة الأرمنية، الموصل، ١٩٥١.

١٢-محمد خليل امير، علاقة الاكراد بمذابح الأرمن، (ساڵ و شوێنی چاپکردنی دیارنییە).

- **سەرچاوە فارسییەکان:**

١-احمد نوری زاده، تاریخ وفرهنگ ارمنستان، نشر چشمه، تهران ١٣٧٦.

٢-اندرانیك هویان، ایرانیان ارمنی، دفتر پژوهشهای فرهنگی، تهران ١٣٨١.

٣-ارمنستان، مباحث کشورها وسازمانهای بین المللی، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی، تهران ١٣٧٧.

٤-د. الکساندر پادماگریان، گیویٚقاسی، تاریخ سیاسی واجتماعی ارامنه، انتشارات سازمان فرهنگی پاد، تهران ١٣٥٢.

٥-کاوه بیات، بحران قراباغ، انتشارات پروین، تهران ١٣٧٣.

٦-ارنولد توین بی، کشتاریك ملت، ترجمەی محمد فاضل ملك نیا، نشر ثرسش، اصفهان ١٣٧٤.

- **سەرچاوە کوردییەکان:**

١-مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کوردو رۆژنامەکەی، وەرگێڕانی زریان رۆژهەلاٚتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٧.

٢-شەریف پاشای خەندان، بیرەوەرییەکانی بەرهەڵستێك، وەرگێڕانی زریان رۆژهەلاٚتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦.

٣-جەمیل بایق، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاکادیمیای مەعسوم قۆرقماز، شام ١٩٩٨.

٤-د. عەبدولرەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەن زادە، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦.

٥-د. ئەفراسیاو هەورامی، تراژیدیای کوردەکانی سۆڤێت، مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی ٢٠٠٤.

٦-پ. ی. ئەڤیریانۆڤ ، کورد لە جەنگی رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، و د. ئەفراسیاو هەورامی، مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی ٢٠٠٤.

٧-د. ئەفراسیاو هەورامی، کورد لە ئەرشیفی رووسیاو سۆڤیەتیدا، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧.

- **گۆڤارو رۆژنامەکان:**

١- گۆڤاری دۆسیێی تورکیا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦.

٢- رۆژنامەی چاودێر، لاپەڕەی کوردستان سەرانسەر، چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهیر سلێمان سەبارەت بە کوردستانی سوور، ژمارە ١٠٨، دوشەممە ٢٠٠٦/١٢/٢٥.

٣- رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٢٦، ٢٢ی رەمەزانی ١٣١٨-بەرامبەر بە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٠١.

- **چاوپێکەوتنەکان:**

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ یاشارکایا، سەرۆکی پارلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات PKDW (هەڵوەشاوە). هەولێر، شوباتی ٢٠٠٨.
٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ خەلیل ئاتاج، ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان، شوباتی ٢٠٠٧، کۆیە.
٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ هەژار شامیل، رووناکبیرو تێکۆشەری سیاسی کوردی ئازەربایجان، کەمپی مەخمور، بەهاری ٢٠٠١.
٤-چاوپێکەوتن لەگەڵ کامبیز ئازەربایجانی، رووناکبیری کوردی ئازەربایجان، سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٥.
٥-چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهیر سلێمان، رووناکبیرو رۆژنامەنووسی کوردی ئازەربایجان، سلێمانی، پاییزی ٢٠٠٦.
٦-چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ حاجی عەفرینی، کادری پەکەکە و نوێنەری پێشووی پەیوەندییەکان لە یەریڤان، سلێمانی پاییزی ٢٠٠٧.

- **سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:**

1-www.genoside.boom.ru-general.html.
2-www. Genoside.ru/armenoside.html
3-www.Armenian genoside.com.



فەرماندەی هێزەکانی ئەرمینیا
جەنەراڵ ئاندرانیک ١٩١٩



فەرماندەی هێزەکانی تورك
جەنەراڵ نوری پاشا ١٩١٩



هێزەکانی ئەرمەن لەگەڵ جەنەراڵ ئاندرانیك
١٩١٩




دیمەنێك لە شاری كوردنشینی لاچین كە پێشتر پایتەختی كوردستانی سوور





ئەرمینیای خۆرهەڵات





**قەرەباغی کوێستانی و کوردستانی سوور**




**ئەرمینیای خۆرئاوا بەو شێوەیەی ئەرمەنەکان ئدیعای ئەکەن**




**نەخشەی كۆچكردنی ئەرمەنەكان لە توركیا و ئەنادۆڵەوە بەرەو سووریا**




**ئەرمینیای خۆرئاوا بەو شێوەیەی ئەرمەنەكان بانگەشەی بۆ دەكەن**




**قەرباغی کوێستانی ((ناوچەی کوردنشینی بەزۆن دیاریکراوە))**

## له بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی

### بەرهەمی نوسین

١-فەرهەنگی ڕێزمانی كوردی، د. كەمال میراودەلی.

٢- فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.

٣-حركات الخوارج فی غربی إقليم الجبال وشهرزور والجزيره الفراتيه:عطا عبدالرحمن محی الدين.

٤- سۆفیزم و كاریگەریی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥:

د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ

٥-قضـــاء هەڵـەبجـە، دراسه فی الجغرافيه الإقليميه: عطا محمد علاءالدين.

٦-ڕۆڵی هۆكـــارە سیاســـییەكان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، جاسم محەمەد محەمەد عەلی.

٧-پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، ١٩٩١-١٩٩٨، هێرش عەبدوڵلا حەمەكەریم.

٨-ڕۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپاو ئەمریكا، ١٩٤٩-١٩٩١، نەوزاد عەلی ئەحمەد.

٩-هوشیاری كۆمەڵایەتی، فوئاد تاهیر سادق

١٠-شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی.

١١-إقليم كوردستان العراق في دائرة السياسات النفطية العالمية، د. محمد رؤوف سعيد

مهندس النفط زمناكو سعيد

١٢-بەعەرەبكردن لە هەرێمە كوردنشینەكاندا ٦٣- ٨٤٧ ز، رحیم ئەحمەد ئەمین

١٣-تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي، صلاح الدين انور قيتولي

١٤-كۆیە، كامەران طاهر سەعید

١٥-بوون لە شیعری مەحویدا، د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا

١٦-شێواز لە شیعری كلاسیكیی كوردیدا، حەمە نوری عمر كاكی

١٧-ئەرمەنۆساید، مامەند ڕۆژە

١٨-كولتوور و ناسۆنالیزم، د. ڕەفیق سابیر

١٩- بنیاتی كارنامەیی لە دەقی نوێی كوردیدا، د. عبدالقادر حمه امين محمد

20/Report on the Sulaimani District of Kurdistan, E.B. Soane.

### بەرهەمی وەرگێڕان

١-كۆمەڵكوژییەكەی دەرسیم، حوسێن یڵدرم، لە سوێدییەوە: كاوە ئەمین.

٢-جەنگی عێراق، كاپلان و كریستڵ، لە ئینگلیزییەوە: عەبدولكەریم عوزێری.

٣-یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، لە ڕوسییەوە:

د. دلێر ئەحمەد حەمەد.

٤-سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، ئی.بی. سۆن، لە ئینگلیزیەوە: مینە.

- **گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژمارە یەكی ساڵی ٢٠٠٨**